# باخەوانی گوڵەکان

# باخەوانی گوڵەکان


بابەت: ڕۆمان

نوسینی: پشتیوان هەڵەبجەیی

تایپ: نوسەر

دیزاین: ئومێد محمد

ساڵی چاپ: ٢٠٢٠

قەبارە: (١٣سم - ٢١سم)

ژمارەی لاپەڕە: ٢٨٤

تیراژ: ٥٠٠ دانە

نرخ : ٥٠٠٠ دینار

چاپ: چاپخانەی

لە بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتیەکان
ژمارەی سپاردنی (      ) ساڵی ٢٠٢٠ ی پێدراوە

لەسەر ئەرکی وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی
کوردستان چاپ کراوە

ڕۆمان

# باخەوانی گوڵەکان

پشتیوان هەڵەبجەیی

ناسر مەلەکیان  وەک هەموو بەیانیەکانی دی لەتەنیشت کوخەکەی خۆی سەرگەرمی تەماشاکردنی گوڵەکان بوو، ئەو گوڵانەی کەتازە هەڵتۆقیبوون، ئەو لەگوڵ و گەڵا و پەڕەکانیان ورد ئەبوویەوە و سەرگەرمی تێڕامان بوو لە گوڵە یەک وەرزیەکان، ئەوانەی کە هەموو تەمەنیان یەک وەرز بوو، لەو پەپولانە ڕادەما کە دەمیان خستبووە شیلەی گوڵەکانەوە و بەهەستەوە لێوی خونچەکانیان دەمژی و لەسەر دەستی دانی دەدا بەمەل و چۆلەکە و کۆترەکان، گەنمی بۆ کوکوختیەکان ڕادەگرت، ئەوە پیشەیی هەمیشەیی ئەو بوو، کە ئەو دەیان ساڵەی لەو دارستانەدا بە سەری برد بوو هەموو بەیانیەک بەو جۆرە لەگوڵە تازە هەڵتۆقیوەکان ڕادەما و نیگای پڕ دەکرد لەقەشەنگی گوڵەکان و یاری لەگەڵ باڵندەکان دەکرد، ئەو باغەوانی لەباوکی و باپیریەوە بۆ بەجێ مابوو، دوای دەیان ساڵ لەخەبات و شۆڕش و شاخ بەشاخ، دواجار خۆی لەناو باغێکی گەورەدا بینی

بوویەوە کە دەکرێت دروستتر بڵێین دارستانێکی بێکۆتایی.

ئەو لەو دارستانەدا هەموو سەرچاوەکانی ژیانی چاندبوو، هەر لەگەنم و برنج و نیسک و نۆک و پاقلە تا دەگاتە تەماتە و بامیە و سەوزەواتی هەر چوار وەرز، ناسر مەلەکیان لەدوای شۆڕش لەو چیا دورە دەستە گیرسابوویەوە و بۆ ئەبەدی بڕیاری دابوو نەگەڕێتەوە بۆ شار، ئەو لەدواین دیداریدا لەگەڵ فەرماندە و سەرکردایەتی شۆڕش بە نائومێدیەوە لەهۆڵی کۆبوونەوە هاتبوویە دەرێ و بۆ دواین جار بەفەرماندەی گوتبوو کە پێویستە نەهێڵن جارێکی کە ئاغایەتی دووبارە بێتەوە و کەس نەبێت بەکوێخای کەس، گوتبووی پێویستە سزای مەرگی گشت ئاغاکانی ڕژێم بدەین، سزای هەموو ئەوانەی ناپاکیان بەرامبەر خاک کردووە، گوتبووی ئێمە دژی ئاغاکان دەجەنگاین ناکرێت ئاغاکان ببنە بەشێک لە ئێمە، ناکرێت ئێمەش ببینە بەشێک لەئەوان، ناکرێت بهێڵین کۆلکە ئاغاکانی شۆڕش دەست بەسەر خاکدا بگرن، دەبێت هەموو ئەوانەی کە لەناشرینیەکان گلاون سزا بدرێن.

بەڵام فەرماندە گوتبووی ناکرێت مەلەکیان لێت تێدەگەم، بەڵام ئەوە مەحاڵە، ئەوەی تۆ داوای دەکەیت مەحاڵە، وەرە خۆت دەکەم بەشاهید و نیشتمان بپشکنە بزانە سەد پیاوم بۆ دەدۆزیتەوە لەناشیرینی نەگلابن، وەرە سەد پیاوم بۆ بێنە و خۆت گشت کار و بارە نارێکەکانی شۆڕش چاک کەرەوە، سەد پیاو بێنە حسابە ناتەواوەکان تەواو کەن، ئاخر ئەم هەموو پیاوە بۆ بکوژم، ئەوانەی کەلەناشیرینی نەگلاون لەکوێ دەرەقەتی ئەم هەموو ناشرینیە دێن، ناشرینی کەڵەکە بووی سەدان ساڵ، ناشیرینی بەجێماوی دەیان شۆڕش.

ئەو دەیان جار ئەم باسانەی لەگەڵ فەرماندە کرد بوو، بەڵام ئەوە دواین وشەکانی نیوان مەلەکیان و فەرماندە بوو، ئیدی بە ئەو پەڕی نائومێدیەوە فەرماندەی بەجێهێشتبوو، هەر ئەو ڕۆژە وازی لە هەموو شتێ هێنا بوو، چیدی حیزبی جێهێشت، سەرکردایەتی جێهێشت، دەست بەرداری ناوبانگ و پلە و پایەی خۆی بوو، شار و کۆڵانی منالّی بەجێ هێشت، کۆشکەکەی بەجێ هێشت و لەو چیا دورە دەستە لە ناو ئەو باخ و باخات و زۆنگاوانە دەژیا، لەجێگایەک نیشتە جێ بوو کە هیچ دەستێکی سیاسەتی و مرۆڤی نەدەگەیشتێ.

ناسر مەلەکیان ڕۆحێکی هیلاک بوو، ڕۆحێک دەیان جار گەشتبوویە ئەو سەری مەرگ و گەڕابوویەوە، ڕۆحێک لێوڕێژ لە نائومێدی و مەئویسی، بەهۆی شۆڕشەوە زۆر شتی لەدەست دابوو، تەنانەت بەشێک لە خانەوادەکەشی لە دەست دابوو، بەشێکی تری خانەوادەکەی بەرشاڵاوی قەتڵ و عام و زیندەبەچاڵ کردن کەوتبوون لەلایەن ڕژێمەوە، دوای دەیان ساڵ شایەت حاڵەکان بۆ مەلەکیانیان گێڕابوویەوە کە چۆن جەللادەکانی ڕژێم بە سوکایەتی و ئازارێکی زۆرەوە ئەندامانی خانەوادەکەی ئەویان کوشتووە، مەلەکیان هەمیشە وێنەی دایک و باوک و خوشک و برا و ژنە گەنجەکەی و کچە حەڤدە ساڵەکەی و کوڕە هەشت ساڵانەکەی لە بەرچاوو ون نەئەبوو وە نەیدەتوانی ئەوە بخاتە خەیاڵی خۆیەوە کە جەللادەکانی ڕژێم چ جۆرە سوکایەتیەکیان بە کچەکەی و خوشکەکەی و ژنەکەی کردبێت، ئەیئەتوانی ئەوە قبوڵ بکات، کە ڕۆژی مەرگیان چی ڕویدابێت، ئەو نەیدەتوانی بڕوا بە قسەی شاهید حاڵەکان بکات، ئاخر ئەوان شتی زۆر دور لە

مرۆڤایەتیان دەگێڕایەوە، باسی وەحشی گەری سەربازەکانی ڕژێمیان دەکرد،باسیان لەوە دەکرد کە شەوانە نیشتمانی کچی مەلەکیان و کچەجوانەکانی تریان دەبرد بۆ ژووری نوستنی ئەفسەرەکان، باسیان لە ئەو دەست درێژیانە دەکرد کە لە بەیانی پێش زیندەبەچاڵ کردندا کراوەتە سەر دایک و خوشک و کچەکەی، ئەو ناتوانێت ئەو حەقیقەتانە قبوڵ بکات،

مەلەکیان وایدەزانی ئەو کەسانە بۆ سوکایەتی پێکردنی چیرۆک هەڵدەبەستن و ئەیانەوێت بەو وشانە پێی بڵێن چیدی جگە لەدۆڕاوێکی جەنگ، جگە لە پاشماوەیەکی بێکەڵکی شۆڕش هیچی کە نیت، بەڵام مەلەکیان دوای ڕاپەڕین هەندێ بەڵگەی لەسەر شاڵاوەکانی قەتڵ و عام دەست کەوتبوو تەواو نائومێد بوو بوو، ئیدی بەرۆحێکی نامۆوە لەو دارستانە نیشتەجێ بوو بوو، ئیدی بۆ ئەوەی ڕۆحی خۆی مەست کات و بیر لە هیچ نەکاتەوە و شۆڕش و ئازارەکانی خەبات و سیاسەت لەبیری خۆی بەرێتەوە خۆی تەرخان کردبوو بۆ تێڕامان لە گوڵەکان، بۆ خزمەتی گوڵەکان، بۆ هاوڕێیەتی باڵندەکان، بۆ ووردبوونەوە لە ژیانی ئاژەڵە کێویەکان و دۆزینەوەی نهێنیەکان و پەی بردن بە تەلیسمەکان، ئەو بەشێکی زۆری تەمەنی لەشۆڕشدا و لەگەڵ تفەنگ و سەنگەر و باروت و هێرش و دوژمن سەرف کردبوو، جگە لە جەنگ و تفەنگ و دوژمن لە هیچ حاڵی نەبوو بوو، بەڵام لەوێ ڕاهاتبوو لە کوخەکەیدا هەموو بەیانی یەک بە جیکە جیکی چۆلەکەکان خەبەری بێتەوە و تا نیوە شەوێکی درەنگ خۆی بەبینینی جوانیەکان و ڕامان لە گوڵەکان و دۆزینەوەی حیکمەتەکانەوە سەرقاڵ بکات و لە ماچی لێوی پەپولە و خونچەکان ڕادەما و

دوای هەنگاوی کەروێشکەکان دەکەوت و دەنکە گەنمی دەمی مێرولەکانی دەژمارد و سەرگەرمی تەماشای ماچی دەنوکی کۆترەکان دەبوو.

مەلەکیان هەر ڕۆژەی نهێنیەکی سروشتی دەدۆزیەوە، هەر ساتەی حیکمەتێکی کەشف دەکرد، ئەو ڕۆژی وا هەبوو تا ئێوارە دوای حیکمەتی نهێنیەک دەکەوت و دواجار تەلیسمێکی سروشتی کەشف دەکرد کە دەکرێت گشت نهێنی یەکان گرێ درێنەوە بە مرۆڤایەتی یەوە، ئەو بەیانیە مەلەک جۆگایەکی بچوکی بۆ ئەو گوڵانە ڕادەکێشا کە تازە چەکەرەیان کردبوو پێویستیان بە هەندێ ئاو هەبوو تا لە تینوان ووشک نەبن، لەگەڵ دروست کردنی جۆگاکەدا مەلەکیان هەستی دەکرد تەنە سوکەکان، گەڵا بچوکەکان، پوشەکان بەبەراورد بە تەنە قورسەکان زووتر دەگەنە کۆتایی لەهەمانکاتدا تەنە قورەسەکان یان هەر ناگەنە کۆتایی ڕێگا یان زۆر درەنگ دەگەن، لەوێدا مەلەکیان کە جۆگاکەی پاک دەکردەوە لە پوش و گەڵا هەڵوەریوەکان بەخەندەیەکەوە دەیگوت [بۆ ئەوەی زوو بگەینە کۆتای ڕێگاکان پێویستە دەست بەرداری قورسایی خۆمان بین و کەمێک بەسوکیەوە خۆمان بدەینە دەست جلەوی جۆگاکان]

ئەو بەیانیە ناسر مەلەکیان نهێنیەکی تری بۆ دەرکەوت، هەستی بەپێکەنینی گوڵەکان کرد و هەستی دەکرد کە گوڵەکان بەیانیان پێدەکەنن، ئەو ئەوەی بۆ دەرکەوتبوو کە گوڵەکان بەزەردەخەنەیەک بانگی پەپولە دڵدارەکان دەکەن بۆ گۆڕینەوەی ماچ، ئەوەشی بۆ دەرکەوتبوو کە گوڵ و پەپولە هەرگیز غیرە لەیەکدی ناکەن و هەرگیز لە خۆشوویستندا یاسای موڵکایەتی تاقی ناکەنەوە.

ئەو بەیانیە بۆیەکەمین جار لەسەردەستی خۆیدا دانی بۆ کۆتر و چۆلەکەکان ڕۆکرد... سەرسام بوو بەوەی کە باڵندەکان پۆل پۆل دەهاتن بەسەر شان قۆڵ و باڵیەوە دەنیشتنەوە و بە بێ ترس دانیان دەخوارد، بەختەوەر بوو بەوەی کە چیدی باڵندەکانیش لێی ناترسن، ئەو هەنوس لە گوڵەکان ڕادەما لەدوورەوە تارماییەکی بینی، تارماییەک لەقوڵایی چیاکەوە بەرەو دارستانەکە شۆڕدەبوویەوە، تارماییەک کە لەماوەی ئەو دەیان ساڵەدا تارمایی لەو شێوەیەی نەبینی بوو، تارماییەکی سەیر کە لە تارمایی هیچ ئاژەڵێک نەدەچوو، تادەهات تارماییەکە نزیک دەبوویەوە و لەچیاکە دادەبەزی و بەرە و دارستانەکە دەهات، تارماییەکە گەیشتە ناو دارستانەکە و بەرە و لای مەلەکیان هەنگاوی دەنا، مەلەکیان چاوی لەسەری هەڵنەگرت تا تەواو نزیک بوویەوە، مەلەکیان حەپەسا تارماییەکە مرۆڤێک بوو، بەڵام دەرکەوتنی مرۆڤ لەوێدا ئەستەم بوو، دواجار مەلەک دوای دەیان ساڵ لە ناو ئەو جەنگەڵە وەک موعجیزەیەک بۆ دووەمین جار دوای ڕۆشتنی قەلەندەری گوڵ و ڕووەکەکان ڕوبەڕوی پیاوێک بوویەوە، بەڵام نەیدەزانی ئەوە چ پیاوێکە و بۆچی گەیشتۆتە ئەوێ و دەشێ چ کارێکی بە مەلەکیان هەبێت، مەلەکیان کاتێ ئەو دارستانەی دۆزیەوە، ڕۆژبەڕۆژ لەهەوڵی گەشەکردنیدا بوو بڕیار نەبوو ئیدی چاوی بەهیچ ئادەمیەک بکەوێت، ئیدی ئەو پێویستی بە هیچ کەسێک نەبوو، ئەوێ گشت سەرچاوەکانی ژیانی لێ بوو، خواردن خواردنەوە نوستن ئارامی، هەموو شتەکان، تەنانەت لەوێشدا بڕوای بە ئادەم و حەوا و ژیانی ناو بەهەشت هێنا، ئەو کە ئەو دارستانەی دۆزیەوە ئیدی

بڕیار نەبوو سیمای هیچ مەخلوقێک ببینێ، بڕیار نەبوو چاوی بەتارمایی هیچ ئادەمیەک بکەوێت ئەوێ ناوچەیەکی چەپەکی لەبیر کراو بوو، بەڵام دەرکەوتنی ئەو پیاوە موعجیزەیەک بوو، موعجیزەیەکی سەیر، کە هێدی هێدی لە مەلەکیان نزیک دەبوویەوە، بەهەنگاوی ئارام بەرەو پێشەوە دەهات و بەهیلاکیەوە وەک هیلاکی سەدەیەک ڕێگا لەئاسمانی دەڕوانی، هێندە نزیک بوویەوە کە هەست دەکرا پیاوێکە پیری زەفەری پێ بردووە و غەمگینیەک وەک توێژی ماست بەسیمایەوە نیشتووە، تادەهات نزیک تر ئەبوویەوە و مەلەک هەستی دەکرد ڕاستەخۆ بۆلای ئەو دێت، لەماوەی چەند دەقیقەیەکدا گەیشتە تەنیشت مەلەک و وەک عەوداڵێک بە چواردەوریدا دەسوڕایەوە و دەستی بەقژە درێژەکەیدا دەهێنا و تەماشای قوڵایی چاوی دەکرد و لەبەر خۆیەوە دەیگوت مەلەکیان ئەوە تۆی مەلەکیان، عەزیزی من ئەوە تۆی، بەڵام مەلەکیان بێجگە لە سەرسام بوون هیچ بەسیمایەوە نەدەبینرا، ئەو هاواری لێ بەرز بوویەوە و گوتی ناسر مەلەکیان، مەلەکیانی گوڵ ئەمە تۆی بڕوا بەچاوم ناکەم، مەلەکیان تۆ هەروەکو خۆتی، هیچ نەگۆڕاوی، پیری بەسیماتەوە دیار نی یە، ئەوو ئەمانەی دەگوت و مەلەکیان بەهەمان حەپەساویەوە تەماشای قوڵایی چاوی دەکرد، ئەو هەرتەماشای دەکرد و بەدەم فرمێسک ڕشتنەوە دەیگوت مەلەکیان چۆن دەکرێت نەمناسیتەوە، چۆن دەکرێ زەمەن هێندە گۆڕانی لەمنا دروست کردبێت تا نزیکترین هاوڕێ نەمناسێتەوە.

لەوێدا مەلەکیان ئامێزی بۆ دەگرێتەوە و هاوار دەکات ئۆۆۆۆی حەسەنی بڕام، حەسەنی ئایشێ ئاخ چەندە

گۆڕاوی، ئاخ سیاسەت چۆن پیری کردوی، ئەم هەموو ماتەمینیە چیە واسیماتی داپۆشیوە، ئەوان باوەشیان بۆ یەک کردبوویەوە و توند یەکدیان دەگوشی و مەلەکیان بەئەسپای دەیگوت حەسەن چی منی بیری ئێوە خستەوە چی تۆی گەیاندە ئێرە، دەشێ بیانوویەکی گەورەت هەبێ تا ئەم هەموو ڕێگایەت بەشوێنی مندا بڕیوە، حەسەنی ئایشێ توند مەلەکیانی بەخۆیەوە دەنوساند و ماچی دەکرد و هیچی نەدەگوت تەنها دەگریا، گریانێک پڕ لە جوانی و حەقیقەت، پڕ لە ڕاست گۆیی ئەو گریانەی کە هەندێ جار لە گەڵ شادیەکاندا دێت ئەو دوو پیاوە زەمەنێک بەبێدەنگی مانەوە مەلەکیان زەمەنێک تەماشای قوڵایی چاوی حەسەنی دەکرد و لە ڕەشای چاوی ڕادەما، ئەوە پیشەی هەمیشەی زەمەنی شاخی مەلەکیان بوو، ئەو توانایەکی سەیری هەبوولەنهێنی قوڵایی چاوەکان، لە خوێندنەوەی گومانەکان  هەمیشە لەشاخ لە قوڵایی چاوەکاندا حەقیقەتی دەدۆزیـــەوە ، هەمیشە لە چاوی دیلەکانی دەڕوانی و درکی بە نهێنی و تەلیسمەکان دەکرد و بەقوڵایی چاوی ڕێ نیشاندەرەکاندا ڕۆدەچوو تا بزانێت کە ئاخۆ پێشمەرگەکان بەرە و مەرگ دەبات یان ڕزگار بوون، مەلەکیان تەماشای قوڵایی گشت چاوەکانی دەکرد تەماشای قوڵایی چاوی ئەولاوانەی دەکرد کەدەهاتن دەبوونە پێشمەرگە و دەیزانی کە ئاخۆ کێ بۆ سیخوڕی هاتووە، ئەو هەمیشە دەیگوت چاو تەنها ئەندامە کە ناتوانێ درۆ بکات، ناتوانێ هیچ نهێنی یەک بشارێتەوە، دەیگوت گەر بەقوڵی بەقوڵایی چاوەکاندا ڕۆبچین دەستمان بە نهێنی یەکان دەگات.

ئەورۆژەش مەلەکیان زەمەنێک لە قوڵایی چاوی حەسەنی ئایشێ وورد بوویەوە و بەدوای نهێنی یەکدا دەگەڕا، دیار بوو چاوەکانی حەسەنی ئایشێ پڕبوو لە دووکەڵ و تەم تومان و ئاگر و جەنگ و تـەرم، کە دیمەنەکانی قوڵایی چاوی مەلەکیانی پەرێشان کرد و بە ئەسپایی دەیگوت حەسەن گومانم هەیە کەئەمە چاوی تۆ بێت، گومانم هەیە ئاخر ناکرێت ئەم هەموو ووێرانەیە لە چاوی تۆدا بێت، ئاخر تۆ پیاوە پیرۆزەکە بوویت، ئەو پیاوەی کە چاوەکانی پڕ بوو لە ژیان.

حەسەنی ئایشێ :- لێگەڕێ مەلەکیانی گوڵ جەنگ و سیاسەت، ڕۆحی هەموومانی تەڵخ کردووە، دەزانی منیش سەرسامم بە ووێنەکانی چاوی تۆ، تۆش پڕی لە گوڵ و گەڵا و سەوزایی و جوانی یەکانی سروشت، نازانم تۆ ئەو هەموو نهێنی یەی شاخت چی لێکرد لە چاوی خۆتدا، نازانم چۆن ئەوو هەموو خوێن و دوکەڵ و جەنگ و سەنگەرەت لە چاوتا دەرهێنا، ئەو هەموو تەرمە سوتاوەت چی لێکرد، ئەو ڕوبارە خوێنەت چۆن لە چاوتا وشک کرد، بۆنی ئەوو هەموو باروتەت چۆن لەخۆت تەکاند، بۆ دوکەڵی ئەوو هەموو جەنگە لە چاوتدا نابینم، گڕی لولەی ئەوو هەموو تفەنگەت لە کوێدا شـاردەوە، کوا گشت تولە ڕێگاکانی شەوان، کوانێ سەنگەری پێشمەرگەکان، کوا بارەگاکانی ڕژێم کوا تەرمی پێشمەرگە و دوژمن، بۆ هیچی لە چاوتا نابینم.

مەلەکیان :- تکایە حەسەن ڕابردوو مەهێنەوە بۆ ناو چاوم تکایە ڕابردوو لەبیرکە، چیدی ڕابردوو ئیشی من نی یە، زۆری برد تا خۆم لە گەرد و تۆزی ئەوو ڕابردووە

نەعلەتی یە تەکاند سروشت هەموو جوانیەکان دەبەخشێت، دەیان ساڵە بەدیمەنەکانی ئێرە بەڕەنگی گوڵەکان، بەشنەی نەمامەکان، بەسەمای پەپولەکان و بەسەوزی گەڵاکان قوڵایی چاوی خۆم دەشۆمەوە و خۆم دەرباز دەکەم لە ناشرینی ڕابردوو، حەسەنی برام من لێرە باخەوانی گوڵەکانم، چیدی من پیرێکی ئەم خانەقایەم، تانەبووم بە دەروێشی تەکیەی گەڵا، تا نەچوومە سەر تەریقەتی باخ، ڕابردوو جێی نەهێشتم.

حەسنی ئایشێ :- مەلەکیان ئەوە تۆ بوویت ڕابردووت جێ هێشت، تۆ بوویت هەموو مانت جێ هێشت، تۆ نەفرەتت لە سیاسەت کرد، مەلەکیان زەردەخەنەیەکی ماناداری بۆ دەکات و دەڵێ حەسەنی برام تۆ کەی هێندە خڵەفاو بوویت، تۆ کەی هێندە گەمژانە بیرت کردۆتەوە، پێت وایە ڕابردوو تەنها لە شارەکەتدا لەگەڵتایە پێت وایە تەنها لەو شاخەیە کەپیاوی لێ دەکوژێ، وادەزانی ڕابردوو لە قوڵایی چاوی قوربانی یەکاندا کۆتایی دێت، نا عەزیزم ڕابردوو بە دوامانەوەیە ڕابردوو جێ ناهێڵدرێت [ڕابردوو دوژمنێک نی یە بەیەک فیشەک کۆتایی پێ بهێنم، نا ڕابردوو لە قوڵایی چاوی خۆماندایە] تەنها بەدروست کردنی ڕابردوویەکی نوێ لادەچێت تەنها دەبێت فریووی بدەین دەبێت زەمەن فرێی باتە دەرەوە، دەبێت هێندەی دیمەنە ناشیرینەکان دیمەنی جوان لە چاوماندا کۆکەینەوە [ڕابردووی پڕ لە تەرم هەرگیز ناڕوات تا جێگاکەی پڕ نەکەی لە گوڵ، ناڕوات تا بەبارانی مەحەبەت نەی شۆیتەوە، ناڕوات تا نەزانێ چیدی تۆ کارێکت پێی نەماوە و ناتوانێ ئازارێک

بەجێ بهێڵێ] ناڕوات تا خۆی بڕیار نەدات، من دەیان ساڵە لە ڕابردوو دەپاڕێمە کە بڕوات، دەیان ساڵە گوڵ دەخەمە جێگای ووشە و دیمەن و ووێنەکانی ڕابردوو، دەیان ساڵە پەپولە دەخەمە شوێنی دیمەنی هەلی کۆپتەرەکانی چاوم گوڵ دەخەمە شوێنی تەرمی کوژراوەکان و ڕوبار بەناو جۆگەلەی خوێنی پێشمەرگەکاندا دەبەم و نەسیمی بەیانی دەخەمە شوێنی دوکەڵی جەنگەکان و بۆنی نێرگز لەبری بۆنی باروت دادەنێم، دەیان ساڵە نەرمە باران دەخەمە شوێنی ئەو هەموو شەستە و تۆفانەی کە لەکەمینەکاندا بێ ڕەحمانە دەیخوساندین، تەماشاکە حەسەنی دۆست، تەماشای قوڵایی چاوم کە، تەماشاکە بزانە دیمەنی گوڵی چەند بەهار لە چاوما دەبینی، تەماشاکە بزانە گوڵە باخی چەند بەهار لە چاوما ڕواوە و گەڵایی وەر یو ی چەند پایزم کۆکردۆتەوە، وەرە قوڵ بە کوچەکانی چاومدا ڕۆبچۆ بزانە پەپولەی چەند بەهار لەچاوی مندا مردووە،

عەزیزی من هیچ شتێ هێندەی لەبیرکردنی ڕابردوو ئەستەم نی یە، دەشێ ئەستەم ترین کار بێت کەمرۆڤ بیەوێت ڕابردوو بەجێ بهێڵێت، دەشێت بەشێکی ڕابردوو هەرگیز نەڕوات، وەک چۆن لە دەست چونەکانی ڕابردوو هەرگیز ناگەڕێتەوە، بەڵام من بۆ گشت لە دەست چوونەکان شتی نوێم خستە جێگایان، دەشێ ئەوە ئاسان نەبووبێت، دەشێ ئەستەم ترین کارم بووبێت، کەچی ئەنجاممدا، ئەوە ئاسان نەبوو کە بتوانم ئەوو هەموو ڕابردووە فەرامۆش کەم، دواجار من خۆمم بەمەستی یەکی ئەبەدی سپارد مەستی شەرابی باخ، مەستی لەزەتی جوانی، خۆمم دایە دەست نەشئەی بۆنی گوڵەکان، خۆمم دایە دەست تەریقەتی

سەوزایی، حەسەن دواجار من خۆمم لە هەموو شتێ پاک کردەوە و ڕۆحی خۆمم لەگەرد و تۆزی سیاسەت تەکاند، گشت ووێنەو دیمەنەکانی جەنگم لە چاوی خۆمدا دەرهێنا و گشت تەرمی پێشمەرگەکان و سەربازەکانم لە چاوما کوژانەوە، حەسەنی ئایشێ تا ئەو کاتە بێدەنگ بوو لەوێدا دەنگی هەڵبڕی و گوتی مەلەکیانی گوول ناکرێت، ناچێتە ئەقڵەوە تۆ ئەو هەموو ناشرینیەت لە چاوی خۆت دوور خستبێتەوە، ناکرێت ئەو هەموو سەرە بڕاوە لە چاوتا بونی نەمابێ، ئەستەمە دیمەنی ئەوو هەموو دەست و قاچە پەڕیوەت لە چاوی خۆتدا دەرهێنابێ، ئەو دەست و قاچە پەڕیوانەی کە دوای تۆپ بارانی گوندەکان لەژێر دار و پەردووی خانوەکاندا دەرماندەهێنان، چۆن دەکرێت دیمەنی فەرەجی ئامە کوڵت لە یاد نەمابێت ئەو، کە بەزیندووی پارچەپارچەمان کرد، ئەوو پیاوەی کە خیانەتی لە ڕۆحی پێشمەرگەکان کرد و دەبابەی هێنایە سەر ڕۆحی حەوت پێشمەرگەی شۆڕش و ڕژێم بەزیندووی بەدوای دەبابەدا ڕایکێشان تا مەرگ، ناکرێت لە یادت نەمابێت کە ئەوو شەوەی هەواڵی دەست بەسەر کردنی پێشمەرگەکانمان بیست فەرماندە چۆن شێت گیر بوو، فەرمانی پێکردین کە لە ماوەی چوار کاتژمێردا فەرەج بهێنینە بەر دەستی تا خۆی سزای بدات، ئەوە یەکەمین و دواین سزای تاوانبار بوو کە فەرماندە بەدەستی خۆی جێ بەجێی کرد، ئەی لە یادت نی یە شەوو لە کاتژمێر دووی شەودا فەرەجی ئامە کوڵمان لە ماڵی ژنە سۆزانی یەکان دۆزیەوە کە پارەی ئەوو چالاکی یەی بردبوو تابیدات بەشەوێکی پڕ لە چێژی ئامێزی ئەوو ژنانە

ناکرێت ئەو پیاوەت لە یاد نەمابێت ئەوو پیاوەی کە یەکەم شەوو پەیوەندی کرد بە شۆڕشەوە تۆ خیانەتت لە چاویا بینی، ئەو پیاوەی کە سواری گوێدرێژێکمان کرد و لە هەر گوندەی بەشێک لە جەستەیمان دەبڕی تا لە دواین گوندی سەر سنوور مەلای دێکە بەخۆی و قورئانێکەوە تکای لێکردین کە بیکوژین، گوتی ئیدی سزای تاوانەکەی وەرگرت با هێندە ئازار نەچێژێت، لەبیرتە ئەو پیاوەی ناوی فەرەجی ئامە کول بوو لە دواین گوند بە دیار چاوی منالّ و گەنج و پیری گوندەوە کردمان بە عیبرەت و فەرماندە بە گوللەی تفەنگەکەی خۆی سەری لە لاشەی جیاکردەوە، چۆن ئەو هەموو دیمەنەت لە چاوت دوور خستەوە، مەلەکیان وەرە لە چاوی مندا تەماشای گشت دیمەنەکانی شاخ بکە، وەرە نیشتیمانێکی سوتاو ببینە و چاو لەمەملەکەتێکی نەفرەت لێکراو بکە، نیشتیمانێکی لەخوێندا شەلاڵ ببینە.

مەلەکیان :- حەسەن واز لە ڕابردوو بهێنە تەنانەت وەک خەونیش ڕابردووم بیر ناکەوێتەوە، وەرە لە ئێستادا بژی، هەستە جوانی یەکانی ئێرەت نیشاندەم، وەرە فێری زوبانی گوڵ ببە، حەسەن وەک ئەوەی چاوەڕێی ووشەیەکی وەها بووبێت خێرا بەناو دارستانەکەدا شوێنی هەنگاوەکانی مەلەکیان کەوت، ئەوان بەناو دارستانەکەدا کەوتنە پیاسەکردن، بەڵام حەسەنی ئایشێ نەیدەتوانی سەرسامیەکەی بشارێتەوە ئەو سەرسام بوو بەگشت دیمەنەکان، دەتگوت بەشێ لە جوانیەکانی دونیا هێنراوە و لەو دارستانە دانراوە، ئەوو گوڵانەی لەوێ بوون لەهیچ سوچێکی ئەم دونیایەدا بونیان نەبوو، ئەوان هەر دەڕۆشتن و حەسەن دەیگوت مەلەکیان بشێ

ئێرە بەشێ نەبێ لە خەیاڵی خۆت، بڵێی ئەم جوانیانەی ئێرە بەشێ بێ لە حەقیقەت، ئاخر ئەم هەموو جوانی یە بڕوا پێنەکراوە، مەلەکیان دەنوشتایەوە و گوڵێکی بۆن دەکرد و دەیگوت حەسەن [قبوڵ نەکردنی جوانی و هەست نەکردن بەجوانی و بڕوا نەهێنان بەجوانی نیشانەی ئەوەیە کە ڕۆحی خۆت خاڵی یە لە جوانی و ئەوە نیشانەی ئەو حەقیقەتە تاڵەیە کە دەرونی خۆت پڕ پڕە لە ناشیرینی و جیگای جوانی لە ڕۆحتدا نابێتەوە و لێوڕێژی لە هەستی دوژمنکارانە] عەزیزی من ئێرە بۆ منیش بەهەمان شێوەی ئێستای تۆ بوو، زۆری خایاند تا هەستم بە جوانیەکان کرد، لەدوای چەندین ساڵ ئینجا هەستم بە بۆنی گوڵەکان کرد ، بۆنی باروتی جەنگەکان درەنگ کۆتاییان پێهات و دوای پێنج ساڵ توانیم جیاوازی بکەم لە نێوان ڕەنگی پەمەیی و ڕەش.

ئەوان بەردەوام بوون لە پیاسە کردن و مەلەکیان هەوڵی دەدا جوانیەکانی بۆ شی بکاتەوە، بەدەم ڕێگاوە دەیگوت حەسەنی برام تەماشای کرانەوەی خونچەی گوڵەکان بکە، تەماشای ناسکی پەڕەی ئەوو گوڵە بکە، تەماشای ئەوو لاولاوە بکە بزانە چۆن بۆ بەرزی دەکشێ، تەماشای ئەو ووردەماسیانە بزانە چەندە پڕن لە ژیان، مەلەکیان خۆی فڕێدەدایە ئەو بەری جۆگایەک و دەستی بۆ گوڵێک دەبرد و دەیگوت حەسەن تەماشای ئەم گوڵەکە تەماشاکە ئەم گوڵە حەوت ڕەنگ و حەوت بۆنی جیاوازی هەیە، تەماشای ئەمەیان کە تەنها لە سەر پەڕەی گەڵایەکی هەژدە ڕەنگی جیاوازی هەیە، ئەوان بەردەوام دەبن لە پیاسەی ناو دارستان و [مەلەکیان دەست دەخاتە سەر شانی حەسەن و

دەڵێت عەزیزی من تەماشاکە ئێمە چەندە بێ گوڵ ژیاوین، چەندە ڕۆحمان خاڵی بووە لە سەوزایی و درەخت و چڵ و نەمام، چەندە خاڵی بووین لە بۆنی گوڵ، ئێمە چەندە خاڵی بووین لە ژیان، ئاخ چەندە گوناه بووین کە هەزاران شەوو لەناو باخ و باخاتی پڕ لە گوڵدا دەماینەوە و هەستمان بە بۆنی گوڵێک نەدەکرد و سەدان نەسیمی بەیانیمان پڕ دەکرد لە بۆنی باروت.]

ئێمە چەندە گەمژە بووین لە دیداری کوشتنی سەربازەکاندا گوڵزاری بەهاریێکمان لە ژێر پێڵاوەکانماندا دەپلیشاندەوە، بەدەم سڕینی فرمێسکەکانی سەر گۆنایەوە [دەیگوت ئەی دۆست ئێمە تەمەنێکی خاڵی ژیاین، ئێمە لە خۆشەویستی نیشتیماندا جوانی یەکانمان دۆڕاند و بۆ عیشقی نیشتیمان مرۆڤمان دەکوشت، لە پێناو عیشقی خاکدا لە پێناو جوانی یەکانی نیشتیماندا خۆمان پڕ کردبوو لە ڕق و نەماندەزانی کە مرۆڤەکان بە شێکن لە جوانی] تەماشاکە ئێمە چیمان کرد لە عیشقی نیشتماندا جوانیمان لە بیر کرد، پیرۆزی نیشتیمانمان تەڵخ کرد، تەماشاکە حەسەن بوون بە باخەوانی گوڵەکان چ هەستێکی خۆشم دەداتێ، دەشێ تۆ هەست نەکەی ئێستا هەموو بەیانی یەک تا ماندوو دەبم بەناو گوڵەکاندا ڕادەکەم و بە ئاونگی گوڵەکان تینوێتیم دەشکێنم، تۆ هەست ناکەی چ هەستێکی سەیرم هەیە کە قاچ لە ئاونگی گوڵەکان دەخشێنم، حەسەن بەیانیەک وەرە لەگەڵ من تا ئەو پەڕی ماندوو بوون ڕاکە و بە ئاونگی گوڵەکان تینوێتی بشکێنە و گوێ لە ئاواز و گۆرانی کوکوختی یەکان ڕاگرە و مەستی جیکە جیکی چۆلەکەکان بە.

عەزیزی من ئێمە زەمەنی شاخ زیاد لە دەیان ساڵ هاوڕێی سروشت بووین و هەنگاومان بە سەر گوڵ و گیای دەیان بەهاردا نا و ئاونگی گوڵ بەرقاچمان کەوت و بەسەدای گۆرانی باڵندەکان خەبەرمان بوویەوە کەچی بەیانی یەک هەستمان بە جوانی سروشت نەکرد، ئێمە خۆمان ساغ کردبوویەوە کە دوور بین لە جوانی و هەست بە جوانی نەکەین، ئێمە خۆمان ساغ کردبوویەوە لە سەر خۆشەویستی تفەنگ و عیشقی ئەو تفەنگە ژەنگاویە ڕێگای نەدەداین هەست بە هیچ بکەین ئێمە لە شاخ تەنها بە دوای دوژمندا دەگەڕاین و چاومان تەنها دوژمنی دەبینی، دوژمن، دوژمن، دوژمن، دوژمنی خاک،دوژمنی نیشتیمان، دوژمنی نەتەوە و دوژمنی هەموومان ئەو دوژمنە نەیدەهێشت هەست بەجوانیەکان بکەین، وەک ئەوەی کە بۆی دروست بووین بژین [تەماشاکە عەزیزی من کە مرۆڤ هێندە سەرقاڵی گەڕان بوو بە دوای دوژمنەکانیدا ئیدی دۆستەکانی لە بیر دەکات و مەحاڵە دۆست بناسێ کە مرۆڤ هێندە دەستی بۆ ناشرینی برد ئیدی دەستی ناگاتەوە جوانی، تۆ کە هەمیشە بەدوای ناشرینی دوژمنەوە بیت کەی جوانی دەناسیت] حەسەنی برام مرۆڤ پێویستە خۆی ساغ کاتەوە لە سەر هەست کردن بە جوانی یەکان، پێویستە خۆی بۆ قبوڵ کردنی جوانی تەرخان بکات، من ئەو بەیانیەی کە بڕیارمدا گشت ناشیرینی بەجێ بهێڵم و ببمە باخەوانی گوڵەکان دەمانچەکەم خستە سەبەتەی شەخەڵەکە، ئەو دەمانچەیەی کە لە تەرمی بەڕێوەبەری ئەمنی پایتەختمان کردەوە،

حەسەن:- بەڵێ دیمەنەکەم هەمووی لە یادە دەڵێی دوێنێ بوو ناوی موقەدەم جاسم بوو کە هەنوس گیانی تیامابوو

بە دەمانچەکەی خۆی لە گیانمان کرد و من دەمانچەکەی پاسەوانەکەم هەڵگرت و تۆش دەمانچەکەی خۆی.

مەلەکیان :- بەڵام من دەڵێی خەونێکی ناخۆشم دیووە، ئەو یادگاریانەم لە خەونێکی دێرین دەچن، حەسەنی ئایشێ گەر مرۆڤ بڕیاریدا لەگەڵ گوڵ بژی، دەبێ ڕۆحی پڕکات لە ڕەنگی گوڵ، دەبێت خۆی داماڵێت لە ڕق و، دەمانچەکەی فڕێداتە سەبەتەی شەخەڵەکە، دەبێت خۆی پاک کاتەوە لە گشت گوناهەکانی و داوای لێبوردن لە ڕۆحی گشت قوربانیەکان بکات، دەبێ خۆی داتەکێنێ لە گشت شەڕەکان لە گشت ناشیرینی یەکان،

ئەوان هەر دەڕۆشتن و مەلەکیان بەردەوام دەدوا و دەتگوت دەیان ساڵە چاوەڕوانی کەسێ بووە، ئەم حیکایەتانەی بۆ بگێڕێتەوە، بەدەم پیاسەی ناو دارستانەوە دەیگوت حەسەنی دۆست ئەو بەیانی گەیشتمە ئێرە زۆر ترسام، ترسام چیدی هەست بە ڕەنگی گوڵەکان نەکەم، دەترسام بۆنی ئەوو هەموو باروتە نەهێڵی درک بە بۆنی گوڵەکان بکەم، ئاخر مودەتێک ئەم هەموو جوانیەم نەبینی موتێک وەڕز بووم لەم هەموو جوانیانە، دەزانی چەندە ئەستەم بوو تا لەگەڵ گوڵ ئاشت بوومەوە و دەستم فێری گرتنی گوڵ کرد دەزانی ئەمە چەند ساڵی خایاند، زۆری برد تا ڕاهاتم بەجوانیەکان، چەندین ساڵ نامۆ بووم بە سروشت، چەندین ساڵ دەستم بۆ هەر گوڵێ دەبرد پەشموردە دەبوو بە دەستمەوە، ئاوی هەر گوڵێکم دەدێرا دەژاکا، تەماشای هەر گوڵێکم دەکرد لە چاوما ووشک دەبوو، دەزانی زۆر درەنگ زانیم کە گوڵەکان پێویستیان بە ناسکیە و دەبێت بە ناسکی یەوە لێیان نزیک بیتەوە، درەنگ زانیم کە دەست تا پاکی نەکەیتەوە  لە بۆنی باروت نامۆیە

بە گوڵ، ئەوان هەر دەڕۆشتن و مەلەکیان دەستی لەلاسک و چڵ و پۆی گوڵەکان دەخشاند و دەیگوت حەسەن بڕوا دەکەی سەدان شەوو بەدیار گوڵەکانەوە گریاوم تا نامۆیم بڕەوێنمەوە، ئاخر ئەوە تەنها ئەوان نەبوون نامۆ بوون بەمن، بڕوادەکەیت منیش نامۆ بووم بە گوڵەکان و نەمدەتوانی هەستیان پێبکەم، سەدان شەو ڕۆژ بەم دارستانە دەهاتم و دەچووم نەمدەتوانی گوڵ و دڕک لە یەک جیاکەمە، سەدان شەوو بە فرمێسکم گوڵەکانم ئاودا،سەدان شەوو لە سەر ئەژنۆ نوشتاومەتەوە و بۆنی گوڵەکانم کردووە تا لەگەڵ جوانی گوڵەکان ئاشت بمەوە.

من لێرە سەدان جۆر گوڵی جۆربەجۆرم ڕواند، سەدان جۆر گولم سەوز کرد، سەدان شەو ڕۆژ پاسەوانی گوڵەکان بووم تا سەریان لەخاک دەرهێنا، تۆ وادەزانیت ڕابردوو بەئاسانی لەکۆڵم بوویەوە ؟. نا ئەزیزم گوڵ ڕابردووی لێتەکاندم، ئەها تەماشای چواردەوری خۆت بکە، ئەو گوڵە وردە ڕەنگاو ڕەنگانە گوڵی یەک وەرزین، ئەمانە هەموو تەمەنیان یەک وەرزە و دەبێت هەموو ساڵێک تۆوەکەیان بگرم و ساڵی داهاتوو بیپژێنم بەو شوێنانەدا کە گوڵی لێنیە و غەمگینی تەنیویەتی، ئەم گوڵانە تەنها لەدوو وەرزی ساڵدا گوڵ دەگرن و زۆرترینی ڕەنگی گوڵەکانی پەمەیی کاڵ و سپین، زیاتر تانزیکی ئەژنۆی مرۆڤ بەرز دەبن، ئەوەش گوڵی هەمیشە بەهارە، ئەوە هەموو ڕەنگەکانی هەیە و دڵی مرۆڤ دەکاتەوە تا سەر و ئەژنۆی مرۆڤ بەرز دەبێت و گوڵەکانی بۆنێکی تایبەتیان هەیە، ئەها وەرە بچەمیرەوە بۆنی ئەم گوڵەی بکە، مەلەک دەچەمێتەوە و لەشێوەی سوژدە بردن بۆنی گوڵی هەمیشە بەهار دەکات

و حەسەنی ئایشێش دەچەمێتەوە و بۆنی دەکات، کەچی وەک ئەوەی هەستی بەهیچ نەکردبێت هەڵدەسێتەوە و هیچ ناڵێت و بەردەوام دەبنەوە لەسەر ڕۆشتن و مەلەک ئیشارەتی بۆ گوڵێک دەکرد و دەیگوت حەسەنی برام ئەوەش گوڵێکی یەک وەرزیە ناوی (دیمۆفۆرتیکایە) ئەوە و هەندێک تۆوی ترم لە قەلەندەرێکەوە وەرگرت کە نیوەی جیهان بەدوای تۆوی گوڵ و ڕووەک و نەمامدا گەڕابوو ئەو گوتی ئەمەی لەباشوری ئەفریقا دۆزیوەتەوە، ئەو گوڵەی تەنیشتیشی گوڵی دەمەشێرە کە گوتی دەستکاری جینەکەیم کردووە و لەهەموو وەرزەکاندا سەوز دەبێت و لەبنەڕەتدا گوڵی ئیتاڵیایە.

ئەها هاوڕێ من ڕابردووم بەبۆنی ئەم گوڵانە لابرد، ڕابردووم بەڕەنگی ئەم گوڵانە سڕیەوە، ئەها تەماشاکە ئەوە گوڵی شەوبۆیە، کە خۆشترین بۆن و جوانترین ڕەنگی هەیە، خونچەی گوڵەکەی تەنها لە شەودا ئەکریتەوە، ئەوەی تەنیشتیشی ئەوەی کە گوڵەکەی چەشنی هێشووە ترێیە ئەوەش گوڵە هێرۆیە، هەر جار دڵتەنگ بم دێم لەلای ئەو گوڵە هێرۆیە دادەنیشم، حەسەنی ئایشێ من بووم بەهاوڕێی ئەم گوڵانە، من بەبێ ئەم گوڵانە هەڵناکەم، گوڵی ناز ناز، گوڵە خەنە، گوڵە مەرجان، گوڵە سلقیا، گوڵی قەدیفە، گوڵی زینیا، گوڵی شەستپەڕ، گوڵی فلۆکس، گوڵی پاتۆنیا، ئەم گوڵانە بۆ من هەمووشتێکن، نیشتیمانی منن، ئاسمانی منن، شار و شەقام و خودای منن، ئەمانە پارچەیەکن لە من، ئەمانە نەبوونایە ڕۆحی من هەرگیز پاک نەئەبوویەوە، نیشتیمانی گوڵ باشترین شوێنە بۆ پاک بوونەوەی ڕۆحی مرۆڤ.

ئـەوان بەناو نیشتیمانی گوڵەکاندا هەنگاویان دەنـاو مەلەک جۆر و شێوە و تەمەنی گوڵەکانی بۆ حەسەنی ئایشێ شیدەکردەوە، دەستی بۆ گوڵەباغێک ڕادەکێشاو دەیگوت حەسەنی دۆسـت ئـەو گولەباخە گوڵی هەموو وەرزەکانەو تەمەنێکی درێژی هەیە و زۆر جار هێندەی درەختێک گەشە دەکـات، لەهەموو شـارەکـانی دونیایا دەڕوێـت بـەڵام نیشتیمانی ئـەو هۆڵەندایە، لـەوێـوە بڵاو بۆتەوە بۆ هەموو دونیا، ئەوە هەمە جۆرە دەیان جۆر چ لەڕووی ڕەنگەوە چ لەڕووی جۆرەوە لەم دەڤەرە هەیە، ئەوەی کە خۆم بۆی چووبم ئەوەشم لێ چاندووە، جۆرێکی بـەرەو ئاسمان هەڵدەچێت، جۆرێکیان پێویستە شتێک هەبێت خۆی پیا هەڵواسێت، هەیانە بە زەویدا دەخشێت، جۆرێکی تریان شۆڕدەبێتەوە بۆ زەوی و زیاتر لە کەناری ڕوبارەکان دەیچێنم تا شۆڕبێتەوە بۆ قەراغی ئاوەکە، وە ئەم گوڵە باخە پێویستیەکی زۆری بە تیشکی خۆر هەیە، ئەها ئەوەی تەنیشتی گوڵە مێخەکە، ئەو جارانەی کە بیری نیشتمان بکەم دیمە دیداری ئەم گوڵانە ڕێک بۆنی خاتوونە بەویقارە بەتەمەنەکان دەدات، بۆنی دایکم دەدات، هەمیشە گیرفانەکانم پڕدەکەم لەگوڵی مێخەک لەو گوڵەنەی کە بۆخۆیان دەکەونە سەرزەوی.

ئەوان چەند هەنگاوێکی تر دەڕۆن و مەلەک و حەسەن لەتەنیشت گوڵێکدا ڕادەوەستن کە تەنها گەڵاو قەدەکەی دیـارە و دەڵـێ ئەمە گوڵی داودیـە هەموو ساڵێک سەوز دەبێتەوە بـەڵام تەنها لە پایزاندا گوڵ دەردەکـات، ئەمە بەپێی قسەکانی ئـەو قـەلـەنـدەرەی کـە تـۆوەکـەی پێدام دەیگوت سەدان جۆری هەیە وەک گوڵی مەمیلەیی و کراوە

و خڕەکان و جاڵجاڵۆکەیی و یابانی و سادە و ئەنیمۆن وپۆمپۆن چەندین جۆری کە، هەر لە تەنیشت گوڵی داودی کۆمەڵێک گوڵ نیشانی حەسەنی ئایشێ دەدات و دەڵێ مانەوەی من بەندە بە گەشەی ئەم گوڵانەوە، گوڵی جەربێرا و گەزانیا و ساردۆنیا و ئەنیمۆن و تیولپ و سەوسەن و زەمبەق و گلادیولەس و دالیا و نێرگزی شەهلا و ئەو گوڵانەی کەش کە لەوێدان و ناوەکانیان نازانم، ئەو گوڵە مۆرە، ئەو ڕەنگ وەنەوشەییە، ئەو پرتەقاڵیە، ئەوانە منیان بە نەمری هێشتۆتەوە.

مەلەک چەند هەنگاوێک لەولاتر سەرنجی حەسەن بۆ ڕووەکێکی گەڵا ورد وئەستوور و زۆر جوان ڕادەکێشێت کە قەدێکی قیتی هەیە و گوڵەکانی هەمەجۆری سپی و سور و زەرد و ئەرخەوانیە و دەڵێ هاوڕێ ئەمە گرانبەهاترین بەرهەمی هەیە لەدونیادا، حەسەن دەست لە گوڵەکانی دەدات و دەڵێت گوڵێکی زۆر سەیر دیارە یەکەم جارمە ئەمە دەبینم، ئەی ئەو لینجاوە سپیە چیە لە درزی قەدەکەیەوە دەرچووە، مەلەک بەدەم خەندەیەکەوە دەڵێ هاوڕێ ئەمە گوڵ نیە، ئەمە ڕووەکی خاشخاشە زۆربەی جۆرەکانی مادەی سڕکەر لەمە دروست دەکرێت، بەتایبەت تلیاک و هیرۆین، ئەو شلە لینجە سپیە دواتر خەست دەبیتەوە و وەک ئەو شتە ڕەشەی لێدێت کە بەدارەکەوە نوساوە کە دەڵێی بنێشتی دارەبەنی لای خۆمانە، ئەوانەی کە کاریان ئەمەیە دەبێت بەیانیان بە چەقۆی تیژ ئەو شتە ڕەشە بکرێنن و دواتر لەکارگەی تایبەتدا مادەی هۆشبەری تەواوی لێ دروست کەن، ئەوەی تەنیشتیشی من گەڵاکەی بۆ چایی بەکاری دینم بەڵام ئەو کابرایەی کە تۆوەکەی پێدام

دەیگوت ئەمە لە ئەمریکا سود لە ڕۆنەکەی وەردەگرن، بەڵام چایەکەی زۆر هێور کەرەوەیە، مەلەک دونیایەک ڕووەک و گوڵ نیشانی حەسەنی ئایشێ دەدات کە ڕووەک و گوڵی سروشتین و بۆ نەخۆشی و ژان و ئێش بەکار دێن، دەڵێت ئەو قەلەندەرەی کە تۆوەکانی پێدام نزیکەی ساڵێک لێرە مایەوە و من ڕوەک و گوڵەکانی ئێرەم پێناساند و ئەو هەر چواروەرزەکە تۆوی گوڵ و ڕووەکەکانی گرت و ئەو تۆوانەی پێدام کە لەهەموو دونیادا کۆی کردبوونەوە.

ئەوان هەر دەڕۆشتن و مەلەک گوڵ و گیاو و ڕووەکەکان نیشانی حەسەنی ئایشێ دەدات کە هەزاران جۆری گوڵ و ڕووەک و باقلەمەنی و دەرەخت و دەوەن ڕوابوون، خواردن و خواردنەوە و چاو قاوە و هەموو ژیانی مەلەک لەسەر ئەو شتانە بوو کە لەوێ ڕوابوون یان ڕوێنرابوون، حەسەن سەرنجی دەچووە سەر ئەرخەوان و مینا و یاسەمین و کەتان و گوڵالە سورە و ئەجوگا و هیزۆپ و بالۆک و ترێ ڕێوی و گوڵەباخی کێویلە و بەنگی ڕەش و تەماشای مەلەک دەکات و دەڵێ ئەی دۆست و تۆ بەهەشتێکت لێرە چێکردووە، تۆ کەڕۆشتی ئێمە دەمانگوت ڕەنگە بتەوێت خۆت بکوژیت کەچی تۆ لێرە ژیانت دروست کردۆتەوە، مەلەک خەندەیەکی نەرم دەیگرێت و دەڵێ حەسەنی ئایشێ ژیان لەسیاسەتدا ئەستەمە، مرۆڤ گەربیەوێت پشویەک بەرۆحی خۆی بدات ئەبێت چواردەوری پڕبکات لەگوڵ نەک لەپیاوی سیاسی، ئەها تەماشای ئەوانەش بکە پۆمیلۆ و بەیاخە شیرینە و کچنی و گوڵە پشمین و پەنجەی خانم و، حەسەن مەلەک ڕادەگرێت و دەڵێ هاوڕێ تۆ نیشتمانێکت لەگوڵ چێکردووە بەڵام خۆزگە چاوەکانی منیش وەک تۆ

چێژیان دەبینی، خۆزگە پێش دەستپێکردنی شۆڕش من ئێرەم ئەدۆزیەوە، ڕەنگە ئیدی مەحاڵ بێت هەست کردن بەگوڵ و بوون بەباغەوانی گوڵ، مەلەک دەڵێت هاوڕێم ئەوانەی ئەویش کنێر و هەرزن و مایریکا و گوڵەمار و گوڵە خەزێم و گوڵە سورە و گوشن و دونیایەک گوڵ و گیا و ڕوەکی تر کە ژمارەیان لەبن نایە لێرە هەن، دواتر حەسەنی ئایشێ بانگهێشت دەکات بۆماڵی درەختە هەمە جۆرەکان و لەپەنای درەختێکی قەزوان پاڵ دەدەنەوە و مەلەک دەڵێت هاوڕێ من بوومەتە کوڕی ئەم بەهەشتە، ئەمە ئەو بەهەشتەیە کە هەمووان سەرزەنیشتی ئادەم و حەوا دەکەن و دەڵێن ئەگەر ئەوان لەسێوی حەرامیان نەخواردایە ئێستا هەمووسان لێی دەبووین، دەی هاوڕێ خۆ ئەمە بەهەشتە، ئەوە گوڵ و گیا و ڕووەک و میوە و تەنانەت هەنگوین بەشی سەدان ساڵ لێرە هەیە هەزاران هێلانەی هەنگ لەم شوێنەدا هەیە کە هیچ کات هەنگوینی ئێرە کۆتایی نایە دەی خۆ ئەوەش جۆگەلەی هەنگوین، دەی دەتوانین جۆگەلەی شیریش لە گوانی بزنە کێویەکان دروست بکەین، دەکرێت لەو بەرسیلەی ترێ و مێوانە جۆگەلەی شەراب دروست کەین هاوڕێ دەکرێت ئێرە بکەینە بەهەشتێک بەڵام ئێوە لەخۆتان پرسی بۆ نەهاتن، خۆ دەکرا پڕیشی بکەین لە حۆریەکانی سەر زەمین، بەڵام کورسی دەسەڵاتی لێ نەبوو، ئەها هاوڕێ تەماشای ئەو دارستانە بکە، ئەوە هەنار، بەیبون، ئەرزی لبنانی، شاتوو، بیرگاموت، هەنجیر، پاپایا، شاژاڵە، بیتێل، شۆڕەبی، کیبراشۆ، بۆ نەهاتن بەهەشتێک دروست بکەین بۆ نەهاتن تا فێری یاساکانی گوڵ بین ، ئەها هاوڕێ تەماشاکە ئەو

دارانەی ئەو بەری جۆگاکەش ئەوانەی کە شێرەکە بەناویدا دەڕوات داری گوێژ و قۆخ و کاتالیا و فندق و ئەڤۆکادۆ و چەقالە و سورەچنار و توو و قەیسی و لیمۆ و زەیتوون و دارچینی و سێو، ئەوانەی قەراخ ئاوەکەش داری گوێز و چالمۆگرا و دارەنان و سندی و هەنجیری و سۆربەس و قەنەقینە و کاکی و گێلاسە هەموو ئەم دەوەن و درەختانە لێرە هەیە و زۆربەیان بەردارن و بەرهەمەکەیان بۆ خواردن دەست دەدات، هاوڕێ ئەمەیە بەهەشت نەک شارە نەفرەت لێکراوەکان، کە مرۆڤ تیایاندا تەنگە نەفەس دەبێت.

ئەوان هەڵدەسن و بەڕێدەکەون و مەلەکیان بە پەنجەی ئیشارەتی دەکرد و دەیگوت حەسەن تەماشای ئەو چۆلەکەیەکە، تەماشاکە چەند پڕە لە عیشقی ژیان و چەندە ژیانی پێویستە، تەماشای ماڵی ئەو کەروێشکە بکە چەندە پڕە لە خۆشەویستی، تەماشای هەوڵ و تێکۆشانی ئەو مێرولەیە بکە، تەماشاکە لە پادشایەکی بەد مەست زیاتر تێدەکۆشێت، تەماشایکە چەندین کاتژمێر قورساییەک کە هەشت جار لە قورسایی خۆی زیاتر بەسەر پوشێکدا بە ناو دەریادا دەبات تا دەگاتەوە بە هێلانەکەی خۆی، حەسەنی ئایشێ تەماشای ناسکی و میهرەبانی ئەوو پەپولەیەکە، تەماشاکە تەنها شیلەی لێوی گوڵەکان دەمژێت و بێ زیان دێت و دەچێت، ئەو شەوە حەسەن لە کۆڵێتەکەی مەلەکیان بە ئەستەم توانی بنوێت، دەیگوت دەنگی ئەو چۆلەکە و بولبول و بۆقانە هەراسانم دەکەن، دەیگوت ئێرە بۆنێکی سەیری هەیە ئازاری هەستەکانم دەدەن، مەلەکیان تەماشای ئاسمانی دەکرد و دەیگوت حەسەن ئەی هەست بەم ئاسمانە قەشەنگە ناکەی ؟ پڕشنگی ئەو

ئەستێرانە نابینی ؟ هەست بە خەرمانەی ئەو مانگە ناکەی ؟ حەسەن بەنیشانەی نەخێر سەری دەجوڵاند، مەلەکیان بە نائومێدیەوە دەیگوت حەسەن ئەم شەماڵ و بەرامەی ئێرە هیچ هەستێکت ناداتێ، حەسەن هیچ وەڵامێکی نەدایەوە

مەلەکیان دەیزانی کە حەسەن لە ژێر تاریکیدا بەنهێنی دەگری، تێدەگەیشت کە هەموو دیمەنەکان دەبینێ و گوێی لەگشت ئاوازەکان دەبێت بەڵام هەستی پێناکات، وەک ئەو مرۆڤانەی کە هەستی چێژ وەرگرتن لەدەست دەدەن و هەست بە للەزەتەکان ناکەن، هەستی دەکرد کە حەسەن نامۆیە بەباغ و ناتوانێ جوانیەکانی سروشت وەک خۆی وەرگرێت ، دەیزانی کە حەسەن پڕە لە دیمەنی جەنگ و خوێنی مەخلوقات و دوکەڵ و بۆنی باروت و سەدای بۆمبارانی جەنگەکان.

یەکەمین بەیانی کە حەسەن لە کوخەکەی مەلەکیان خەبەری بوویەوە، مەلەکیان دەمێک بوو خەبەری ببویەوە و هەندێ هەنجیری کێوی بۆ حەسەن هێنابوو، دوای ئەوەی کە لەکانیلەکەی تەنیشت کوخەکە دەم و چاوی شت و هەندێ هەنجیری وەک قاوەتی خوارد، مەلەکیان لێی پرسی و گوتی حەسەنی ئایشێ هەستی ئەم بەیانیەت چۆنە ئایا ئەم بەیانیەت لە گەڵ بەیانی یەکانی ناو کۆشکەکەی شارت چ جیاوازیەکیان هەیە، حەسەنی ئایشێ بەخەم ساردیەوە گوتی ئەم بەیانیە کەمێ ساردە، ئەم شەماڵە ئازارم دەدات.

ناسر مەلەکیان ئەو بەیانیە پەلەی بوو تا گرنگترین بەشی دارستانەکە بە حەسەنی ئایشێ نیشان بدات بەشی (دیموکراسیەتی جەنگەڵ ) مەلەکیان خۆی ئەم ناوەی لەم

بەشە نابوو، گەرچی مەلەکیان پێکەنینی بە دیموکراسی و ئـازادی و یەکسانی دەهـات بـەڵام بـڕوای تـەواوی بەو دیـمـوکـراسـیـەی ئـەوێ هـەبـوو، هەمیشە لـەبـەرخـۆیـەوە دەیگوت دیموکراسی تەنها ئەمەیە، ژیان لەیەک بازنەدا بەبێ ئەوەی هیچ ڕۆحلەبەرێک ئازاری ڕۆحلەبەرێکی دی بدات، کە حەسەنی ئایشێ گەیشتە ناوچەی دیموکراسیەتی جەنگەڵ حەپەسا، لەترس و حەژمەتا نەیدەزانی چی بکات، ئەو ناوچەیەی دارستانەکە پڕپڕ بوو لەگشت گیانلەبەران، هەر لەمێرولەیەکەوە هەتا شێر وپڵنگی لێ بوو، حەسەن بەسەرسامیەوە لەدیمەنەکانی دەڕوانی و دەیبینی کە چۆن چۆلەکەیەک بەسەر دەستیەوە دان دەخـوات و هەڵۆیەک بەشانیەوە دەنیشێتەوە و پەڕەسێلکەیەک خۆی بەسنگیا دەخشێنێ و شێرێک بەزوبان دەیلێسایەوە و مارێک خۆی لە قاچەکانی دەئاڵاند،

حەسەن بـڕوای بەچاوی خۆی نەدەکرد، کاتێک ئەو هەموو گیاندار و حەیوانات و دڕندە و باڵدار و ڕۆحلەبەرە ئـاویـەی دەبینی، کەمەلەک یـەک یـەک شتەکانی نیشان دەدا و هەوڵی دەدا باسی ڕەفتاریشیان بکات، دەیگوت حەسەن ئێرە نیشتیمانێکە پڕاو پڕ لەدیموکراسی و مافی هەموو ڕۆحلەبەرێک پارێزراوە و لێرە کەس زیان بەکەس ناگەیەنێت، بـەڵام حەسـەن هەستی دەکـرد لە خەونێکی سەیردا دەژی، هەستی دەکرد ئەوو هەموو دڕندە و نێچیرانە خەیاڵی سەری مەلەکیانە و لە حەقیقەتدا بونی نیە، ئەو دەیبینی پڵنگێک لەگەڵ کارمامزێک یاری دەکات و چەقەڵێک لەتەنیشت کۆترەکاندا گیا دەخوات و کەروێشکێک خۆی دەدات بەسەر گورگێکی بێباکدا، حەسەن کە ئەم دیمەنانەی

بینی لەترسدا خەریک بوو بەبەرزترین درەختدا هەڵزنێ، مەلەکیان نەیهێشت گوتی برام ئێرە ناوچەی دیمکراسی جەنگەڵە، هیچ ڕۆحلەبەرێک ئازاری ڕۆحلەبەرێکی دیکە نادات، دەزانی ئەمە واتە چی کە هیچ ڕۆحلەبەرێک لێت نەترسێت، ئەمە واتە ئەوەی کە تۆ مرۆڤێکی ئارامی، واتە مەترسی لە چاوتا بەدی ناکرێت و بۆنی باروتت لێنایەت، واتە پڕی لە عیشقی ژیان، تەماشاکە هیچ باڵندەیەک لێمان ناترسێت، ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە ئێمە ترسناک نین، مەترسە حەسەن تەنها هێندە بەسە کەچاو لە قوڵایی چاوی دڕندەکان نەبڕیت، چون دڕندەکان چاوی مرۆڤەکان دەخوێننەوە و لە چاومانەوە هەست بە نهێنی یەکانی دڵمان دەکەن، لەبیرت نەچێت لەبەرامبەر دڕندەکان پڕبە لە نیاز پاکی و بەچاوی خۆشەویستی یەوە لێیان بڕوانە.

مەلەکیان پاڵی دابوو بە دارگوێزێکەوە و دەیگوت حەسەنی ئایشێ ئەم هەموو دیمەنە بە خۆشەویستی دروست بووە، عیشق هەمووشتێ دەکات بە حەقیقەت، ئەمانەی تۆ دەیبینی بە دەستی عیشق دروست بووە، حەسەنی ئایشێ کەمرۆڤ خۆی داماڵی لە ڕق، کە خۆت ڕوت کردەوە لە ناشیرینی و بەرگی هەمووشەڕەکانت فڕێدا و پۆستاڵە ڕەشەکەت هەڵدایە خەرەندێکەوە و خۆت دەرباز کرد لە ئەهریمەنە نوستووەکەی دەرونت، ئیدی پڕ دەبی لە ژیان و عیشق بۆ ژیان، تەماشاکە حەسەن کەتۆ پڕبیت لە خۆشاوی خۆشەویستی ئیدی هەموو شتێکت خۆش دەوێت، ئیدی هەموو ڕۆحلەبەرەکان تۆیان خۆش دەوێت، ئاخر ئەوان لەشکۆفەی نیگاکانتا هەست بە مەحەبەت دەکەن و دەزانن تۆ پیاوێکی خۆتت داوەتە دەست تەریقەتی عیشق، وەک

ئەو تازە لاوەی کە لە عیشقی کیژۆڵەیەکەوە هەموو دونیای خۆش دەوێت و هەموو گیانی پێدەکەنێت و لە چاوەڕوانی ژوانی ئەویندارەکەیدا باخەوانی باخچەکەشی لێدەبێتە یار، حەسەن ئەم خۆشەویستی یەی نێوان من و ئاژەڵەکان هێندە ئاسان نەبوو کەتۆ دەیبینی، ئەمە زەمەنێکی زۆری برد، تەنانەت هەندێ جار نزیکی مەرگ دەبوومەوە، زۆری برد تا لەگەڵ دڕندەکان لەقوڵایی چاوی یەکدی گەیشتین.

پاش کەمێک ڕاوەستان و تەماشاکردنی هەندێک لە دڕندەکان دەیگوت تۆ دەزانی یەکەمین دیمەنی ئەم گەمەیە لە سەرەتای ڕۆژەکانمدا ڕویدا کە گەیشتمە ئێرە و دوو مانگ دەبوو لەم دارستانە نیشتەجێ ببووم، بەیانی یەک بەچکە پڵنگێکم بینی کە لە دایکی وون ببوو، لێی نزیک ببومەوە و ڕامم کرد و کەمێ شیری بزنە کێویەکانم پێدا و هەندێ یاریم لەگەڵی کردلە ناکاو دایکەکەی لەدوورەوە پەیدابوو من نەمدەزانی چی بکەم نەمدەزانی ئەو بەچکەیە چێ لێبکەم دایکەکە بەخێراییەکی زۆر هێرشی دەهێنا، هیچم بۆ نەکرا تەنها هەر بەو جۆرەی کە یاریم لەگەڵ بەچکەکەی دەکرد بەردەوام بووم لە یاری کردن و سەریم دەخوراند و تەپاو تلم پێدەکرد و بەچکەکەش بەزوبان دەیلێسامەوە، دایکەکەی بەخێرای هێرشی هێنا تا گەیشتە ئاستی من، لەوێدا من خۆمم بۆ مەرگ ئامادە کردبوو کەچی ئەو پڵنگە لە جێگای خۆی ووشک وەستاو لەدیمەنەکەی دەڕوانی و تەماشای بەچکەکەی دەکرد کە لەو پەڕی ئارامیدا یاری دەکرد، تەماشای قوڵایی چاوی پڵنگەکەم کرد، هێدی هێدی توڕەییەکەی دەڕەویـەوە تا بەچکەکەی هەستی پێکرد و بەخێرای خۆی هەڵدایە ئامێزی، بەوێنەی دایک و ساوا

باوەشیان بەیەکدا کرد، پەیوەندی من و دڕندەکان لەوێوە دەستی پێکرد، ئیدی سەدان دیمەنی کەی لەوو شێوەیە دوبارە بوویەوە و لەگەڵ دڕەندەکان بوومە دۆست، ئیدی بوومە هاوڕێی گشت بەچکەی دڕندەکان، ئیدی ئەو بەچکانە بە پاکژی خۆیانەوە دەهاتن یاریان لەگەڵ دەکردم و گەورەکانیش لەدوورەوە لە قوڵایی چاوم ڕادەمان، هێدی هێدی هەموو شتێ ئاسایی بوویەوە، تەماشاکە حەسەن ئێرە سروشتە خاڵی یە لە ناشرینی و بارگاوی نەکراوە بە سیاسەت، تۆ دەزانی سیاسەت چەندە ئاوێنەکانی ژیان تەڵخ دەکات و جوانی یەکان دەشێوێنێ، لەبیرتە حەسەن لە شاخ ئێمە شەوانە چۆن دەخەوتین لەبیرتە شەوی وا هەبوو دەجار جێگای نوستنەکەمان دەگواستەوە هەنوس نەماندەوێرا بنووین لەتاو هاوڕێکانی خۆمان دەترساین، کەسێک پەیوەندی بە ڕژێمەوە هەبێت و لە خەودا جەللادەکان خەڵتانی خوێنمان کەن، لەبیرتە دەیان جار لەنیوەی شەودا دوژمنیان هێنایە سەرمان و ئێمە ڕزگارمان بوو، لەبیرتە ئەوە سیاسەت بوو نەیدەهێشت ئێمە لە تەنیشت هاوڕێکانماندا بنوین، بەڵام ئێرە کە خاڵی یە لەسیاسەت بەخۆشەویستی یەوە لەناو ئەم هەموو دڕندەیەدا دەنووم هەست بەترسیش ناکەم.

حەسەنی ئایشێ حەپەسابوو، ئەوە یەکەمین جاری بوو بەوو شێوەیە سەرسام ببێت، ئەوو لە شاخ و سەردەمی پێشمەرگایەتی هێندە دیمەنی مەرگاوی بینی بوو، هێندە بەسەر دەست و قاچی پەڕیوودا کەوتبوو، هێندە سەری بڕاوی بینی بوو هیچ دیمەنێ سەرسامیان نەدەکرد، بەڵام ئەم دیمەنە جیاواز بوو، پێشتر لە هیچ جێگایەک دیمەنی

ئاوەهای نەبینی بوو، دەیگوت مەلەکیانی گوڵ ئەمە جێگای بڕوا نی یە، خەریکە گومان لەچاوی خۆم دەکەم، دەشێ ئێرە سەرزەمینێکی خەیاڵی بێت،ڕەنگە ئێمە لەخەیاڵی خۆماندا لێرە بین، دەشێ دەیان ساڵە تۆ ئێرەت بەخەیاڵ بۆ خۆت دروست کردبێت دەشێ سیحر لە ڕۆحم بکەی، ئاخر ئەم دیمەنانە لە هەقیقەتدا جێگایان نابێتەوە، مەلەکیان دەستی دەخستە سەرشانی و دەیگوت حەسەن وەرە دەستیان لێدە، مەلەکیان خۆی لە شێرێک نزیک دەبوویەوە و دەستی دەکردە ملی و دەستی حەسەنی ڕادەکێشا و دەیخستە سەر پشتی شێرەکەوە و دەیگوت حەسەن هەستی پێبکە دەکرێت ئەمە خەیاڵ بێت، دەست بخەرە بەر لوتی بزانە چۆن هەناسە دەدات، دەستت بێنە بۆ سنگی بزانە دڵی چۆن لێدەدات، شێرەکە وەک پادشایەک وەستابوو بێباکانە کلکی لە مەلەکیان دەسوو، مەلەکیان لەولای شێرەکەوە بەچکە پڵنگێکی دەهێناو دەیکرد بە باوەشی حەسەنەوە، بەچکەپڵنگەکە دەم و چاوی حەسەنی دەلێسایەوە، حەسەن بەچکە پڵنگەکەی دادەنا و بەسەرسامیەوە دەیگوت مەلەکیانی گوڵ ئەی ئەم گورگ و شێر و پڵنگانە چۆن ئازاری ئەم کەروێشک و ئاسک و بزنانە نادەن، چۆن ئەوو چەقەڵە ئەوو کەروێشکە ناخوات، چۆن ئەم دڕندانە گیاندارە بچوکەکان ناخۆن.

مەلەکیان زەردەخەنەیەکی بەڕوی حەسەندا دەکرد و دەستی لەملی گورگەکە بەردەدا و دەیگوت حەسەن زۆربەی ئەم ڕۆحلەبەرانەی ئێرە بەساوایی یاریم لەگەڵ کردوون، بەرلەوەی فام بکەنەوە، بەرلەوەی دڕندەیی خۆیان بناسن، بەچکەی گیاندارە بێدەسەڵاتەکان و بەچکەی

دڕندەکانم لەیەک نزیک دەکردەوە، ڕۆژانە پێکەوە یاریم لەگەڵ دەکردن و هۆگری یەکم دەکردن، هەستی نامۆیم تیا دەکوشتن، نەمدەهێشت دڕندەییان بیرکەوێتەوە، هێدی هێدی پێکەوە دەژیان و پێکەوە گەورە دەبوون، حەسەنی ئایشێ ئێرە شارەکەی تۆ نی یە، ئێرە سروشتە بەبێ هیچ دەستکاریەک، لێرە هەموو شتێ سروشتی یە ، لێرە گوڵ و شمشێر پێکەوە نابینی، هیچ ڕۆحلەبەرێک نابینی دەستێکی و گوڵ و دەستەکەی تری شمشێری گرتبێت، لێرە ئەوانەی پێکەوە دەژین و پێکەوە گەورە دەبن، ئەوانەی لە ئاوی یەک کانیلە دەخۆنەوە و بەسەر زەمینی یەک مەملەکەتەوە دەژین، بۆ ئەبەد دەبنە دۆست، ئەم سەرزەمینە تەواو پێچەوانەی سەرزەمینی سیاسەتە، لەسیاسەتدا هیچ دۆستایەتیەک متمانەی پێناکرێت و هیچ دوژمنایەتی یەک ئەبەدی نیە، لەسیاسەتد چەمکەکان ئاوەژوون بەدرۆ دەگوترێت تەکنیک، بەفێڵ و فریوودان دەگوترێت زوبانی دیبلۆماسیەت، بەپلان گێڕی دەگوترێت پلان دانان، تۆ تەماشاکە حەسەن لەسیاسەتدا مەدالیای قارەمانیەتی دەکرێت بەیەخەی جەللادەکانەوە، ئەوانەی کەزۆرترین پیاویان کوشتووە، ئەوانەی کە نەڕۆحی خۆیان دەناسن و نەڕۆحی دووژمن، ئەوانەی هەزاران میل دوورن لە هەستی مرۆڤ دۆستی یەوە، تەماشاکە سیاسەت پڕە لە زوڵمەت و تاریکی ناهێڵێ ئێمە حەقیقەتی ببینین، تەماشاکە ئەوەی لە سیاسەت دەگلێت هەمیشە بەدرۆوە دەگری و بەناچاری پێدەکەنێت، لەوێدا کە لەدڵەوە پێکەنینی بەدیمەنەکە دێت واپێویست دەکات بگری، لەو وێنەیەشدا کە قوڵپی گریان گەیشتۆتە گەروی

دەبێت بەدەم پرسیاری ڕۆژنامەنوسەکەوە پێبکەنێت، لەو دیدارەدا کە دەمی پڕە لەجوێن بۆ بەرامبەرەکەی دەبێت ماچی بکات، بەڵام حەسەنی ئایشێ لێرە هیچ ڕۆحلەبەرێک مەحکومی ڕق نی یە، هەنوس ئێرە بۆنی بەهەشتی لێدێت، هەنوس دەڵێی ئەوو ڕۆژەیە کە حیکایەتەکەی حەوا و ئادەمی تیا ڕویدا و ئادەم و حەوا بوونە باغەوانی گوڵەکان، دەزانی حەسەن لێرە تێگەیشتم کە ئادەم و حەوا بەپیری ببونە باغەوان ئەگینا هەرگیز دەستیان بۆ حەرام نەدەبرد، بەڵام ئەو پرسیارە دەمکوژێت نازانم ئەوان منداڵیان لەکوێ بەسەربرد بوو، لەکوێ یاسای حەرام خۆری فێر ببوون.

ئەوان هەر بەنا و دڕندە و ڕۆحلەبەرە کێویەکاندا هەنگاویان دەنا و حەسەن سەرسامانە دەیڕوانی و مەلەکیان بەردەوام بوو لەسەر قسەکردن، دەیگوت کە من گەیشتمە سەرەتای کوچەکانی خۆشەویستی، کە گەیشتمە یەقینی عیشق ئەم هەموو دڕندەیە خۆشیان وویستم، گەر مرۆڤ بەعیشقەوە بژی دەبێتە دۆستی دونیا، بەڵام کە پڕ بووی لە ڕق دەبیتە دوژمنی ڕۆحی خۆیشت، دەبیتە بکوژی جوانی یەکانی ڕۆحی خۆت، من کە خۆم بۆ عیشق یەکلایی کردەوە ئیدی هیچ شتێ مەحاڵ نەبوو، تەماشاکە حەسەن بەچاوی خۆت بیبینە کە مرۆڤ فێری خۆشەویستی بوو دەتوانێ دڕندەش فێری خۆشەویستی بکات و لەگەڵ زەبەلاح ترین دڕندە بژی، دەشێ ئەم ئاژەڵانە لە ئەزەلەوە دڕندە نەبن، دەشێ وەک کۆتر کەروێشک، بزن ماڵی بن، بەڵام ئەوە ئێمە بین ئەوانمان یاخی کردبێت و نەمانتوانی بێت مامەڵەیەکی

دروست بکەین، حەسەن ئاژەڵەکانیش هەستیان هەیە بەچاو دیمەنەکان دەبینن، هەست بە عیشق و ڕق دەکەن، تەماشاکە هەرگیز پشیلەیەکت دیوە دەم  بۆ گۆشتی سەر ئاگرەکە بەرێت، سەگێکت دیوە بەڕوی منالی ماڵەکەیدا هەڵوەڕێت، شێرێکت دیوە لە خەودا مرۆڤێک بخوات، دەشێ ئێمە هۆکاری دڕندەیی ئەوان بین.

حەسەنی برام تەماشاکە لە نیشتمانەکەی مندا چەندە ئارامی سەروەرە، تەماشاکە لێرە هیچ پرسگەیەک دانەنراوە و  شار بە پۆلیس نەتەنراوە و بۆ دروست کردنی ئارامی پێویستمان بەچەک نی یە. تەماشاکە لەوەتی لێرەم سەرێکی بڕاوم نەبینی وە، جۆگەلەی خوێن بە ژێر پێمدا گوزەری نەکردووە، بەڵام  لە نیشتمانەکەی تۆدا هەموو ئەوانەی لەکۆڵانێکدا پێکەوە گەورە بوون دەستیان دەچێتە خوێنی یەکدی، ئەوانەی لە سەر یەک کورسی لەقوتابخانەدا خوێندویانە تفەنگ ڕودەکەنە یەکدی، ئەوانەی لەشارێکدا پێکەوە ژیاون موحتاجی مەرگی یەکدین، تەماشاکە لە شارەکەی تۆدا لەسەر هیچ  برا براکەی خۆی  دەکوژێت، ژن پیاوەکەی خۆی دەکوژێت، پیاو جگەرگۆشەکەی خۆی دەکوژێت، لەسەر شتی هیچ لەسەر ئەوشتانەی کە ناکرێت هەر گفتوگۆشیان لەسەر بکەین، تەماشاکە لە نیشتمانەکەی تۆدا پیاو دەکوژرێت لەبەر ئەوەی کە جیاواز بیر دەکاتەوە، دەکوژرێت چونکە وەک ئەم ناژی و وەک ئەم بیر ناکاتەوە، لای ئێوە پیاو دەکوژرێت لەبەر ئەوەی خودایەکی خۆش دەوێت و بکوژ خوداکەی ئەم ناناسێت، لە نیشتیمانەکەی تۆدا پیاو لە مەیخانە بە مەستی دەکوژرێت چونکە جوێنی بە فەرماندەکەی ئەو داوە، لەمزگەوت دەکوژرێت چونکە

وەک ئەم نوێژی نەخوێندووە، ئەو تەماشای خوشکی ئەمی کردووە دەکوژرێت، ئەم لە خوشکی ئەوو جیابۆتەوە دەکوژرێت، ئەوان لە بەر ئەوەی بەئەمان دەڵێن نەخێر دەکوژرێن و تەرمەکانیان دەشێوێنرێت، ئەمان کە باسی عیشقیان کردووە و عیشق لە کوچەکەی ئەواندا حەرامە لە شەوێکی مانگە شەودا بەبەرچاوی خوداوە دەکوژرێن، دەزانی جەباری خامە چی لێ بەسەر هات، دەزانی تەنها لە سەر ئەوەی کە بیروڕای جیاوازی هەبوو، لەسەر ئەوەی کە دەیویست ئەویش کۆمەڵێک پیاوی هەبێت و بە جیا خەبات بکات چی بەسەر هێنراو دواجار بە چی دەردێک چوو.

حەسەنی ئایشێ ڕۆح لەشارە نەگریسەکەی تۆدا چەندە بێ بەهایە و مرۆڤ لەسەر شتی چەندە بێ بەها دەکوژرێت، بەڵام لە نیشتمانەکەی مندا دەیان ساڵە نەمبینی وە ئازاری ڕۆحلەبەرێک بدرێت، دەشێ هەستی دوژمنکارانەی مرۆڤ لە نامۆبونەوە سەرچاوەی گرتبێ، نامۆی بەرامبەر ڕۆحلەبەرەکان، بەرامبەر ئەوانەی کە دەمانەوێت بیانکوژین، نامۆی بەو مانایەی کەناتوانین ڕۆحیان بناسین ونزیک نابینەوە لە ڕۆحیان، لەگەڵیان دانانیشین و ووشەیان لەگەڵ ناگۆڕینەوە و باسی ژیان ناکەین و نازانین چەندە ژیانی خۆش دەوێت بۆیە دەتوانین بیکوژین، گەر مرۆڤ بەرائەت لەچاوی بەرامبەردا ببینێ ناتوانێ بیکوژێت، دەشێ لەچاوی جەللادەکانیشدا مشتێ بەرائەت هەبێت.

لەوێدا حەسەن بەشداری لەقسەکانی مەلەکیاندا دەکات و دەڵێ مەلەکیانی گوڵ تۆ ڕاست دەکەیت لەیادت ماوە لە ناوەڕاستی شۆڕشدا ڕاسپێردراین بۆ کوشتنی پیاوەکانی

ڕژێم، لەبیرت دێ دواین پیاومان دەست نەدەکەوت و نەماندەتوانی بە ئاسانی بیکوژین، هاوڕێی نزیکی شەماڵی فاتە جوجە بوو، بەهۆی شەماڵەوە هەفتەیەک لەماڵەکەیدا ماینەوە تا لە دەرفەتێکدا بیکوژین، ئەوە دواین هەلی ئێمە بوو بۆ کوشتنی دواین پیاوی ڕژێم کە لە شارەکەدا دیاریمان کردبوو، کەچی دواین جار نەمانتوانی بیکوژین، دەشێ تۆ ڕاست بیت، ئێمە هەفتەیەک لەماڵەکەیدا لەگەڵی ژیابووین تەماشای قوڵایی چاویمان کردبوو بەدەم منداڵەکانی یەوە پێکەنی بووین، چای دەستی ژنەکەیمان خواردبوویەوە و منداڵە ساواکەیمان لە ئامێز گرتبوو، دەشێ لەکۆتایدا مشتێ بەرائەتمان لەقوڵایی ڕۆحیدا بەرچاو کەوتبێ ، ئەو ڕۆحەی کەزەمەن و ڕۆژگار و ڕوداوەکان تەڵخی کردبوو. بۆیە نەکرا بیکوژین.

مەلەکیان :- حەسەنی دۆست دڕندەکانیش بەم شێوەیەی ئینسانەکان بیر دەکەنەوە، ئەوانەی پێکەوە دەژین و پێکەوە یاری دەکەن و پێکەوە گەورە دەبن ناتوانن ئازاری یەکدی بدەن.

ئەوان هەر دەڕۆشتن و مەلەکیان دەستی بۆ ئاژەڵەکان ڕادەکێشاو دەیگوت حەسەن تەماشای قوڵایی چاوی ئەوو بەچکە ئاسکە بکە بزانە چەندە تامەزرۆی ژیانە، دەنوکی ئەو حاجی لەق لەقە پڕە لەگۆرانی، ئەو زەڕافەیە ببینە چەندە سەربەزە، ئەها ئەو کۆترەکێویان چۆن ماچی دەنوکی یەکدی دەکەن، ئەو کوندەپەپووە لەوەتی ئێرەی دۆزیوەتەوە تەنها گیا دەخوات و دەستی لە ڕاوەمشک هەڵگرتووە، مەلەکیان و حەسەن مودەتێک بەڕێگادا دەڕۆشتن و بەبێدەنگی چێژیان لە تەماشاکردنی دیمەنەکان دەبینی و دەنگی شکانی چڵ

و پۆی دارەکان لەژێرپێیاندا ئاوازێکی غەمگینی دروست کردبوو، دەنگی فڕینی باڵندەکانی سەر ڕێگا بێدەنگی ئەوانی دەڕەواندەوە، مەلەکیان بەدرێژایی ڕێگاکان هەوڵی دەدا خۆی لەپێشێل کردنی گوڵەکان بپارێزێت، هەوڵی دەدا هیچ کوڵێک نەژاکێنێ و چڵی نەمامەکانی سەر تولەڕێگاکانیشی لادەدا تا لەبەرپێی حەسەندا نەشکێنەوە، ئەو ڕۆژەش تا حەسەنی ئایشێ هیلاک بوو مەلەکیان جوانیەکانی سروشتی نیشاندا، بەڵام حەسەن تا زیاتر هەنگاوی دەنا زیاتر سەرسامی بەسیمایەوە دیار بوو، زیاتر دەحەپەسا، نەیدەتوانی بڕوا بەو دیمەنانە بهێنێ  ئەو شەوەش حەسەن زۆر هیلاک بوو لە کوخەکەدا لە ئەوپەڕی ماندوێتیدا  پاڵ کەوتبوو تەماشای ئاسمانی دەکرد و دوای بێدەنگی یەکی ترسناکی نێوانیان حەسەن دەیگوت مەلەکیان تێناگەم ئەم تاریکستانەی ئاسمان چی یە، دەترسم لێرە مانگ هەڵنەیەت و شەوانەی دارستان زوڵمەت دایپۆشێ، دەشێ دارستان بەشێ لەتاریکی گەردوون لە خۆیدا بشارێتەوە، مەلەکیان بەغەمگینی یەکی قوڵەوە کە نۆتەی دەنگی لەدەنگی پیاوێکی دەکرد کەبە هەستی باوکانەوە ئامۆژگاری کوڕەکەی بکات دەیگوت مەلەکیان تاریکی ئێرە ئەو تاریکی یە ڕەشەی شار نیە کەلەژێریدا گشت جەللاد و مرۆڤ کوژەکان خۆیان حەشار داوە، ئەمە تاریکیەکە پڕە لە ڕوناکی، لەناویدا هیچ ناشیرینی یەک ناگوزەرێ، دەشێ ئەوەی لە ڕوناکیدا نابینرێت لەتاریکیدا هەستی پێبکەین، ڕوناکی زۆرجار کوێرمان دەکات بەجۆرێک کەهەست بەتاریکاییەکان نەکەین، تۆدەزانی ( لە تاریکترین تاریکی یەوە شەبەنگی دوور ترین ئەستێرە دەبینین کەچی کاتێ لەتیشکی خۆر دەڕوانین خەریکە چاوەکانمان کوێر دەبێت

) خەریکە ڕوناکی ناهێڵێ شتێکی کە ببینین، بەڵام لەودیوو هەموو ئەمانەوە تاریکی و ڕوناکی پەیوەندیان بەچاوی خۆمانەوە هەیە، لە ڕۆحی خۆماندان، گەر ڕۆحت تاریک بوو چاوەکانت پڕدەبێ لەتاریکی و گشت دیمەنەکانت لێدەبێت بە زوڵمەت، بەڵام ( گەر نوور لە ناو ڕۆحتا داگیرسابوو ئیدی تاریکی پڕدەکەی لە ڕوناکی ڕۆحی خۆت ) دەشێ ئەم تاریکی یەی کە ئێستا دەیبنی پەیوەندی بە تاریک بینینی ڕۆحی خۆتەوە هەبێت، مەلەکیان کە هەستی دەکرد حەسەن دیسانەوە دەگری دەوەستێ بەڵکو شتێ بڵێ، حەسەن وەک منداڵێکی زوڵم لێکراو بەدەم هەنیسکی گریانەوە دەیگوت مەلەک ئێمە تاریکیمان بۆ ناو ڕۆحمان دروست کرد و خۆمان بووینە پارچەیەک لە تاریکی، دەیان ساڵ لەژێر ڕەشماڵی تاریکیدا ژیاین، تۆ دەزانی کۆڵەپشتەکانمان پڕبوو لەچی، تۆدەزانی ئێمە دەیان ساڵ ڕوناکیمان لەبیری خۆمان دەبردەوە، وەک شەمشەمە کوێرە تەنها لە شەودا دەمانتوانی دەرکەوین، گشت ڕێگاکانمان لە تاریکیدا دەبڕی و بەتاریکی بەناو گشت باخەکاندا هەنگاومان دەنا و لەتاریکیدا هێرشمان دەبردەسەر دوژمن، لەتاریکیدا کۆدەبووینەوە و لەتاریکیدا دەپەڕینەوە بۆ سنوور، ڕۆژگارێک لەژێر تاریکیدا ژیاین تاریکیەکی پڕ لە زوڵمەت تەنانەت لەو شەوانەدا دەبوو دەرکەوین کە ئەستێرەیەکیش بەدەرەوە نیە، مەلەکیانی گووڵ تۆ بیری خۆتی بخەرەوە بزانە لەبیرتە کۆڵەپشتەکانمان چی تیابوو، لەبیرتە زۆربەمان لەگەڵ مشێ نانە ڕەق یەک کاسێتی ڕۆستەم و زۆراب و کتێبێکی ژیان نامەی گیڤارامان پێبوو، لەبیرتە شەوانە بەکۆمەڵ بەدیار کاسێتی ڕۆستەم زۆرابەوە دادەنیشتین فزولیمان بەقارەمانێتی زۆراب

دەبرد، هێندە گوێمان لەو حیکایەتانە ڕاگرتبوو خەریک بوو لە پێستی خۆمان دەردەهاتین، دەشێ لە بیرت بێت دوای هەموو شەڕەکان مەلا کارزان بەسەرهاتەکانی گیڤارای بۆ دەخوێندینەوە و ئێمەش هێندە بەقوڵی بەناو حیکایەتەکاندا ڕۆچووبووین دەمانویست هەریەکەمان ببینە گیڤارایەک بۆ جەنگ و کوشتن، ئاخ مەلەکیان تۆ ڕاست دەکەی شۆڕش ئێمەی لە ژیان دوورخستەوە، لەبیرتە لەکۆبوونەوە گشتی یەکاندا فەرماندە ووتەکانی ناپلیۆنی دەخوێندەوە و ئێمەش لە چیاکان لەسەر قەدی دارەکان لە سەر ڕووی بەردەکان ئەوو ووتانەمان دەنوسیەوە، لەبیرتە تەنها سێ کەسمان کتێبی سەرکەوتن و شکستەکانی هیتلەرمان پێ بوو کە هەزاران دەست نوسمان لێ نوسیەوە و دابەشمان کرد بەسەر پێشمەرگەکاندا، دەزانی مەلەکیانی گوڵ ئەوە چی دەگەیەنێ ئەوە یانی ئێمە بەبێ ئاگاهی یەوە هەستی داگیرکاری دونیامان دەخستە سەری لاوەکانەوە، فێرمان دەکردن کە هیتلەر لەچیدا هەڵەی کردووە و بۆ نەیتوانی دونیا داگیر بکات.

حەسەن هەر بەدەم فرمێسکەوە دەڵێ من هەموو دیمەنەکانم لەیادە و وادەزانم دوێنێ بووە، لەیادمە چۆن دوای جەنگەکان بەردەبووینە دڵی ئەو بەردانەو هەر گیانلەبەرێکمان بەرچاوو دەکەوت دەمانکوشت و دەمانخوارد، لەیادمە چەندە بە عیشقەوە دەچووینە سەنگەرەکانی مەرگەوە و چەندە بە گۆرانیەوە هێرشمان دەبردە سەر بارەگاکانی دوژمن، لەیادمە پیاوە خۆفرۆشەکانمان چۆن دەکوشت، ئاغاکانی سەربەڕژێمان چۆن دەکوشت، لەیادمە سەید جەبارمان لە ئامێزی ژنەکەیدا

کوشت، لە یادمە چەند گوللەمان نا بە ناودەمی بەڕێوەبەری ئاوی شارەوە کە لایەنگرانی شۆڕشی تەسلیمی ڕژێم دەکرد و خۆیشی ببوو بە بەعسی، ئەوو ئێوارەیەشم لە یادە کەچووین سۆزانیەکانی شار بکوژین، ئەوو ئێوارەیە تاوەکو گەیشتینە ناوشار تۆ گومانت هەبوو کەبتوانی گوللە بەسەر سنگی کچانەوە بنێی، تەنانەت ووشەکانی ئەوو ئێوارەیەش لە سەرمدا دەزرنگێتەوە کە گوتت حەسەن شۆڕش چ کارێکی قێزەونی خستە ئەستۆمان، گومانم هەیە بتوانم ئەوە بکەم، لە ئەو پەڕی تورەیدا گوتت تەنانەت سەگەکانی ئاوایش شەرم دەکەن لە ڕوی ژندا هەڵوەڕن، شێرو پڵنگیش پەلاماری ژن نادەن.

ئەوەشم لەیادە کە لەگەڵ بینینی یەکەمین ژنە سۆزانی، سمایلی شێخ عزالدین فیکەیەکی درێژی کێشاو گوتی بە گۆڕی هەموو شەهیدان ئەوەی ئەم بڕیارەی دەرکردووە مرۆڤ نیە، چۆن دەکرێت ئەم مانگە بکوژین، خولەی حەمە بچکۆلیش گوتی دڵنیابن ئەوەی ئەم بڕیارەی داوە داخی ئەوە دەڕژێت کەخۆی دەستی بەم فریشتانە ناگات، تۆ تەماشای قوڵایی چاویت کرد و گوتت ئەفسوس چەندە پیاو لەپشت سۆزانی بونی ئەم ژنەوەن، ئەوو شەوەش کە ئامەی گوڵەمان بردە دەرەوەی شار بۆ کوشتن سمایلی شێخ عزالدین لێمان پاڕایەوە کە ئەوو دواین پیاوی باوەشی بێت، بەڵام عەزیزە فەنی گوتی بەداخەوەم کە شۆڕش، تۆ و هاوشێوەکانت نابینێ و ئێمە دەنێرێت لە شارەکاندا ژنی سۆزانی بکوژین، بەڕقەوە تەماشای سمایلی کرد و گوتی دەبوو شۆڕش لەبری ئەمە خۆی لە پیاوە سۆزانی یەکانی وەک تۆ پاک بکردایەتەوە، مەلەکیان تۆش گوتت

دەبێت ئەنجامی بدەین فەرمانی شۆڕشە بەڵام گەورەترین هەڵەیە ناکرێت هەموان فریشتە بین، تا ساتێ پێش مەرگیش ئامە نەیدەزانی کە بۆ کوشتنمان بردووە ئەو کاتەش کە گوللەمان پێوە نا تۆ بە نائومێدیەوە گوتت کەس تەماشای ناوچاوی نەکات.

لە دووەمین کاری ئەو شەوەماندا گوڵاڵەی فاتە بێکەسمان کوشت کە سمایلی شێخ عزالدین گوتی بەناموسم ئەم ژنانە باجی جوانی دەدەن، سروشت جوانی یەکی وەهای پێ بەخشون کە بۆتە بەڵا بەسەر ڕۆحیانەوە، گەر جوانی نەبێ بۆ دەگەنە ئەم چارەنوسە و بۆ دەبنە سۆزانی، لەیادمە کە تەقەمان لێکرد تۆ گوتت کەس گوللە بەسەریەوە نەنێت، تۆ لەبیرتە دوای کوشتنیشی هێندە جوان بوو بەجوتێ چاوی ڕەشی گەشەوە، دەتگوت یاقوتە لەبنی دەریادا، یەک سەرشان پرچی زەردی پێوە بوو دەتگوت پەلکەزێڕینەیە و لە ئاسۆی شارەوە شۆڕبۆتەوە، لەیادتە کە چووینە سەر تەرمەکەی بۆ ئەوەی دڵنیا ببین لە مردنی بینیمان خوێنی لاملی بەسەر گەندە موەکانیدا شۆڕ دەبوویەوە و بەنێوان مەمکەکانیدا ڕۆدەچوو، دەتگوت کانیە لەنێوان دوو گردۆڵکەدا، لەبیرتە سمایل گوتی بەشەرەفی دایک و خوشکم خودا دڵی نایە ئەم جەستەیە دارزێنێ.

مەلەکیان بەدەم تەماشاکردنی ئاسمانەوە بەهۆگریەوە گوێی لێگرتبوو، حەسەن بەردەوام بوو لە قسەکانی و دەیگوت هاوڕێم لەیادتە چۆن لە دێهاتەکاندا خۆشەویستیمان لە پێشمەرگەکان قەدەغە کردبوو، سزای هەموو ئەوو لاوانەمان دەدا کە دەبوون بەتیری عیشقەوە و دوای نیگای کیژە دێهاتیەکان دەکەوتن، ئێستا تێدەگەم ئەوەمان بۆچی

دەکرد، شۆڕش دەترسا کەلاوان فێری خۆش وویستن بن، دەترساین پێشمەرگەکان فێری خۆشەویستی ژیان ببن و لەقوڵایی عیشقی چاوی کیژێکەوە عیشقی ژیان بچێتە چاویانەوە و لە ڕەنگە ڕەنگاڵەیەکانی دونیای کیژێکەوە تەماشای دونیا بکەن، دەترساین لە دونیای عیشقەوە ژیانیان بیرکەوێتەوە و خەیاڵی پیاسەی ئێوارانی شەقامەکانی شار بکەوێتە سەریانەوە. شۆڕش دەترسا لاوان لە ئامێزی گەرمی کیژێکەوە ئامێز بۆ ژیان بکەنەوە.

مەلەکیان ئێمە لەشاخ لە دوژمن زیاتر لە عیشق دەترساین، لە دیکتاتۆر زیاتر لەعیشق یاخی دەبووین، ئەوەشم لەبیرە کە ڕێبەری سیاسی شۆڕش مەلا نەجم هەمیشە لە کۆبوونەوەکاندا دەیگوت ئەوە جوانترین سیفاتی پێشمەرگەکانە کە کچانی ئەم گوندانە بە خوشکی خۆیان دەزانن، دەیگوت خەڵکی ئەم مەملەکەتە لەهەمووشتێ زیاتر گرنگی بە ئەخلاق دەدەن، تۆ لە یەکێ لە کۆبوونەوەکاندا گوتت مەلانەجم من وای نابینم خۆش ویستن لادان بێت لە ئەخلاق، بێ ئەخلاقی کوشتنی مرۆڤە، خیانەتە، درۆکرنە، چاڵ هەڵکەندنە، بەڵام مەلا نەجم دەیزانی دەرەقەتی تۆ نایەت گوتی مەلەکیان دەزانم ئەخلاق تەنها ئەوەنی یە،

سیاسەتی حیزبمان ئەوەی دەوێت و حیزب دوژمنی زۆرە نابێ لەو بارەیەوە بچوکترین بیانوو بدەین بەدەست دوژمنەوە، تۆ لە کۆبونەوەیەکی سەرکردایەتیشدا بە فەرماندەت گوت کە قەدەغە کردنی عیشق گەورەترین نا عەدالەتیە، گوتت چۆن دەکرێت ئێمە هەرکاتێ بمانەوێت دەچینە دەرەوەی وولات و لە ئامێزی خانەوادەکانماندا پشوو دەدەین کە چی ڕێگای عیشق لەم لاوانە دەگرین و

نەهێڵین  لەم چیایەدا لەگەڵ کچانی ئێرە زەماوەند بکەن، گوتت فەرماندە دەترسم هێندە لاوان لە خۆش وویستن دوور خەینەوە دواجار خۆشەویستی شۆڕشیش لە بیر کەن، گوتت ئاخر کە مرۆڤ عیشق نەناسێ دەشێ لە هەمووشتێ یاخی ببێت، ئەو ڕۆژە لەڕوی فەرماندەیا گوتت دەکرێ لاوان فێری خۆشەویستی یەکی ئەفسانەیی بکەین، خۆشەویستی خاک و مەعشوق پێکەوە، گوتت دەکرێت لاوان لەبەر شەرەفی نیشتمان و دڵدارەکانیان پێشمەرگەبن، مەلەکیان ئێمە هەموومان وەستابووین دەمانزانی وەڵامی سەرۆک نەخێرە نەماندەوێرا ڕاستی ووشەکانت بسەلمێنین، نەدەکرا بەرپەرچی نەخێری فەرماندە بدەینەوە، تۆ دەتگوت فەرماندە گشت جوانیەکان لە عیشقدایە، گەر لاوان بەو هەمووکەف و کوڵی لاویەتیەوە نەتوانن عاشقی مێینەیەک بن، مێینەیەک بەم هەموو جوانی و ناسکیەوە، گەر نەتوانن دڵی کیژێک داگیر بکەن، نەتوانن سەرسام بن بەعیشقی کیژێک، چۆن دەتوانن عاشقی خاک ببن و  نیشتیمانیان خۆش بوویت، لاوێک عیشقی کیژێک نەناسێت نامۆ دەبێت بە عیشقی خاک.

کەچی فەرماندە لەوەڵامدا گوتی مەلەکیانی گوڵ ترسناکە جەنگاوەر فێری خۆشەویستی ببێت، ترسناکترین سات ئەو ساتەیە کە جەنگاوەر تیایدا بیر لە عیشق دەکاتەوە، ترسناکە جەنگاوەر لەبری ئەوەی فێری  کوشتن ببێت بیر لە خۆشەویستی بکاتەوە، چەندە ترسناکە جەنگاوەر فێری یاسای عیشق ببێت، عیشق مرۆڤ داگیر دەکات بەجۆرێ کە بیر لە هیچی دیکە نەکاتەوە، عاشق هەمیشە دوولەت دەبێت و لەتێکی دەبێتە موڵکی مەعشوق، فەرماندە گوتی

مەلەک خەریکە تۆش لە ڕاستیەکان هەڵدێی، حیکایەتی شێرەی عەولات لەبیرە، دەزانی ئەو پیاوە قارەمانە عیشق چی لێکرد هەفتەیەک لەدوای ئەوەی کە عاشق بوو دەست بەرداری شۆڕش بوو، وازی لە خەبات هێنا و چوو تا تەنها بۆ عیشق بژی، تۆ دەزانی دواین جار کە بینیم چی پێگوتم، بەڵێ شێرەی عەولا گوتی فەرماندە ئەوەی عیشق نەناسێت مرۆڤێکی خاڵیە، گوتی ئێستا بەم هەموو عیشقەی شلێرەوە ناتوانم لە شۆڕشدا بەردەوام بم ناتوانم بیر لە کوشتنی کەس بکەمەوە، من لێی پاڕامەوە گوتم شێرە شۆڕش ئێستا لە هەموو کاتێ زیاتر پێویستی بە تۆ هەیە، شێرە گوتی ئەوەی خۆشاوی عیشق بچێژێت چیدی بە کەڵکی شۆڕش نایەت.

مەلەکیانی گوڵ ئەو ڕۆژە فەرماندە لە ئەو پەڕی نائومێدیدا گوتی مەلەکیان چیدی ڕێگا نادەم بەهۆی واهیمەی عیشقەوە شۆڕش شێرێک لە دەست بدات، [ئەگەر هەموو پیاوەکانی شۆڕش سەرقاڵی عیشق بن ئەی پێم ناڵێی کێ هێرش بەرێتە سەر دوژمن و کێ دەیان ساڵ بە شاخەوە بمێنێتەوە، کێ پیاوە ناپاکەکانی ڕژێم بکوژێت، مرۆڤی عاشق خاوەنی خۆی نیە، شۆڕش پێویستی بەپیاوی ئازاد و سەربەخۆ و چاونەترسە، شۆڕش پیاوێکی دەوێت بیری لای هیچ نەبێت و لەمەرگ نەترسێت، پیاوێکی دەوێت کەهیچ مێینەیەک ئێواران چاوەڕێی گەڕانەوەی نەبێت، پیاوێک خاڵی خاڵی لە هەمووشتێ ، خاڵی لە عیشق، لە جوانی، لە ناسکی، لە هەست، شۆڕشەکان جەنگاوەرێکیان دەوێت کە بێجگە لە جەنگ بیر لە هیچی دیکە نەکاتەوە، جەنگاوەرێک دەبێتە قارەمان کە جگە لە جەنگ و دوژمن هیچی دیکە نەناسێت]

حەسەن هەناسەیەک هەڵدەکێشێت و تەماشایەکی ئاسمان دەکات و دەڵێ مەلەکیانی گوڵ ئەوەشم لە یادە کە تۆ لەوێدا ئیدی گوێت لە ووشەکانی فەرماندە نەگرت و کۆبونەوەکەت بەجێ هێشت، لەوێدا مەلەکیان فرمێسکەکانی حەسەن دەسڕێت و دەڵێت هەست دەکەم ماندوویت، بۆ کەمێ پشوو نادەیت و نانویت کەچی خۆی ئەوو شەوە تا شەبەنگی سپێدە چێژ لەبینینی ئەستێرەکان دەبینێت.

ئەو بەیانیەی کەخەبەریان دەبێتەوە حەسەن زۆر وشەی پێیە بۆ گوتن، کاتێ بەناو دارستانەکەدا دەچوون و دەیگوت مەلەکیانی گوڵ ناتەوێ باسی ڕابـردوت بۆ بکەم ناتەوێ یادگاریەکانی شاخ زیندووکەمەوە، مەلەکیان دەیگوت حەسەن تەماشاکە ئێمە لەکوێین تەماشای ئەم هەموو جوانیە بکە، تەماشاکە ژیان لێرە چەندە پڕ بەرائەتە، حەسەن دەستی مەلەکیانی دەگرت و دەیگوت عەزیزی من ڕاستە شۆڕش هەندێ هەڵەی گەورەی هەبوو، هەندێ پیاوی گرگنمان لەلا بوو، هەندێ پیاوی نەفام کە دونیایەک ئارەزوی شەیتانیان لە مێشکدا بوو، بەڵام ئێمە کارمان بەوانەوە نەبوو، ئەوە کاری ئێمە نەبوو کە کێ لەبەرچی هاتۆتە شاخ و کێ چی کرد و کێ چی نەکرد، ئەوە کاری ئێمە نیە کە هەندێ لەبرادەران لەشار و لە شاخ چیان دەکرد، ئەوە کاری ئێمە نیە کە شێرکۆی ڕەشەبا بۆچی هاتە شاخ و حەمەی گەردەلول لەشاخ لەچی خۆی دەشاردەوە، ئەوە کەی ئیشی منە بپرسم کە ئایا چەندە فەرمانده و سەرکردە و پێشمەرگە عاشقی خاک بوون و چەند کەس بەناوی نیشتمانەوە ناشیرینی ڕوی خۆیان دەشاردەوە، ئەوە کاری ئێمە نیە کە حسێن دەمانچە چەند ژنی هەبوو، فەرماندەی

میحوەری چوار چەند دۆستی هەبوو، ئەوە کاری ئێمە نەبوو کە چەند فەرماندە لە شاخ لە ژێر کڵاوەکەیاندا پێناسی پەیوەندیان بەرژێمەوە شاردبوویەوە، بەڵام مەلەکیان خۆت چاک دەزانی چی ئێمەی گەیاندە شاخ و ئێمە چۆن بووین بە پێشمەرگە.

مەلەکیان قسەکەی پێدەبڕی دەیگوت حەسەن تۆ ئەو پەپولەیە دەبینی کەچەندە بە میهرەبانیەوە لێوی ئەوو خونچەیە دەمژێت، ئەو گوڵانە دەبینی چەندە بەعیشقەوە باوەشیان بۆ خۆر کردۆتەوە، دەستی بۆ قەراغ ئاوەکە ڕادەکێشا و دەیگوت ئەو ماسیگرەیە دەبینیت چلۆن بەخۆشەویستیەوە لەماسیەکان دەڕوانێت، تەماشای ئەو بەورە بکە ئەوە لە ئەزەلەوە دوژمنی شێر و پڵنگە تەماشاکە لێرە چۆن پێکەوە یاری دەکەن، ئەها ئەوانەش قەلەڕەشن تاوەکو ئیستا نەمدیوە گۆشتی حەیواناتە مردارەو بووەکان بخۆن، تەنها ئەو دانەوێڵانە دەخۆن کە من لەبەرهەمەکانی ئێرە بەدارستانەکەیدا دەڕژێنم.

حەسەن دەگەڕایەوە سەر قسەکانی خۆی و دەیگوت تۆ خۆت دەزانیت ئێمە هەستی ئینسانیەت و عیشقی خاک گەیاندینیە شاخ، بڕواناکەم ئەوو ئێوارەیەت لەیاد مابێت ئەو ئێوارەیەی کەبێ ئاگا لە سیاسەت و خاڵی لەشۆڕش وەک دوو گەنجی سەرکەش بەتەنیشت دائیرەی ئەمندا تێدەپەڕین، ڕێک لەوساتەدا دەیان گەنجیان ڕاپێچی حەوشەی ئەمنەکە کرد و دوای چەند ساتێ گوێمان لە دەستڕێژی گولە و هاواری مەرگ بوو، ئێمە دڵنیا بووین کە ئەوو گوللانە بەجەستەی لاوانی کوردا ڕۆشتن، دوای ئەوە سەدان ئێوارە بەوێدا تێدەپەڕین و هەمان دیمەن دوبارە دەبوویەوە.

جارێکی تر مەلەکیان قسەکانی پێدەبڕێت و دەڵێ حەسەن تۆ ئەو ماسیە دەبینی لە ناو ئەو جۆگەیەدا هەرگیز تینوێتی ناشکێ، ئەو باڵندەیە دەبینی هەرگیز وەڕس نابێ لە فڕین، مەلەک بەردەوام دەبوویەوە لەسەر قسەکانی و دەیگوت حەسەنی ئایشێ دەمەوێت باسی ئەوەت بۆ بکەم کە ئێمە چۆن تێکەڵی سیاسەت بووین، لەبیرتە هەموو ئێوارەیەک کەریم ژنانی لەدوای ئۆتۆمبیلەکانەوە ماڵ بەماڵ شوێن پیاوانی ڕژێم دەکەوت و کەس وکاری شۆڕشگێڕانی نیشانی بەعسیەکان دەدا، لەیادتە ئێوارەیەک دەستت خستە سەرشانم و گوتت حەسەن تەماشای ئەو خۆفرۆشە بکە، تەماشای کەریم ژنانی بکە چۆن بێشەرمانە شەرەفی کورد بەداگیر کەر دەفرۆشێت، تەماشاکە ئێمە چەندە لاوێکی خەم ساردین لە ئاست نیشتیمان، چەندە بێغیرەتین ناتوانین کۆتاییەک بۆ ئەم بێناموسیانە دابنێین، لەیادتە بەرلەوەی پەیوەندی بەشۆڕشەوە بکەین بەرلەوەی تێکەڵی سیاسەت بین کەوتینە کوشتنی کەریم و هاوشێوەکانی و ئیدی لەبری ئەوەی ئێمە پەیوەندی بە شۆڕشەوە بکەین شۆڕش پەیوەندی بەئێمەوە کرد و دەیان پیاویان خستە بەردەستمان تا سیخوڕ و بەکرێ گیراوانی ڕژێم لە کۆڵی شۆڕش بکەینەوە، مەلەکیان ئەو کەمە بێدەنگیەی حەسەن بەهەل دەزانێت و دەڵێت حەسەنی برام من نازانم لە چ دیوێکی سیاسەت حاڵی ببم سیاسەت خاڵی یە لەجوانی، تەماشاکە خۆر چەندە بەجوانی هەڵدێت و چۆن بەیەکسانی بەر هەموو زەوی دەکەوێت، تەماشای باران کە چۆن زەوی لەنەگریسی دەشواتەوە، ئەها مانگ چ جوانیەک بەشەو دەبەخشێت. حەسەن بەبێ ئەوەی گوێی

لەووشەکانی مەلەکیان بێت دەیگوت کاری من ئەوە نیە کە پیاوەکانی تر چۆن چوونە شاخ، بەڵام دڵنیام ئێمە بەو شێوەیە دەستمان پێکرد و شۆڕش هاتە ناو ئێمەوە نەک ئێمە بچینە ناو شۆڕش.

ئەو دووپیاوە مەلەکیان و حەسەن سەدان شەورۆژ بەناو ئەودارستانەدا هەنگاویان دەنا و مەلەکیان نهێنی یەکانی دارستان و باغ و گوڵ و پەپولەکانی بۆ حەسەن شیدەکردەوە و هەوڵیدەدا حەسەن ئاشنای بۆنی گوڵەکان بکات، هەوڵی دەدا فێری ژیانی ناو باغی بکات، بەڵام حەسەن سەدان شەو و ڕۆژ باسی ڕابردووی دەکرد، باسی زەمەنی شاخی دەکرد، باسی هاوڕێیانی شاخی دەکرد، مەلەک چەندە باسی گوڵی دەکرد ئەو هێندە باسی شار و شاخ و پێشمەرگایەتی دەکرد، باسی قوربانیەکانی شۆڕشی دەکرد، ووتەی شەهیدەکانی بەنمونە دەهێنایەوە و دەیویست مەلەک لە حەقیقەتی ناو ئەو دارستانە بباتە دەرەوە و بیگەڕێنێتەوە بۆ ڕابردوو، حەسەن بۆ بابەتێکی گرنگ هاتبوو دەیویست مەسەلەیەکی گرنگ لای ناسر مەلەکیان باس بکات، بابەتێک کەتەنها مەلەکیان دەرەقەتی دەهات، بەڵام مەلەکیان بەوحاڵەوە بەکەڵکی ئەو بابەتە گرنگە نەدەهات، ئەو جگە لە باغەوانی گوڵەکان هیچی دیکە نەبوو، خۆی داماڵی بوو لەسیاسەت، خۆی ڕوت کردبوویەوە لە ڕابردوو، خۆی لە گەردوو تۆزی شار و شاخ تەکاندبوو،

بەڵام حەسەن زۆر سور بوو لەسەر ئەوەی کە مەلەکیان بەئاگا بهێنێتەوە، دەیویست ڕاستەوخۆ حەقیقەتی هاتنی بۆ نێو دارستانەکە بە مەلەکیان بڵێت و ئەو نهێنیە گەورەیە ئاشکرا بکات، دەیان شەوو ڕوی لە مەلەکیان دەکرد

و دەیگوت مەلەکیانی گوڵ من سەدان شەوە لێرەم، تۆ ناتەوێ بزانی بۆچی لێرەم، ناتەوێ لەوبارەیەوە هیچم لێ بپرسی، سەیرە من ئەم هەموو ماوەیە لێرەم و تۆ هیچم لێ ناپرسی، حەسەنی ئایشێ شانی مەلەکیانی ڕادەوەشاند و دەیگوت مەلەکیانی گوڵ فەرماندە منی ناردووە بۆلای تۆ، منی ناردووە تا هەندێ بابەتی گرنگت پێبڵێم، ئەو بەنهێنی منی ناردووە تا ڕاستیەکانت بۆ ڕونکەمەوە، تا ئاگادارت کەم لەو مەسەلانەی کە لە شار ڕودەدەن، بەڵام مەلەکیان هەر باسی گوڵی دەکرد، باسی ئەو دڕندانەی دەکرد کە چۆن هۆگری مرۆڤ بوون باسی هاوڕێەتی دڕندە و مرۆڤی دەکرد، باسی بەرائەتی ئەو ئاژەڵانەی دەکرد کە لە دڕندەیی مرۆڤەوە دڕندەییان بۆ ماوەتەوە حەسەن دەیگوت تکایە مەلەکیان گوێم لێبگرە، ئێستا لە هەموو ساتێ زیاتر نیشتیمان پێویستی بەتۆیە، تۆ نازانی ئێستا لە نیشتیمان چی دەگوزەرێ، مەلەکیان پەتایەکی خراپ توشمان بووە، پەتای بێ ئیرادەیی، پەتای قاچ بڕینەوە، پەتای چاڵ هەڵکەندن، پەتای کوشتنی یەکدی، پەتای بێ متمانەیی، پەتای لادان.

حەسەن توند دەستی مەلەکیانی دەگرت و دەیگوت هاوڕێیانی شاخ ئەوانەی کە دوور لە عیشقی خاک ببون بە پێشمەرگە، ئەوانەی بۆ گەیشتن بەدەسەڵات هاتبوون، ئەوانەی کە دەیانویست دووبارە ببنەوە بە ئاغا، ئێستا لە شار خەریکە نیشتیمان داگیر دەکەن، خەریکە نیشتیمان هەڕاج دەکەن، ئێستا هەریەکە ئاغای شارێکە و لەسەر قەڵای مەملەکەتێک کۆشکی پاشایەتی بردووە بە ئاسماندا، ئێستا ئەو پیاوانە خەریکە تایە دەخەنە ژێر نیشتیمان و لەو دیوو سنوور دەیفرۆشن ، دەیگوت ئێستا شار

بۆنی خوێن و شەهوەتی لێدێت ئێستا جوتیاری باڕەش سەرپەرشتیاری ڕۆشنبیریەتی شارە، جوتیاری باڕەش ئەو پیاوەی کەهەمووومان دەیناسین و دەزانین چ پیاوێکی چەپەڵە، ئەو ئێستا پیرۆزی هەموومانی لەکەدار کردووە و هەموو جوانیەکانی ڕابـردوو ئەفرۆشێت بۆ باوەشی کچێکی کاڵ فام، ڕۆژانە لە ڕۆژنامەکانەوە بەڵگەی ئابڕوو چونەکانی بڵاو دەکرێتەوە و فەرماندەش هیچی لەدەست نایەت نیوەی شار لەگەڵ ئەودان، ئێستا سەدان پیاوی وەک تۆ و کۆساری حەکیم و دکتۆر کامەران و موزەفەری شاعیر و بەهمەنی بولبول و حاکم دارا و پیاوە پیرۆزەکان شاریان جێهێشتووە و ناتوانن چاو لە ناشرینیەکان بپۆشن و خۆیان لە دونیاشاردۆتەوە، کەس نازانێ دکتۆر کامەران بۆ کوێ چـووە و چی لەخۆی کـردووە ئـەو پیاوەی کە دەیگوت ڕۆژی سەد جار لە بری باڕەش تەریق دەبمەوە، هەواڵی کۆسارحەکیم لەهیچ کوێ دیار نیە، موزەفەری شاعیر لەژورێکدا خۆی ئەسیر کردووە و بەهمەنی بولبول سوێندی خواردووە تامردن گۆرانیەک نەڵێت، حاکم داراش هیچ هەواڵێکی نیە، هەندێک کەس دەڵێت لەناو پیاوانی شۆڕشدا دەستێک هەیە پیاوە پیرۆزەکان لەناودەبات بەڵام من و فەرماندە دڵنیاین کە پیاوە پیرۆزەکان خۆیان لە ناشرین بوونی شۆڕش شاردۆتەوە.

حەسەن تەماشایەکی فرمێسکەکانی مەلەک دەکات و دەڵێ ئەی دۆست نیشتیمان خراپ سەرگەردان بووە کورسیەکانی دەســەڵات بـووە بە کـورسی ئـەبـەدیـەت، هـەرکـورسـیـەک ئـاغـایـەک لـەسـەری دانـیشـتـووە، ئێستا مەسەلەکە لەدەست دەرچووە و چیدی فەرماندە ناتوانێ

بەگژ ئەوو هەموو ئاغا و ووردە کوێخایەدا بچێت، ئێستا ئەوو ئاغایانە خەریکە نیشتمان قووت دەدەن و ئێمەش ناتوانین بەگژ ئەو هەموو ناشیرینی یەدا بچین حەسەن مەلەکیانی ڕادەوەشاند و دەیگوت عەزیزی من تۆ ئاگات لە نیشتیمان نیە ئێستا هەرکۆڵانێ سوڵتانێکی لێیە هەر شەقامێ فیرعەونێک حاکمیەتی، هەر عەمودێک ئاڵایەکی جیاوازی پێوەیە و هەر چەند هەنگاوێک بارەگایەکی لێیە و شار خەریکە دەبێت بە ژێر پۆستاڵی خۆمانەوە، ئەو باسی شاری دەکرد و مەلەکیان سەرقاڵی تەماشاکردنی دوو کۆترە کێوی بوو دەیگوت : حەسەن تەماشای ماچی دەنوکی ئەو کۆترانە بکە، تەماشاکە ئەوماچانە چەندە پڕە لە بەرائەت، حەسەن شانی مەلەکیان دەگرت و دەیگوت عەزیزی من ئەوەی لە شاخ دروشمی هەموومان بوو، ئەوەی هەمیشە شانازیمان پێوە دەکرد و بەیەک دەنگ داوامان دەکرد، ئازادی، ماف، یەکسانی، دیموکراتی، عەدالەت، یاسا.

ئێستا لە سایەی کۆمەڵێ پیاوی گرگنەوە، پیاوی ناو حیزبەوە، پیاوی کۆنە ئاغاوە، لەگشت ئەو دروشمانە دەترسین ئەو ڕستەیەی کە لە گشت کۆبوونەوەکاندا لەسەر زاری فەرماندە بوو یەکسانی بۆ ئافرەت، مافی ئافرەت، ئێستا کەس لە ڕوی هەڵنایە باسی ماف بکات، ئێستا بەهۆی هەندێ پیاوی نەگریسەوە ئافرەت دەبێتە کۆیلەی حیزب، کەنیزەکی ماڵەکان، سکرتێرەی فەرمانگەکان، ئێستا ڕووە ڕاستەکەی ئەو پیاوانە دەرکەوتووە، ئەو پیاوانەی کەتەنها بۆ مەرامی خۆیان هاتبوونە شاخ، ئەوانەی کە تۆ هێندەی دوژمن لێیان دەترسای، ئەفسوس مەلەکیان گشت

ووشەکانی تۆ ڕاست دەرچوو، ئەوو پیاوانە بۆ گەیشتن بە دەسەڵات، بۆ کۆکردنەوەی پارە و پول، بۆ دەست بەسەرا گرتنی بازاڕەکان، بۆ دروست کردنی باڵەخانە و ڤێلاکان، هەموو شتێ دەکەن و بۆ مانەوە پەنا بۆ هەمووشتێ دەبەن، تەنانەت گوێ نادەنێ گەر بە سەر کەللە سەری میللەتدا هەنگاو بنێن ، ئەو پیاوانەی کە تۆ هەمیشە فەرماندەت لە مەترسیان ئاگادار دەکردەوە گوێ نادەنێ گەر هەموو میللەت بکەنە قوربانی.

مەلەکیانی گوڵ من بۆ ئەوە لێرەم تا ئەمانە بەتۆ ڕاگەیەنم، فەرماندە منی ناردووە تا پێت بڵێم کە کۆمەڵێ مشک خەریکە خاک وێران دەکەن، خەریکە نیشتیمان دەخۆن، مەلەکیان گوێم لێبگرە واز لەتەماشاکردنی ئەوو چۆلەکەیە بهێنە، ئێستا ئەو کۆمەڵە مشکە ڕقی میللەتیان هەستاندووە، ئێستا میللەت لە ئەوپەڕی ڕق ئەستووریدا بەرامبەرمان سەنگەریان لێداوە و لاوان لەبری ئەوەی پەیکەرمان بۆ دروست کەن لەبری ئەوەی مەدالیا بکەن بە سینەمانەوە، لەبری ئەوەی ڕێزمان لێبنێن، لە سەنتەری شارەکاندا کۆدەبنەوە و وێنەکانمان دەسوتێنن و بەرد دەگرنە کۆشکەکانمان و داوامان لێدەکەن لەسەر کورسیەکان بێینەخوارەوە، ئێستا بەهۆی کۆمەڵێ مشکەوە لاوان لە ئەوپەڕی تورەیدان و داوامان لێدەکەن کە نیشتیمان بەجێ بهێڵین، ئێستا لاوان زۆر لێمان تورەن و دونیایەک دروشمی غەریبیان هەڵگرتووە و لە سەنتەری شارەکانەوە هاوار دەکەن، هاواردەکەن و دەڵێن ئێمە کوڕانی شارین دەترسین شار بفرۆشن و ئێمە شەقامێ نەمێنێ پیاسەی لێبکەین، گۆرەوی فرۆشەکانین دەترسین دەسەڵات قاچی

هەموو میللەت ببڕێتەوە و کەسێک نەمێنێ جوتێ گۆرەویمان لێبکڕێت، ئێمە منالآنی بنێشت فرۆشین دەترسین حیزب دەمی میللەت بشکێنێ وچیدی کەس بنێشتمان لێنەکڕێت، ڕۆژانە لە سەنتەری شارەکاندا هاواردەکەن و دەڵێن ئێمە کلآو فرۆشەکانین هەست دەکەین ئیدی سەرێ نامێنێ دەسەڵات کلآوی لەسەر نەنابێ، لەسەر ئەو کورسیە وەرنە خوارەوە بە خوێنی ئێمە سەوز بووە،

حەسەنی ئایشێ هاواری دەکرد و دەیگوت مەلەکیانی گوڵ ئێستا نیشتیمان لە هەموو ساتێ زیاتر پێویستی بە تۆ هەیە، تۆ دەبێ ئەمە بکەی دەبێ بگەڕێیتەوە بۆ نیشتیمان دەبێ ئەم جەنگەڵە بەجێ بهێڵی، دەشێ لاوان متمانە بەتۆ بکەن، دەشێ لەم پاشاگەردانی یەدا میللەت گوێ لەتۆ ڕاگرن و متمانە بەتۆ بکەن، تۆ تەنها پیاوێکی کەناوێکی پیرۆزت هەیە، پیاوێک کە بەپیرۆزیەوە ماویتەوە، تەنها پیاوی ناو شۆڕشی کە لە ناشیرینی نەگلاوی، تۆ پیاوی موعجیزەکانی کە سەدان لاری شۆڕشت ڕاست کردۆتەوە و سەدان جار شۆڕشت لە نوقم بوون ڕزگار کردووە، تۆ دواین هەلی ئێمەی دەبێت بگەڕێیتەوە و نیشتمان لە نوقم بوون ڕزگار بکەیت، ئێستا لاوان تۆیان کردووە بەدروشم و وێنەکانت دەکەنە ملیان و ووشەکانت بە ئاڵتوون دەنوسنەوە و لە بەرەی نارەزایەتیەکاندا پەیڤەکانی تۆ دەڵێنەوە و وێنەکانی تۆ بەرزدەکەنەوە و وەک ڕەمزی پاکیەتی، تۆ ئێستا قارەمانی چیرۆک و شیعر و ڕۆمانەکانی و سەدان گۆرانی بۆ بەرائەتی تۆ گوتراوە، لەدەروازەی دەیان شار پەیکەریان بۆ دروست کردووی، تۆ لای میللەت زۆر پیرۆزی و لە گشت دڵەکاندا جێگای خۆت کردۆتەوە، دەبێت بێیتەوە بۆ

نیشتمان و بیسەلمێنی کە زیندوویت، دەبێت ئەوو هەڵەیە ڕاست کەیتەوە کەخۆت دروستت کرد، ئێمە دەیان ساڵ پێش ئێستا ئەو چیرۆکەمان بەدرۆ خستەوە، چیرۆکی مەرگی تۆ، ئەوکات فەرماندە گوتی نابێ مەلەکیان بمرێت، نابێ ڕێگابدەین ئەو چیرۆکە بەسەر مەلەکیاندا بسەپێت، ئێمە دەمانزانی ئەو چیرۆکە خۆت دروستت کردووە، فەرماندە گوتی هەنوس خاک پێویستی بە مەلەکیان ماوە.

هەمان ڕۆژی بڵاوبونەوەی چیرۆکەکەت دیمەنێکی تۆمان لەگشت تیڤیەکانەوە بڵاو کردەوە و گوتمان مەلەکیان ماندووە دەچێت لە ئەوروپا پشوو دەدات، ئێستا لاوان داوات لێدەکەن بگەڕێیتەوە و نیشتمان لە ناشیرینی ڕزگارکەیت گشت ئەرشیفەکەشت لای فەرماندە پارێزراوە، هەموو ئەو شتانەی کە پەیوەندیان بەتۆوە هەیە، گشت چالاکیەکانی شار، گشت جەنگەکانی شار و بڕیارەکانت و بیرو بۆچونەکانت، گشت ووشەکانت دەربارەی پیاوەکانی حیزب، هەموو ئەرشیفەکەت لای ئێمە پارێزراوە تەنانەت دواین ووشەت کەدەتگوت شۆڕشگێڕ بەکەڵکی بەڕێوەبردنی ووڵات نایەت، فەرماندە ئەوو ووشەیەی بەئاڵتون نوسیوە و لە ژورەکەی خۆیدا هەڵیواسیوە.

مەلەکیان تا ئەو کاتە بەخەمساردیەوە لەحەسەنی دەڕوانی و لەوێدا قسەکانی پێبڕی و گوتی گەرچی ئیشی من ئەوە نی یە بزانم تۆ باسی چی دەکەی، ئیشی من ئەوە نیە لە تۆ تێبگەم، من ئێستا تەنها باخەوانی گوڵەکانم، چیدی من دونیایەک ناناسم کە لە گوڵ و پەپولەکانم دوورخاتەوە، ئێرە نیشتیمانی منە، حەسەن بەچاوی پڕ لە فرمێسکەوە دەیگوت نا عەزیزم تۆ سەر بەنیشتیمانەکەی منی تۆ کوڕی

مەملەکەتی منی، تۆ کوڕی شۆڕشێکی مەزنی شۆڕشێک کە هیوای هەمومان بوو، شۆڕشێک کەهیوای ئازادی گەلێکی لە ئەستۆ گرتبوو، تۆ کوڕی ئەوو شۆڕشەی کە هەموو شتێکت لەپێناویدا کردە قوربانی، ئەفسوس ناکرێت ژن و منداڵەکەت بیرچوو بێت، ناکرێت مەرگی ژنە پیرۆزەکەت، منداڵە پاکیزەکانت لەبیرخۆت بردبێتەوە، چەندە ترسناکی کچەکەت لەبیری خۆت بردبێتەوە و لەیادی مەرگی کوڕە بچکۆلەکەتدا نەمابی، ئەو کوڕە خرپنەی کە لەدەیان وێنەی شاخدا لەسەرملت داتناوە و لە دەیان لاپەڕەی یاداشتەکانتدا ناویت هێناوە، چۆن دەکرێت ئەو ژن و منداڵانەت لەبیر خۆت بردبێتەوە، ئەوانەی کە لە هێرشی ئەنفالدا گیران و زیندەبەچاڵ کران

مەلەکیان هەوڵ بدە یادەوەریت زیندووکەرەوە، بەڕاستی مەلەکیان ئێمە پێویستمان بەتۆیە، فەرماندە پێویستی بەتۆیە، نیشتیمان پێویستی بەتۆیە، حەسەن هەوڵی دەدا یادەوەری مەلەکیان بێنێتەوە جێی خۆی، هەوڵی دەدا ڕابردووی بۆ بگەڕێنێتەوە، بەڵام مەلەکیان سەرقاڵی تەماشاکردنی بەچکە مەیمونێک بوو بەقوڵی تەماشای ناوچاوی دەکرد و دەیگوت حەسەن تەماشاکە چەندە بزێوە، تەماشا ژیان لەچاوی ئەوو بەچکە مەیمونەدا چەندە بزێوە.

حەسەن قسەکەی پێدەبڕێت و هەربەدەم پیاسەی ناودارستانەوە دەڵێت مەلەکیانی گوڵ ووشەکانی زەمەنی شاخت هەموو ڕاست دەرچوون، ئێستا فەرماندە دەیەوێت بەقسەی تۆ بکات، ئێستا فەرماندە هەمان بۆچونەکانی تۆی هەیە، ئێستا لەگشت کۆبونەوەکاندا دەڵێ مەلەکیان ڕاستی کرد شۆڕشگێڕ بەکەڵکی بەڕێوەبردنی وولات نایەت، ئێستا

هەمیشە ووشەکانت دوبارە دەکاتەوە، ئەو ووشانەی کە لەدواین دیداردا بە فەرماندەت گوت ئەگەر بڕیار بێت لە ئێستادا خۆمان وولات بەڕێوەبەرین توشی هەڵەیەکی کوشندە دەبین، هەڵەیەک کە مێژوو نەفرەتمان لێدەکات، تۆ ماوەیەک دوای سەرکەوتنی شۆڕش بە فەرماندەت گوت گەر ئەم شۆڕشگێڕانەی ئێستا نیشتیمان بەڕێوەبەرن، بەشێکی زۆری خاک دەکەوێتە ژێر پێی ئەو پیاوانەی کەهیچ لە بەڕێوەبردن نازانن و هەنگاو بەهەرکوێدا بنێن ووێرانی دەکەن .

بەڵێ مەلەکی گوڵ ئەوە تۆ بوویت دەتگوت ئەم پیاوانە جگە لە تفەنگ و سەنگەر و باروت و دوکەڵ و دوژمن هیچی دی ناناسن، گوتت گەر بڕیار بێت خۆمان وولات بەڕێوەبەرین دەبێت نیشتیمان بخەینە ژێر پۆستاڵی ئەو پیاوانەی کە خاڵین لە ژیان و پێکەنین و جوانی، خاڵین لە بەرائەت، گوتت جەنابی فەرماندە ناکرێت ئەقڵە سەلیمەکەی حیزب تەسلیمی ئیرادەی ئەو پیاوانە بکەین کە خاڵین لە هەموو شتێ، ئەوپیاوانەی کە سینەیان پڕە لەیادەوەری جەنگ، پڕن لە بۆنی باروت، پڕن لە پەلاماردان بۆ کوشتن، گوتت فەرماندە ناکرێت نیشتیمان بخەیتە ژێردەستی ئەو پیاوانەی کە جگە لە سوتان و خوێن و تەرم دیمەنێکی دی لەچاویاندا نابینرێت، حەسەن بەقوڕگی پڕ لەگریانەوە دەیگوت مەلەکیان ناکرێت ئەوەت لەبیر نەبێت کە دەیانجار لە فەرماندە دەپاڕایەوە و دەتگوت ناکرێت نیشتیمان بەم پیاوانە ببەخشیت، ئەم پیاوانە بەهەمان نەفەسی پێشووەوە، بەهەمان نەفەسی شاخەوە، نەفەسی ئەو چاوەی کەتەنها بەدوای دوژمندا دەگەڕا

حەسەنی دەستی مەلەک دەخاتە نێو دەستەکانیەوە دەڵێ : گوتت فەرماندە بەهەمان ئەوو نیگایەی کە هێرشیان پێ دەبرد لە گشت نیشتیمان و ژیان دەڕوانن، بەهەمان ئەو نەفەسەی شاخەوە ناتوانن وولات بەڕێوەبەرن، ناتوانن ژیانی مەدەنی بژین، گوتت ئێمە هەنوس کاڵ نەبوینەتەوە لە شۆڕش و خەبات و تفەنگمان لێدەڕژێت و هەنوس لە قەرەوڵی تفەنگەوە تەماشای دیمەنەکان دەکەین، مەلەکیان تۆ بە فەرماندەت گوت کە دەشێ پیاوەکانمان تەنها دوژمن بناسن و بەکەڵکی دۆستایەتی نەیەن، گوتت تەنانەت ئێمەش کە بەدونیایەک عیشقی خاکەوە چووینە شاخ و بەعیشقی نیشتیمانەوە دەجەنگاین و لە پێناو ئازادی و یەکسانیدا شەڕمان دەکرد و تا سەرکەوتنی شۆڕش پڕ بووین لە خۆشەویستی نیشتیمان، بەڵام دڵنیات دەکەم ئێمەش بەکەڵکی بەڕێوەبردنی وولات نایەین، گوتت ئاخر عیشقی نیشتیمان بەتەنها بەکەڵکی چی دێت کە ئێمە گشت عیشقەکانی کەمان دۆڕاندووە و نازانین خۆشەویستی دایک تامی چی دەدات و هەستی برایەتی و خوشکایەتی و عیشقی باوک چیە، ئاخر ئێمە بیست ساڵ خاڵی بووین لە گشت ئەو هەستانە، هەموو شتێکمان جێ هێشتبوو دوای عیشقی نیشتیمان کەوتبووین، ئێستا ئێمە نازانین عیشق یانی چی نازانین خۆشەویستی چەندە گرنگە نازانین لاوان چەندە هۆگری عیشقن، ئاخر ئێمەی خاڵی لە عیشق چی لە ژیان دەزانین، کە خودی ژیان بازنەیەکە عیشق دەورەی داوە

مەلەکیانی عەزیز ناکرێت ئەمانەت بیر نەمابێ هەوڵ بدە وەبیری خۆتی بهێنەوە، ئەوکات ئێمە لەترسی تورەییەکانی سەرۆک هەموومان لە دژی تۆ وەستابووین  و دەمانگوت

ناکرێت مەلەکیان ئەوە سەختە،، چۆن ئەو ڕۆژەت لەیاد نیە کە بەر لە هەموومان فەرماندە بە خەندەیەکی کوشندەوە گوتی مەلەکیان ئەوەی تۆ باسی دەکەی خەیاڵی شاعیرانەیە، شاعیرەکان هەمیشە خەون بەدونیایەکەوە دەبینن کە پڕ بێت لە جوانی و عەداڵەت، ئەگەر وڵات بەلاوانی ووشیار بسپێرین و بەڕێوەبردنی ووڵات بدەینە دەست لاوی بەتوانا ئەی چی لە ئەندامانی حیزب بکەین چی لە پێشمەرگە قارەمانەکان بکەین، چی لەو پیاوانە بکەین کە دەیان ساڵە لە شاخ خەون بە دەسەڵاتەوە دەبینن و تامەزرۆی دەسەڵات و پۆست و بەڕێوەبردنن، ئەو پیاوانەی کە لەبێدەسەڵاتیدا بۆ گەیشتن بەدەسەڵات و کورسی و بەڕێوەبەری هاتبوونە شاخ، ئەی چی لە و ئاغایانە بکەین کە هاتبوونە شاخ تا سنووری ئاغایەتی فراوان بکەن ، فەرماندە بەبزەیەکەوە گوتی : مەلەکیان ئەی چی لەو پیاوانە بکەین کە خولیای پارە کۆکردنەوە لەدڵیاندا هەیە و دەیانەوێت بەکورسیەکەی ژێریان پارە کۆکەنەوە، ئەی چۆن قەناعەت بەو پیاوانە دەکەی کە دەیانەوێ شۆڕش بە میللەت بفرۆشنەوە و دەڵێن ئێمە شۆڕشمان بۆ خۆمان کرد، فەرماندە دەیگوت ئەی چی بە مەلاهەژار بڵێین کە دین و خودا و هەموو شتە پیرۆزەکانیشی خستە خزمەتی شۆڕش و شۆڕشیشی بۆ خزمەتی خۆی بەکار هێنا و هەرگیز خۆی توشی جەنگێک نەکرد و لەهەموو ڕووبەڕووبونەوەکاندا خۆی دەدزیەوە تا وەکو بمێنێتەوە بۆ دوای شۆڕش، ئەی چی بەو پیاوانە بڵێم کە هاوشێوەی مەلاهەژارن، چی بە مەلاهەژار بڵێم کە خوداشی بە کار هێنا بۆ گەیشتن بە کورسیەک، لەوێدا حەسەنی ئایشێ کەمێک ڕادەوەستێت و ئاهێک هەڵدەکێشێت

و دەڵێت مەلەکیانی گوڵ فەرماندە لەمەیاندا ڕاست بوو دونیایەک پیاوی هاوشێوەی مەلاهەژار لە ناو شۆڕشدا بوو، مەلا هەژار دواجار کاری خۆی کرد و بوو بە میکرۆب بە سەر نیشتیمانەوە، بەڵێ ئەو پیاوە هەر بەناوی خوداوە شۆڕشی بە سەر فەرماندەشدا کرد، گروپێکی پێک هێنا بەناوی جەنگاوەرانی خودا و جەنگێکی ترسناکی لەگەڵ کردین و دەیان پیاو لەو نێوانەدا تیاچوو، تا دواجار فەرماندە بە کورسیەک قەناعەتی پێکرد، ئەو ڕاستی دەکرد کۆمەڵێک پیاو هەبوون تەنها بۆ کورسیەکان هاتبوونە شاخ.

بەڵام مەلەکیانی گوڵ ئەو ڕۆژە تۆ دەتگوت فەرماندە دەبێت ڕێگایەک بدۆزینەوە بۆ دەستەمۆکردنی ئەوو پیاوانە، دەبێت نەهێڵین ئیرادەی ئەو پیاوانە هەرەس بەخاک بهێنێ و ئامانجی پیرۆزی شۆڕش بشێوێت، دەتگوت جەنابی فەرماندە شۆڕشمان بۆ ئازادی میللەت بەرپاکرد، شۆڕشمان کرد تا میللەت کۆیلە نەبێت، تا مافی ئینسان پێشێل نەکرێت، تا داگیرکەر پێشێلمان نەکات، ئێستا شۆڕش سەرکەوتووە و ئامانجەکانی شۆڕش وەدی هاتووە و نیشتیمان چیدی پێویستی بەشۆڕشگێڕ نی یە، خاک پێویستی بەکۆمەڵێ پیاوە تا بەڕێوەی بەرێت، کۆمەڵێ پیاو کەتوانای بەڕێوەبردنی هەبێت، گوتت فەرماندە ئێستا ئێمە خاڵین لەژیان پێویستە بچین لەو دارستانە خۆمان پڕکەینەوە لەژیان، خۆمان داماڵین لە هەستی ململانێ و پڕ ببینەوە لە عیشقی ژیان، گوتت ئاخر ئێمە ئێستا تەنها دوژمن دەناسین و دەیان ساڵە لە قەرەوڵی تفەنگە ژەنگاویەکانەوە ژیان دەبینین، ئاخر ئێمە چاومان تەنها بۆ تەماشا کردنی دوژمن بەکار دەهێنا، دەیان ساڵ لەجەنگێکی بەردەوامدا بوین و دوای دوژمنی

نیشتیمان کەوتووین ئاشتی ناناسین و ژیانمان بیرچۆتەوە و زیاد لە هەموو شتێ دوژمن دەناسین.

گوتت فەرماندە پێویستە هەموتان لەگەڵم بێن دەیان ساڵ لەو دارستانە بژین، لەودارستانە لەگەڵ سروشت ئاشت بنەوە و لەچاوی باڵندەکانەوە فێری ژیان بنەوە و لە گۆرانی دەنوکی باڵندەکانەوە گۆرانی عیشق بڵێینەوە، تا لەماچی دەنوکی چۆلەکەکانەوە تێکەڵی عیشق بینەوە، گوتت فەرماندە ئەمە دواین دەرفەتە کە هەموومان فێری ژیان بینەوە و لەگەڵ جوانی یەکان ئاشت بینەوە، بەڵام مەلەکیان ئەوکات کەسمان نەماندەویست لە وشەکانت حاڵی بین، تۆ توند هاوارت دەکرد و دەتگوت دەستێ بیست ساڵ تفەنگی گرتبێ ئومێدی ژیانی تیانەماوە تا دەیان ساڵ گوڵی پێ نەگریت، چاوێ بیست ساڵ لە قەرەوڵی تفەنگەوە تەماشای دوژمنی کرد بێت ناتوانێ دۆست بناسێ تا دەیان ساڵ نەیکەیتە دۆستی گوڵ، هەنگاوێک دەیان ساڵ بەرەو سەنگەری دوژمن جەستەیەکی کێش کردبێت، هەمان ئەوو هەنگاوانە چۆن دەتوانن بمانگەیەننە ماڵی دۆست، ئاخر خەیاڵێ پڕبێت لە یادەوەری جەنگ و سەدای بۆمبەکان چۆن دەتوانین پڕیکەین لە گۆرانی. تۆ گوتت فەرماندە دەیان ساڵە کاری ئێمە ڕوخان و خاپوورکردنە، چۆن بەهەفتەیەک فێری دروستکردنەوە دەبین، ئێمە کە لەشاخ هەمووشتێکمان دەسوتاند و دەمانویست چی هەیە و نیە خاپووری کەین.

گوتت فەرماندە ئێستا ئێمە چۆن دەتوانین ئەم هەموو ڕوخاویە دروست کەینەوە، ئاخر ئەو کۆشکانەی کە بەبۆمب و تفەنگ دەڕوخان کەی بەبۆمب دروست

دەکرێتەوە، ڕوخاویەکان کەی بە دەستی ئێمە دروست دەکرێنەوە، ئەم هەموو لاریە کەی بە دەستی ئێمە ڕێک دەکرێتەوە، مەلەکیانی گوڵ ئەمانە وشەی تۆیە، تۆ ئەم ووشانەت بە فەرماندە گوت، هەوڵ بدە ڕابردووت زیندوو بکەرەوە مەلەکیانی گوڵ دەبێ بیری خۆتی بهێنیەوە تۆ ئەو ڕۆژە بەرامبەری فەرماندە وەستابوویت و دەتگوت پێویستە بەڕێوەبردنی نیشتیمان بەلاوان بسپێرین، بەنەوەی خۆمان، بەکوڕی خاک، بەلاوانی ووشیار، دەبێت خاک بۆ ئەوانە بەجێ بهێڵین کە جەنگ ناناسن و ئاگایان لە سەنگەرەکانی کوشتن نی یە و خەیاڵیان پڕ نی یە لە تەرم و دەستیان سوور نیە بە خوێن، دەبێ نیشتیمان بە ئەو پیاوانە بسپێرین کە ئاشنای بۆنی باروت و ڕەنگی دوکەڵ نین، ئەوو لاوانەی کە لەقولایی چاویان دیمەنی سوتانی تیا نیە و گڕ لە وشەکانیان هەڵناسێت و فەرمانی کوشتنی هیچ ڕۆحلەبەرێکیان دەرنەکردووە.

گوتت نیشتیمان هی ئەو پیاوانەیە کە خاڵین لە ڕق و کینە و هەستی تۆڵە سەندنەوەیان تیا نەڕواوە، ئێمە بارگاوی کراوین بەجەنگ، بە ناشرینی، بەهەستی تۆڵە سەندنەوە، بەخوێن، تۆ هاوارت دەکرد و دەتگوت فەرماندە دەبێت خاک بدەینە دەستی ئەوو لاوانەی کە لێوڕێژن لە ئاشتی و پڕن لە عیشقی ژیان، ئەو لاوانەی کە هەموو تەمەن بە خۆشەویستیەوە ژیاون، ئەو لاوانەی کە تاتەمەنی لاوێتی لە ئامێزی دایە دوور نەکەوتونەتەوە و دوای ئامێزی دایەش کەوتونەتە ئامێزی مەعشوقەیەک، ئەو لاوانەی پڕپڕن لە پێکەنین و وەک تیشکی ڕۆژ دەدرەوشێنەوە و لێوانلێون لەبەرائەت، ئەوانەی کە دونیا لەچاوی مەعشوقەکانیانەوە

دەبینن و هێندەی دڵدارەکانیان دونیا و ژیان و نیشتیمان و شار و شەقامیان خۆش دەوێت، ئەوانەی بە عیشقی دڵدارەکانیانەوە لە ژیان دەڕوانن و خاک بە بەهەشتی خۆیان و دڵدارەکانیان دەزانن، مەلەکیانی عەزیز تۆ گوتت فەرماندە ئێمە کۆمەڵێ مەخلوقی خاڵین لەماناکانی ژیان، ئێمە چێژمان لە ئاوێتە بونێکی پڕ لە مەحەبەت نەبینیوە و للەزەتمان لە ماچێکی پڕ لە مەحەبەت نەدیتووە، ئێوارەیەک لەبەر ڕێژنەی بارانێکدا لەگەڵ مەعشوقەیەکدا تەڕ نەبووین، شەوێک چێژمان لە ژوانێکی پڕ نهێنی نەبینیوە و بەیانیەک بەماچی یار خەبەرمان نەبۆتەوە، لەگەڵ یار پیاسەیەکی ناو باغمان نەکردووە و گوڵێکمان لە یارەوە پێنەگەیشتووە.

توند تر دەستی مەلەک دەگوشێت و دەڵێ هاوڕێ ناکرێت ئەمانەت لە بیر نەمابێت ئەوە تۆ بویت بەبێ ترس ڕوت کردە فەرماندە و گوتت دەزانی ئەوە مانای چیە واتا ئێمە خاڵین لەدونیایەک کە ڕەنگە لەپیریدا دەستی بۆ بەرین و خۆمانی پێوە سەرقاڵ کەین، ڕەنگە لە پیریدا پەنا بەرینە بەر دۆزینەوەی یار، خۆخاڵی کردنەوە لەوو هەموو چەمکە، دەست بردن بۆ ئەوو هەمووشتە کە ئێمە نەمان بووە.

دەتگوت فەرماندە کارەساتە کە ئێمە خاڵی بووین لەم هەموو شتە لە کوێ لە هەستی دڵی لاوان تێدەگەین و چۆن دەتوانین بەخۆشەویستی یەوە خاک بەڕێوە بەرین، چۆن دەتوانین شارەکان پڕکەین لەباخچە بۆ ژوانی ئێواران، شەقامەکان پڕکەین لە نەمام بۆ بەخشینەوەی جوانی بەشارەکان، بەم هەموو کەم و کوریەوە چۆن دەتوانین باخچەکان پڕ کەین لەگوڵ، کۆڵانەکان پڕکەین لە باخچەو باخچەکان پڕکەین لە پەپولەی ئەویندار، گوتت

ئێمە کۆمەڵێ پیاوی خاڵین کە عیشق ناناسین و لەو پەڕی ترسناکیدا دەژین، گوتت ئاخر مرۆڤ لەوپەڕی دونیاش بەبێ نیشتیمانیش دەتوانێ دەست لەملی یار بکات و بەئاسودەییەوە بژی، مەلەکیان ووشەکانی تۆ ڕاست دەرچوو، ئێمە کۆمەڵێ پیاوی خاڵی بووین، خاڵی لە ئەوینی دایک و باوک لە نیگای پڕ عیشقی خوشک و برا، لەهۆگری خێزان، دواجار کەسمان مەعشوقەیەکمان لەگەڵ نەبوو تا لەو شاخ و کێوانە فەرموودەکانی عیشقمان فێرکەن، مەلەکیانی ئەزیز دەزانی ئەم تەنهاییەی ئێمە یانی چی، یانی ئەوو هەموو ماوەیەی کە پێویست بوو بە عیشقەوە لە نزیک ئەزیزانمان بژین، بەبێ ئەزیزانمان ژیاین، ئەمە ووشەکانی تۆ دەسەلمێنێ کە ئێمە دەیان ساڵ خاڵی بووین لە عیشق، تۆ ڕاستت کرد دەبوو دەیان ساڵی کە تەرخان کەین بۆ دۆزینەوەی خۆشەویستی، ئەو شتەی کە شۆڕش لێی بردین، دۆزینەوەی ئەوشتەی کە لە شۆڕشدا ونمانکرد ئەوان هەربەناودارستاندا هەنگاویان دەنا و مەلەکیان سەدان میل حەسەنی بەناو باغی پڕ لەگوڵ و ئاژەڵدا دەبرد و هیچی نەدەگوت، بەڵام حەسەن باسی ڕابردووی دەکرد.

وشەکانی نێوان مەلەکیان و فەرماندەی دووبارە دەکردەوە بەو هیوایەوە کە ڕابردوو بگەڕێنێتەوە بۆ خەیاڵی مەلەکیان، حەسەن دەستی مەلەکیانی بەردەدا و بەدەم ڕێگاوە لە نێوان دەنگی باڵندەکاندا بەئاستەم دەنگی دەردەهات و دەیگوت مەلەکیان ئەو ڕۆژە تۆ لە فەرماندە دەپاڕایتەوە و دەتگوت ئێستا ڕووی ناشیرینی هەندێ لە پیاوەکان دەرنەکەوتووە شۆڕشگێڕ لای میللەت جۆرێ لە پیرۆزی پێبەخشراوە و ئێستا بەچاوی خۆشەویستیەوە

تەماشامان دەکەن و ڕێز بۆ ماندوو بونمان دادەنێن، گوتت تکایە با بەو پیرۆزیەوە بمێنینەوە و ئاوێنەی جوانیەکانمان نەشکێ و بەڕێز و خۆشەویستی جەماوەرەوە بژین و بمرین، گوتت تکایە فەرماندە گەر ڕوی ناشرینی هەندێ لە پیاوەکانمان دەرکەوێ دواجار تەڕ و ووشکمان پێکەوە دەسوتێت، دواجار خەباتمان نرخی نامێنێ و کەس ڕێز بۆ ماندوو بوونمان دانانێت، بەڵام فەرماندە دەیگوت مەلەکی ئازیز وشەکانت جوانن، خەیاڵت جوانە، دەزانم چەندە پەرۆشی بۆ داهاتووی نیشتیمان و شۆڕش و چەندە لە خەمی داهاتوودای، دەزانم ناتەوێ بەهۆی کۆمەڵێ پیاوی نەگریسەوە پیرۆزی لەدەست بدەین، دەزانم ئەزیزم دەزانم لە حەقیقەتی ووشەکانت تێدەگەم بەڵام ئەم ووشانە لەسیاسەتدا جێگایان نابێتەوە، ڕاستە ڕوئیای تۆ دونیایەکە جیاواز لە دونیاکەی ئێمە، جیاواز لە دونیای حە قیقی، کێشەکە ئەوە نیە کە ئێمە وەک تۆ ئەو دونیا جوانە نابینین و خەونمان دونیایەکی جوانتر نیە، کێشەکە ئەوەیە کە ئێمە چیدی ناتوانین ئاسایی بژین، ناتوانین پیاوی ئاسای بین، ئێمە تێکەڵی سیاسەتین، ئێمە چیدی پیاوی سیاسەتین، ئێمە ناتوانین وەک تۆ بیر بکەینەوە ناتوانین دەست بەرداری سیاسەت بین، ئێمە چیدی گرنگی بەجوانی ڕۆحمان نادەین و زۆربەی پیاوەکانی شۆڕش لەدوای شۆڕش پاداشتیان دەوێت، خەڵاتیان دەوێت، پۆستیان دەوێت، دەیانەوێت بەڕێوەبەربن و مەدالیا وەرگرن، دەشێ هەندێ لە پیاوەکان وانەزانن کە لە پێناو خاکدا هیلاک بووبن.

فەرماندە لە ئەوپەڕی نائومێدیدا گوتی مەلەکیان من ناتوانم ئەوو هەموو سیاسیە چاوچنۆکە بەنەخشەکەی

سەری تۆ ڕازی بکەم، ئاخر مەرج نیە هەموو سیاسیەک خاک پەرست بێت، وەک چۆن هەموو هونەرمەندێک داهێنەر نیە و هەموو مامۆستایەک ڕۆشنبیر نیە، مەلەکیانی گوڵ تۆ ئەو ڕۆژە گوتت فەرماندە من دەیان ساڵە چاوەڕێم حەقیقەتێک لەزاری تۆ داکەوێ، حەقیقەتێکی پڕ لە نهێنی، دەیان ساڵە چاوەڕێم باسی هەموو ئەو ماوەیە بکەی کە بەبێ خۆشەویستی ژیاوی، چاوەڕێ بووم ئێوارەیەک بەدەم پیاسەوە بڵێی مەلەک لەشۆڕشدا گشت جوانیەکانمان دۆڕاند، گشت شادیەکانمان لەدەستدا، کەچی فەرماندە دەیگوت مەلەکیان هەقیقەت لەدەمی ئێمەدا زۆر تاڵە پێویستە هەقیقەتەکان لەگەڵ سیاسیەکان بمرن.

حەسەن بەناودارستاندا دوای هەنگاوەکانی مەلەکیانی گوڵ کەوتبوو دەیگوت هەوڵبدە وشە و دیمەنەکانی ئەو ڕۆژەت بیر بێتەوە، ئێستا فەرماندە تێدەگات کە شۆڕشگێڕ دوای ئەو هەموو ساڵەی خەبات ڕۆحی ماندووە و دیمەنەکان لەچاویا ڕەنگی دوکەڵ دەبەخشن، ئەو ئێستا تێدەگات کەشۆڕشگێڕ دوای دەیان ساڵ لە شاخ بەشاخ و سەنگەر بە سەنگەر و زستان بەزستان ماند و دەبێت و پێویستی بەپشوویەکی زۆر هەیە، تۆ ڕاستت کرد هەمووومان پێویستمان بە پشوو هەبوو، پێویست بوو هەمووومان لەگەڵ تۆ لەم باغە پشوو بدەین، دەبوو نەهێڵین تۆ بەتەنها ئەم هەموو قورساییە هەڵگری، دەبوو ئێستا هەمووومان لێرە باین، دەبوو فەرماندە بەژیری خۆی، هەمان ئەو ژیریەی کە لەشاخ سەدان جار حیزبی لە قەیران و فەوتان دەپاراست، ئەمجارەش ڕێگایەک بدۆزێتەوە بۆ پاراستنی کەرامەتی شۆڕش و شۆڕشگێڕان، دەبوو ڕێگایەک بدۆزێتەوە تاقەناعەت بەهەموان بکات.

دەبوو بەهەموانی بگوتبا کە ئەوە دوایین چانسە بۆ بەپیرۆزی مانەوەی شۆڕش و شۆڕش گێڕان، دەبوو کارێکی بکردایە و گشت پیاوەکانی ڕازیکردایە، دەبوو لەشاعیران و نوسەران و هونەرمەندانەوە دەستی پێبکردایە، گروپەکانی شانۆ، چیرۆک نوسەکان، ڕۆمان نوسەکان، گۆرانی بێژەکان، دەشیَ ئەمانە نەخشەکەی سەری تۆیان قبوڵ بکردایە، دەشیَ هەندیَ لە سەرکردەی سوپاکانی شاخ و بەشیَ لەسیاسیەکان کەچاویان لەدەسەڵات و پارە و پول بڕی بوو کێشەیان بۆ فەرماندە دروست دەکرد، دەکرا دواجار ئەوانیش بەهەر نرخیَ بووە ڕازی بکرێن و هەموو پێکەوە دارستانێک ئاوەدان کەینەوە و ببینە هاوڕێی گوڵەکان، بەڵام ئەفسوس مەلەکیان ئەو دەمە کەس لە وشەکانت حاڵی نەدەبوو، کەس نەیدەزانی تۆ باسی چی دەکەی، کەس لەترسی فەرماندە نەیدەوێرا گویَ لە ووشەکانت بگرێت، کەس هەوڵی نەدەدا لەووشەکانت حاڵی ببێت، کە دەتگوت ئەوەی دەیان ساڵ لەشاخ و شۆڕشدا ژیا، ئەوەی دەیان ساڵ تفەنگی ناسی و چاوی بۆ دوژمن گێڕا، ئەوەی دەیان ساڵ بۆنی باروتی هەڵمژی، ئەوەی دەیان ساڵ لەجەنگدا بوو، پێویستە دەیان ساڵیش گوڵ بناسێت و لەگەڵ جوانی یەکان ئاشت بێتەوە، دەبیَ دەیان ساڵ گویَ لە جریوەی چۆلەکەکان بگرێت، دەبێت دەیان ساڵ پشوو بدات و ببێت بە دۆستی لاو لاو و گوڵە باخ و دۆستی سروشت.

حەسەن لەوێدا هەناسەیەک هەڵدەکێشیَ و دەڵیَ مەلەکیان تۆ ڕاستت کرد مرۆڤیَ دەیان ساڵ بەشاخەوە ژیابیَ و دووربیَ لە شار و شەقام و باخچە و گوڵ، دووربیَ لە

پیاسەی ئێواران و جوانیەکانی ژیان، چۆن دەبێت خێرا مەحکومی کەی بەژیانی ناوشار، چۆن دەکرێت بەرلەوەی گوڵەکانی پێ بناسێنی، مەحکومی کەی بە بەڕێوەبردنی نیشتیمان، تۆ ڕاستت کرد دەبوو هەموومان بهاتباین لەم دارستانە فێری یاساکانی ژیان بین، فێری یاساکانی خۆشەویستی نێوان گوڵ و پەپولە بین، لەگوڵەوە فێری بەخشین بین.

تۆ گوتت فەرماندە دەچین دوای دەیان ساڵ بە دونیایەک جوانیەوە دێینەوە بۆ شار، بە دونیایەک عیشقەوە دێینەوە، گوتت کاتێ دێینەوە باوەشمان پڕە لە سەوزی و نیگامان گوڵ دەگرێت و هەنگاومان پڕە لە عیشق، بەڵام مەلەکیانی هاوڕێم کەس لەووشەکانت حاڵی نەدەبوو، لەبیرتە شێرەی خولە بۆر دەیگوت ئێمە شۆڕشمان بۆخۆمان کرد، شۆڕشمان بۆ ئەوە کرد تا خۆمان خاوەنی هەموو شتێ بین ، ڕەشەی مچە شێت دەیگوت ئێمە شۆڕشمان بۆ ئەوە نەکردووە تا دوای ئازادی نیشتیمان تەسلیمی هەتیوو مەتیووی بکەین، عەبەی عەوڵا سوور دەیگووت مەلەکیان دەیەوێت ئەم وولاتە بدەینە دەست ئەوو پیاوانەی کە ڕەنگی ژن دەدەن و وەک کچ بیر دەکەنەوە، مەلا شێرکۆی سیاسیش دەیگوت فەرماندە گوێ لە مەلەکیان مەگرە من دەمێکە دڵنیام ئەم پیاوە ئەقڵی لەدەست داوە، خۆشێت تەنها ئەوە نیە کە بەرگێکی چڵکنی پۆشیبێت و بەسەر شەقامەکانەوە توێکڵی شوتی بلێسێتەوە، ئەی لەبیرتە حەمەی ئامە درێژ دەهاتە پێشەوە و دەیگوت ئێمە دەیان ساڵە چاوەڕێی ئەمرۆین کەچی تۆش دەڵێی پێویستە پشوو بدەین.

عەزیزی من مەلەکیانی گوڵ ئێمە لە ئەندێشەکانی تۆ تێنەگەشتین و هەستمان بە ڕوئیاکانی تۆ نەکرد، ئەفسوس ئێمە نەمانتوانی وەک تۆ بەپیرۆزیەوە بمێنینەوە، ئێمە لەناشرینیەکان گلاین، دەستمان چوویە خوێنی براکانمان و کۆتایمان بۆ چیرۆکی یەکدی دادەنا و لەخوێنی سەری یەکمان دەخواردەوە.

بەڵام مەلەکیانی گوڵ عەزیزی من ڕۆچوون بەڕابردوودا هیچ سەوز ناکات، ئەوە گرنگ نیە کە لە ڕابـردوودا چی ڕوویدا و چی کرا و کێ چی بوو، کێ چی کرد، ئەوە گرنگ نیە، کێ لە ناشیرینی گلاوە و کێ بەجوانی ماوەتەوە، نا عەزیزی من، پێویستە ڕابردوو بەجوانی وناشیرینیەوە بۆ مێژوو بەجێ بهێڵین، ئەوە ئیشی مێژوو نوسەکانە با ئەوان ئەوە بنوسنەوە، کاری ئێمە ئێستایە، من لە پێناو ئێستای نیشتیماندا لێرەم، ئێستا لە هەموو شتێ گرنگترە، من بۆ ئەوە هاتووم تا لەخەمی ئێستای نیشتیماندا بین.

حەسەن دەڵێ : دواین جار کە فەرماندەم بینی گوتی تەنها مەلەکیان دەتوانێ نیشتیمان لەم قەیرانە دەرباز بکات، تەنها مەلەکیان ناشرینی ئێستای پێ چارەسەر دەکرێت، فەرماندە گوتی هۆی سەرکەوتنی شۆڕش دەگەڕێتەوە بۆ ژیری مەلەکیان و کۆساری حەکیم و هەندێک پیاوی پیرۆز کە دەیان جار شۆڕشان لە هەرەس پاراستووە، گوتی بەڵام دۆزینەوەی کۆسار و پیاوە پیرۆزەکانی دیکە ئاسان نیە دەبێ مەلەکیان بدۆزرێتەوە، هەر ئەویش ناونیشانی ئێرەی پێدام ئەو گوتی مەلەکیان ئێستا باغەوانی گوڵەکانە بڕۆ ناو گوڵەکانی بۆ بگەڕێ، سەوزی لە هەرکوێ هەبێ ئەو لەوێیە، بڕۆ مەلەکیان لە ناو جوانیەکانی دونیادا بیدۆزەرەوە، گوتی

برۆ تا ئەو سەری دونیا، دوای تیشکی خۆر بکەوە، جێگا پێی تریفەی مانگ هەڵگرە، لەنەسیمی بەیاندا بۆ مەلەکیان بگەڕێ. لەهەرکوێ جوانی هەبوو ئەو لەوێیە.

حەسەن لەبنی دارێکدا مەلەکیان ڕادەگرێت و بە قوڵی لە چاوەکانی دەڕوانێت و دەست دەخاتە سەرشانی و دەڵێ : مەلەکیانی گوڵ فەرماندە نیازی هەڵگیرسانی شۆڕشی هەیە، دەیەوێ شۆڕشێکی دیکە دروست بکاتەوە، دەیەوێ تۆ ڕابەرایەتی شۆڕشێک بکەی شۆڕشێک لەدژی گشت ناشرینیەکانی نیشتیمان، لەدژی هەموو پیاوە چەپەڵەکان و هەموو ئەوانەی کە بوون بە میکرۆب بەسەر دڵی خاکەوە، ئەو پیاوانەی کە جگە لە کورسی و پارە و ژن هیچی دیکە ناناسن، ئەوو پیاوانەی کە لەهەرکوێ هەبن ژینگەیئەوو شوێنە پیس دەکەن و هیچ بەرنامەیەکیان نیە بۆ ژیان، شۆڕشێک لەدژی پیاوە داڕوخاوەکان، پیاوانی جەللاد، پیاوانی کورسی ئەبەدیەت، پیاوانی ئاغای ئەزەلی، فەرماندە دەیەوێ تۆ لەگەڵ من بێیتەوە بۆ نیشتیمان و شۆڕشێک لەدژی نایەکسانی و ناعەدالەتیەکان بەرپاکەیت،

حەسەن هەناسەیەک هەڵدەکێشێت و دەستی لەسەرشانی مەلەک دادەگرێت و دەڵێ تۆ دەبێت شۆڕشێک بەرپاکەیت تا ئامانجی گشت شۆڕشەکان وەدی بێت، تا ئەوەی لە ڕابردودا بە ئاشتی نەهاتۆتەدی لەو شۆڕشەدا وەدی بهێنین، فەرماندە دەڵێت پیاوانی چەشنی مشک لە ئاشتیدا گەشەدەکەن، دەڵێت پێویستە ئەو مشکانەی کە تەنها شتەکان پۆخڵەدەن بەشۆڕشێک لەناو ببرێن، شۆڕشێک کۆتای بۆ گشت ناشیرینیەکان دانێت، فەرماندە

دەڵێت ئێستا نابوتیەکان هێندە زۆرە جگە لە شۆڕش هیچ شتێ ناتوانێ بەگژیاندا بچێت، دەڵێ ناشیرینی خەریکە جوانی لە بەین دەبات، فەرماندە دەڵێت تەنها بە شۆڕش دەکرێت بەگژ شۆڕشگێڕانی نابوتدا بچیتەوە، مەلەکیانی گوڵ هەوڵبدە تێبگە، تۆ دەبێت بێیتەوە بۆ نیشتیمان و شۆڕشێ بەرپاکەی، شۆڕشێ بۆ ڕێککردنەوەی لاریەکان، ئێستا نەگریسی نیشتیمانی وێران کردووە، ئێستا تەنانەت موزەفەری شاعیریش، ئەو پیاوەی کە گەورەترین پشتیوانی شۆڕش و پیاوەکانی شۆڕش بوو لە داخی کۆمەڵێک پیاوی نەگریس ڕووی نایە شانازی بە شۆڕشەوە بکات، دەمێکە خۆی لە چاوەکانی نیشتیمان شاردۆتەوە دەمێکە خەڵوەتی هەڵبژاردووە، پێش ئەوەی خەڵوەتی شاعیریەتی بچێژێت خەڵوەتی ئابڕوو نەچونی هەڵبژارد، ئەو پیاوەی کە بە شیعرەکانی گوێی ڕژێمی هەراسان کرد بوو و هەزاران لاوی کردە قوربانی نیشتیمان، ئێستا لە تاو ناشیرینیەکانی دوای شۆڕش لە ڕوی هەڵنایە خۆی بکات بە خاوەنی شۆڕش، شیعرە نیشتیمانیەکانی سوتاندووە، بەڵێ ئەوە نیشتیمانەکەی دوای شۆڕشە، بەهمەنی بولبولیش هیچ ئاسەواریکی دیار نیە، کەس نازانیت ناحەزێکی شۆڕش لەناوی بردووە یان وەک زۆربەی پیاوەکانی کە خەڵوەتی هەڵبژاردووە، بۆیە مەلەک پێویستە تۆ بێیتەوە و شۆڕشێ لە دژی ئەو پیاوانە بەر پابکەیت، کە نیشتیمانیان بەم دەردە برد.

ئەوان بەرێدەکەونەوە و دارستان و نیشتیمانی گوڵ لەبەرپێیاندا درێژ ترو درێژ تر دەبێتەوە و هەردەڕۆن و هەر گوڵ دەبێت، هەردەڕن و گوڵ کۆتایی نایەت تا

سنووری بینای گوڵ دەبێت، نیشتیمانێک لەگوڵ، لە جوانی دەتگوت  سروشت بەشێکی جوانیەکانی دونیای لەوێدا جێگیر کردووە.

مەلەکیان نیگا لە دوور دەبڕێت و لەپڕ ئاوڕی دەداتەوە و دەڵێت حەسەنی ئایشێ تەماشای نیشتیمانەکەی من کە، تەماشای مەملەکەتی گوڵ کە، تەماشاکە سپێدان من نیگام بەچی دەشۆمەوە و ئێواران بەچی مەست دەبم و شەوانە چی دێتە نێوو خەونەکانمەوە، تاماشاکە نیشتیمانێک لەگوڵ، مەملەکەتێک لەبۆن، جیهانێک لەجوانی، تەماشاکە عەزیزی من ئەمە چ نیشتیمانێکە من هەمە، ئەها تەماشای گوڵ بکە ئەوە مۆرد و پونگە و شەوبۆ و پۆتپۆری و نەسرین و پاچن و گوڵە باخی مسکی و پێقازە و تارا و وەنەوشە و حەتمەتۆکە و ئەستری و ڕازیانە و یامە

بەڵام حەسەن دەیگوت تۆ دەبێت شۆڕشێ بەرپاکەی شۆڕشێ دژی گشت ناشیرینیەکان دژی هەموو ئەوانەی لەژێر سێبەری شۆڕشدا دەبنە جەللاد، سەرمایەدار، دیکتاتۆر، تۆ دەبێ شۆڕش بەرپاکەی دژی هەموو ئەوانە، عەزیزم ئەوەی بەشۆڕش هات تەنها بەشۆڕش دەڕوات، ئەوەی بەشۆڕش هات بڕوای بەهیچ نیە جگە لەشۆڕش.

مەلەکیانی ئەزیز ئێستا هیچ شتێ لەژێر کۆنترۆڵدا نەماوە، تەنانەت ناتوانین دەست بەسەر بیرکردنەوەی کوڕەکانی خۆماندا بگرین، ناتوانین ڕێ لەهەنگاوێکی ناشیرین بگرین، هیچ شتێ لەژێر دەسەڵاتی ئێمەدا نەماوە  و ناشیرینی باڵی بەسەر ژیاندا کێشاوە. ئێستا فەرماندە منی ناردووە تا تۆ ڕازی بکەم بەهەڵگیرساندنی شۆڕشێ بۆ هێنانەوەی جوانیەکان.

تائەوکاتە مەلەک گوێی لەحەسەن گرتبوو چاوی بڕیبووە چاوی، لەوێدا قسەکانی پێ دەبڕێت و دەڵێ حەسەنی برام لەیەکەم ساتی بینینتەوە هەموو شتێکم لەچاوتا بینی، گشت جەنگەکانی نیشتمان، کاڵبوونەوەکانی شۆڕشگێڕان، ناشیرینیەکانی خاک، گشت ناعەدالەتیەکان، هەموو شتەکانم لەچاوتا بینی. تەنانەت دەستەپاچەیی فەرماندەشم لەچاوتا بینی. بەڵام لە وشەکانت دەترسام دەموویست لەبیرت بەرمەوە کە بۆچی هاتووی بۆئێرە.

دەموویست باسی شۆڕش و ڕابردوو نەکەی، دەمویست داهاتوویەکت بۆدروست کەم پڕ لەبۆنی گوڵ و ڕێحانە، پڕ لەجوانی سروست و بەرائەتی باڵندە و ئاژەڵەکان ، بەڵام حەسەن هەنوس لەڕابردوودا دەژیت و سینەت پڕە لەبۆنی شۆڕش و بڕوات بەبۆنی باروت ماوە، ئەشێ سەردەمی شۆڕش بەسەرچوبێ، ئەشێ کەس بڕوای بەشۆڕش نەمابێ و مانای شۆڕش گۆڕانی بەسەردا هاتبێ، ئەشێ بیرکردنەوەی مرۆڤەکان جۆرێکی کەبێ.

حەسەن دەڵێ : نا، نا، مەلەکیان مانای شۆڕش لەجێگای خۆیدایە ئێستا هەمان سەردەمی شۆڕش و شۆڕشگێڕیە. هیچ شتێ نەگۆڕاوە جگەلەڕواڵەتی هەندێ شتی بچوک نەبێ. مرۆڤەکانی نیشتمان ئێستاش بەهەمان بیرکردنەوەی پەنجا ساڵ پێشتر بیردەکەنەوە، ئێستاش گەنجی نیشتمان تەنها ڕابەرێکیان پێویستە کەتۆی، تەنها کەسێکیان دەوێ ئاڵای شۆڕش بەرزکاتەوە. ئێستاش لاوان وەک زەمەنی شاخی ئێمە بیر دەکەنەوە و تەنها بیانویەکیان دەوێ بۆدروستکردنی شۆڕش، دڵنیابە ئەوبیانوەش تۆیت، بیانویەکیان ئەوێ کەخۆیان بەقارەمانێکی پیرۆزدا هەڵسپێرن.

مەلەکیان: بەڵام ئێستا کێ بڕوا بەحەقیقەتی من دەکا. ئەی کەس نالێ ئەم پیاوە پیرۆزە تا ئێستا لەکوێ بوو، کەس نالێ بیست ساڵە بۆدەنگی نیە و ئەم پیاوە بۆچی چیرۆکی مەرگی خۆی دروست کرد، تۆ بڵێنی خاک پیاوێکی تیا نەبێت ئەم کۆدانە بخوێنێتەوە.

حەسەن: – نا... مەلەکیانی گوڵ تۆ هەست ناکەی فەرماندە چۆن هەموو شتێکی ڕێکخستووە، تۆ تەنها هێندەت لەسەرە ئێزگەیەک و تیڤی یەکی تایبەت بەخۆت هەبێ و لێوەی لەدژی فەرماندە و ئێمە بوەستی و لەکەناڵەکەی خۆتەوە ناشیرینی ئێمە ئاشکراکەی و ببیتە دوژمنی سەرسەختی ئێمە، ئیدی تۆ کارت بەسەرهیچەوە نەبێت ئێمە خۆمان هەموو شتێ بەڕێوە دەبەین و لای میللەت تۆ وەک قارەمانێکی ئەفسانەیی و سوارچاکی فریاد ڕەسی میللەت لێدەکەین، کارێک دەکەین خەڵک تۆ وەک موحەمەدی مەهدی سەیر بکات، کارێک دەکەین دوژمنەکانمان پێش دۆستەکانمان ببنە پشتیوانت، تۆ خەمی هیچت نەبێت ئێستا میللەت لەو پەڕی نائومێدیدایە بەدەست ناشرینی هەندێ لەشۆڕشگێڕانمانەوە، کەتۆ هاتی گشت مرۆڤە نائومێدەکان دێنە قەڵاکەت و لای تۆدەبنە شۆڕشگێڕ عەیارە بیست و چوار ئیدی لەکەمترین ماوەدا شۆڕشی گەورەی مەلەکیان سەردەگرێ.

مەلەکیان تۆخەمی هیچت نەبێ کەتۆهاتی و شۆڕشت دەست پێکرد ئێمەش فەرماندە جێ دەهێڵین ئەمە فەرمانی فەرماندەیە تەنها فەرماندە و پیاوە ناشیرینەکان دەهێڵینەوە، ئەوپیاوانەی کەدەبێ ببنە خۆراکی یاریەکەمان، ئیدی فەرماندە خۆی یاریەکە بەرە و کۆتایی دەبات و بەکۆتایی

هاتنی یاریەکەش پیاوە نەگریسەکانی شۆڕشەکەش کۆتاییان دێت. فەرماندە دەڵێت ئێمە دونیامان کردۆتە دوژمنی خۆمان بۆ ئەوەی لەم تاریکستانە ڕزگارمان بیچت ئەبێ شۆڕشێک لە دژی خۆمان بەرپابکەین، پێش ئەوەی کە شۆڕشمان لەدژ بەرپا بکرێت.

مەلەکیان بەنائومێدیەوە دەڵێ : بەڵام حەسەنی ئایشێ ئەمە یاریەکی بێ خوین نابێ ئەمە کۆتاییەکی پیرۆز نابێت، ئەشێ من نەتوانم، ئەم یاریە دەست پێبکەم، ئەشێ نەتوانم نەخشەکەی سەری فەرماندە جێ بەجێ کەم، ئەشێ هەر لە سەرەتاوە بەشداری کردنم لەشۆڕشدا گەورەترین هەڵەی ژیانم بوو بێت، نەک لەبەر ئەوەی ئامانجی شۆڕش وەدی نایەت، ئەمە مەسەلەیەکی ترە، لەبەر ئەوەی کەمن پیاوێکی هەستیارم، پیاوێکم هەست بەئازارەکان دەکەم. تۆنازانی بەدرێژایی تەمەنی شۆڕش لەگەڵ تەرمەکاندا چەندە ئازارم دەکێشا، تۆ دەزانی سەدان جار بەدیار ئازاری برینی پێشمەرگە و سەربازەکانەوە لەهۆش چووم، سیاسەت مرۆڤی هەستیاری خۆش ناوێ و جوانیەکانی ناوەوەی مرۆڤ لەناو دەبات، سیاسەت هیچ شتێ بەپیرۆزی ناهێڵێتەوە و هەموو شتێ بارگاوی دەکات بەگوناە، ئەشێ جارێکی کەنەتوانم خۆم بارگاوی کەم بەسیاسەت ئەشێ تەکنیکی جەنگم لەبیرچووبێتەوە، ئەشێ شارەزایی درۆی سیاسەتم نەمابێت، ئەشێ نەتوانم بەدرۆوە زەردەخەنە ببەخشم و بەدرۆوە بگریم، ئەشێ چیدی توانای نمایشم نەمابێ، سیاسەت پیاوی نمایشکاری دەوێت، پیاوێک هەر ڕۆژەی دەوری کارەکتەرێک ببینێت.

حەسەن دەشێ تۆ لە هەموو کەس باشتر بمناسی لەشۆڕش و زەمەنی شاخدا هەمیشە بەدوای بیانویەکدا دەگەڕام، تا خۆم لەشۆڕش و سیاسەت بدزمەوە، بەڕاستی ئەم هەستەم وەختێ ڕوونتر سەری هەڵدا کەهاتمە سەرکردایەتی لەوێ ناشرینیەکان ڕونتر دەرکەوتن، هەمیشە ناشرینی لەسەرەوە بۆخوارەوە شۆڕدەبێتەوە، تا لەخوارەوە بووم کەمترین ناشیرینیم دەبینی، بەڵام کەناشرینی سەرکردایەتیم بینی هەستی دوورکەوتنەوە لەسیاسەت کەوتە سەرم لەبیرت دێ حەسەن لەشەڕی دۆڵە ڕووت گوتم کەشۆڕش تەواوبوو دەبمە باغەوانی گوڵەکان، تۆپێکەنینت دەهات و دەتگوت عەمباری خوێن کەی دەبێتە باغەوانی گوڵ، دەتگوت دەستێ پڕبێ لەخوێن کەی دەتوانێ ئاوی گوڵ بدات، بەڵام تەواوبونی شۆڕش ئەو هیوایەی پێبەخشیم و کردمی بەپاسەوانی گوڵەکان، بەڵام حەسەن بیست ساڵە دوور لەدرۆی سیاسەت دەژیم، بیست ساڵە دوور لەناشیرینی دەژیم، بیست ساڵە سیمای پیاوە گرگنەکانی سیاسەت نابینم، ئێستا چۆن داوام لێدەکەی سەرۆکایەتی شۆڕشێ لەئەستۆ بگرم،

حەسەنی ئایشێ دەڵێ : مەلەکیان ئێمە دەمانەوێ ئومێدەکەی تۆ وەدی بهێنین، دەمانەوێ ناشرینی کۆتایی پێ بهێنین، دەمانەوێ رۆحی جوانی لەبەین نەچێ و چیدی سیاسەت و پیاوەکانی سیاسەت یاری بە چاەنوسی میللەتەوە نەکەن، هەمیشە هەروا بووە پیاوەکانی سیاسەت یاریان بە چارەنوسی دونیا کردووە، ئەمەی ئێوەش ترسناکترین یاریە کە بە چارەنوسی میللەتەوە دەکرێت.

مەلەکیان: ناشیرینی هەرگیز لەبەین ناچێ، هەرگیز کۆتایی پێ نایە، جوانی و ناشرینی دوو ڕووی یەک

مەعدەنە، تاجوانی هەبێ ناشرینی هەردەمێنێ، ناشیرینی بۆیە هەیە تا جوانیەکان جوانتر ببن، پێ ناچێ هیچ هێزێک هەبێ بتوانێ کۆتایی بەناشرینی بهێنێ، ئەگەر بتوانرایە کۆتایی بەناشرینی بهێنرێت ئەوا لەبنەڕەتدا ناشرینی دروست نەدەبوو.

حەسەنی ئایشێ دەڵێ : مەلەکیانی برام تۆ ڕووە جوانەکەی ئێمەی تۆ هەمیشە لەجوانی خۆتەوە تەماشای شتەکان دەکەی ئەزیزی من ئێستا بەو جۆرە نیە کەتۆ بیری لێ دەکەیتەوە، ناشرینی خەریکە جوانی لەناودەبات، ناشیرینی هەندێ لە پیاوەکانی حیزب خەریکە نیشتمان دەسوتێنێ. خەریکە مەترێ خاک بەجوانی نامێنێتەوە، تەماشاکە عەزیزی من هەندێ لەپیاوەکان بوونەتە خاوەنی نیشتمان، بوونەتە ئاغا بوونەتە بارزرگان، بوونەتە خاوەن کۆشک و تەلار، بوونەتە خاوەنی گشت سەروەتی نیشتمان و سەدان هەزار لاوی خوێن گەرم ناتوانن هێلانەیەک بۆخۆشەویستەکانیان دروست کەن .

ئێستا کەس ئاوڕ لە بێکەسی ئامەخان ناداتەوە ئەو ژنەی کە ئێوارەیەک تەرمی دوو کوڕەکەیمان ناردەوە بۆ بەردەرگاکەی، کەس بیر لە ڕەشپۆشی ژنەکان ناکاتەوە، کەس شەویک سلاوێکی لەخانم نەکرد، ئەو ژنەی کە هەموو تەمەنی بە عیشقی کۆساری حەکیمەوە ژیا، کەس سلاوێک لە نەجمەدینی بەنا ناکات، ئەو پیاوە ئێستا کەوتۆتە سەر جادە و وەک شێتێک دێت و دەچێت، ئەو ئەگەر ئاوڕی لێبدرایەتەوە بۆچی دەکەوتە سەرجادە، ئێستا کاتی زێڕینی پیاوە نەگریسەکانە سەردەمی بەرزانی عولەیە، ئەو پیاوە ئێستا نوسینگەکەی پڕ کردووە لە کچە

نازدارەکانی نیشیمان و بەهۆی پارە و پۆست و فریودانەوە بە جەستەی هەموویان دەگات و نیشتیمان بەبارێکی گەورە دەزانێت و لەهەموو سوچێکیدا بە مافی خۆی دەزانێت خۆی مەست کات و برشێتەوە و شەهوەتی برژێت، لەولاشەوە عوسمانی پۆلا لەشەڕی براکاندا قاچەکانی لەدەست دەدات و دەبێت بۆ ئەوەی موچەیەکی بۆ ببڕنەوە بچێت لە بەرزان بپاڕێتەوە تا موچەکەی نەبڕن.

تەماشاکە مەلەک گشت دەزگاکانی نیشتمان لەژێر دەستی پیاوە ناشرینەکاندایە، ئێستا نیشتمان هەندێک لەپیاوەکانی شاخ ئەو پیاوانەی کە تروسکاییەک ئومێدی ژیانیان لێ نەدەکرا بەڕێوەی دەبەن، عەزیزم ئەو پیاوانە بەڕێوەی دەبەن کەهەمیشە تۆ دەتگوت داگیرکەر زۆر لەم پیاوانە زیاتر قەدری نیشتمان دەزانێت، تۆ ڕاستت دەکرد هیچ شتێ ئەو پیاوانە بەخاکەوە نابەستێ، ئەوان نەعیشقی خاک لەدڵیاندا هەبوو نەمەعشوقەیەک لەدڵیاندا هەبوو، نەژیان دۆست بوون، تەنانەت ئەو پیاوانە خۆشیان خۆش نەدەویست ئێستا نیشتیمان بەدەست کۆمەڵێ پیاوەوەیە کەهیچ نەبوون جگە لەکۆمەڵێ پیاوی عاشقی تفەنگ عاشقی چەک عاشقی خوێن و کوشتن.

ئەو پیاوانەی کەدەتگوت سروشت تەنها بۆجەنگی خولقاندون و پێیان خۆش بوو شۆڕش هەرگیز تەواو نەبێ تائەوان لەجەنگ بەردەوام بن، ئێستا نیشتمان بەدەستی ئەو پیاوانەوەیە کەلەعیشقیان بۆتفەنگ بەشداریان لەدەیان شۆرشداکردووە و لەگشت شۆڕشەکاندا سەرکردایەتی سوپاکانیان کردبووە تا باشتر نەیارەکان بکوژن، ئەوان

هەرگیز لەناسنامەی شۆڕش و دوژمنیان نەپرسی بوو، هەرگیز نەیان دەزانی ئامانجی شۆڕش چیە و دوژمنی نیشتمان کێیە، ئەسڵەن ئەوان لەگەڵ دوژمنی شۆڕش لەجەنگدابوون، دوژمنی نیشتمانیان نەدەناسی، ئەوان نەیان دەزانی فەلسەفەی شۆڕش چیە، تەنها کۆمەڵێ پیاوی خولقاو بوون بۆ جەنگ کەلەمپەری ڕێگاکانی خۆیان لادەبرد، لەمپەری ئەو ڕێگایانەی کەبەرەو دونیای جەللادی دەبردن.

ئێستا خاک لەژێرپێی ئەو پیاوانەدایە و ئەوپیاوانە بۆ ڕازی کردنی ئەهریمەنەکەی دەرونیان ئەو ئەهریمەنەی کەهۆگری جەنگە هەر ڕۆژەی جەنگ بەبەشێ لەنیشتمان دەفرۆشن و هەرساتەی بەبیانویەک بەشێ لەخاک دەسوتێنن.

ئەوان شەیدای جەنگن جەنگ لەناویاندایە و دەڵێی بۆجەنگ خولقاون، ئەشێ بەنەبوونی جەنگ ئازاری ناخ بکێشن، ئەشێ ئەو دەیان ساڵە لەشاخ هۆگری جەنگ بووبن و ئێستا بیانویەکی بچوکیان بۆ هەڵگیرسانی گەورەترین جەنگ پێبێت، بەڵام کەس بەرگەی بیانووەکانی ئەوان ناگرێ.

حەسەن دەڵێ مەلەکیان تۆ دەبێ ئەمە بکەی دەبێ سەرۆکایەتی ئەم شۆڕشە لەئەستۆبگری، مەلەکیان لەهەمووی ترسناکتر ئەوەیە ئەم پیاوە جەنگاوەرانە لەترۆپکی دەسەڵاتدان ناوەندی بڕیار لای ئەوانە، ئەوان بڕیاری جەنگەکان دەردەکەن، ئەوان بەبێ خوێن واز لەدەسەڵات ناهێنن و لەپێناو ئەو کورسیەدا دوور نیە نیشتمان بسوتێنن و خاکەکەی بفرۆشن، ئەزیزی من

ئــەوان هەموو شــتێ دەکــەن و هەموو شــتێ دەدۆڕێنن و گرنگــی بەهیچ نادەن لەپێناو بەردەوامی جەنگدا، مەلەک لێم تێبگە ئەوان عاشقی جەنگن و خولقاوی جەنگن، تەنها جەنگ کۆتاییان پێدێنێ، جگە لەجەنگ ئاشــنای شادی و ژیان نین، تەنها لەگەڵ جەنگ دۆستن.

مەلەکیان لەوێدا بەزەردەخەنەیەکەوە تەماشای حەسەن دەکات و بەئەسپایی دەڵێت حەسەن هێندە ئاسان نیە کەئێوە بیری لێدەکەنەوە، تۆ بەشێوەیەک باسی ئەم مەسەلەیە دەکەی دەڵێی باسی لابردنی شتێکی ئاسایی دەکەیت و عەزیزم لابردن بەو شێوەیە نیە کەئێوە بیری لێ دەکەنەوە، تۆدەڵێی شۆڕشێ لەدژی ئەو پیاوە ناشرینانە بەرپاکەم، بەڵام خۆ دەبێ کۆمەڵێ پیاو بۆ جێگای ئەو پیاوانە ئامادەکەم، دەبێ کۆمەڵێ پیاو بۆ قوربانی ئامادەکەم، دەبێ کۆمەڵێ بۆ سوتان ئامادەکەم، ئاخر پێم بڵێ ئایا لەبنەڕەتدا من چی دەکەم، ناشرینی دەگۆڕم بەجوانی ئایا خودی شۆڕش ئەمەی پێدەکرێ، حەسەن هەوڵ بدە لێم تێ بگەی تۆدەتەوێ هەمان ئەو شۆڕشە دووبارەکەمەوە کەهەمان ئەم ناشرینیانەی بەرهەم هێنا.

مەلەک بــەردەوام دەبێت و دەڵــێ : تۆ و فەرماندە دەتانــەوێ دوای سەرکەوتنی شۆڕش هەمان ناشرینی ئێستا دووبارە ببێتەوە، دەتانەوێ منیش لەناشرینی بئاڵێنن، دەتانەوێ هەمان هەڵەی بەرلە دەیان ساڵ دووبارەکەمەوە، ناعەزیزی من نا حەسەنی دۆست هەر لەسەرەتاشەوە بەشداری کردنم لەشۆڕش یەکێ لەو هەڵە گەورانەم بوو کەدەبوو بمکردایە، دەبوو ئەو هەڵەیەم بکردایە چونکە

نەحەقیقەتم لابوو، نە شۆڕشم دەناسی، نەدەمزانی شۆڕش کێ بەڕێوەی دەبات، حەسەنی ئایشێ ئەوەی فەرماندە تۆی بۆ ناردووە و دەی هەوێ، ئەوەی ئەو هەموو ڕێگایەت لەپێناویدا بڕیوە و تۆ و فەرماندە ناوتان لێ ناوە شۆڕش بۆ ڕاستکردنەوەی ناشرینیەکان و چاککردنەوەی هەڵەکان و کۆتایی هێنان بەدەسەڵاتی پیاوە گرگنەکان، دڵنیابە دووبارە هێنانەوەی نابوتیەکانی ڕابردووە .

حەسەنی ئایشێ بەچاوی نائومێدیەوە لەمەلەکیانی دەڕوانی و دەیویست شتێ بڵێ بەڵام مەلەکیان بەردەوام دەبوو لەسەر قسەکانی و دەیگوت حەسەن ئەشێ هەر لەئەزەلەوە وشەی شۆڕش بەهەڵە هاتبێ، ڕەنگە شۆڕش نائومێدی دروستی بکات، وەک دواین ڕێگا، دواین چارەسەر، دواین هەنگاو بۆگێڕانەوەی ئومێد، بۆ گێڕانەوەی ئەوەی کەبەئاشتی نادرێ، بەڵام خودی شۆڕش خوێن دەڕێژێ، دەسوتێنێ، دەکوژێ، ئاخر ئەمەجۆرێکە لەنائومێدی بەخشینەوە، ئەمە جۆریکە لە خۆکوشتن بە ئارامی.

ئەوان بەناو گوڵدا دەڕۆن و هەست بەو هەموو گوڵناکەن و مەلەک بەردەوام قسەدەکات و حەسەن گوێدەگرێت کە دەڵێ تەماشاکە حەسەن تەماشاکە بزانە کێن ئەوانەی دەچنە ناوو شۆڕشەکانەوە، هەمیشە مرۆڤە برسیەکان و چەوساوەکان و کۆیلەکان و ئەوانەی کەمافیان نادرێتێ دەچنە ناوو شۆڕشەوە، بەڵام ئایا تۆ و فەرماندە لەوە تێدەگەن کەڕوودەدات، ئێوە دەزانن کە چەوساوە و برسی و کۆیلە و بێ ماف هەرگیز وەک پێویست حەقیقەت ناناسێ و ناتوانێ ببێتە حاکم، ئاخر مرۆڤی برسی چاوی لەپارە تێر نابێ و مرۆڤی چەوساوە دەبێتە چەوسێنەر

و مرۆڤی کۆیلە بەدوای تۆڵەدا دەگەڕێ، چونکە خاوەنی ڕقێکی پیرۆزە، ڕقێک کەبەهیچ شتێ کۆتایی نایەت و گشت تەمەنی تیایدا دەژی و هەردەم لەسەنگەری تۆڵەکردنەوەدا دەبێت، تۆڵەکردنەوە لەکۆمەڵگا ئەوانەی خوارەوەی خۆی، ئەوان کۆمەڵگا بەسەرچاوەی چەوساندنەوەکانیان دەزانن، ئاخر مرۆڤی چەوساوە بەزەیی لەچاوی کۆمەڵگادا نەدیوە و گشت تەمەنی ژێر دەستە بووە و دونیایەک ئازاری بەدەست کۆمەڵگاو یاساکان و سیاسەت و ڕژێمەکانەوە بینیوە، ئیدی ناتوانێ خۆی لەتۆڵە کردنەوە بدزێتەوە، ناتوانێ لە ئەوانەی خوارەوەی خۆی ببورێ لەکاتێکدا ئەوانە بەسەرچاوەی گست ئازارەکانی ناوەوەی دەزانێ، حەسەنی ئایشێ بیهێنە پێش چاوی خۆت مرۆڤێ دەیان ساڵ لە زەهالەتدا ژیابێ، دەیان ساڵ بەکۆیلایەتی ژیابێ و لەلایەن کۆمەڵێ پیاوەوە دونیایەک ئازاری چەشتبێ کەچوویە سەرکورسی دەسەڵات چۆن ئەو حەقیقەتە لەبیر دەکات، چۆن دەتوانێ دەست لەتۆڵە سەندنەوە هەڵگرێت.

مەلەک درێژە بەقسەکانی دەدات و دەڵێ هاوڕێ لەبیرت دێت لەشاخ گەر لە شەڕێکدا زۆر ئازارمان بچەشتایە یان شەهیدمان هەبووایە لەتۆڵەدا هیچ دیلمان ڕانەدەگرت و هەموو سەربازەکانمان دەکوشت و تۆڵەمان لەگشت ئەو پیاوانە دەکردەوە کەئازاری خانەوادەکانی شۆڕشیان دەدا، لەبیرت دێت چ سزایەکی خۆفرۆشانمان دەدا، عەزیزی من هەستی تۆڵەکردنەوە کە شۆڕش ناوی نابوو ڕقی پیرۆز، ژیانی شۆڕشگێڕ داگیردەکات، ئەو هەستی ڕق لێبوونەوەیە شۆڕشگێڕ کوێردەکات بەجۆرێک کەجگە لەبیرکردنەوە لەتۆڵە بیر لەهیچی دیکە ناکاتەوە.

ئیدی ئەو شۆڕشگێڕەی کە کۆیلایەتی ناردویێتیە ناو شۆڕش ناتوانێ بەچاوی ژیان دۆستیەوە بڕوانێ و ئازادی ڕەها ببەخشێ بەوانەی خوارەوەی خۆی، چیدی مرۆڤ دروست و عادیل نابێت، چونکە ئازادی بەخۆی نەبەخشراوە و فێری ژیان دۆستی نەکراوە و ئەوانەی سەرەوەی خۆی یەکسانیان پێ نەبەخشیوە، ناتوانێ پیاوێکی تەندروست بێ، چونکە شادی ناناسێ و نامۆیە بەپێکەنین و خاڵیە لەجوانی و لەژیان دۆستی و عیشق. خاڵیە لەئاوازی گۆرانی ژیان، چونکە چەوساوەکان منالێەکی تەندروست نەژیاون و تێریان لەیاریەکانی منالی نەخواردووە و لاوێتیەکی تەواویان نەبووە و گەنجی وەک خۆی بەسەریاندا تێنەپەڕیوە و چێژیان لەقۆناغەکانی تەمەنیان وەرنەگرتووە، دواجار ئەم مرۆڤانە هەست بەبۆشاییەکی گەورە دەکەن، بۆشاییەک دەکەوێتە ژیانیان کەبەهیچ شتێ پڕ نابێتەوە، ئەوان گشت دەروازەکان تاقی دەکەنەوە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە، ئەوەی کەلەئەنجامی نامۆیی قۆناغەکانی تەمەنیاندا دروست بووە، ئەو بۆشاییەی کەلەهەست نەکردن بەمندالی و لاوێتی و گەنجیدا دروست بووە و هەمیشە دەگەڕێن تا ئەو بۆشاییانە پڕبکەنەوە، بەلام چیدی زەمەنی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانە بەسەرچووە، ئەوان دەبوو لەمنالیدا بیرێ لەیاریەکانی منالی بکەنەوە و بەعیشقەکەی دایە و بابەوە بژین و لەلاویدا وەک لاوێک گرنگیان پێ بدرێت و لەهەرزەکاریدا وەک گشت هەرزەکاران بەعیشقی کیژێکەوە سەرقاڵ بن و مەستی سیحری ئەوین بن.

بەڵام کەئەمانە هیچی نەهاتە بوون هیچی ڕووی نەدا هیچی دەستی نەدا، ئەو خاڵی دەبێ لەژیان و پەنا بۆگشت شتێ دەبا تا ئەو بۆشاییانە پڕبکاتەوە کەلەژیانیدا دروست بووە لێرەدا شۆڕش بیانویەکی گەورەیە بۆپڕکردنەوەی بۆشاییەکان و خۆ خاڵی کردنەوە و پیادەکردنی ناشرینیەکان، گەرچی ڕەنگە لەبنەڕەتدا شۆڕش ئامانجێکی پیرۆزی هەبێت، بەڵام ئەم پیاوانە لەدەرەوەی شۆڕش ئامانجی کەیان هەیە، دەیانەوێ بەهۆی شۆڕشەوە تۆڵە لەدەوروبەرەکەیان بکەنەوە و دۆڕاوی خۆیان بکڕنەوە، عەزیزی من شۆڕش باشترین دەرفەتە بۆئەو پیاوانەی کەپڕن لەناشرینی و ڕەگێکی جەللادیان تیایە، ئەوپیاوانەی کەدەیانەوێ تینوێتیان لەخوێنی ئەوانی دیکە بشکێ و نیشتمان بسوتێنن تاڕابردوویان بشارنەوە.

حەسەنی ئایشێ ئەمە حەقیقەتی شۆڕشگێڕیە لەم مەملەکەتەی ئێمەدا کەچی هاتووی داوام لێ دەکات شۆڕشێ هەڵگیرسێنم، بەڵام ئێوە ئاگاتان لەخوارەوەی نیشتمان نیە، نازانن لەخوارەوە چی دەگوزەرێ، نازانن کێ لەشۆڕشەکەماندا دەبێتە شۆڕشگێڕ، کێ پەیوەندیمان پێوە دەکات و کێ دەبێتە دەستەی هێرش و کێ دەبێتە هێزی نهێنی و کێ دەچێتە بەرەی لەناو بردنی ناحەزان و کێ لەسەنگەرەکاندا بەرگری دەکات .

ئایا حەسەنی ئایشێ تۆ دەزانی کەگشت پیاوە نائومێدەکان گشت مرۆڤە بەدبینەکان. ئەوانەی بەچاویلکەی ڕەشەوە لەژیان دەڕوانن چاوەڕوانی شۆڕش دەکەن. ئەوانە بەدوای بیانویەکدا دەگەڕێن تاوەکو گشت ڕقەکانی خۆیان بەکۆمەڵگا بفرۆشنەوە، بەڵێ ئەو پیاوانەی کەژیان

ناناسن و تەنها هاورێی تفەنگێکی ژەنگاوین و شەیدای ڕشتنی خوێنن و ئالودەی شۆڕشن، بەبێ ئەوەی هیچ ئامانجێکی پیرۆزیان هەبێ تەنها خولیایان بەشداری کردنە لەشۆڕشدا و سەرکەوتنە بەسەر شاخ و ئەوانی تردا، ئیدی بێ ئەوەی مرۆڤایەتی بزانن و نیشتمان بناسن و عیشقیان بۆخاک هەبێ ئەوانەی کەتەنها ئامانجیان لەشان کردنی تفەنگە گشت دێنە ناو شۆڕشەکەمانەوە، دێن گشت پیاوە نەگریسەکان دێن، گشت ئەوانە دێن و لەپشتی ئامانجی شۆڕشەوە بەمەرام و نیازەکانی خۆیان دەگەن و دڵی ئەهریمەنەکەی دەرونیان ڕازدەکەن.

حەسەنی ئایشێ تەماشاکە شۆڕش لەوپەڕی نائومێدی لاواندا هەڵدەقولێ و دواین چانسە کەلاوان تاقی دەکەنەوە، دواچانسی نێوان مەرگ و ژیانە کەئەوان نزیکترین چانس لەمەرگەوە تاقی دەکەنەوە، کەلەلوتکەی نائومێدیدان ئیدی زۆربەی پیاوە شۆڕشگێڕەکان گەیشتوونەتە دواین وێستگەی نائومێدی، ئیدی حەسەنی برام مرۆڤ لەوپەڕی نائومێدیدا چی ئومێدێکی لەدەست دێت، ئاخر لەو پەڕی نائومێدی دا چی ئومێدێک سەوز دەبێت ئەمە هێندە ئەستەمە کەلەمردوویەک بپاڕێیتەوە نیشتیمان ڕزگار بکات.

چاوەڕوانی ژیان دۆستی لەشۆڕشگێڕ ڕێک وەهایە کەچاوەڕێی ژیان لەمردوویەک بکەی. ئاخر مرۆڤی خاڵی لەژیان. مرۆڤی بێ ئامانج. مرۆڤی نائومێد. وەک مردوو وەهایە. کەهیوایەک لەگۆڕێ نەبوو ژیان نرخێکی نامێنێ، حەسەنی ئایشێ ئێوە داوام لێ دەکەن شۆڕشێ بەرپاکەم بەڵام ناپرسن کەشۆڕش سەرکەوت کێن ئەوانەی کەدەبێ لەسەر کورسیە پیرۆزەکان دانیشن.

عەزیزی من کەشۆڕش سەرکەوت هەمان پیاوەانی ئێستا، هەمان پیاوەخاڵیەکانی شۆڕش هەمان پیاوە بێ ئومێدەکان، پیاوە بێ ئامانجەکان، ئەو پیاوانەی دەستیان بەخوێن سورە دەست بەسەر نیشتماندا دەگرن و ووڵات بەڕێوە دەبەن، چون ئەوان ماندوو بوون پێویستە نیشتمان هی ئەوان بێت.

حەسەنی ئایشێ شۆڕش تەنها بەوە ناکرێت کەکۆمەڵێ پیاو کۆکەینەوەو وەک چکلێتی جەژن چەکیان پێ ببەخشین و ئامانجمان روخان بێت، ڕوخانی ناحەزان ڕوخانی ئەوانەی سەرەوەی خۆمان، ڕوخانی نابوتیەکان، کەدواجار شۆڕشگێڕ فێری ڕوخان بوو هۆگری ڕوخان بوو ئیدی ناتوانێ هیچ شتێ دروست بکاتەوە، شۆڕش دەبێ هەڵگری ئامانجێکی پیرۆز بێت و تەنها ئەوە بەس نیە کەبمانەوێ دیکتاتۆر لەنیشتمان وەدەرنێین و دوژمن لەناوبەرین، شۆڕش تەنها ئەوەنیە تفەنگ ببەخشیتەوە و لەشاخێکدا نیشتەجێ بیت و دەست بەکوشتنی نەیارەکانت بکەی، ئەوە بەس نیە کەلاوان بکەیتە قارەمانی ئەفسانەیی، ئامانجی شۆڕش مەسەلەیەکی پیرۆزە شۆڕش ئامانجێکی دیکەی هەیە، ئامانجێکی جیاواز لەئامانجی پیاوە گرگنەکان، شۆڕش بۆ دەربازبوونە لە کۆیلەیەتی و لەستەم و ناعەدالەتی، شۆڕش بۆیە دروست دەکرێت چوون شۆڕشگێڕان هەست دەکەن خاک بۆنی چەپەڵی لێدێت، ئەو کاتە گشت جوانیەکان گڕدەگرێت و پەناگەیەک نامێنێتەوە بۆ پشوی لاوان، ئەوکاتەی دەسەڵات هەمووان وەک کاڵا تەماشا دەکات، ئیدی لاوان هیچ ڕێگایەکیان بۆ نامێنێتەوە، ئیدی دەروازەیەک شک نابەن تاکێشەکان بەجوانی چارەسەر

بکەن، ئیدی زمانی گوڵ بونی نامێنێ و چەک دەبێتە زمانی گفتوگۆ و چەک وەک دەمرشاستێک دێتە گۆڕەپان.

ئیدی ئەوەی زوبانی گوڵ ناتوانێ بیکات، تفەنگ دەیکات و دەتوانێ گشت ناشرینی دونیا لەبەین بەرێ، بەڵام ئەفسوس جوانی هەمیشە هاوسەفەری نابوتی هەنگاو دەنێت، شۆڕشگێڕان ناتوانن ناشیرینی لەناوبەرن و جوانی لەبەین نەچێ، چەک ناتوانێ جیاوازی لەنێوان جوانی و ناشیرینیدا بدۆزێتەوە، ئەشێ جەنگاوەر چەک ئاراستەی ناشیرینی بکات، ئەشێ بیەوێ ناشیرینی لەناوبەرێ، ئەشێ شۆڕشگێڕ ئامانجی لەناوبردنی ناشیرینیەکان بێت، بەڵام ئەوچەکەی کەلەدەستی شۆڕشگێڕدایە، ئەوتفەنگە نەعلەتیە ئامانج ناناسێ و پەیامی عیشقی پێ نیە. جوانی و ناشیرینی جودا ناکاتەوە و ئیدی سەرچاوەی کێشەکە لەوێدایە، لەلولەی ئەو تفەنگەدایە کە دواجار جوانیش لەتەنیشت ناشیرینی دا دەکوژێت کێشەکە لەلولەی تفەنگ و ئەوانەدایە کەتفەنگ ناناسن و هەڵی دەگرن، بەکاری دەهێنن.

عەزیزی من شۆڕش تەنها بەتفەنگ ناکرێت، ئەوە کارەساتە شۆڕش لێوان لێوکەی لەچەک و جەنگاوەری بێ هەست، تەماشاکە حەسەنی برام ئێمە چیمان کرد، شاخمان پڕکرد لەشۆڕشگێڕ و بنی هەر بەردێک و سێبەری هەر داربەڕوویەک پێشمەرگەیەکمان تێخست، هەرلوتکە چیایەک سەدان پێشمەرگەمان تیا جێگیرکرد، هەر گردێک دەستەیەک چەکدارمان بۆنارد، گەرچی ئێمە و سەرکردایەتی ئەوەمان بۆ لەناوبردنی دوژمنی نیشتمان کرد، ئەوەمان کرد تامیللەت لەژێر پۆستاڵدا نەناڵێ، ئەوەمان کرد تا داگیرکەر قاچی لەسەر سینەمان هەڵگرێ، ئێمە بەئامانجێکی پیرۆزەوە

ڕۆشتینە شاخ، بەڵام ئەو هەموو چەک و جەنگاوەرەی کەدروستمان کرد دواجار کارەساتی دروستکرد.

ئێمە بێ ئەوەی بزانین گڕمان لەنیشتمان بەردا، تائەو دوژمنەی داگیری کردووە بسوتێ، گڕمان لەماڵەکەمان بەردا تامشکێ وەدەرنێین و جەللادان بسوتێ، ئێمە مەعبەدەکانمان سوتاند تا شەیتانەکان لەناوبەرین، ئەوەی دەستی تفەنگی گرت گوڵمان لەدەستی دەرهێنا و تفەنگمان پێ بەخشی، ئەوەی هەستی بەبوونی خۆی کرد و ویستی بچێتە ژوانی دڵدارەکەی ئێمە ناردمانە سەنگەری کوشتنەوە، ئەوەی شەیدای توانەوەی ئامێزی ژنێ بوو ئێمە جووتێ نارنجۆکمان خستە دەستی یەوە، ئەوەی تازە هەستی بەبۆنی گوڵەکان دەکرد لوتیمان پڕ کرد لەبۆنی باروت، ئەوەی نیگای بەجوانیدا هەڵدەهێنا، تفەنگمان خستە دەستیەوە و دوژمنمان پێ نیشاندا، حەسەن تۆدەزانی ئێمە بەبێ ویست لەجەنگی ناشیرینیدا جوانیمان کوشت و لەبری ئەهریمەن بەگژ فریشتەدا چووین.

تەماشاکە ئەو هەموو تفەنگەمان بڵاوکردەوە، ئەو هەموو جەنگاوەرەمان دروستکرد، سوپایەکمان پێکهێنا تا ناشرینی لەناوبەرین کەچی کەسمان نەیزانی ئەو هەموو گەڕانە بەشوێن ناشرینیدا، ئەو هەموو عەوداڵیە، ئەو هەموو ناسینی ناشرینیە، ئەو هەموو تێکەڵیە لەگەڵ ناشرینی چ ئەنجامێکی دەبێت، حەسەنی ئایشێ لەبیرتە کەسمان نەیدەزانی گشت شتەکان هۆگری دروستی دەکات، نەماندەزانی کەئێمە هێندە عەوداڵی دوژمن و ناشرینی یەکان بین، ڕۆژێک بێ ویست لەگەڵ ناشیرینی تێکەڵ دەبین، حەسەن دەزانی

گشت هۆگری یەکان وەک هۆگری کێشانی جگەرە واهایە، کێ هەیە جگەرەی خۆش بوێت، کێ ڕقی لەجگەرە نی یە، چ جگەرە کێشێ تاکۆتایی لەگەڵ جگەرە ئاسوودەیە، کێشەکە هۆگری و ئالودەبونە.

مەلەک بەبێ وەستان بەناو گوڵدا هەنگاو دەنێت و حەسەن بێ ماندوو بوون دوای هەنگاوەکانی دەکەوێت و گوێی بۆ دەگرێت، ئەو بیر لەهیچ ناکاتەوە جگە لەو وشانەی کە دەیان ساڵە لەخەیاڵیا بیریان لێدەکاتەوە هەر بەدەم ڕێگا بێ کۆتاییەکانەوە و لەناو نیشتیمانی گوڵەکاندا دەڵێ ئەی دۆست ئێمە نەمانزانی کەهۆگری و ئالودەبون لەدووبارە بوونەوەدایە لەتێکەڵ بووندایە، لەزیاتر قوڵ بوونەوە و ناسینی شتەکاندایە، لەبیرتە سەدان جەنگاوەر لەو قوڵ بوونەوەیەدا، لەو عەوداڵیەدا بەدوای ناشرینی پیاوانی ڕژێمەوە فریوی دەسەڵات و سامانیان خوارد و بونە پیاوی ڕژێم، ئەو پیاوانە هێندە دوای پیاوانی ڕژێم کەوتن و بۆ کوشتنیان لێیان نزیک بوونەوە دواجار جوانی و ناشرینیان لێ تێک چوو کەوتنە بەرەی ناشرینیەوە، ئەوان هۆگریەکیان لەگەڵ ناشرینی پەیدا کرد، هۆگری یەک کەئەوانی بۆلای ناشرینی ڕاکێشا، هەندێ لەپیاوەکانی شۆڕش دوای سەرکەوتنی شۆڕش کەوتنە بەرەی ناشیرینیەوە، ئاخر مەودای نێوان جوانی و ناشیرینی هێندە نیە تاجودابکرێتەوە تەنها حەرفی (واو) لەنێوان جوانی و ناشیرینیدا هەیە، هەمیشە چێژ و خۆشیەکان لەبەرەی ناشرینی دایە و مرۆڤیش زۆرجار دوای چێژ و خۆشی دەکەوێ و بەلایەوە گرنگ نیە کە چێژ و خۆشی لەچ بەرەیەکدان.

حەسەنی هاوڕێم چەک ژێری ناناسێ و جەنگاوەر ناتوانێ پلان و ئامانجی هەبێ وئامانج بۆدوای سەرکەوتنی شۆڕش دانێ، پلان بۆ ئەو کاتەی کەشۆڕش دەسەڵات دەگرێتە دەست، بەڵام ئێمە هەمیشە بێ پلان و ئامانجین، هەمیشە ناتوانین ئامانجەکان دیاری بکەین، ئەوە بەس نیە کە ئامانجت ئازادی نیشتمان بێت، ئەوە بەس نیە کەدوژمنەکانی نیشتمان لەناوبەری، گرنگ ئەوەیە ئێمە چیمان ئامادەبوو بۆدوای شۆڕش، ئێمە کێمان دیاری کردبوو بۆ بەڕێوەبردنی نیشتمان و چیمان بەدەست بوو بۆدوای ئازادبوون، ئەفسوس ئێمە نیشتمانمان خستە ژێر دەستی جەنگاوەرەکان، نەمانتوانی پیاوەکانی شۆڕش فێری ئاشتی بکەین، نەکرا خۆشەویستی بناسین، بۆمان نەلوا ژیان دۆستانە بژین، ئاخر ئێمە لەشاخ تەنها جەنگاوەرمان پێویست بوو، جەنگاوەر بۆ لەناوبردن و سوتاندن و تەفروتونا کردن و ڕشتنی خوێن، لەبیرتە حەسەن ئێمە چەندە قارەمانی ئەفسانەییمان دروست کرد و چەند پیاوی ترسنۆکمان کرد بەشێر، چەند مناڵمان کرد بەقارەمانی ئەفسانەیی، ئەفسوس برام شۆڕش ئەو قارەمانانەی چەندە لەژیان دورخستەوە و ئەوانی چۆن کردە جەنگاوەرێکی، چەندە ئەوانی لەخۆشەویستی تۆران و چەندە بوونە کۆیلەی جەنگە یەک لەدوایەکەکان، ئەو جەنگانەی کەنەسەرەتایی هەبوو نەکۆتایی.

ئاخر شۆڕش ئەوانی عاشقی جەنگ کرد، بەجۆرێ هۆگری جەنگ بوون کە لەهۆگری مەست و مەی خراپتر، هۆگری یەک لەهۆگری عاشق و مەعشوق کاریگەرتر، ئەوان کەهۆگری جەنگ بوون ئیدی دەستیان لەهەموو

شتێ هەڵگرت، ئیدی گشت شادیەکانیان بەجێ هێشت و تەنها کەوتنە جەنگەوە لەگەڵ دوژمن تەنها بوونە پیاوی جەنگ و جەنگاوەری ئەبەدی، بوونە پاشکۆی سوپاکان و ئیدی بەخۆیان و تفەنگە ژەنگاویەکانەوە شاخ بەشاخ و دێ بەدێ و کوچە بەکوچە دوای دوژمن دەکەوتن و ئیدی هەر شەوەی هێرشیان دەبردە سەر رەبایەیەک و دەیان سەربازی دوژمنیان دەکوشت، چیدی بونە کۆیلەی گشت جەنگەکان، ئیدی ئەوان بەجۆرێ عاشقی جەنگ بوون کەتەنها بیریان لەجەنگ دەکردەوە.

ئەوان هێندە عاشق بەجەنگ بوون چیدی دوژمنیان لەیاد چوو، ئیدی تەنها جەنگیان دەناسی و دوای جەنگ دەکەوتن و جەنگ لەهەرکوێ هەبوایە ئەوان لەوێ بوون، تا ناوبانگیان بەقارەمانی جەنگ بڵاو بوویەوە، تەنانەت هەندێ شەو دوژمن دەست نەدەکەوت تاشەڕی لەگەڵ بکەن لەگەڵ برادەرانی ئەوبەر دەجەنگان، لەگەڵ هاوڕێیانی خۆمان دەجەنگان، لەگەڵ هەرکەس دەجەنگان کەمەیلی جەنگی هەبووایە، ئەوان بەجۆرێ هۆگری جەنگ ببون، ئیدی شۆڕش و یاساکانی شۆڕش و پەیامی شۆڕشیان لەبیری خۆیان بردبوویەوە و تەنها جەنگیان دویست و هۆگری جەنگ ببون وەک چۆن مەی نۆشێ ڕۆژانە پێویستی بەمەی نۆشین هەیە، ئەوان شەوانە پێویستیان بەجەنگ هەبوو.

حەسەنی برام تەماشای ئەو دۆڕاوییە بکە. تەماشاکە ئێمە مرۆڤ گەلێکمان دروست کرد، دەرونیان پێویستی بەجەنگ هەبوو، مرۆڤ گەلێک کەلەجەنگدا دەحەسانەوە، ئاخ ئێمە نیشتمانمان پڕکرد لەوپیاوانەی کەناسنامەکە یان خوێناوی بوو، نازناوی دڕندەکانیان هەڵگرتبوو، ئەو

پیاوانەی کەهەر شەوێ دوژمنیان دەست نەکەوتایە یان دیلەکانیان گوللە باران دەکرد یان لەگەڵ برایانی ئەوبەر جەنگیان بەرپا دەکرد، ئەفسوس حەسەنی ئایشێ فەرماندە هیچ لەترسناکی ئەم پیاوانە تێنەدەگەیشت.

من دەیان جارگوتم نابێ ئەم پیاوانە دەسەڵاتیان هەبێ و هێندە ناو و شۆرەت و لەقەبیان بدرێتێ، گوتم سەرۆک ئەمانە تەنانەت مرۆڤ بوونی خۆشییان ناناسن و نازانن لەکوێوە هاتوون نابێ ببنە خاوەنی ناوێکی دیار، گوتم پێویستە ئەم جەنگاوەرانە هێندە ناوو پایە و دەسەڵاتیان هەبێت کەلەبنی ئەم بەردانە زیاتر گەشە نەکەن و هەر لەم شاخ و بن بەردانە ون بن ئەمانە تەنها عاشقی جەنگن، تەنها جەنگ دەناسن و بۆجەنگ خولقاون، گوتم فەرماندە نابێ سبەینی بچنە سەر کورسیەکانی نیشتمان و ببنە پیاوانی خاوەن بڕیار، گوتم ئاخر ئەمانە جەنگاوەرن هەموو شتێ بەجەنگ کۆتایی پێ دەهێنن، کەچی هەموو جارێ فەرماندە دەیگوت ئەم جەنگاوەرانە هەموو شتێ لەپێناو ناو و ناوبانگ و دەسەڵات و پارەدا دەکەن ناکرێ هێندە پشتگوێ بخرێن، دەیگوت پشتگوێ خستنیان ترسناکە ئەمانە ئیدی فێری شۆڕش و شاخ بوون.

ئەفسوس فەرماندە هەریەکە و ناوی دڕندەیەکی پێ بەخشین و هەریەکەیانی کردە جەنگاوەرێکی ئەفسانەیی، تەماشاکە حەسەن ناوی هێمنی گۆڕی بە شێرەی بەسام، حەمەی فاتەی کرد بەپڵنگە بۆر، نەجمەدینی خەجێی کرد بە گورگی جەنگەڵ، وشیاری دەلاکی کرد بە پڵنگە ڕەش، تۆفیقە خڕەی کرد بەماری کوبرا و خولە بچکۆلی ناونا کوڵە کوێرە، ئەها حەسەنی ئایشێ ئەم جەنگاوەرانە بەخۆیان و

ناوەکانیان جەنگەڵێکیان ئاوەدان کردەوە و بوونە دڕندەی ئەو جەنگەڵە من زۆر هەوڵمدا شۆڕش نەبێتە جەنگەڵ، کەچی فەرماندە دوای هەرجەنگێک ناوی جەنگاوەرێکی دەگۆڕی بۆ دڕندەیەک، پیاوەکانیش بەخێرایی نازناوی دڕندەکانیان هەڵدەگرت و بەخێرایی دەبوونە دڕندەی جەنگەڵەکان.

حەسەنی ئایشێ لەبیرتە فەرماندە لەبەرچی نازناوی دایکت (ئایشێ) ی بۆناوەکەت زیاد کرد، لەبیرتە ئەو پاشگرە چۆن زیاد کرا، کاتێ یەکێ لەجەنگاوەرەکان کە لەشار گەڕایەوە باسی قارەمانێتی دایکتی کرد، باسی ئەوەی کرد کەچۆن بۆپاراستنی گیانی پێشمەرگەکان بەتفەنگ ڕوبەڕوی سەربازەکانی ڕژێم بۆتەوە ئەها ئەو شەوە خێرا دوای ئەم وشانە فەرماندە بەبزەیەکەوە گوتی حەسەن تۆ چیدی حەسەنی ئایشێیت، ئیدی کەس ناوی تۆ بەتەنها ناهێنێت، ئیدی لەو کاتەوە هەموان بەحەسەنی ئایشێ بانگیان دەکردی، ئەوە لەپاداشتی قارەمانێتی دایکتدا بوو لەوێدا باوکت ون کرا و تۆ بوویتە کوڕی ئایشێ چونکە باوکت تفەنگی بەکار نەهێنابوو، تەماشاکە لەشۆڕشدا ناوبانگ بۆ مرۆڤی بکوژ بوو دەسەڵات بەجەللاد دەبەخشرا،

ئەو ماوەیە مەلەکیان و حەسەنی ئایشێ شەوانە و ڕۆژانە بەدارستانەکاندا دەهاتن و هەندێک شەو بیریان دەچوو بنوون، هەندێک ڕۆژ بیریان دەچوو پشوو بدەن، زۆربەی نیوەڕۆ و ئێوارەکانیش نان خواردنیان بیر دەچوو، مەلەکیان هەمیشە باسی ناشرینیەکانی دەکرد و حەسەنی ئایشێ هەوڵی دەدا بابەتەکان ئاسایی کاتەوە، هەوڵی دەدا مەلەکیان ڕازی بکات تابچێتەوە و لەشار شۆڕشێ بەرپا بکات، حەسەن هەوڵی دەدا بیسەلمێنێ کەناشرینی تەنها

بەشۆڕش چارەسەر دەبێت، کەچی مەلەکیان گەلێ نائومێد بوو بەشۆڕش، ئەو دوای ڕاپەڕین، دوای بینینی هەندێ دیاردە، دوای ئەوەی کە هەندێ لەشۆڕشگێڕانی بینی بوو کە تامەزرۆی دەسەڵاتن و تەنها و تەنها عاشقی کورسی و پارە و ژن و ڤیلا و چی و چین نائومێدیەکانی گەشتبوویە لوتکە ئەو دوای ئەوەی هەندێ پیاوی بینی بوو کەتەنها چاویان بەدەسەڵات هەڵدەهات و بەهەر نرخێ بووە دەگەیشتن بە نیازەکانیان، ئیدی گومان لە شۆڕش پەیدا دەکات، گومان لەگشت شۆڕشەکانی دنیا، ئەو بەئاشکرا بەفەرماندەی دەگوت کەپیاوە چاوچنۆکەکان ئامانجی شۆڕشیان تێکداوەو پیرۆزیان لەشۆڕش دزیوە، دواجار مەلەکیان لەهەموو شتێ نائومێد دەبێت و دەترسێت ناشرینی جوانی لە ناوبەرێت، ئیدی جەنگەڵێکی کرد بوو بەنیشتیمانی خۆی.

کەچی دوای چەندین ساڵ ژیان لەناو ئەو دارستانەدا حەسەنی ئایشێ هاوڕێی دێرینی مەلەکیان لەلایەن فەرماندەوە نێردرابوو کە مەلەکیان ڕازی بکات بەهەڵگیرساندنی شۆڕشێ لەدژی پیاوە گرگنەکانی دەسەڵات، ئەو پیاوانەی کەپڕ بوون لەتاریکی و خەریک بوو نیشتمانیان دەکرد بەپارە و دەیانخستە گیرفانیان، بەڵام مەلەکیان چیدی بڕوای بەشۆڕش نەمابوو، دەیگوت پیاوە نابوتەکان، ناهێڵن شۆڕش ئامانجی خۆی بەدەست بێنێ، دەیگوت شۆڕش تالە شۆڕش بێت هەندێ لەپیرۆزیەکانی دەمێنێ، کاتێک بوو بە دەسەڵات پیاوەکانی دەبن بە دیکتاتۆر، ئەو چیدی تفەنگەکەی فڕێدابوو، دەمانچەکەی خستبووە ناو یەکەمین گۆماوی ئەو دارستانە، کۆڵەپشتەکەی لەیەکەمین

شەخەڵدانی سەر ڕێگا فڕێدابوو، ئیدی لەوپەڕی سادەیی و سەوزیدا لەوێ نیشتەجێ ببو.

ئەو ڕۆژە و زۆربەی ڕۆژەکانی دیکەش مەلەکیان بەدەم پیاسەوە دەیویست بۆ حەسەنی ڕونکاتەوە کەشۆڕش جگە لەوێرانی هیچ شتێ بەجێ ناهێڵێ و پاشماوەی شۆڕش جگە لەسوتماک هیچی دیکە نی یە، بەڵام حەسەن هەر سوور بوو لەسەر ئەو ئامانجەی کەبۆی هاتبوو هەر دەیویست قەناعەت بەمەلەکیان بکات تابەشۆڕش ناشرینیەکان لەناو بەرن، ئەو ئێوارەیە حەسەن دەیگوت مەلەک ئێمە لەم شۆڕشەدا هەڵەکان دوبارە ناکەینەوە و ئەوەی لەڕابردوودا ڕوویداوە ڕووناداتەوە، باهەموو شتەکان لەدەستی تۆدا بێت و خۆت سەربەستی کەکێ لەشۆڕشدا وەردەگری و کێ وەرناگری، دەتوانی ڕێگا نەدەی پیاوە نەگریسەکان بێنە ناو شۆڕشەکەوە، دەتوانی پیاوە گرگنەکان لەدەسەلات دورخەیتەوە، دەتوانی نەهێڵی ناشرینی باڵ بەسەر شۆڕەکەدا بکێشێ.

بەڵام مەلەکیان دەیگووت ناکرێت، حەسەن ناکرێت، ئەوەی ئێوە باسی دەکەن بەمن جێبەجێ ناکرێت، شۆڕش پێویستی بەپیاوی چەکدار هەیە نەک ئەخلاق، پێویستی بەهێز هەیە نەک جوانی، چۆن دەکرێت ئێمە لەدەسپێکی شۆڕشدا جوانی و ناشرینی لێک جیاکەیتەوە، ئاخر هەرکە شۆڕش ڕاگەیەنرا گشت پیاوەکانی دەسەڵات بەچەک وەڵامی شۆڕش دەدەنەوە خۆ ناکرێت ئێمە گوڵبارانیان بکەین خۆ بێت شۆڕش هەبێت و پیاوی هەبێت تادەسەڵات ڕاوەستێنێ، بۆ ئەمەش هەزاران پیاوی چەکدار پێویستە، بەڵام کێشەکە لێرەوە دروست دەبێت کە ئەو هەزاران

پیاوە جوانە لەکوێ بهێنین و چۆن دڵنیابین کەئەو پیاوانە هەمان پیاوەکانی دەسەڵات نین، گرەنتی چی یە بۆ دوبارە نەکردنەوەی هەمان هەڵەکانی ڕابردوو، ئاخر ئەو پیاوانە کێ بن کەسبەی دەچنە سەر کورسی یەکان، دەبێت چەکدار هەبێت بۆ وەڵامی پیاوە نەگریسەکانی دەسەڵات، خۆ وەڵامی چەک بەشیعر نادرێتەوە.

مەلەک دەستی دەخاتە سەرشانی حەسەن و دەڵێت هاوڕێ خۆ ناکرێ گوڵ بکەینە مەخزەنی تفەنگەکانەوە و لەبری گوللە نێرگز بەسنگی دوژمنەکانەوە بنێین، کێشەکە ئەوەیە ئێمە دەبێت سوپایەک چەکدار دروست کەین، سوپایەک پڕچەک، خاڵی لەهەستی ئینسانی، سوپایەک لەهەرکوێوە چەک ڕوی تێکرا چەکی ڕوتێ کرێتەوە، لەهەرکوێوە دەستمان بۆدرێژ کرا ئەو دەستە ببڕێتەوە.

ئیدی ئەو سوپایە لەداهاتوودا دەبێتە جەللاد بەسەر ڕۆحی کۆمەڵگاوە، دەشێ زیانەکانی ئەو سوپایە سەد هێندەی زیانەکانی ئەم پیاوە نەگریسانەی ئێستا بێت، ئاخر حەسەن ئەو سوپایە کەچەکی بەدەست بوو نیشتمانی لێ دەبێتە نێچیر، کەدەستی کرد بەهێرش هەموو شتێ بەدوژمن دەزانێ، عەزیزی من شۆڕش لەم مەملەکەتەی ئێمەدا جگە لەوێران کردن و بەجێ هێشتنی دونیایەک نائومێدی هیچی دیکە نیە، لێرە هەندێ جار شۆڕش دەبێتە کارگەیەک بۆ بەرهەم هێنانی جەللاد و هەستی دوژمنکارانە.

ئاخر تەماشاکە حەسەن ئەوە نیە شۆڕش بۆ وێران کردن بخولقێ، برام هەمیشە ئامانجی شۆڕش ئامانجێکی پیرۆزە، بەڵام ئەو ڕێگایانەی کە شۆڕشی پێدا دەبرێت ڕەنگە پیرۆز نەبێ، ڕەنگە پیاوەکانی شۆڕش و شۆڕشگێرانی ئەم

مەملەکەتە ئامانجی شۆڕش نەناسن و بەویستی خۆیان ئامانج بۆ شۆڕش دیاری بکەن، ئەشێ لێرە شۆڕش نەتوانێ ئامانجە پیرۆزەکە بپێکێ و نەتوانێ بەو جۆرە بیر بکاتەوە کەبۆی خولقاوە، زۆر جار شۆڕشەکان تەسلیمی کۆمەڵێ پیاو دەبن کەپیرۆزی شۆڕش ناناسن و نازانن ئیشی شۆڕش چیە.

نازانن خۆیان چیان لەشۆڕش دەوێت و چی دەکەن، تەنها بەچاوبەستراوی هاتونەتە ناو شۆڕشەوە و بەچەپ و ڕاستی خۆیان تفەنگ بەکاردەهێنن، ئەوانە کۆمەڵێ پیاون کە هیچ بناغەیەکیان نیە لەسەری ڕاوەستن، کۆمەڵێ پیاوی نائومێدن بەژیان و خاڵین لەپێکەنین، دوور دوورن لەعیشق چونەتە ناو شۆڕشەوە.

عەزیزی من حەسەنی برام کەمرۆڤ هەستی بەژیان نەکرد جوانی نەناسی و خاڵی بوو لەعیشق و ژیان لەچاویا نەدرەوشایەوە ئیدی باکی بەهیچ شتێ نیە، ئیدی خەمی وێران بوونی نیە، ئیدی لەسوتانی جوانیەکان ناترسێ و خەمی سوتماکی نیشتمانی نیە، کەسێ خاڵی بوو لەخەندە چ باکیەتی دونیا بگری، عەزیزم کەشۆڕش لەژێر دەستی شۆڕشگێڕی حەقیقی دەرهات و کەوتە ژێر دەستی کۆمەڵێ پیاوی نەفام، ئیدی کۆنترۆڵ کردنی مەحاڵە، ئیدی شۆڕش وەک ئەو کەشتیەی لێ دێت کەدەکەوێتە ژێر دەستی ڕەشەبایەکی شێت و بەمەیلی خۆی لەدەریادا تانوقوم بون یاری پێ دەکات.

عەزیزی من هەڵگیرساندنی شۆڕش لەم مەملەکەتەی ئێمەدا واتە ئاگر بەردان لەبەنزینخانەیەک، واتە سوتانی جەللاد و قوربانی پێکەوە، تۆ دەزانی ئەم نیشتمانە پڕە

لەپیاوی سەرکەش و نەخۆش، تۆ دەزانی تەنها لەشارەکەی ئێمەدا ڕۆژانە چەند کەس هەوڵی خۆکوشتن دەدا، دەزانی ڕۆژانە چەند کەس بەدوای بیانوی مەرگدا دەگەڕێت و بۆ گەیشتن بەمەرگ تەنها بیانویەکی بچوک بەسە، ووشەیەک بەسە بۆ مەرگی مرۆڤێک، ئەشێ هەموومان لێرە ئامادەی مەرگ بین، بەڵام چاوەڕێی بیانوی مەرگ بین، بیانویەک کە بمانکات بە ئەفسانەی شارێک، چاوەڕێی ساتێ بین کەوابزانین مەرگ پێویستیەکی ڕەهایە، ئەفسوس حەسەن لێرە ئەم مرۆڤانە بەر لەهەموو کەس پەنا بۆشۆڕش دەبەن و دەیانەوێ بیانویەکی جوان بدۆزنەوە بۆمردنەکەیان و بەناوێکی گونجاوەوە بمرن، ئەوان تێ ناگەن شۆڕش چیە تەنها دەیانەوێ بمرن، مردنێکی جاویدانی.

مەلەک بەغەمگینیەوە قسە دەکات و دەڵێ تەماشاکە حەسەن لێرە پیاو تفەنگ هەڵدەگرێ و بەشداری لەشۆڕشدا دەکات بۆ ئەوەی بمرێت، تفەنگ لێرە چەندە ترسناکە، چۆن کۆتایی بۆ پیاوەکان دادەنێت، بیرتە لەشاخ هەندێ لەهاوڕێیانمان بەتفەنگی شۆڕشەوە چیان دەکرد، ئاگاداری ئەوەی لەپشتی شۆڕشەوە لەتاریکاییەکاندا چی دەگوزەرا، لەیادتە پیاوەکانی شۆڕش هەرگیز لەگوللەی دوژمن نەدەترسان و هیچ کات تەرمی پیاوێکمان نەدەبینی لەپشتەوە گوللەی بەرکەوتبێ، هەموو ئەوانەی دەکوژران گوللە بەر سەر و سنگیان دەکەوت وهەرگیز پیاوێکم نەبینی لەئاستی گوللەی دوژمن سەری نەوی کردبێت، یان چاوی ترسابێت، ئەمە مانای ئەوەیە کەپیاوێکمان نەبینی لەشۆڕشدا لەمەرگ بترسێ، جگە لەو پیاوانەی لەدونیاکەی دی دەترسان، ئەزانی نەترسان لەمەرگ واتە خاڵی لەژیان. کەمرۆڤ پڕ

بێ لەژیان و ئومێد بۆ داهاتوو هەمیشە لەمەرگ دەترسێ.

دەزانــی حــەســەن مـن ئـەوکـات گومانم لەقارەمانێتی شـۆڕشـگـێـڕان هـەبـوو، هەمیشە دەتـرسـام ئـەو هەموو ئازایەتیە پەیوەندی بەهەستی نیشتمان پەروەریەوە نەبێت و قارەمانێتیمان هۆی دوریمان بێت لەژیان و جوانیەکان، زۆر دەترسام هۆی ئەوە بێت کەلەپێشی مەرگەوە دەڕۆین و پشتمان لەژیان کردووە، دەترسام قارەمانێتی پیاوەکان پەیوەندی بەنائومێدیانەوە هەبێت، ئاخر ل[کاتێک مرۆڤ ئومێدێکی نـەبـوو بـۆی بـژی ئومێدێک دروسـت دەکـات تابۆی بمرێت] حەسەنی ئایشێ لەیادت ماوە لەناوەڕاستی شۆڕشدا دوای چالاکیەکی ناوشار کـەدەیـان خۆفرۆش و پیاوی ڕژێممان کوشت، لەئێزگەکەی شاخەوە بانگ کراین تاگفتوگۆمان لەگەڵ سازکەن، من و تۆ و برایمی شێخە لەئێزگەکەوە چەندە بەشانازیەوە باسی کوشتنی پیاوەکانمان دەکرد و چەندە بەشادی و پێکەنینەوە باسی زۆری ژمـارەی کـوژراوەکـانـمـان دەکـرد، بیرتە چەندە شانازیمان بەخۆمانەوە دەکرد و چەندە هەستمان بەشادی دەکرد، بیرتە شۆڕش چەندە شانازی بەچالاکیەکەمانەوە دەکرد و بێژەری ڕادیۆکە چەندە بەپێکەنینەوە ناسنامەی کوژراوەکانی دەخوێندەوە.

حەسەنی بـرام ئـەوە کـارەسـاتـە بـەشـادییەوە باسی قوربانیەکان بکەیت و بەپێکەنینەوە ناسنامەی کوژراوەکان ئاشکراکەی، کارەساتە بۆ مەرگی مرۆڤ پێکەنین بمانگرێت، چەندە ترسناکە مرۆڤ بوون لەبیرکەی، ئەفسوس حەسەن ئەوەی بۆ مەرگ گریانی نایەت لەبیری چووە کەمرۆڤە، ویژدانی ژەنگی گرتووە.

حەسەنی ئایشێ لەقوڵایی چاوی مەلەک دەڕوانێت و دەڵێ : برام ئەوەم لەبیرە کەئەو ئێوارەیەی ئێمە لەئێزگەبووین چەند پیاو و چەند گەنج بەدەستی خۆیان ژیان نامەی خۆیان دەهێنا بۆ ئیزگە تالەکاتی شەهیدبووندا بێژەرە دەنگ ترسناکەکە بیخوێنێتەوە، بەڵێ ئەو ئێوارەیە گوێم لەدەیان گەنج بوو کەدەیان گوت حەزدەکەین پێش مردن گوێمان لەژیان نامەی خۆمان بێت، تەنانەت یەکێ لەگەنجەکان دەیگوت ئەمشەو چالاکی یەک ئەنجام دەدەین دڵنیام شەهید دەبم حەزدەکەم خۆم گوێم لەژیان نامەکەی خۆم بێت، من پێم ئاساییە کە کۆمەڵێک پیاو هیچی جوانیان نیە پێویستیان بە مردنێکی جوان هەیە.

مەلەک بە ئاستەم خۆی لەنیگای حەسەن دەدزێتەوە و دەڵێ : چ کارەساتێکە مرۆڤ پێش وەخت خۆی تەسلیمی مەرگ بکات و دڵخۆش بێت کاتێک بەرە و پیری مەرگ دەچێت، حەسەن ئەم وشانەم ئەوهەستەت پێ نابەخشێ کەشۆڕش چەندە مەترسی لەسەر ژیان دروست دەکات و شۆڕشگێڕ لێرە چەندە زوو خۆی تەسلیمی مەرگ دەکات، عەزیزی من هەست ناکەی هەنوس نیشتمان پڕە لەو لاوانەی کەئامادەن بەدەستی خۆیان ژیاننامەی خۆیان بنوسن و ڕۆژی مەرگی خۆیان دیاری کەن، ئێستاش شارەکان و شەقامەکان و کوچەکان پڕن لەلاوی یاخی لەژیان و جوانی و پێکەنین، شۆڕش باشترین بیانووە بۆمرۆڤە یاخییەکان تا ئەهریمەنەکەی دەرونیان ڕازی بکەن.

ئاخر عەزیزم ئەو پیاوەی باکی بەمەرگی خۆی نەیەت و لەمردن نەترسێت و دڵی بۆ ژیان لێ نەدات و خاڵی بێت لەشادی و خۆی تەسلیمی مەرگ کرد بێت، ئەبێ نیشتمان

چاوەڕیی چی لێ بکات، ئەبێ چۆن بتوانێ ڕاست و هەڵە لەیەک جوادا بکاتەوە، حەسەنی ئایشێ کە بۆیەکەمین جار دوای دەیان ساڵ لەم باغەدا تۆم بینی بەرلەوەی لەقوڵایی چاوت بڕوانم، بەرلەوەی دیمەنەکانی چاوت ببینم، چاوەڕێ بووم هەواڵێکم بۆبێنی، چاوەڕێ بووم لەسیاسەت وەڕس بووبیت و تۆش دواجار دارستانت هەڵبژاردبێت بۆ ژیان، چاوەڕێ بووم یەکەم ووشە بەوە دەست پێ بکەیت و بڵێی فەرماندە لەشاشەی گشت تیڤیەکانی نیشتمانەوە نەفرەت لەڕابردوو دەکات، چاوەڕێ بووم بڵێی فەرماندە دواجار وەک حەقیقەتی ڕۆحی خۆی ڕاستیەکانی ڕونکردەوە.

حەسەن چاوەڕێ بووم ئەو بەیانیەی کەدەرکەوتی بڵێی دواجار فەرماندە بەدەم قوڵپی گریانەوە لەحەقیقەتەکان دووا، ئاخر ناکرێت سیاسیەکان بۆئەبەدی گریان بشارنەوە و خۆیان لەڕاستیەکان بدزنەوە، دەبوو ڕۆژێ فەرماندە بەچاوی پڕ لەفرمێسکەوە بیگوتایە (ئەفسوس شۆڕش درۆیەکی گەورەیەو شۆڕشگێڕ ترسنۆکترین مەخلوق، ترسنۆکێک کەهەمیشە لە جوانیەکانی ژیان هەڵدێت و لەترسی ژیان بەرەو مەرگ هەنگاو دەنێت) دەبوو بیگوتایە ئەفسوس ئێمە نەمانتوانی پیرۆزی شۆڕش بپارێزین نەمانتوانی ئامانجی شۆڕش وەدی بهێنین.

حەسەنی ئایشێ بەدرێژایی هەموو ڕێگاکان ئەو ڕێگایانەی کە گوڵ وەک فەرشی کاشان ڕاخرابوون گوێی لەمەلەکیان دەگرت، بەڵام هەر سوربوو لەسەر ئەوەی کەدەکرێت هەندێ لەمەسەلەکان بەشۆڕش چارەسەربکرێن، دەکرێت ناشرینیەکان بەئاگری شۆڕش بسوتێن، دەیگوت مەلەک دەکرێت ناشیرینی بەناشیرینی لەناوبەرین، دەکرێت

پیسی بەپیسی بکوژین، بەڵام دەشکرێت نەهێڵین جوانی ئازاری پێ بگات، ناهێڵین هەڵەکان دوبارە ببنەوە، بەڵام مەلەک دەیگوت ناعەزیزم جوانیەکان بەناشیرینی دەورە دراون شۆڕش ناتوانێ لەنێوان جوانیەکاندا ناشرینی بدۆزێتەوە هەرگیز بەئاسانی جوانی لەناشرینی جودا نابێتەوە، تەماشاکە لەشۆڕشدا چ لەبەرەی ڕژێم چ لەبەرەی شۆڕشگێڕان کێ بوون ئەوانەی دەکوژران، ئەوانەی دەربەدەر دەبوون، گۆڕ بزر دەبوون، بێ سەروشوێن دەبوون، کێ بوون ئەوانەی دەبوونە قوربانی جەنگەکان، کێ بوون ئەوانەی دەبوونە سوتماک.

ئەفسوس عەزیزی من تەنها لەچینی خوارەوە بوون کەدەبوونە قوربانی، هەمیشە ئەوانەی کەزوو فریویان دەخوارد زووتر دەبوونە سوتماک. حەسەن هەرگیز لەناو کوژراوەکانی ڕژێم دا کوژراوێکم نەبینی کوڕی وەزیرێک بێت، سەربازێکم نەبینی خزمی ئەفسەرێکی باڵا بێت، تەرمێکم نەبینی گیرفانی چاکەتەکەی پڕبێت لەپارە، کوژراوێکم نەبینی بچێتەوە بەرماڵی دەوڵەمەندێک، تەماشاکە بەهەزاران سەربازمان دەکوشت و تاوانبارێکی گەورەی تیا نەبوو، وەزیرێکی تیانەبوو، ئەفسەرێکی باڵای تیانەبوو، بڕیاردەرێکی تیانەبوو، خۆفرۆشێکی گەورەی تیانەبوو، حەسەنی دۆست ئێمە کێمان دەکوشت، ئەوسەربازانەی کە بۆ تەواوکردنی خزمەتی سەربازی گیرابوون بەسەرباز، ئەوسەربازانەی کەگیرۆدەی یاسایی سەربازی ببون و هیچ گوناهێکیان نەبوو، جگە لەوەی کوڕی نیشتیمانێک بوون کە حاکمێکی شێت حوکمی دەکرد.

حەسەنی دۆست هەزاران سەربازمان دەکوشت بێ ئەوەی لەڕادەی تاوانەکانیان بکۆڵینەوە و بێ ئەوەی هیچ بڕیارێکیان بەدەست بێت، تەنانەت بێ ئەوەی گوناهێکیشیان هەبوو بێت، بەڵام ئەوانەی کەپێویست بوو بکوژرێن ئەوانەی کەلەژووره داخراوەکاندا بڕیاری توانەوەی میللەت و شۆڕشیان دەردەکرد و ناموسی نیشتمانیان هەڕاج دەکرد و خاک و کوچە و شارەکانیان بەدوژمن دەفرۆشت دوای سەرکەوتنی شۆڕش هاتنە باوەشی شۆڕشەوە.

بێ ئەوەی لەگوڵێ کاڵتریان پێ بگوترێت و شەرم لەڕابردوویان بکەن، ئەوانەی کەسەدان شۆڕشگێڕیان گوللەباران کردبوو. ئەوانەی کەخۆیان و پیرۆزیەکانی خاکیان بەداگیرکەر فرۆشتبوو، کەشۆڕش سەرکەوت بوونە شۆڕشگێڕ و جارێکی تر دەسەڵات چوویەوە دەستیان و بوونەوە بەئاغا بەسەرخواری خۆیانەوە.

عەزیزی من ئێمە هەمیشە پەپولەکانمان دەکوشت و زەردەواڵەکانمان لەبیردەکرد، ئەو پەپولانەی کەبەبڕیاری زەردەواڵەکان دەهاتنە جەنگەوە. حەسەن دەڵێت برام ئەو پەپولانە بۆکوشتنی ئێمە دەهاتن، دەبوو ئێمەچی بکەین، دەبوو لێگەڕێین تادەمانکوژن، ئاخر ئێمە لەجەنگدابووین یاساکانی جەنگ ئەوەیە بیکوژە بەرلەوەی بیتکوژێت، ئێمە دەبوو بیان کوژین بەرلەوەی بمان کوژن، ئیدی گەر ئەوە تاوان نەبێت چی تاوانە.

مەلەک بەغەگینیەکی قوڵەوە دەڵێت : حەسەنی ئایشێ قسەی من لەسەر گوناه و بێ گوناهی نیە، قسەی من لەسەرکۆی ڕووداوەکانە، قسەی من لەسەرکارەکانی شۆڕشە، ئەوانە نەدەهاتن ئێمە بکوژن دەیانناردن تابمانکوژن،

ئەوان مەحکوم کرابوون بە کوشتنی ئێمە ئەگەر نەهاتنایە دەکوژران، لە دوایانەوە هێڵی گولەباران کردن دانرابوو، ئەوان لە ئێمە سەرگەردان تر بوون ئێمە تا بمانتوانیایە بەرگریمان دەکرد کاتێک لەتوانامانماندا نەبووایە دەکشاینەوە بۆ شوێنێکی ئارام بەڵام سەربازەکان دبوو بهاتنایە، دەبوو نەگەڕێنەوە بۆ دواوە، ئەوان پێشەوە و دواوەیان مەرگ بوو، بەڵام ئێمە لەهەڵەدا بووین هەرگیز نەدەچوین ڕووبار لەسەرچاوەکەیەوە وشک کەین و درەختی گوناه لەڕەگەوە هەڵکێشین، هەمیشە لقی خـوارەوەمـان دەبـڕی یـەوە، ئەولقانەی کە بەرگەی ڕەشەبایەکیان نەدەگرت، ئەزیزم قسەی من لەسەر ئەم شۆڕشەیە کەتۆ دەتەوێ دروستی کەین، ئاخر چ گەرەنتیەک هەیە کەئێمە هەمان مێژوو دووبارە نەکەینەوە، گەرەنتی چیە کەئێمە دەست بەکوشتنی مرۆڤەکانی خـوارەوە نەکەین، عەزیزی من ئەم وشانەم گومانی تێدانیە، هەرکە شۆڕشمان دروستکرد جەللادەکانی سەرەوە، مرۆڤە گرگنە ترسنۆکەکانی دەسەڵات، ئەوانەی خـوارەوە چەکداردەکەن و دەیان کەن بەگژماندا، لەوێدا دەبێ ئێمەچی بکەین، دەبێ بیان کوژین، دەبێ ئەومرۆڤانە بکوژین کەدەمانەوێ لەپێناویاندا شـۆڕش بکەین، ئاخر ئەوکات لەنێوان ئێمە و برسی و هەژاراندا جەنگ ڕوودەدات و تاوانباران لـەژورە داخراوەکانەوە بڕیار دەردەکـەن و ئێمەو ئەوان دەکەن بەگژ یەکدا.

تەماشاکە ئێستا مرۆڤەکانی خوارەوە تەنها مافیان پێ نـەدراوە و بەپلە دوو تەماشادەکرێن و بەکاردەهێنرێن، بـەڵام کەئێمە شۆڕشمان کرد دەبـێ بیان کوژین، ئاخر عەدالەتی ئەمە لەکوێدایە، چ یاسایەکی ئاسمانی و زەمینی

ئەمەقبوڵ دەكات، كەئێمە شۆڕشێ لەپێناو برسی یەكاندا بكەین و برسی یەكان بكوژین، حەسەن دڵنیاشم تاوانباران دەربازیان دەبێ، دڵنیام كەشۆڕش سەركەوت دێنەوە ناوشۆڕش و دووبارە دەبنەوە بەئاغاكانی جاران، عەزیزی من ئەوانە بەئاغایەتی لەدایك بوون، هەرگیز دەس بەرداری ئاغایەتی نابن، ئامادەن نیشتمان بفرۆشن و میللەت هەڕاج كەن لەپێناوپۆستی ئاغایەتیدا، حەسەن لەبیرت دێ خولە چەقەڵ لەكۆبونەوەیەكی شاخدا باسی خراپەی ڕژێمی دەكرد و دەیگوت چۆن نابم بەپێشمەرگە حكومەت گشت زەویەكانی ئێمەی دابەش كردوو و هێندەی جوتیارەكانی باپیرم زەوی پێداوین، ئەو نەیدەزانی ئێمە لەوشەكانی تێدەگەین و دەزانین كە ئەو بۆیە هاتوەتە شاخ تا ببێتەوە بە ئاغا، ئەو لە داخی ئەوە ببوو بە پێشمەرگە كە داگیركەر زەویەكانیماڵی ئاغای بابی بەسەر جوتیارە بێ زەویەكاندا دابەش كردبوو، ئەو پارچەیەك زەوی بەجوتیارێكی هەژار ڕەوا نەبینی بوو دەیویست دێهاتێك بۆ ئەبەدی كۆیلەی ئەو بن،

ئاخر حەسەن ئەوان میرات گری ئاغاكانن و بەپشتاوپشت ئاغایەتیان بۆماوەتەوە و ئاغای ئەبەدین. شۆڕش دوای شۆڕش و حكومەت دوای حكومەت بەشێوەیەكی سیحری دەبنەوە بەئاغا، ئیدی كەهەمان ئاغا و تاوانباران ببنەوە بەجەللاد بەسەر ڕۆحی هەژارانەوە، پێم ناڵێی شۆڕش چی كرد، ئەگەر دووبارە ئاغاكانی ئێستا ببنەوە بەئاغا و كوێخا بەسەر ڕۆحی نیشتمانەوە.

لەوێدا حەسەن دەیەوێت شتێ بڵێ بەڵام مەلەك دەڵێ : حەسەنی برام هەوڵ مەیە بموەستێنی، هەوڵ مەدە بڵێی

ناهێڵین ئاغاکان ببنەوە بەئاغا، ئەوە مەحاڵە و کاری نەکردەیە، پێم گوتی ئەوانە ئاغای ئەبەدین، وەک کرمی ناوپیسایی دروست دەبنەوە، کۆتایی بەئاغایەتیان نایەت، ئەشێ تۆ بیرت چوو بێ کەزۆربەی ئاغاکانی ئێستا ئاغاکانی دژ بەشۆڕش بوون، بەڵام لەکۆتایی شۆڕشدا هاتنە باوەشی شۆڕشەوە.

حەسەنی ئایشێ : مەلەکیان گوڵ ئەوانەی تۆدەیڵێی لەڕابردوودا ڕوویان داوە، لەڕابردوودا گشت کوێخاکان کرانەوە بەکوێخا، ئەوە بۆ بەرژەوەندی گشتی بوو، ئەوەفەرماندە بڕیاری لەسەردا، ئەوکات دەیگوت گەر ئەو هەموو پیاوە بکوژین بەشێ لەمیللەت لێمان دەڕەنجێ، گەرچی ئەوە بوو بەهۆی ئەوەی کەبەشێکی زۆر تری میللەت لێمان ڕەنجا، ئەو بڕیارەی فەرماندە کەس و کاری شەهیدانی تورە کرد و ڕۆحی شەهیدانی ئازاردا، بەڵام ئەو بڕیارە بۆئەوکات بڕیارێکی خراپ نەبوو.

مەلەکیان:- ناعەزیزم بڕیاری ژیرانە نەبوو، دەکرا نەبکوژرێن و نەلەسێدارە بدرێن و نەتیرۆر بکرێن، بەڵام خۆ دەکرا سزای گوناهەکانیان وەرگرن، دەکرا بەیاسا دادگایی بکرێن، دەکرا هێندەی نیوەی گوناهەکانیان سزا وەرگرن، دەکرا لەنیشتیمان دورخرێنەوە، دەکرا نەبنەوە بە کوێخا و بەسەر پیرۆزیەکانی خاکەوە هەنگاو نەنێن، ئاخر خۆ ئەو پیاوانە بێگوناه نەبوون، ئەوانە پیاوی شۆڕشیان کوشتبوو، سەدان جار پێشی هێرشی سەربازەکان کەوتبوون، سەدان براو خوشک و دایک و باوکی شۆڕشگێڕانیان گەیاند بوویە پەتی سێدارە، ئاخر گەر ئەو ئاغا خۆفرۆشانە نەبوایە ڕژێم لەکوێ ماڵی شۆڕشگێڕانی دەدۆزیەوە و لەکوێ دەیتوانی

بن بەرد بەبن بەرد دوای پیاوەکانی شۆڕش بکەوێت.

تەنها ئەوان بوون دەستی دوژمنیان دەگرت تادواینماڵی شۆڕشگێڕان و ئەشکەوتی حەوانەوەی شۆڕش، تادواین بن بەرد و دواین سەنگەر، لەبیرت چوو چەندە قارەمانی شۆڕش بەدەستی ئەوان تیاچوو، لەبیرت چوو شێرەی جەنگەڵ و پڵنگی هێرش و پاشای سەنگەر و هەزاران پیاوی کە بەدەستی ئەمانە تیاچوون، ئەی حەسەن شەڕی ناوشاخانت لەبیرە، ئەو شەڕەی کەلەسەرەتایی شۆڕشدا ڕوویدا، لەبیرتە گشت پلانەکەی دوژمن بەدەستی سمایل کێشرا بوو، سمایل ئەو خۆفرۆشەی کەسەرۆکایەتی خۆفرۆشانی ناوشاری دەکرد، لەوپلانەی سمایلدا سەدان سەرکردە و فەرماندە و شۆڕشگێڕ شەهید کران.

بەڵام ئەو پیاوە ئێستاش دەژی و دەسەڵاتی ئاغایەکی هەیە و ژنی شەهیدەکان لێی دەپاڕێنەوە تاشەهیدانەیەک بۆشەهیدەکانیان ببڕێتەوە، ئێستا باوکە ڕیش سپییە پشت کۆمەکانیان بەسەد واسیتە و بەرتیل ناگەنە ئەوخۆفرۆشە تالێی بپاڕێتەوە، موچەی کوڕەتاقانە شەهیدەکەی نەبڕێت، تەماشای سمایل و هاوشێوەکانی بکە، تەماشای دەسەڵاتیان بکە، تەماشاکە حکومەت لەدوای حکومەت هەر ئاغان و هەر دەست ڕۆشتوون، ئەشێ دەست ڕۆشتوەکانی دەسەڵات یان فەرماندە گرنگی بەهەستی گشتی نەدات، وە بەهۆی چاکەیەکەوە لەگەڵ فەرماندە ئەو هەموو شەهیدەی لەبیر کرد بێت، ئەو هەموو خۆفرۆشەی بەخشی بێت.

حەسەنی ئایشێ دەڵێ برام وشەکانت جوانن خۆ لەبیرتە سەرۆک بۆچی ئەوەی کرد، ئەو دەیگوت ئەم پیاوانە عاشقی جەنگ و تفەنگن، ئەوانی بەسەرزارەکی بەخشی،

بەڵام ناڕاستەوخۆ بۆ مەرگی دەناردن، لەبیرتە، فەرماندە هەموو ئەو خۆفرۆشانەی لەڕووبەڕووی چەکداریدا بەکار دەهێنا و لەململانێ سیاسی و حیزبی و دوژمنکاری یەکاندا سەدان لەو خۆفرۆشانە کوژران و سەدانیان کەم ئەندام بوون و سەدانیان هەڵهاتن بۆمەنفا، ئاخر فەرماندە بڵێ چی سمایل لەو هەموو شەڕانەدا هیچی بەسەر نەهات.

مەلەکیان بەنائومێدیەوە دەڵێ : بەڵام ئەوە چارەسەری کێشەکانی نەکرد ئەوە جۆرێک لەفێڵ کردن بوو لەوان کرا، دەبوو بەئاشکرا و بێ پەردە دادگایی بکرێن و سزابدرێن، تەماشاکە ئێستا نیشتمان بەدەست هەمان خۆ فرۆش و هەندێ لەشۆڕشگێڕە نەفامەکانەوە دەناڵێنێ و خاک گیرۆدەی پۆستاڵی ئەوانەیە، تەماشاکە تۆ ئێستا هاتووی تاشۆڕشێ لەدژی ئەوانە دروست کەین کەمن بیست ساڵ بەر لەئێستا فەرماندەم لەمەترسیان ئاگادارکردەوە، ئاگادارم کردەوە کە ئەوانە مەترسیترین مەترسین بۆسەر نیشتمان، کەچی فەرماندە هیچی نەکرد.

ئەزانی بەخشینی ئەو خۆفرۆش و تاوانبارانە چەندە زیانی هەبوو، دەزانی ئەوە مۆدێلی بەخشینی داهێنا، ئەوە وای کرد کەتا هەزار ساڵی کە هیچ کەسێ لەخۆ فرۆشی و تاوان کردن نەترسێ و گشت تاوانباران بەردەوام بن لەسەر تاوان و دواجار چاوەڕێی بەخشین بکەن، گەر فەرماندە ئەوانی نەبەخشیایە و بەسزای گەل بگەشتنایە، ئەوا هەرگیز کەس نەیدەتوانی لەسەنگەری میللەت هەڵبێت و تاوان لەدژی نیشتمان ئەنجام بدات.

حەسەنی ئایشێ : مەلەکی هاوڕێم ئەوانە هەڵەی شۆڕشی ڕابردوو بوو، ئێمە ئەو هەڵانە دووبارە

ناکەینەوە و هەوڵ دەدەین گشت تاوانباران، گشت ئەوانەی لەناشرینی گلاون و ئازاری ڕۆحی نیشتمانیان داوە سزا بدەین، هەوڵ دەدەین هیچ تاوانبارێک لەسزا دەربازی نەبێت، دەتوانی ئەم جارە خۆت یاساکان دڕێژیت و خۆت لێپرسینەوە لە خۆفرۆشەکان و تاوانبارەکان بکەی، دەتوانی خۆت هەیکەلی دەوڵەت و پەرلەمان و حکومەت و هەموو شتەکان دانێ، خۆت هەموو شتەکان ڕێک بخەرەوە، ئەوەی لەشۆڕشی پێشوو نەکرا خۆت لەم شۆڕشەدا بیکە.

مەلەکیان دەڵێ : عەزیزی من کێشەی ئێمە سزاو پاداشت نیە، ئەوانە باسی دەکەی هیچ شتێ ناگۆڕن، عەزیزی من شۆڕش لەم مەملەکەتەدا بەم مەفهومەی ئێستا تەنها خوێن و وێرانی بەجێ دەهێڵێ، شۆڕش چی دەگۆڕێ کاتێ لاوان ئامادەی مەرگ بن، کاتێ ئومێدی ژیان لەچاوی هیچ مەخلوقێکدا نابینرێت، کاتێ شیلەی ژیان هیچ تامێکی نامێنێ و خوێن شەقامەکان دەشارێتەوە، شۆڕش چی دەکات کاتێ ئاگر جوانی و ناشرینی پێکەوە دەسوتێنێ، تەماشاکە حەسەنی ئایشێ لاوان کە چونە شۆڕشەوە و بوونە جەنگاوەر دەبێ دەست لەگشت عیشقەکان هەڵگرن، دەبێ دەست بەرداری عیشقی دایە ببن و بابە لەبیرکەن و ئاگایان لەخوشک و براکانیان نەمێنێ و جگەرگۆشەکانیان نەبینن و لەئامێزی نەگرن، شۆڕشگێڕ کەبوویە جەنگاوەر و کەچوویە شاخ و کەسەرقاڵی شۆڕش بوو ئیدی دەبێت شاری لەدایک بوونی جێ بهێڵێ و کۆڵانی منداڵی لەبیربکات و هاوڕێیانی قوتابخانە لەبیرخۆی بەرێتەوە و بیر لەئەزیزانی نەکاتەوە.

دەبێ جەنگاوەر سەدان شەو و ڕۆژ تەنها هاوڕێی چەک بێت، دەستی لەمەچەکی تفەنگ بئاڵێنێ و گوێی لەسەدای گوللەی تفەنگ بێت، شۆڕشگێڕ سەدان شەوو ڕۆژ ئاشنایە بەخوێن، پڕە لەڕق بۆ دوژمن، واتە شۆڕشگێڕ دەبێت دەست بەرداری گشت عیشقەکان ببێ لەپێناوی عیشقی شۆڕش و نیشتماندا، بەڵام عەزیزم ئەمە ترسناکترین عیشقە کەقوتت دەدات، تەماشاکە ئێمە کە گشت عیشقە پیرۆزەکانمان لەدەستدا ئیدی کەشۆڕش سەری گرت دوای شۆڕش کەچوینەوە شار چۆن دەتوانین لەگەڵ ئەم هەموو عیشقە ئاشت بینەوە، چۆن دەتوانین فێری ژیان بینەوە، شۆڕش بەو تێگەشتنەی کەئێمە هەمانە بۆی ناتوانێ بەپیرۆزی بمێنێتەوە، ناتوانێ ئامانجە پیرۆزەکان بپێکێ، تالاوان پڕ نەبن لەژیان، تامەرگ وەک دێوەزمەیەک سەیر نەکرێت، شۆڕش هیچ ناگۆڕێت، شۆڕش بۆهێنانە کایەی ژیانێکی جوانترە، بەڵام کەشۆڕش مەرگی بۆلاوان هێنا، ئیدی ئامانجەکەی شۆڕش شێواوە.

عەزیزی من حەسەنی ئایشێ تابیرکردنەوەکان مەرگ دۆست بن، تامەرگ لەپێشمانەوە هەنگاوبنێت، تامەرگ بۆشۆڕش پیرۆزبێت، تاشۆڕشەکان تەنها بەتفەنگ بکرێت شۆڕش مەترسیدارترین مەترسیە بۆسەر ژیان، حەسەن لەم مەملەکەتەی ئێمەدا دەبێت شۆڕشێ بەسەر نەفامیدا بکەین، شۆڕش لەدژی گەمژەیی بکەین، دەبێت ڕێگا نەدەین فامیدەیەک بمانکاتە سوتەمەنی شۆڕشەکەی و لە کۆتایدا لەسەنگەرەکاندا بمان نێژن، برام کێشەی ئێمە نەزانین و نەبینین و تێ ڕانەمان و بەد حاڵی بوونە.

کێشەی لاوانی ئەم مەملەکەتە ناهۆشیاری و نارۆشنبیریە پێویستە لەبری شۆڕشی چەکداری شۆڕشێ بۆ پڕ بوون لەمەعریفە ساز کەین، شۆڕشێ بەخەبەرمان بێنێ لەو خەوەی کەدەسەڵات بۆی دەستەبەر کردووین و لاوان پڕ بکرێن لەوشیاری، شۆڕش بێ وشیاری هیچ نیە و چەک بێ قەڵەم تەنها وێرانی دەهێنێ، شۆڕش بۆ ئەوە نیە ناحەزەکان بکوژین بۆ ئەوە نیە کەتەنها ناشرینی بسوتێنین، شۆڕش بۆ جیاکردنەوەی جوانیە لە ناشرینی، بۆ تێگەیاندنی دوژمنە، بۆ ڕاستکردنەوەی لاریەکانە و ئەمانەش تەنها بەتفەنگ ناکرێن.

عەزیزی من دەتوانی بچیتەوە ئەمانە بە فەرماندە ڕاگەیەنی، دەبوو فەرماندە دەیان ساڵ بەر لەئێستا دەمانچەکەی فڕێدات، دەبوو نەفرەت لەشۆڕش بکات و کۆتایی بەگشت جەنگەکان بهێنێ و هەستی دوژمنکاری لەناخی خۆیدا بکوژێت، دەبێت فەرماندە ئەو حەقیقەتە قبوڵ بکات کەپێویستە لاوان داماڵین لەهەستی شەڕانگێزی و ئەحساسی دوژمنکارانە، ئەمەش تەنها بەوە دەکرێت کەگەنجان خاڵی کەینەوە لەهەستی شۆڕشگێڕی و جەنگاوەری دەبێت کار لەسەر ڕۆحی لاوان بکرێت و ڕۆحیەتێ پەروەردە کەین کەپڕ بێت لەجوانی و ژیان و مرۆڤ دۆستی، دەبێت وا بکەین لاوان دەست بۆشۆڕش نەبەن و نزیکی تفەنگ نەکەونەوە و فێری ڕق نەبن، ئاخر حەسەنی ئایشێ عەزیزی من ئێوە هەست دەکەن زۆرکەمن ئەو لاوانەی کە بەهەستێکی تەواو پڕ لەنیشتمانەوە دەبنە شۆڕشگێڕ و جونگاوەر، لاوان هەمیشە لەناو بازنەیەکدا دەسوڕێنەوە کەخاڵیە لەنیشتمان، ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کەلە

قورسایی لاوان کەم کەمەوە، نا عەزیزم لاوان پڕن لەوزە و جوڵە، بەڵام هەمیشە لاوان بەجۆرێک مەستیەوە  هەنگاو دەنێن، هەمیشە مەستن، مەست بەشەرابی لاویەتی، مەست بەشەرابی تەمەن، ئەوان هەنگاوەکانیان پڕە لەمەستی و ئەو مەستیە ڕێگا نادات کەهەنگاوی ژیرانە بهاون، ڕێگا نادات ئامانجەکانی شۆڕش بناسن.

جەلـلادەکان لەگشت شـۆڕشـەکـانـدا مەستی لاوان بەهەل دەقۆزنەوە و لاوانـی نیشتمان دەکەنە قەڵغان بۆ پاراستنی خۆیان و شۆڕشەکانیان، هەمیشە سنگی لاوان دەخـەنـە بەرگوللەی دەیـان دوژمـن، ئاخر عـەزیـزم خۆ دەزانم نیشتمان لەوەش پیرۆزترە کەمرۆڤ  بۆی بمرێ، نیشتمان ئامێزی ئەودایکەیە کەساواکانی لەخەونی شادیدا دەنوێنێ، قسەمان لەسەر پیرۆزی نیشتمان تـەواو بوو، ئەم  وشەیە ئەهریمەنەکان لەفریشتەکان زیاتر بەکاری دەهێنن و جەللادەکان لەپەنا پیرۆزی نیشتماندا سیمایی نەگریسیان دەشارنەوە، ئەشێ شۆڕش هەندێ باشی هەبێ، بەڵام جەللادەکان ئەو باشیەشی لێ دەسەننەوە و شۆڕش دەکەنە چەکێ بۆ داگیرکردنی کورسیەکان.

جـەلـلادەکـان دەچـنـە شـۆڕشـەوە تـا بەوشتانە بگەن کەخـەونـی شـەیتانی پێوە دەبـیـنـن. تەماشاکە عەزیزی من شۆڕشگێڕەکان چۆن دەبنە دیکتاتۆر و چۆن دەچنە سەرکورسی یەکانی ئەبەدیەت و دەیانەوێت بۆ مانەوەیان لەسەر ئەو کورسییانە نیشتمان بسوتێنن و لایان شورەیی نیە شـارەکـان خەڵتانی خوێن بکەن و گشت دێهاتەکان خاپورکەن و ئاسمان پڕکەن لە بۆنی مردن .

تەماشاکە جەنگاوەرانی شاخ چۆن دەبنە ئاغا بەسەر ڕۆحی هەژارانی شارەوە، چۆن دەبن بەکوێخا لەبەردەم شاشەی تیڤیەکاندا، چۆن دەبنە داگیرکەر، داگیرکەری خاک و کورسی و بازاڕ و شاشەی تیڤیەکان و تەنانەت دەریاکان و باڵەخانەکان و دوکان و ڤێلا، تەماشاکە عەزیزی من.

داگیرکەر هەر داگیرکەرە هەر ناوێکی هەبێت، هەر ئاینێکی هەبێت، سەر بەهەر تەریقەتێک بێت، ئاخر ئەی دۆست ئاگر هەر ئاگرە و ئامانجی ئاگر هەرسوتانە، من چیم داوە لەوەی جەللاد چی لیباسێکی لەبەردایە و بە چ زوبانێ دەدوێ و لە چ ئاسۆیەک دەڕوانێ، جەللاد تەنها ئازاری پێیە و ئازاریش هەرهەمان ئازارە لەلایەن هەر جەللادێکەوە بێت.

تۆ دەزانی هەموو جەللادەکان سەر بەیەک مارشاڵن دەزانی یەک ئامانج کۆیان دەکاتەوە، ئامانجی ئازار و گشت داگیرکەرەکانی دونیاش سەر بەیاسایی دۆزەخن، عەزیزی من کەوابوو شۆڕش لەم مەملەکەتەدا کارگەیەکە بۆسوتاندنی لاوان و دواجار کۆمەڵێ پیاو دەچنە سەرتەختی شاهانە کەهەندێ لەو پیاوانە ئەسڵەن لەشۆڕشدا هیلاک نەبوون و نرخی شۆڕش نازانن و قودسیەتی نیشتمان ناناسن، کۆمەڵێ پیا و کەلاوانیان کردۆتە قەڵغانی خۆیان و هەمیشە خۆیان لەمەرگ دزیوەتەوە، عەزیزی من تەماشاکە ئەوانەی ئێستا نیشتمان گیری خواردووە بەدەستیانەوە بزانە دوای بیست ساڵ لەئاگری شۆڕشدا چلۆن کوڕێکیان نەکوژرا چلۆن لوغمێک نەتەقیەوە پێیاندا، چلۆن شەوێک لەکەندەڵانێک قاچیان نەشکا، تەنانەت من هەندێ لەشۆڕشگێران دەناسم بەشداری یەک جەنگیشیان نەکردووە.

پیاو هەیە تەنانەت گوللەیەکیشی نەناوە بەدوژمنی نیشتمانەوە و دەستی بەسەر ڕەبیەیەکدا نەگرتووە، ئەو جەنگاوەرانەی شاخ ئەوانەی خۆیان لەمەرگ دەدزیەوە ئەوانەبوون عیشقی کورسی و دەسەڵات هێنابوونیە ناوشۆڕشەوە ئەوانەبوون کەئێستا هەموو شتێکیان داگیرکردووە، ئەوان نەهاتبونە شۆڕش تابۆنیشتمان بمرن، هاتبون تاببنە ئاغا بەسەر نیشتمانەوە، ئەوان خۆیان لەگشت شەڕەکان دەدزیەوە تادواجار دوای شۆڕش بە ویستەکانیان بگەن.

حەسەنی ئایشێ: مەلەکیانی گوڵ ئەمانەی کەتۆباسی دەکەی گشتی درێژبوونەوەی ناشرینی ڕابردووە، ئەمانە لەڕابردوودا بووە من نەهاتووم تاباسی ڕابردووت لەگەڵ بکەم ، باسی شۆڕش دەکەم کەداهاتوو ڕوناک دەکاتەوە،

مەلەکیان : بوەستە حەسەن نامەوێ گوێم لەم وشە ڕەنگاڵانە بێت، ئەمە ئەو وشانەن کەلاوەکانی پێ فریو دەدرێت و ئامادەی مەرگیان دەکات، لەبیرت بێت من ئێستا پیرەپیاوێکم و بازم بەسەر زۆرشتدا داوە لەبیرت نەچێت من دەیان ساڵ پێشتر گوێم لەم جۆرە وشانە بووە، مەحالە دووجار بەیەک دەستەواژە فریوو بخۆم.

ئەورۆژە مەلەکیان و حەسەنی ئایشێ تائێوارەیەکی درەنگ بەناو جوانیەکاندا هەنگاو دەنێن و بەبێدەنگی پێکەوە لەجوانیەکانی ناوباخ ڕادەمێنن، دەشێ زوبانی بێدەنگی باشترین تێگەیشتنی هەبێت بۆمرۆڤەکان، کە مەلەک چێژێکی زۆر لە بێدەنگی و پیاسە دەبینێت، ئەوان نیوەشەوێکی درەنگ دەگەڕێنەوە و بەدرێژایی هەموو ڕێگاکان بێدەنگی هەڵدەبژێرن و شەوێکی درەنگ

لەپەناگەکەی خۆیان بەبێدەنگی دەنون، ئەو بەیانیە حەسەن
بەر لەمەلەکیان وەئاگادێت و لەدار هەنجیرەکەی تەنیشتیان
نانی بەیانی دەخوات و مەلەکیانیش وەئاگادێنێت و تانیوەڕۆ
وەک هەمیشە بەناو باغەکاندا پیاسەدەکەن و مەلەکیان
حەسەن دووردەخاتەوە، دوور دوور لەشوێنی حەوانەوە
زنجەکەیان، ئیدی مەلەک دەیەوێ گشت جوانیەکانی
ئەودەڤەرە نیشانی حەسەن بدات، ئەو ڕۆژە هەردەڕۆن و
ئاوڕنادەنەوە، هەردەڕۆن و حەسەن زیاتر جوانی دەبینی،
هەردەڕۆن و بەبێدەنگی هەنگاو دەنێن، هەر دەڕۆن و
درەخت و باڵندە و گوڵ و گیا و گیانەوەر لەدوای خۆیانەوە
جێدەهێڵن، هەر دەڕۆن و کانی لەدوای کانی و جۆگەلە
لەدوای جۆگەلە تێدەپەڕێنن، بەلای سەدان جۆر گوڵی یەک
وەرزی و هەمیشەیدا تێدەپەڕن، هەزاران جۆر باڵندەی
دەگمەن بەسەریاندا دەفڕێت، سەدان جۆر گیانلەبەر دەبینێت
کە یەکەمین جاریەتی شتی وای بەرچاو بکەوێت، ئەوان
نزیکی نیوەڕۆ کەبۆپشوو دادەنیشن، حەسەن دووبارە داوا
لەمەلەکیان دەکاتەوە کەلەگەڵی بچێتەوە بۆنیشتمان و دەڵێ
مەلەکیانی گوڵ نیشتمان پێویستی بەشۆڕشە دەبێت تۆ
سەرۆکایەتی ئەوشۆڕشە بکەیت، تۆ پیاوی ئەو شۆڕشەی،
ئێمە جگە لە پاکی و پیرۆزی تۆ هیچمان نیە شانازی
پێوە بکەین، مەلەکیان دەست دەخاتە سەرشانی حەسەن
و دەڵێ عەزیزی من ئەم شۆرشەی کەپێویستە دروست
بکرێت پێویستی بەجەنگ و خوێن و قوربانیە، پێویستی
بەڕوخان و سوتان و چەک و باروت و ئاگر هەیە، عەزیزی
من هیچ شۆڕشێ لەدنیادا درووست نەبووە کەخوێنی تیا
نەڕژابێ و کوشتاری تیا نەدرابێ، لەهەموو شۆڕشەکاندا

دەبێ دەیان هەزار مرۆڤ ببنە قوربانی، ئەها حەسەن ئێمە لەوشۆڕشەدا چی دەکەین.

ئێمە دەبێ هەزاران ڕۆح بنێرینەوە بۆلای خودا و دەیان هەزار جەللاد دروست کەین و دەیان هەزار چەکدار بەربدەین دڵی شارەکان و دەیان هەزار کەس فێری کوشتن بکەین و دەستی هەزاران بەخوێن سورکەین، تەماشاکە ئێمە دووبارە نیشتمان خاپور دەکەین و جارێکی دی گشت پیرۆزیەکان لەخاچ دەدەینەوە، ئاخر عەزیزی من جەنگ ناتوانێ جوانی بەرهەم بهێنێ.

مەلەک توندتر دەستی لەسەرشانی حەسەن دادەنێت و دەڵێ : عەزیزی من ئەوشۆڕشەی کە بڕیارە بەرپا بکرێت، پڕ دەکرێ لەناشرینی و نابوتی و ئیدی ئەو پیاوانەی کەدەبنەبار بەسەرخاکەوە پێکەوە قەڵایەک لەجەهل و بەدکاری و خراپەکاری دروست دەکەن و دەبنە بازنەیەک کەمەحاڵە کەس بتوانێ سنوری ئەو بازنەیە تێپەڕێنێت، بازنەیەک کەدەوری گشت پیاوە چەپەڵەکان دەدات و ئیدی کەس ناتوانێ بچێتە ئەودیوی ئەوبازنەیەوە، قادری خەزێنەت لەبیرە، پیاوی خەزێنەی شۆڕش، ئەو پیاوەی هەموو لاریەکانمان پێ ڕاست دەکردەوە و سەدان پیاوی ڕژێممان پێ کوشت، دەزانی ئەو پیاوە دوای شۆڕش، ناچار بوو سەری خوی هەڵگرێت، پێم بڵێ دوای دەیان ساڵ کەس خەبەری لەو پیاوە هەیە، کەس دەزانێ ئیستا لە کوێی نیشتیمان خوی شاردۆتەوە، ئەی کۆساری حەکیم چی بەسەر هات، ئەو پیاوە مەزنە بۆ وون بووە دڵنیام ئەگەر ئەو بمابایە و لەلاتان بوایە کەس بیری لە حیکمەتەکانی من نەدەکردەوە، تەماشاکە برا شۆڕش چی

لە پیاوە پیرۆزەکان کرد، چی لە مرۆڤە مەزنەکان کرد، تەماشاکە پیاوە حەکیمەکان بۆچی خۆیان شاردەوە.

حەسەنی ئایشێ دەڵێ : مەلەک قادری خەزێنە بە خۆی و خەزێنەیەک لە ئەرشیفی شۆڕشەوە خوی ون کردووە و هیشتا کەس هەواڵی نازانێت ، دەشێت لە ژیاندا نەمابێت، دەشێت کوڕی یەکێک لە خۆ فرۆشەکانی ڕژێم زەفەری پێبردبێت و لەناو چوبێت، بەڵام بۆ کۆساری حەکیم، ئەو پیاوە لە شەڕی ناوخۆدا لەگەڵ فەرماندە بوو بە دەنگە دەنگی و کە هەستی کرد جەنگ ڕاناوەستێ هەموومانی جێهێشت و هەتا ئێستا لە هیچ کوێوە ئاسەواری دیار نیە، بەڵێ مەلەکیانی گوڵ، ئێستا تۆ پیرۆزترین پیاوی ئەم سەردەمە و ئەم شۆڕشەی، تۆ بەشداری ناشرینیەکانت نەکردووە و بارگاوی نەکراوی بەچەوتی یەکان، تۆ دەتوانی شۆڕشێ لەدژی ناشرینی بەرپاکەی تەنها جوانەکان دەتوانن وەک پێویست ناشرینی ببینن، تەنها تۆ دەتوانی، تەنها تۆشیاوی بەڕێوەبردنی شۆڕشی، مەلەکیان وشەکەی لەدەم وەردەگرێتەوە و دەڵێ حەسەنی برام پێت وانەبێ من پڕم لەپاکیەتی و پیاوێکی پیرۆزم، ناعەزیزم من دەستم بەخوێن سورە، ئاخر پیاوێک دەستی بەخوێنی سەدان مەخلوق سور بێت، پاکیزەیی لەکوێدا دەمێنێ [مرۆڤ تاکاتێک پیرۆزە کە دەستی نەچۆتە خوێنی چۆلەکەیەکیش، کاتێ مرۆڤ دەستی سور بوو بەخوێنی هاو نەژادەکەی ئیدی شایەنی نەفرەت لێکردنە، مرۆڤ دەبێت باجی جەنگەکەی هابیل و قابیلیش بدات] حەسەن دەڵێت. ئاخر مەلەک ئێمە شۆڕشمان کرد، خۆ شۆڕش بەپەپولەناکرێت، ئێمە مێژوومان لەبەردەمدا بوو دەبوو لەمێژوودا جێگای

دەستمان دیاری بکەین، دەبوو بۆ شتێکی گەورە شتێکی بچوک بکەینە قوربانی، مەلەکیان وشەکە وەردەگرێتەوەو دەڵێ حەسەنی برام تۆڕاست دەکەی بەڵام من ئێستا لەگەڵ خوێن ڕشتندانیم کێشەکەی منیش هەر ئەوەیە کە مێژوومان بە خوێن سورکرد و ئەو شتە بچوکەی تۆ دەڵێی دەبوو بیکە ینە قوربانی ئەوە مرۆڤ بوو پێم وانیە مرۆڤ شتێکی بچووک بێت، من بڕوام وایە هەموو شتەکانی دونیا و ئاسمانەکان و گەردوون لەخزمەت مرۆڤدان، ئیدی چۆن ئێمە بەناوی شۆڕشەوە مرۆڤ بەو گەورەییەوە بکوژین، من ئێستا ناتوانم خوێنی پەپولەیەک برێژم، ئاخر هێنانەوەی جوانی بەڕژانی خوێن ناکرێت، ئێمە زەمەنێک پڕبووین لەناشرینی و دەستمان بەخوێن سوربووە چۆن دەتوانین ڕووبەڕووی ناشرینی ڕاوەستین، ئاخر کەسێ دەتوانێ باسی جوانی بکات کەخۆی لەناشرینی نەگلابێت و دەستی سەوز سەوز بۆنی ژیانی لێبێت.

دەشێ کەس هەست بەناشیرینی ڕۆحی من نەکات و ئێستا لای نیشتمان بەپیرۆز تەماشا بکرێم و لاوان وێنەکەم لەمل بکەن، بەڵام حەسەن من ویژدانم نائارامە بەشاردنەوەی ئەو هەموو چەپەڵیەی پێشوو، ئەگەر بڕیاربێت ئەو شۆڕشە بەرپاکەم گەرناچاربم ئەوشۆڕشە بەرپاکەم ئەوا ئەو شۆڕشە لەدژی خۆمان بەرپادەکەم، ئاخر بەشێکی ناشرینیەکان لەئەستۆی ئێمەیە، دەشێ ئێمە، من و تۆ و فەرماندە و کۆساری حکیم و و قادری خەزێنە و کێ و کێی تر گوناهباری یەکەم بین ئاخر ئێمە لەناوەندی بڕیاردابوون ئێمە دەمانتوانی لاوان فێری ژیاندۆستی بکەین، ئێمە نەمانتوانی پیاوە نەگریسەکان لەنەگریسیەت

ڕاگرین و پڕیان کەین لەعیشقی ژیان، ئاخر حەسەن ئێمە دەیان ساڵە چیمان کردووە، بۆ نیشتمان وێران بوو، بۆخاک غەرقی ناشرینی بوو دەشێ ئێوە گرنگیتان بەجوانیەکان نەدابێت و بەشێک لەناشرینیەکان دەستی ئێوەی تیابێت، ئاخر خۆ ئێوەهەموو شتێ بوون، خۆئێوە بڕیاربەدەست بوون، بۆڕۆژێک پیاوێک لەسەرناشرینی سزانەدرا، بۆپیاوێک لەسێدارەنەدرا، بۆسزای پیاوێکی چەپەڵ نەدرا، بۆسزای فەرماندەیەکی بەدمەست نەدرا، بۆسزای بەڕێوەبەرێکی چاوبرسی نەدرا، دەشێ فەرماندە خۆی بەشێک بێت لەوناشیرینیانە، ئەگینا دەیتوانی سزای ئەوانەبدات کەلەناشرینی گلاون من ئێستا زۆر دەترسم فەرماندە جارێکی دی بیەوێ من بەکاربهێنێ بۆچاککردنەوەی ئەوشتانەی کەخۆی شکاندویێتی دەترسم فەرماندە بترسێت کورسیەکەی لەژێر دەربهێنن، دەترسم شەپۆلێکی نارەزایی بەڕێوەبێت و فەرماندە بترسێت لەکۆشک بیهێننە خوارەوە و من ئامادە بکات تا لەڕێگای شۆڕشەوە بگاتەوە ناو کۆشک یان ببێتەوە بەفەرماندە، دەشێ فەرماندە لەترسی دۆڕان بیری لەشۆڕش کردبێتەوە، دەشێ فەرماندە لەپێناو بوونەوە بەفەرماندەدا بیەوێت نیشتمان بسوتێنێ، ئاخر ئەزیزی من زۆربەی شۆڕش گێڕان دوای شۆڕش ئامانجی شۆڕش ون دەکەن و عاشقی کورسی دەبن، گەروانەبوو، گەرفەرماندەعاشقی کورسی نەبوو، گەر شۆڕشی بۆئازادی نیشتمان کرد بۆدوای شۆڕش نەهات لەگەڵ من لەم باغەدا لەقەشەنگی گوڵەکان ڕامێنێ، بۆنەهات فێری ژیان بێت.

مەلەکیان دەستی لەسەر شانی حەسەن دادەگرێت و هەڵدەسێتەوە و کەل و پەلەکانی کۆدەکردەوە کەقۆریەکی

ڕەشی کۆن بوو کەلەدەیان ساڵ پێشترەوە لەگەڵ خۆی هێنابووی بۆئەوێ لەگەڵ هەندێ گەڵای گژوگیا کەوەک چایی بەکاری دەهێنا پاشان جارێکی تر کەوتنەوە ڕێگاو بەدەم ڕێگاوە حەسەن دەیگوت : مەلەکیانی ئازیز لەگەڵ هەموو ئەمانەدا کەتۆ باستکرد هێشتا شۆڕشێ پێویستە، ئاخر تۆ هەست ناکەی ئێستا لە نیشتیمان چی دەگوزەرێت نازانی ئێستا کێ کاروباری یاسایی وڵات بەڕێوە دەبات، دەشێ پێت سەیر نەبێت  حاکم وریا ئێستا باڵاترین پیاوی یاسایە، ئەو پیاوەی کە بەنایاسایی ئەو هەموو پیاوەی کوشت، ئەو پیاوەی کەبۆ گەیشتن بەو دەسەڵاتە پشتی کردە هەموو یاساکان.

مەلەکیان بەدەم هەنگاو هاویشتنەوە دەیگوت : حەسەنی ئایشێ ئەوەش هەڵەی شۆڕش بوو کە هەموو یاساکانی خستە ژێر پێی، ئەزیزی من ترسناکترین سات ئەوساتەیە کەشۆڕش دیکتاتۆرێک لەکۆشک دێنێتەخوارەوە، ترسناکترین سات ئەوساتەیە کەدوای دەیان ساڵ دیکتاتۆرێک هەرەس دێنێ، عەزیزی من هیچ میللەتێ ناتوانێ دوای دەیان ساڵ لەژێردەستەیی و زوڵم و زۆر بەشۆڕشێ ئازادی و یەکسانی بەدەستبخات، نائەزیزم لەسەردەمی دەسەڵاتی دیکتاتۆرەکاندا هەزاران وردە دیکتاتۆر دروست دەبێت و هەرماڵێ دیکتاتۆرێ حاکمیەتی و هەرکۆڵان و شەقام و بازاڕێک دیکتاتۆرێک بەڕێوەی دەبات، لەسەردەمی دیکتاتۆرەکاندا هەمووومان دەبینە جەللاد و دیکتاتۆر و زاڵم، هەمووومان بەدنیابینی ئەهریمەنیەوە بیردەکەینەوە، هاوڕێی من ئێستا داوام لێدەکەی شۆڕشێ بەرپاکەم و ئاگاداری مێژوو نیت و نازانی ئێمە سەدان ساڵ لەژێر

چەپۆکی دیکتاتۆردا ژیاوین، تۆئاگات لەوەنیە کەهێندەی دیکتاتۆرەکانی دونیا دیکتاتۆر لە کۆلانێکی ئەم شارەدا دەژی، نا تۆئاگات لەهیچ نیە تۆ و فەرماندە بیست ساڵە مەستن بەشەرابی دەسەلات، نازانن شۆڕش کەی پێویستە و چۆن دەکرێت و کێ بیکات، دەشێ تەنها یەک دیکتاتۆر جڵەوی هەزاران دیکتاتۆ ربگرێت، دەشێ دیکتاتۆرێکی عادیل لەهەزاران ئازادی خوازی ناعادیل باشتربێت، دەشێ داگیرکەرێکی دەست پاک لەدەیان پیاوی شۆڕشگێڕی بەدحاڵی باشتربێت فەرماندە دەیەوێ شۆڕشێ بەرپاکەم، بەلام نازانێ چی لەوهەموو وردە دیکتاتۆرە بکەین کەخۆیان ئامادە کردووە تا دوای ڕوخانی دیکتاتۆر باوەش بەکورسیەکاندا بکەن و تۆڵەی ئەم هەموو ساڵە بکەنەوە کەدووربوون لەکورسی.

مەلەک لەتەنیشت کانیەک لای دەداو تەماشای گوڵێکی دەکردوو دەیگوت حەسەنی برام دیکتاتۆر تەنها ئەوانە نین کە لەسەر کورسیەکانی دەسەلات دانیشتوون و هەمووشتێک هەر خۆیان دەیکەن و بڕیار بەدەست و ئەنجام دەر و دار و بەردی وڵات خۆیانن و کەس بۆی نیە بڵێت ژێری چاوتان برۆیە، دیکتاتۆرەکان تەنها ئەوانە نین، ئەوانەش دیکتاتۆرن کە بەلای گوڵی باخچەی گشتیدا دەڕۆن و لەبری ئەوەی بچەمێنەوە تا بۆنی گوڵەکان بکەن دەگەڕێن جوانترین گوڵ لێدەکەنەوە و بیریان نیە کە ڕەنگە ڕێبوارێکی تر حەز بکات بۆنی ئەو گوڵەبکات، ئەوانە دیکتاتۆرن کە لەسەر کورسیەکی چەند نەفەری دادەنیشن و جێگای دوو نەفەر دەگرن، بەڵێ هەموومان دیکتاتۆرین، کەس نیە لەم نیشتیمانەدا بیری لە دوای خۆی هەبێت، ئێمە

دەبــوو لەهەموو هەنگاوێکدا بیرمان لەوانەی دوای خۆمان بکردایەتەوە، تەنانەت دەبوو سەدان نەوەی دوای خۆشمان فەرامۆش نەکەین، ئێمــە زۆر جار تەنها خۆمانمان لەبیرە، تەنانەت بیری نەوەکانی خۆشــمان نیە، ئەوە دیکتاتۆریەتە مرۆڤ جگە لەخۆی بیر لەکەس نەکاتەوە، ئەوە دیکتاتۆریە کــە ســامانی سروشــتی نیشــتیمان هەرج فــرۆش بکرێت و بیــری ســەدان نــەوەی دوای خۆمــان نەهێنــەوە، ئەوە ئــەو پەڕی لوتکــەی دیکتاتۆریەتە  کە ئینســانیەت لەبیری مرۆڤ بەرینەوە و ســەدان نەوەی دوای خۆشــمان فێری شــۆڕش و چەک و خوێن ڕشــتن بکەین، برام هەموومان دیکتاتۆرین بەڵام هەریەکەمان بەڕەنگ و شــێوەی جیاواز، ئێمــە لەم کانیــەدا ئەگەر بیر لەوە نەکەینەوە کە دوای ئێمە کەروێشکێک یان ئاسکێک پێویستی بەئاو خواردنەوە هەیە واتــە دیکتاتۆریــن، ئەگەر ئەو گوڵەمــان لێکردەوە و دوای خۆمانمان بیر نەبوو واتە دیکتاتۆرین، ئەگەر چووینە سەر دەریایــەک و لەبڕی تینوێتی خۆمان زیاتر ئاومان دەرهێنا واتە دیکتاتۆرین، لێرە هەموومان دیکتاتۆرین، هەر ئەوەی کە من دەمەوێت هەنگاوێک پێش تۆ بگەمە شــوێنێک ئەوە واتــای دیکتاتۆریەتە، واتا من خۆمم لەهەمووشــت بەلاوە گرنگتــرە، ئەمەوێت لەپێش هەمووانەوە بم، ئێ حەســەنی بــرام دیکتاتۆرەکانیش هــەر ئەوە دەکەن، جگــە لەخۆیان نابێــت ناوی کەس دیــار بێت، ئێمە هەر لەشــاخ دیکتاتۆر بووین، هەمیشــە بۆ شین و شــایی دەبوو لە پێشەوە بین، ئەوەی دەکرا بەباش و خراپ ناوی ئێمەی دەچووە ســەر، هەرچــی باش خراپە هی خۆمان بــوو، جوانترین دەمانچە بەکەمــەری خۆمانــەوە بــوو، جوانتریــن تفەنگ لەشــانی

خۆماندا بوو، سەروەتی شۆڕش لە گیرفانی خۆماندا بوو، کە دەچوینە دێهاتێک چیماڵێک خواردنی چەوری هەبوایە ئێمە لەوێ دەعوەت بووین، گۆرانی بێژەکانی شۆڕش هەمیشە لە سەرکردایەتی لای ئێمە بوون، ئەوەی لە ئێمە زیاد نەبوایە نەدەچوو بۆ شۆڕشگێڕەکانی خوارەوە، هەموومان دیکتاتۆرێک لەناوماندا دەژی و دەشێ کەس نەتوانێ خۆی لەدیکتاتۆرەکەی ڕۆحی خۆی دەرباز بکات، کەسێکی باشین تا دەستمان بەشتێک دەگات، ئەو کات دیکتاتۆرەکەی ڕۆحمان وەئاگا دێت و لەبری ئێمە دەبێتە حاکم، ئەو دیکتاتۆرە نوستووەی ڕۆحمان نەبێت، مرۆڤایەتی نەدەگەیشتە ئەم خاڵەی ئێستا و چەک و جبەخانە و باروتخانە و تۆپخانە و فڕۆکە و ئەتۆم و چی و چی بەرهەم نەدەهات، دیکتاتۆریەتی ئینسان لە ئاستێکدا گەر هەموو زەمین لەبەر دەستی منداڵێکدا بێت هەوڵ دەدات ئاسمانەکانیش بخاتە ژێردەستی خۆیەوە، حەسەنی دۆست کێشەی دیکتاتۆریەتی مرۆڤ لە دیکتاتۆریەت بووندا نیە، کێشە لەوەدا هەمیشە مرۆڤ هەوڵ دەدات سنوری دەسەڵاتی دیکتاتۆرەکەی ڕۆحی فراوان بکات، کەس لێناگەڕێت ئەو دیکتاتۆرە بە ئارامی لەڕۆحیدا بنوێت، هەر هێندە بچوکترین، دەسەڵاتی پەیدا کرد دیکتاتۆرەکەی ڕۆحی بە ئاگا دێنێت و دەیکات بەجەللاد بەسەر خۆی و چواردەورەکەیەوە، بەداخەوە کاتێ شۆڕش دەیەوێت دیکتاتۆرێک هەرەس پێبێنێ، هەست ناکات لەهەمانکاتدا خەریکی دروست کردنی هەزاران دیکتاتۆرە، فەرماندە نازانێ ئەو بەم شۆڕشە چەند دیکتاتۆری نوستوو خەبەر دەکاتەوە [شۆڕش خەبەر کردنەوەی شێرە نوستووەکانە].

ئەوان لەکانیەکە یەکی مشتێک ئاو دەخۆنەوە و هەوڵ دەدەن کانیەکە لێڵ نەکەن و دەکەونەوە ڕێگا، هەردەڕۆن و مەلەکیان لەپێشەوە چڵی دارەکـان لادەدا و حەسەن لەدارەکانی سەر ڕێگا ئاگاداردەکاتەوە کەپێیان پیانەنێ، هەردەڕۆن و حەسەن بەبێدەنگی دەمێنێتەوە و تەماشای دیمەنەکان دەکات، تەماشای ئاسوودەیی ئەو هەموو دڕندەیە دەکات، ئەوان هەردەڕۆشتن ومەلەکیان بەردەوام بوو لە وشەکانی و دەیگوت ئازادی دوای شۆڕش پاشاگەردانیەک دەهێنێ، کەهەرگیز لەسەردەمی پێشوو باشتر نابێ بگرە شتەکان خراپ تریش دەبن.

دەشێ بڕوابەهەندێ لەوشەکانم نەکەی و بەپیاوێکی خڵەفاوم تێبگەی، ناعەزیزی من لەخۆڕا نەهاتمە ئەم خەڵوەتەوە و لەخۆڕا نەبوومە باغەوانی گوڵەکان، تەماشاکە لەنیشتمانەکەی ئێمەدا چ دەگوزەرێ، تەماشاکە دووبرا ناتوانن تەماشای یاریەک بکەن و لەسەرهەواداری گروپێک نەبێتە شەڕیان، دووماڵ ناتوانن هاوسێ بن و لەسەر شتی هیچ ناکۆکی نەکەوێتە نێوانیانەوە، دووفەرمانبەر ناتوانن هەریەکە و کاری خۆی بەجوانی بکات و کەسیان دەست نەخاتە ئیشی ئەوی کەوە، ئەها تەماشاکە ئێمە چەندە کاریگەری جەللادەکانمان بەسەرەوەیە.

تەماشاکە ناتوانین چێژ لەخۆشیەکان وەرگرین و باکمان بەڕەشەباکان نەیەت، ناتوانین یەکمان خۆش بوێت، ناتوانین پێکەنین بۆ یەکتر دروست بکەین و خەندە بخەینە سەر لێوی یەکتری، عەزیزی من نیشتمان بەو هەموو ئاڵۆزەیەوە و میللەت بەو هەموو دەردەداریەوە لەکوێ توانای بەڕێوەبردنی شۆڕشی هەیە، شۆڕش بەمن

و تۆناكرێت كەبیست ساڵ بەشاخەوە بووین و دواجار لەئازادی نیشتماندا نەمانزانی شۆڕشمان بۆچی كردووە، نەمانزانی فەرمانڕەوایی خاك لە ئەستۆ بگرین، ئەزیزی من ئێمە شۆڕشی خۆمان تەواوكرد چیدی مافی ئێمە نیە شۆڕشێكی تر بەرپا بكەین.

ناعەزیزم تۆ وادەزانی شۆڕش كراسێكە هەركە كۆن بوو پێویست دەكات بیگۆڕین، تۆو فەرمانده چیتان لەشۆڕش دەوێ، ئاخر ئێوە دەتانەوێ بیست ساڵی كە ببنەوە بەحاكم و ئاغا بەسەر دڵی نیشتمانەوە، دەشێ ئێستا دەسەڵاتی ئاغایەتیتان لەسەرەمەرگدا بێت و بترسن ڕۆژێك تۆڵەی گشت ناشرینی و لاریەكانی نیشتمان لە ئێوە بكەنەوە، دەشێ فەرمانده بترسێت ڕۆژێك ڕقی برسیەكان بگاتە لوتكە و دەستی میللەت بگاتە سەری و بیەوێ بەشۆڕشێ خۆی لەگشت ناشرینیەكان پاك بكاتەوە، دەشێ فەرمانده دواین كارت بەكاربهێنێ بۆفریودانی میللەت، ئەو میللەتە نەخۆشەی كەبڕوا بەگشت وشەكی پیاوە سیاسەت دەكات و هەرگیز بیرناكاتەوە.

ئەفسوس حەسەنی ئایشێ فەرمانده ئەم جارەش دەیەوێ لاریەكان بەمن ڕاست كاتەوە، ئەو نازانێ من چیدی ئەوەم پێناكرێت و ئیدی باخەوانی گوڵەكانم، من گەڕامەوە بۆ سروشت، بۆ ناوو جوانیەكانی پاییز و هەناسەی بەفر و ئاوازی نمەی باران و چێژی گەڵاو سەوزی، من گەڕامەوە بۆحزوری جوانیەكان. بۆ ناوو ڕۆحی خۆم، گەڕامەوە بۆدیداری كانی و گوڵ و پەپولە و مانگ و خۆر و پەلكە زێڕینە، گەڕامە بۆ چێژ بینین لە نەسیمی بەیان و تیچڕامان لە مانگە شەو.

گەڕامەوە بۆ گوێگرتن لەسەمفۆنیای دەنگی شەپۆلەکان و سوژ دەبردن بۆ بۆنی گوڵەکان، حەسەن ئیدی من گەڕامەوە، من چیمداوە لەسیاسەت  چیمداوە لەبۆنی باروت و خنکان لەشارێکی دوکەڵاوی بەردیندا، چیمە بەسەر کۆمەڵێک مرۆڤی ئاسنینەوە، دەشێ چیدی نەتوانم لەخۆڵەمێشی سیاسەتدا یاری بکەم، چیدی من ناتوانم بەوئاوازە هەڵپەڕم کەنازانم هی چی مۆشیقارێکە  ئەستەمە ئەم پەپولانەجێ بهێڵم، ئەوشێرە میهرەبانە جێ ناهێڵم، ئەوان هەربەڕێگادا دەڕۆشتن و مەلەکیان بەردەوام بوو لەقسەکردن، ئەو هێندە بەتامەزرۆییەوە دەدوا دەتگوت سەدەیەکە نەدواوە و بۆقسەکردن لەسەرشۆڕش خولقاوە، حەسەن بەبێدەنگی گوێی بۆ وشەکانی ڕاگرتبوو کەمەلەکیان دەیگوت حەسەن لێگەڕێن بامیللەت ببێ بەباغەوانی گوڵ، لێگەڕێن و بەفەرماندە بڵێ کە نیشتمان ماندووە و خاک پێویستی بەپشوو هەیە و هاونیشتیانیان تاقەتی جەنگیان نیە.

بڵێ هەنوس تۆزوگەردی شۆڕش لەبناگوێمان نەبوەتەوە و خوێنی سەربازە کوژراوەکان بەجلەکانمانەوەیە، ئەو بیری چووە هێشتا بۆنی باروت لەپەنجەکانمان لێ نەبۆتەوە، برام لێگەڕێن باخۆمان پاک کەینەوە لە نابوتی  لێ گەڕێن باهەست بەجوانیەکان بکەین، لێ گەڕێن باهەناسەیەک لەم خەراباتە هەڵکێشین، ئێمە کەعیشق ناناسین لەکوێ دەتوانین دەست بۆشۆڕش بەرین، لێگەڕێن کەئێمە ناتوانین دەست بۆدوو سێوی پیرۆز بەرین، چۆن دەکرێ نارنجۆکمان بەدیاری پێ بدەن، لێ گەڕێن باخاڵی بینەوە لە ڕشابردوو.

باخۆمان ڕووت کەینەوە لەجەللادیەت، عەزیزم سیاسەت چیمان بۆدەکات، ئەوتفەنگە نەفرەت لێکراوە فڕێدەن، ئەو

شەیتانە نەعلەتیە شاربەدەرکەن، ئەو ئەهریمەنە هەتک کەن و قاچی ئەو کورسیانە بشکێنن کەگەندەخۆرێک لەسەری دانیشتووە و بەخوێنی سەری نیشتمان تینووە، حەسەن لێ گەڕێ ڕۆحی تینوی نیشتمان ماندووە، خاک تینوی قومێ شەرابی ئاشتیە، لێگەڕێن حەسەنی ئایشێ لێ گەڕێن باروت لەچ یاسایەکدا گوڵ دەگرێت، تفەنگ سەر بەچ تەریقەتێکی جوانیە، ئاخر عەزیزی من تفەنگ لەدەستی پێغەمبەریشدا نابوتە و جەللاد بەرهەم دەهێنێ و تینومان دەکات بەخوێنی سەری یەکدی.

لەوێداحەسەنی ئایشێ دەستی مەلەکیان دەگرێت و دەیوەستێنێت و بەقوڵی تەماشای نێوچەوانی دەکات، تەماشایەکی قوڵی دەکات، لەو تەماشاکردنانەی کەلەشاخ لەئانی ترسدا تەماشای دەکرد، لەوێدا وەک ترسێکی گەورە لەمەلەک بگەیەنێ بەترسەوە لەقوڵایی چاوی دەڕوانێ و دەڵێ: مەلەکیانی گوڵ ئاخر نیشتمان واخەریکە دەسوتێ خاک بووە بەژێرپێی کۆمەڵێ پیاوی گەندەخۆرەوە، ئاخر کەی ڕەوایە کۆمەڵێ مشک ماڵی نیشتمان بسوتێنن و نیشتمان لەژێر پێی چەند نەفامێکدا بناڵێ.

مەلەکیان دەستی حەسەن دەگوشێت و دەڵێ برام خۆت دەڵێی کۆمەڵێ مشک ئەی چۆن دەکرێت بۆ لەناوبردنی کۆمەڵێ مشک نیشتمان بسوتێنن، چۆن دەکرێت برام. بۆئەوەی دەسەڵات لەژێر دەستی کۆمەڵێ مشکدا دەربێنین خاک پڕکەین لەبۆنی باروت، ئەوە ئەستەم ترین شتە، عەزیزی من تۆچۆن دەتوانی گوناهی گشت ناشرینی نیشتمان بخەیتە ئەستۆی کۆمەڵێ پیاو کەدەشێ خۆشیان قوربانی بن، چۆن ڕێ بەخۆت

دەدەی کەخۆمـــان بیبەری کەین لەگشـــت ناشـــرینیەکان، چۆن دەتوانی بڵێی نیشـــتمان بەدەست کۆمەڵێ مشکەوە گیـــری خواردووە، چـــۆن وادەڵێی کەدەزانـــی هەموومان بەشدارین لەناشـــرین کردنی نیشتماندا، تۆ خۆت دڵنیایی کەهەمووومان پێکەوە وێنەکەی ژیانمان تەڵخ کرد، پێکەوە بووینە باعیســـی ناشرین بوونی خاک، هاوڕێ ! حەسەنی برام لەناشـــرین بوونی نیشتماندا هەمووومان گوناهبارین، ناکرێت لەو یاریە بێینەدەرەوە و بانگەوازێ بۆ شـــۆڕش لـــەدژی ناشـــرینی یـــەکان بکەیـــن، چـــۆن دەکرێـــت ئەو هەموو ســـاڵە ئێمـــە سەرپەرشـــتی کار و چالاکیەکانمان دەکـــرد و بڕیـــاردەر و چاک و خراپ ئێمە بووین ئێســـتا لەهەمـــوو ئەوشـــتانە خۆمان بـــەری کەیـــن، هەموو ئەو شـــتانەی کەبەدەستی ئێمە دروست بوون، چۆن دەکرێت عەزیـــزم تۆحاشـــا لەگشـــت ڕابردوومـــان بکـــەی، ئاخر هەمووومان بەشـــدارین لەجوانی و ناشـــیرینیەکاندا، کەس ناتوانێت حاشـــا لەڕابردووی بکات ئێمە هێندەی قەبارەی دەسەڵاتمان گوناهی ناشـــرین بوونی دەسەڵات لەئەستۆ دەگریـــن، دەبێ هەریەکە بەشـــێکی گوناهەکان لەئەســـتۆ بگرن، دەبێت قبوڵی ئەو ڕاستیە تاڵە بکەین کەهەمووومان پێکەوە ئاوێنەی جوانیەکانی نیشـــتمانمان شکاند، پێکەوە شـــەقمان لەپیرۆزیەکان هەڵداو بەردمان گرتە کانی ژیان و پێکەوە درەختی خۆشـــبەختیمان لەبەختەوەری ڕووت کردەوە، ئەوانەمان هەموو پێکەوەکرد، پێکەوە پەنجەرەی خاکمـــان شـــکاند و هەرپارچەیەکـــی لای یەکێکمانـــە و ئەگەر بڕیـــار بێت چاکی کەینەوە دەبـــێ بەهەمووومانەوە پارچەکانی بێنینەوە و پێکەوە چاکی کەینەوە.

هەرگیز هەموو نابوتی و هەموو جوانی بەموتڵەقی لای بەشێکمان نیە و بەشەکەی ترمان خاڵی بێت، نا حەسەن ئەوە مەحاڵە، مەلەکیان توند دەستەکانی حەسەنی دەگوشی و بەناو جەنگەڵدا هەنگاوی دەنا بەرە و قوڵایی جەنگەڵ دەڕۆشت و دەیگوت : نیشتمان ئەو پەنجەرەیە بوو کەپێکەوە بەدارلاستیکی مناڵی شکاندمان و ئێستا بۆمان کۆناکرێتەوە، بۆمن ئەگەر بەرهەمی شۆڕش جوانی بێت یان ناشیرینی شانازی و شەرمەزاریەکەی بۆ هەموومانە، گەر نیشتمان بناڵێ هەموومان جەللادین، گەر خاک پێبکەنێ شادی بەهەموومان دەگات.

تەماشاکە عەزیزی من ئێمە بەشێکین لەگوناهە گەورەکە گوناهی تەڵخ بوونی وێنەی ژیان، ئێمەش هێندەی جەللادەکان لەسوتاندنی نیشتماندا گوناهبارین، گوناهبارین کە بەبەرچاومانەوە خاک بسوتێنن و ڕێمان بۆخۆشکردن میز بەسەر پیرۆزیەکاندا بکەن، ئێمەبووین کەمتەرخەمیمان نواند لەئاست ناشیرینی ڕۆحی ئەوان، ئێمە نەمانتوانی دەستیان بگرین بۆ نێو دونیایەکی جوانتر لەدونیاکەی خۆیان، ئێمە کەمتەرخەمیمان نواند ئێمە ئەوانمان کردە جەللاد، ئێمە چەپڵەمان بۆ جەللادی بوونی ڕۆحی ئەو پیاوانە لێدەدا.

ئێمەبوین بێدەنگ بێدەنگ دانیشتین و ڕێگامان لەهەنگاوی بەجەللادی بوونیان نەگرت و ئێوارەیەک نەمانگوت تفەنگە ژەنگاویەکە دانێن کەمێ چێژ لەبۆنی گوڵەکان ببینن.

عەزیزی من تۆچۆن گوناهی ناشرین بوونی نیشتمان دەخەیتە ئەستۆی ئەو پیاوانەی کەلەشۆڕشدا لەخواری خوارەوە بوون و ئێمەبووین ئەوانمان کردە جەللاد، ئێمە

جەللادمان پێویست بوو، ئێمە تفەنگ بەدەستمان پێویست بوو، ئێمە بکوژمان پێویست بوو، ئێمە واماندەزانی بەجەللادی بوون ئۆتۆماتیکیە و دوای شۆڕش دەتوانین بیانگێڕینەوە بۆسەرەتایی پاکیزەیی، ئێمە واماندەزانی جەللادی بوون کراسێکە و دوای شۆڕش لەبەریان دایدەکەنین و دەی سوتێنین، برام ئێمە هەڵە لەجەللادی بوون حاڵی بووین، ئێمە خەونەکانی ئەوانمان سەربڕی، ئێمە گوڵمان لەدەستی ئەوان دەرهێنا و تفەنگی ژەنگاویمان بەوان بەخشی و ئەوانەمان لەژوانی ئەویندارى بێبەش کرد و ئەوانمان ناردە سەنگەری مەرگەوە، ئێمە بەرائەتمان لێ سەندنەوە و جەللادیەتمان پێبەخشین، خۆمان ئەوانمان ڕووتکردەوە لەڕەنگەکان و ڕەنگی سیاسەتمان پێبەخشین، تۆدەبێ بزانیت کەئێمە ئەوانمان خاڵی کردەوە لەجوانی، ڕەنگی مناڵیمان بەڕۆحی کەسەوە نەهێشت، ئەزیزی من ناشرین بوونی نیشتمان گوناهی ئێمەیە نەک ئەوانەی کەتۆ بەمشک و جەللادیان دەزانی، گوناهی ئێمەیە کەچاومان لەئاست ناشیرین بوونی خاک داخست و گوێمان لەگریانی قوربانیەک نەگرت و بەدەم ئازاری ڕۆحی جەللادێکەوە نەچوین تابیکەینەوە بەمرۆڤ و نەمانتوانی بچینە سەنگەری جوانیەوە، نەدەکرا، شۆڕش پێویستی بەجەللاد و جەنگ و خوێن هەبوو، نەمانتوانی دەبوو لەگەڵ دوژمنی خاک لەجەنگدابین، دەبوو پیرۆزی و جوانی لەگەڵ خۆمان نەبەین نەوەک تیرۆربکرێ، عەزیزی من ئێمە بووین نەمانتوانی نیشتمان بپارێزین و دوژمنی دەرەوە سەرقاڵی کردین و دوژمنەکانی ناوەوەمان لەبیرکرد.

ئێمە پێویستمان بەچەکدار هەبوو ئیدی نەمانتوانی چەک لەوپیاوانە قەدەغە بکەین کەبۆ تیرۆرکردنی ژیان هاتبوون، نەچووین بەگژ ئەو پیاوانەدا کەتریفەی مانگیان لەپێ دەکرد و هەتکی تیشکی خۆریان دەکرد، نەمانتوانی ئەو پیاوانە لەشۆڕش وەدەرنێین کەخاڵی بوون لە هەست و نەست و بەرائەت، ئەو پیاوانەی کەبەبێ دڵ هاتبوونە ناو شۆڕشەوە، عەزیزی من ئەگەر جارێکیش بمانگوتایە ئەو ئەخلاق ناناسێت ئەو حورمەتی یاسا ناگرێت و ئەو مرۆڤایەتی نافامێت و ئەو بەچاویلکەیەکی تاریکەوە دەڕوانێت و ناتوانێ جوانیەکان ببینێ، ئەو جوانی و ناشیرینی لەیەک جودا ناکاتەوەو جێگای متمانە نیە و خاڵیە لەزوبانی وشەو پەیڤین، فەرماندە دەیگوت ئێوە کێتان دەوێ خۆدەستی تفەنگ دەگرێت و داگیرکەری قبول نیە و دەتوانێ دوژمن بناسێ، دەمانگوت ئاخر دۆستایەتی نافامێ کەچی فەرماندە دەیگوت من لەدوی دوژمنی دەنێرم.

دەتگوت مەلەک زەمەنی بیر چووە بەردەوام هەنگاوی دەناو بەردەوام دەدوا و دەیگوت : حەسەنی برام هەموومان گوناهبارین، ئێمەش بەدەرنین لەناشیرینیەکان، من و تۆ لەهەموان زیاتر گوناهبارین، ئاخر ئێمە دەمانزانی شۆڕش لەسەر ئەو ڕاستە شەقامە بەردەوام بێت دەمانگەیەنێتە ئەوپەڕی نابوتی و کەچی بەردەوام بووین لەسەر هەنگاونان، ئێمە دەمانزانی جەللادە قوربانیەکان شۆڕش دەگەیەننە ئەوپەڕی مەئیوسی، کەچی هیچمان نەکرد، دەزانی ئێمە زۆر گوناهبارین، دەشێ ئەوانەی کەوشیاریان کەمی بالاترە گوناهی ناشیرینیەکان زیاتر لەئەستۆیان بێت، ئاخر ئێمە دەمانزانی ئەو پیاوانە فەلسەفەیەکی سەقەتیان پێیە بۆ ژیان.

ئێمە دەمانزانی ئەوان خاک وێران دەکەن و نیشتمان غەرقی ناشیرینی دەکەن، بەڵام ڕێگامان لێ نەگرتن کەدەکرا ڕێگایان پێنەدەین.

دەکرا لەو کوچەیە دەریان بهێنین و بیان خەینە سەر شەقامی پاکیزەیی، دەزانی ئێمە ئیرادەمان تەسلیمی کۆمەڵێ پیاوی نەگریس کرد، من گوناهبارم کەدەیان ساڵ لەئاست ناشیرینی ئەو پیاوانەدا بێدەنگ بووم، تۆ گوناهباری کەهەنوس بەشداری لەنابوتیەکان، باپیرە گەورەت گوناهبارە کەبەشێ لەناشیرینی لەدوای خۆی بەجێ هێشتووە، دایکت بەشێ لەناشیرینی تۆ لەئەستۆدەگرێ، کەلەعیشقدا نەیتوانی بەشێک لەناشیرینیت ببینێت و پیرەپیاوێکی پەناگەی مەعبەد گوناهبارە کەنازانێ لەدڵی کچەکەیدا چ دەگوزەرێ و کۆڵانێ ئەملای ماڵی خودا کێ نیشتەجێیە، بەدمەستی مەیخانەکان گوناهبارن لەناشیرین بوونی وێنەکەی ژیان، کەوادەزانن نیشتمان مەیخانەیەکی گەورەیە و دەتوانن لەهەرجێگایەک ویستیان بڕشێنەوە و بە مەستیەوە خۆیان لە گشت ئازارەکان دەدزنەوە.

بازرگانێک گوناهبارە کەوادەزانێت خوداش بەپارە دەست دەکەوێ، ئەوخوداناسە بێ خودایە گوناهبارە کەوادەزانێ ئێمە بۆیە خولقاوین تاخزمەتی وشەی ناوکتێبەکان بکەین و ببینە کۆیلەی پەیڤەکان و نازانێ گشت شتەکانی نێوان ئاسمان و زەوی بۆخزمەتی مرۆڤ دروست بووە.

تەماشا عەزیزی من هەموومان گوناهبارین ئەوان هەردەڕۆشتن و حەسەنی ئایشێ بەبێدەنگی گوێی بۆ وشەکانی مەلەکیان گرتبوو، حەسەن چێژی لەحەقیقەت دەبینی لەزاری مەلەکیاندا، ئیدی حەسەن بەبێدەنگی

دەمێنێتەوە، تامەلەکیان لەو جەنگەڵەدا پڕ بەدەم هاوار بکات.
مەلەکیان خۆی خاڵی دەکردەوە لەتوڕەیی لەشۆڕش. ئەوان هەردەڕۆشتن و مەلەک هەرقسەی دەکرد.ئەوان بەناو قوڵایی جەنگەڵدا دەڕۆشتن و مەلەک هەرقسەی دەکرد هەربەردەوام بوو. هەرچڵ و پۆپی سەر ڕێگای حەسەنی لادەداو بەردەوام بوو،
ئەو ڕۆژە تاشەو داگیرسا ئەوان هەر دەڕۆشتن و مەلەکیان دانی بەگوناهباری خۆیدا دەناو بەشێک لەناشیرینی شۆڕشی دەخستە ئەستۆی خۆیان.
ئەوان دەیان ڕۆژی کە لەوجەنگەڵەدا مانەوە و حەسەن بەبێدەنگی دەمایەوە، ئیدی حەسەن دەستی لەوەهەڵگرت کەداوای شۆڕشی لێ بکات، چیدی باسی شۆڕشی نەدەکرد و داوای لێنەدەکرد بگەڕێتەوە نیشتمان و شۆڕشێ بەرپا بکات، ئیدی حەسەنی ئایشێ بەبێدەنگی دەمایەوەو تەنها گوێی لەمەلەکیان دەگرت و مەلەکیان سەدان شەو و ڕۆژ بەجەنگەڵدا هەنگاوی دەناو باسی ڕابرد و پیاوە ناشیرینەکانی شۆڕشی دەکرد.
سەدان شەو و ڕۆژ مەلەکیان گوڵ باسی ڕابردوو داهاتووی دەکرد و ئیدی حەسەن کۆتایی بەهەموو شتێ هێنا و جگە لەگوێ گرتن، ئیدی شەوێک لەژێر تریفەی مانگدا نوستن و سبەینی حەسەنی ئایشێ وەک موعجیزەیەک هەموو شتێکی لەبیر چووبوویەوە، ئیدی ئەو شەوەی کەبڕیار بوو سبەینێ حەسەن بگەڕێتەوە بۆ نیشتمان و لای فەماندە، مەلەکیان تابەیانی قسەی بۆکرد ئەو شەوە مەلەکیانی گوڵ دەیگوت: ئەفسوس حەسەنی ئایشێ ئەفسوس، دەبێت ئێوە لاوان ڕامالَن لەخەیاڵی شۆڕشگێری و وابکەن کەلاوان بیر

لەشۆڕش نەکەنەوە، تۆ دەبێت ئەم حەقیقەتە بەفەرماندە ڕاگەیەنی کەدەبێت تفەنگ لەشانی خەیاڵی لاوان داماڵن و ڕێگاکانی نائومێدی ببەستن، ئەو ڕێگایانەی کەلاوان دەخەنە سەرشەقامی شۆڕشگێڕی عەزیزی من لێرە شۆڕشگێڕی لەئەنجامی نائومێدیەک دروست دەبێت و میلەتێک داوای ئومێدی لێدەکات، تەماشاکە عەزیزی من چەندە مەترسی دارە تۆ لەنائومێدێک داوای ئومێد بکەی.

دەبێت فەرماندە ڕێگاکانی یاخی بوون داخات و نەهێڵێ لاوان بۆمشتێ ژیان و قومێ ئازادی و چۆڕێ هیوا و کوپێک ئومێد یاخی ببن.

تەماشاکە هاوڕێ لەبری شۆڕش بیر لەژیان بکەنەوە و عیشق بەشاردا دابەش بکەن، عیشق بەدەرگایماڵەکاندا هەڵواسن، مەعبەدەکان بەعەشق داشارن، لەقوتابخانەکاندا وانەی عیشق بڵێنەوە، ئاخر نیشتمان خاڵیە لەعیشق و ژیان و ئێوە بیر لەشۆڕش دەکەنەوە، نیشتمان باروت خانەیەکە و ئێوە گڕتان بەدەستەوەیە، شۆڕش لەم نیشتمانەدا واتە گڕ بەردان لەخاک، واتە چەک خستنە دەستی جەللادەکان، دەبێ چیدی ڕێگا نەدەین لاوان بگەڕێنەوە بۆ سەرەتای دەست پێکردنی ئێمە.

مەلەکیان بەدەم قوڵپی گریانەوە دەیگوت: حەسەنی ئایشێ دەبێت بیانوی یاخی بونەکان ببڕن و هەستی شۆڕشگێڕی لەناوبەرن و نەهێڵن برسیەک و نائومێدێک بیر لەیاخی بوون بکەنەوە، برسیەک ژیانی دەوێت و نائومێدێک ئومێد، ئێوەدەتوانن بیانوی یاخی بوون ببڕن تاگڕی یاخی بوون نیشتمان نەسوتێنێ، تا ڕەشماڵی نائومێدی باڵ بەسەر کوچەکاندا نەکێشێت، تا جەللادە قارەمانەکان خاک نەسوتێنن.

ئەو شـەوە گریان ڕێگەی مەلەکیان نـادات وشەکانی تـەواوکـات، ڕێگای نـادات هەموو شتەکان بڵێت، کەمێ ڕادەوەسـتـێ تافرمێسکەکانی بسڕێت، حەسەنی ئایشێ شانی ڕادەوەشێنێ و دەڵێ مەلەکیانی گوڵ تەماشاکە ئەم ئاسمانە چەند جوان و بێگەردە، ئەم ئەستێرانە ئەستێرەی ئاسمانێکی جیاوازن، دەڵێی هەرگیز ئاسمانم بەم ئەستێرە جوانانەوە نەبینیوە، حەسەنی ئایشێ سەرسامانە لەئاسمان دەڕوانێت و دەڵێ مەلەکیان دەشێ ئێمە لەچ مەملەکەتێ بین، وائاسمانەکەی هێندە قەشەنگە، ئەو مانگەشەوە هەمان مانگی نیشتمانی من نیە.

ئەو بەیانیە کەبڕیارە مەلەکیان ماڵئاوایی لەحەسەن بکات، حەسەن بەئاگادێت و لەکانیەک دەم و چاو دەشوات و مەلەکیان بەئاگادێنێت، وەک ئەوەی یەکەم بەیانی بێت ئەو جیهانەی جەنگەڵ ببینێ دەڵێ : مەلەکیان تەماشاکە بەیانیەکی چەندە جوانە، بەیانیەکی چەندە سەیرە، ئەو هەموو جوانیە لەکوێوە هاتووە، ئەو هەموو ئـاوازە هی چ سەمفۆنیایەکە دەڵێی باڵندەکانی دونیات هێناوە و لێرە دەخوێنن، حەسەن دەڵێ مەلەکی گوڵ هەستێکی سەیرم هەیە، نازانم چلۆن پێناسەی بکەم، هەستێک کەپێشتر نەم بووە، توند شانی مەلەکیان دەگرێت و دەڵێ مەلەک بۆتێناگەم ئەم نەسیمی بەیانیە چیە؟ ئەم شەماڵە چیە؟ وادەرونم فێنک دەکاتەوە، حەسەنی ئایشێ هەنجیرە کێویلەیەک لێدەکاتەوە و دەیخوات و دەڵێ : مەلەکیان ئەمە چ سیحرێکە لەڕۆحی من کراوە، تامی ئەم هەنجیرە هەموو تامەکانی دونیای تیا جێکردۆتەوە، حەسەن گوڵێ هەڵدەگرێت و پڕ بەهەستەکانی بۆنی دەکات و دەڵێ : مەلەک ئەم بۆنە چیە؟ دەڵێی گشت

بۆنەکانت تێدا کۆکردوەتەوە.دەڵێ مەلەک ئەمە چ سیحرێکە لەدڵی من کراوە.

ئەو بەیانیە حەسەن بۆیەکەمین جار دەچێت یاری لەگەڵ شێرەکان دەکات و ئیدی مەلەکیان لەدوورەوە خەندەیەک دەکەوێتە سەر لێوی و تێدەگات کەئیدی ئەوە ڕۆحی حەسەنە هەست بەجوانیەکانی سروشت دەکات، تێدەگات حەسەن هەست بەچێژو بۆن دەکات، ئیدی تێدەگات حەسەن گەڕانەوە لەبیردەکات و دەبێتە پاسەوانی گوڵەکان.

ئەو ڕۆژە مەلەکیانی گوڵ هەستێکی سەیری دەبێت هەستێک کە خودی خۆشی نازانێ چیە و بۆی تەفسیر ناکرێ نازانێ غەمگین بێت یان خۆ شحاڵ، سەیری لێدێت کە حەسەنی ئایشێ بەو ماوە کورتە ببوو بە باخەوانی گوڵەکان، نەیدەزانی دڵ خۆش بێت یان غەمگین، دەسەترسا لە مانەوەی حەسەنی ئایشێ و بیرکردنەوە لە ڕابردوو شۆڕش و ناشرینی بیکوژێت.

هەرچەندە تەماشای حەسەنی دەکرد زەمەنی شۆڕشی بیر دەکەوتەوە و حەزی دەکرد تکای لێ بکات کە بگەڕێتەوە بۆ نیشتمان بەڵام دڵی نەدەهات دڵی دۆستەکەی بشکێنێت، ئیدی ئەوان پێکەوە بوونە باغەوانی گوڵەکان و کەسیان ناچار نەبوون باسی ڕابردوو بکەن، وەک دوو باغەوان و دوو پیرە پیاو سەرقاڵی گوڵەکان بوون

زەمەنێکی زۆر بەو جۆرە تێپەڕی، زەمەنێک کە نە ئەوان و نەمن و نەئێوەش نازانین چەند بوو بەڵام هێندە دەزانین کە بەجۆرێک ئەو دوو پیاوە تێکەڵی سروشت بوون دەتگوت کوڕی ئەو جەنگەڵەن و هەر گیز ئاوەدانیان چاو پێنەکەوتووە.

بەڵام ئێوارەیەکی درەنگ ئەم ئارامیە تێک دەچێت، ئەو ئێوارەیە مەلەکیان و حەسەن تارماییەکی دی دەبینن، ترمایی مرۆڤێک رۆحی مەلەک خورپە پێدەکات و دڵی دەخاتە پەلەپەلەوە و دەیترسێنێت، ترسێک لەوەی کە ئارامیەکەیان بشێوێنێت، ئەوان تەماشای نزیکبونەوەی تارماییەکە دەکەن و مەلەک دەڵێ حەسەنی ئایشێ ئێستا هەمان هەستی بەر لە شەڕەکانم هەیە، ئەو هەستانەی کەبەر لە شەڕەکان خەریک بوو شەرواڵە کەمم تەڕ دەکرد هەستەکانی بەر لە مەرگ ئێستا بە بینینی ئەو تارماییە هەموو گیانم کەوتۆتە لەرزەوە، حەسەنی ئایشێ دەستی دەگرێت و دەڵێ وای مەلەک هۆی ئەم هەموو ترسەت چی یە ئاخۆ تۆ لەچی دەترسی، بڕواناکەم لەسەدان شەڕی دەستەویەخە هێندە ترسابیت، تەنانەت لە شەڕی ئەشکەوتان کە مەرگ لە سیبەرەکانمان نزیک بویەوە تۆ هێنێدە زەندەقت نەچوو بوو، ئەو ڕۆژە زۆربەی برادەران مردن و گوللەی دوژمن چەشنی باران بەسەرماندا دەباری، تا نیوەشەوێکی درەن گ لەناو ئاگر بارانی جەنگدا بووین.

حەسەنی ئایشێ توند دەستەکانی مەلەک دەگوشێت و دەڵێ مەلەک پێم بڵێ ئەم هەموو ترسەت لەچییە، ئەوە بۆ وەک بی ناو ئاو دەلەرزیت، ئەوە بۆ ناتوانی ترسەکانت بشاریتەوە، تارماییەکە تادەهات نزیکتر دەبویەوە و دڵی مەلەکیش زیاتر لیی دەدا، وەک چرکەکانی بۆمبێکی تەوقیتکراو لەساتی تەقینەوەدا، ترس خەریک بوو دەیکوشت تارماییەکە نزیکتر دەبویەوە و مەلەک بە زەندەق چونەوە لە تارماییەکەی دەڕوانی و لەپڕ ئاوڕ بۆ لای حەسەن دەداتەوە و لە قوڵایی چاوی دەڕوانێت و هەست دەکات

ئەو تارماییە شتێک لە ژیانی ئەوان دەگۆڕێت وشت گەلی نوێ دێتە ژیانیانەوە، هەستی دەکرد ئەو تارماییە کارێکی گرنگی بەوان هەیە و دەست دەخاتە بێدەنگیەگەیانەوە، مەلەک لەترسدا غەرق بوو بوو لە پڕ حەسەنی ئایشێ هاوار دەکات و دەڵێ وای مەلەک ئەوە خۆیەتی، ئەوە ئەوە !!! دواجار خۆی هات ئەوە خۆیەتی، ئەوە فەرماندەیە، مەلەک ناوی فەرماندەی بیست وەک ئەوەی هەواڵی کۆستێکی بیستبێت لەسەر چۆک کەوت، دەتگوت هەڵهاتنی خۆری لە خۆرئاواوە بەرچاو کەوتووە.

فەرماندە گەیشتە ئەوێ و لە تەنیشتیان ڕاکشا بۆ پشوودان و زەمەنێک بەبێدەنگی مایەوە، حەسەن بە حەپەسانەوە تەماشای دەکرد، کەچی مەلەک لە ئاسۆیەکی دوری دەڕوانی، ئەم دیمەنە زۆر درێژەی کێشا و لە پڕ فەرماندە بە بێ ئەوەی تەماشایان بکات بەئاستەم لە ژێر لێوەوە دەڵێ : مەلەک تۆ تا ئەبەد لە چاوی منا پیرۆزی، تۆ وەک زێڕیت هەرگیز ژەنگ هەڵناهێنیت، بێ ئەوەی چاوەڕێی مەلەک بکات تا وەڵامی بداتەوە بەردەوام دەبێت و دەڵێ حەسەنی ئایشێ زۆر چاوەڕێت بووم، بڕوام نەدەکرد تۆش پشتم تێبکەی، بڕوام نەدەکرد لەم کاتەدا نەگەڕێیتەوە، حەسەنی ئایشێ بە بێدەنگی دەمێنێتەوە و فەرماندە ڕوودەکاتە مەلەکیان و دەڵێ : تۆ لە هەموو جێگایەک گوڵێتی خۆتت دەپاراست و لە شۆڕشدا گوڵ بویت، لە ڕاپەڕیندا گوڵ بوویت و لەدوای شۆڕش تەواو بویت بە باغەوانی گوڵەکان، تۆ هەمیشە لەگەڵ ئێمە جیاوازیەکت هەبوو، تۆ هەموو گوڵەکانت دەناسی ، ناوی هەموو نەمامەکانت دەزانی و یەک یەک پەپولەکانت بەئێمە

دەناساند، شەوانی مانگە شەو ناوی ئەسەتیرەکانت بە ئێمە ئاشنا دەکرد، ڕەنگەکانی پەلکە زێڕینەت بۆ ئێمە شی ئەکردەوە، تۆ هەمیشە لە ناو کۆڵەپشتەکەتدا کتێب و دەفتەر و قەڵەم هەبوو، بەڵام ئێمە جگە لە تفەنگێکی ژەنگاوی و بۆنی باروت ئاشنای هیچی کە نەبووین.

مەلەکیان دێتە تەنیشتی فەرماندە و فرمێسکەکانی بۆ دەسرێت و دەڵێت فەرماندە شۆڕش گوڵەکانی هەموومانی برد، هەموومان گوناهبارین، من لە هەمووان گوناهبارترم کە نەمتوانی کەشتی شۆڕش تا کەناری ئارامی بەرم، نەمتوانی هەنگاوێک گوڵ لە شۆڕش نزیک کەمەوە من هیچم نەتوانی، فەرماندە لە قوڵایی چاوی مەلەکیان دەڕوانێت و مەلەک وەک دۆستێکی دێرین لێی دەڕوانێتەوە تا چەند ساتێک ئەم دیمەنە بەردەام دەبێت و لە پڕ بەدەم قوڵپی گریانەوە ئامێز بۆ یەکتری دەکەنەوە و حەسەنی ئایشێ بەدەم دابارینی فرمێسکەکانیەوە لەم دیمەنە دەڕوانێت.

ئەو شەوە لە ژێر ڕوناکی مانگە شەودا مەلەک دەیگوت فەرماندە سیاسەت پیری کردویت، تەماشاکە ئێستا لە پەلوپۆی خستووی، ئەفسوس دوور بوون لە گوڵ و جوانی مۆڤ پیر دەکات، من تێناگەم ئەم هەموو پیریە چیە لە سیمات دەچۆڕێت، ئەم هەموو هیلاکیە چیە بەسیماتەوە فەرماندە بەشەرمەوە سیمای لەناو دەستەکانیدا دەشرێتەوە و دەڵێ مەلەکی گوڵ من لە دوای شۆڕش چێژم لە ژیان نەبینی، من لە کۆشکە بڵندەکانەوە ئەسرینم بۆ چای خەڵوزی ئێواران هەڵەڕشت، لە فڕۆکەی سەفەرەکاندا بیرم لەکەرە گوێ لەق دەکردەوە، لێرە نابێت پیاوی سیاسی ئاسایی بژی، نابێ ئێوارەیەک لەگەڵ هەڤاڵێک پیاسە بکات

و شەوێک لەگەڵ ژنەکەی لەگەشتَێک بمێنێتەوە، دەزانی لە دوای تەواوبوونی شۆڕش تا ئێستا بە ئومێدم وەک مرۆڤی ئاسایی بژیم.

دەزانی چ لەزەتێکی هەبوو مانگی جارێک بە سکڵی دار بەڕوو گۆش تێکمان دەبرژاند و لە تەنیشتی چایەکم پێ دکرد، ئەفسوس دوای شۆڕش ئەو لەزەتانە کۆتاییان پێهات، چێژی ئەو ڕۆژانە سروشتی بوون، ئێمە سەدان شەوی کە چوینەوە بۆ ئەو ئەشکەوتانە و لەوێ هەمان شێوەی ڕابردوومان دووبارەکردەوە، بەڵام هیچ لەزەتێکمان نەبینی، چیدی کەس ناتوانێ بمانگەڕێنێتەوە بۆ شەماڵی شاخ دەزانن ڕێگاکانی سەرکەتنی شۆڕش لەخودی سەرکەوتنەکەی جوانتر بوون.

مەلەکیان تەماشایەکی پڕ مەبەستی فەرماندە دەکات و دەڵێ : ئەفسوس هاوڕێ هەنوس بڕوات بە جوانی شۆڕش ماوە، من وامدزانی تۆ لە هەموو شتێ پەشیمانی، ئەفسوس تۆ وەک ڕێژەی نەگۆڕیت و هیچ نەگۆڕاویت، لای تۆ هێشتا یەکەمین ڕۆژی شۆڕشە، فەرماندە بە غەمگینیەوە دەڵێ هاوڕێم لە زۆر شت پەشیمانم، پەشیمانم کە ڕێگام بە پیاوەکان دا بەو جۆرە شۆڕش ناشرین بکەن، پەشیمانم کە نەمتوانی ئامانجی شۆڕش وەدی بێنم، بەڵام ناتوانم لە شۆڕش پەشیمانبم، شۆڕش واتە چوونەوە بەگژ ستەمدا و قبوڵ نەکردنی کۆیلایەتی، ئاخر ئەستەمە پیاوێک هەموو تەمەنی بۆ شتێ تەرخان بکات و لێشی پەشیمان بێت، ناکرێت لەبەر پیاوانێکی گرگن لە هەموو تەمنت پەشیمان بیت، ناکرێت پەشیمنی کاری گەمژەکانە، ئەوەی لەمندا ڕویداوە شانازی پێوە دەکەم بەجوانی و ناشرینیەوە.

مەلەک دەیگوت فەرماندە تکایە پشووبدە تۆ ماندوی، تۆ مەملەکەتێکت لەدوای خۆتەوە بەجێهێشتووە تا گەشتووی بەئێرە، لەدوای پشوویەکی کەم مەلەک زەمەنێکی درێژ فەرماندە بەناو جوانیەکاندا دەبات و ئاشنای جوانیەکانی دەکات دەیان شەو و ڕۆژ ئەو سێ دۆستە بەناو جوانی ئەو مەملەکەتەدا دەبات، سەدان شەو جۆرەکانی گوڵ بەفەرماندە دەناسێنێ و ئاشنای پەپولەکانی دەکات و بێ باک لە سیاسەت پێکەوە چێژ لە جوانیەکان دەبینن.

فەرماندە وەک منداڵێک دوای هەنگاوەکانی مەلەکیان دەکەوێت و حەسەنی ئایشێش دوای ئەوان دەکەوێت بەڵام بەبێدەنگی، ئەوان دەڕۆن کانی بەکانی و بندار بە بندار و گوڵزار بەگوڵزار و مێرگ بەمێرگ و دەوەن بەدەوەن، دەیان شەو و ڕۆژ دێن و دەچن و سەدان شوێنی ئەو جەنگەڵە دەپشکنن و دەچنە لای هەموو دڕندەکان و لەگەڵ گورگەکان یاری دەکەن و سەرلەماڵی ورچەکان دەدەن و ماسیە مرداربووەکان دەدەن بە هەڵۆکان و دەست بەسەری شێرەکاندا دەهێنن و پڵنگەکان بە زوبان دەیانلێسنەوە و کەروێشکەکان لە ئامێز دەگرن و یەک یەک گیانلەبەرەکان دەبینن.

لەوێدا مەلەکیان تەماشایەکی سیمای فەرماندە دەکات و دەڵێ : فەرماندە تەماشاکە ئەم هەموو ئاژەڵ و دڕندە و باڵندەیە پێکەوە دەژین و دەخۆن و دەنون بەبێ ئەوەی چۆلەکەیەک ئازاری بەرکەوێت و کەروێشکێک خوێنی بڕژرێت، فەرماندە سەری گێژ دەخوات و هیچ حاڵی نابێت و توشی سەر ئێشەیەکی قوڵ دەبێت، نائارامیەکی سەیر ڕووی تیدەکات، نا ئارامیەک لەشێوەی ئەو شەوانەی کە هێرشێکی لەناکاویان دەکرایە سەر، لەبری ئەوەی لەناو ئەو جوانیانەدا

چێژ وەرگرێت، غەمگین و نائارام دەبێت، مەلەکیانی گوڵ هەستی پێدەکات و بەدەم ڕێگاوە دەڵێ هاوڕێم دڵگران مەبە سروشت تۆی ئامادە نەکردووە بۆ بینینی جوانیەکان، تۆ زۆرت ماوە ئەم شتانە وەک خۆی ببینیت، گرفتەکە لەوە دایە کەتۆ خۆتت ساغ نەکردۆتەوە بۆ هەست کردن بەجوانیەکانی باغ و پەپولە و گوڵ و بەرائەتی دڕندەکان.

دوای دەیـان شـەو ڕۆژ حەسەنی ئایشێ بێدەنگی دەشگێنێ و دەڵێ: دۆستان بینینی جوانی ئەستەم وترین شتی دونیایە کە ئامادەسازی زۆری دەوێـت، هـەر بەو جۆرەی کە بەڕێگادا دەڕۆن و بەشەکانی دیکەی ناو ئەو جەنگەڵە دەپشکنن تەماشای فەرماندە دەکـات و دەڵێ : تۆ ڕۆحت ئامادە نەکردووە بۆ بینینی جوانیەکان، چاو پەیامنێری ڕۆحی مرۆڤەکانە، ڕۆحی تۆ چاوت دەنێرێ تا شتەکان ببینێ، [مرۆڤ بە روحێکی شەکەتی جەهەنەمی دوای جەنگەوە ناتوانێت جوان بین بێت، چاوی حەقیقی لە روحی مرۆڤەوە دەکرێتەوە بۆ ئەوەی هەست بەجوانی تەواو بکات، دەبێت جگە لە چاوی ئاسایی کۆمەڵێک چاوی کەت هەبێت بۆ هەست کردن بە جوانیە شاراوەکان چاوی ناوەوە، چاوی روح، چاوی دڵ و چاوی هەست و چاوی ویـژدان و چـاوی دەرون، هاوڕیان جوانیە ئەزەلەیەکان جوانیە بێ کۆتاییەکان و حەقیقەتە ڕوونەکان بەچاوی ئاسایی نابینرێن] ئاخر نەسیمی باغ کەی بەچاوی ئاسایی دەبینرێت، چاو کەی هەست بە شەماڵی سپێدان دەکات، کەی چاوی ئاسایی هەست بەشنەی دەریا. بینینی جوانی چاوانێکی ڕونی دەوێت، ڕوون چەشنی ئاو، پاک چەشنی خۆش ویستن.

حەسەنی ئایشێ بەدەم هەنگاوەکانیەوە بەئاسپایی دەست دەخاتە سەرشانی فەرماندە و لەگەڵیدا هەنگاو هەڵدێنێت و دەڵێ: هاورێم ئێمە چاوانێکی ماندوومان پێوەیە، چاوانێک کەسیاسەت و جەنگ و دوکەڵ و ناشرینیەکانی ئێرە ماندوی کردووە، قەڵس مەبە کە دەڵێم تۆ چاوانێکی ماندوت هەیە، قەڵس مەبە کە هەست بەم هەموو جوانیە ناکەی دڵگران مەبە کە دڵت بەم گوڵزارانە ناکرێتەوە، غەمگین مەبە کەلە ناو ئەم جوانیانەدا غەمگینی، مەلەکیانی گوڵ لە پێشیانەوە دەڕۆیشت و بە ئەسپایی دەیگوت : ئێمە چاوانێکی زۆر ماندوومان هەیە هێندە ماندوین مەحاڵە زەردواڵە و پەپولە لەیەک جیابکەینەوە، دەزانم تۆ نەسیم و زریان جودا ناکەیتەوە، زوڵمەت و ڕوناکی ناناسیتەوە، وەک سەرەتای هاتنی حەسەنی ئایشێ، وەک سەرەتای خۆم، وەک سەرەتای هەموو ئەو مرۆڤانەی کە جوانی و نابوتی تێکەڵ دەکەن.

ئەوە پەیوەندی بەیەکەمین خوێنەوە هەیە کە دەیرڕژین، پەیوەندی بەیەکەمین کوشتنەوە هەیە، مرۆڤ کەبۆیەکەمین جار دەستی بە خوێن سور دەبێت ئیدی جوانی و ناشرینی تێکەڵ دەکات، ئیدی زوڵمەت و هەتاوی لەلا دەبێت بەیەک ئیدی تاریکی لە ڕوناکی زیاتر خۆش دەوێت، دەبێت هەمووومان بەو قۆناغ سەختەدا بڕۆین، قۆناغی لەبیرچونەوەی رابردوو، دەزانم ئەستەمە ئەو هەموو یادەوەریە لەبیرکەین و جوانی بخەینە شوێنی ناشرینیەکانمان.

فەرماندە لەبن دارێک دادەنیشێت و بەدەم گریانەوە کاتێ فرمێسکەکانی دەسرێت دەڵێ : ئەستەمترین کار ئەوەیە حاشا لە ڕابردووت بکەیت، بەڵام دەبێت ئێوە ئەوە بزانن

من بۆ لەبیرچونەوەی ڕابردوو نەهاتوم بۆ ئێرە، حەسەن و مەلەک بە حەپەسانەوە لێی دەڕوانن، بەردەوام دەبێت و دەڵێ من لێرەم تا شەربەت لە ئازارەکانی ڕابردوو دروست کەین شەربەتێک کە تیماری گشت زامەکان بکات و بۆ چاککردنەوەی شکاویەکان بشێت، مەلەکیان ووشەکەی لەدەم وەردەگرێت و دەڵێ : چیدی درەنگە بۆ گۆتنی ئەو ووشانە، دڵنیام ئەو شەربەتە شۆڕشە و دەبێت لە خوێنی سەری لاوان دروست بکرێت، من چیدی نزیکی شۆڕشێ نابمەوە کەلە خوێنی سەری هەژاران دروست بکرێت، ئەوان سێبەری دارەکە جێ دەهێڵن و حەسەنی ئایشێ دەڵێ : من ئێستا پەشیمانم لە هەموو ڕابردووم، فەرماندە دەڵێت: ناکرێت تەماشاکەین نیشتمان گڕبگرێت، مەلەک دەکرێت هێندە بێ دەسەلات بین هەموو شتێ بدەینە دەست کۆمەڵێ ئەهریمەن، حەسەن بە پێکەنینی گاڵتەجاڕیەوە دەڵێ : فەرماندە لەگەڵ مەلەک خۆت ئازار مەدە ئەم تەنانەت پێچەوانەی یاسای سرووشت ڕادەوەستێت و یاساکانی جەنگەڵ بەدرۆ دەخاتەوە، تەنانەت ئەو یاساکانی جەنگەڵیشی خستە ژێر پێی، دڕندەیی لە دڕندەکان وەرگرتەوە، ئەوەی دەبوو لێرەدا ڕوبدات دەبوو دڕندە بەهێزەکان لاوازەکان لەناو بەرن مەلەک تێکی شکاند.

مەلەکیانی گوڵ دێتە ناو باسەکەوە و ئاوڕیان بۆ دەداتەوە و دەڵێت: بەڵام هەموو ئەوانە موحیبەت تێکی شکاندن نەک من، ئەوەی من کردم یاساکانی عیشقم پێ گەیاندن و ئەوانم فێری خۆش ویستن کرد، ئاماژە بۆ جێگایەک دەکات و دەڵێ تەماشاکەن ئەو شیرە و ئەو ئاسکە بەرهەمی عیشقن، ئەها چۆن پێکەوە دەژین،

ئێستا من پیاوەکەی جاران نیم، پیاوەکەی شۆڕش نیم، پیاوی ناو جەنگەڵ و شەوەزەنگەکان نیم، نا من نەخشەی جەنگەکان نیم، ئەوەی سۆزانیەکانی گوللەباران دەکرد من نەبووم، سوێند دەخۆم گوللەی من نەچووە بە جستەی هیچ گەمژەیەکدا، من ئێستا پێ لە مێرولەکان دەپارێزم، خەم بۆ تینوێتی چۆلەکەکان دەخۆم و پەپولەی ناو جۆگەکان دەردەهێنمەوە، چیدی شۆڕش جێگای من نیە، دەزانی ئەوەی گوڵ بناسێت توخنی تفەنگ ناکەوێت، فەرماندە خۆزگە دەبویتە هاوڕێی پەپولەیەک و لەگەڵ توتکە سەگێک دەبویتە دۆست و بەموحیبەتەوە یاریەکت لەگەڵ دەکرد و لەسەر دەستت بەیانیەک دانت بۆ چۆلەکەکان ڕۆدەکرد، ئەفسوس فەرماندە تۆ خاڵیت لە ژیان دۆستی، تۆ شۆڕش بۆ ڕازی کردنی دڵی خۆت دروست دەکەیت، فەرماندە مەلەکیان ڕادەوەستێنێ و دەڵێ : حەسەن تۆش گوێبگرە ئێوە بەهەڵە لە شۆڕش گەشتون، شۆڕش دروست کردن شەربەت نیە لەکەللەسەری هەژاران، شۆڕش هەمیشە لەپێناو زۆرینەدا کەمینەیەک دەکاتە قوربانی.

مەلەکیان بەخەندەیەکی تاڵەوە دەڵێ : فەرماندە ئەمانە ووشەی بیست ساڵ پێش ئێستایە، وشەی ئەو ساتانەیە کە بۆیەکەمین جار قسەت بۆ کردین و باسی دیکتاتۆر و ئازادی و خەبات و چی و چیت کرد، فەرماندە دەڵێ نەخێر ئەمە جیاوازە لەوەی پێشوو، ئەم شۆڕشە لەدژی خۆمانە، ئاخر ئێوە چ فەرماندەیەکتان چاولێ کردووە کە بیەوێ شۆڕش لە دژی خۆی بەرپا بکات، من دەمەوێت بڵێم میللەت هەستنەسەر پێ ئێمە نەمانتوانی بەئامانجەکانی شۆرش ڕابگەین، نەمانتوانی پیرۆزیەکانی شۆڕش بپارێزین.

مەلەکیانی گوڵ فەرماندە ڕادەگرێت و دەڵێ لە دونیادا هیچ شۆڕشێ ئامانجی میللەتی وەدی نەهێناوە، میللەت هەمیشە لە شۆڕشەکاندا دەبێتە قوربانی دەبێتە سوتماک، میللەت لە شۆڕشدا جگە لە سوتان هیچی پێ نابڕێت، دوای شۆڕش کۆمەڵێ پیاو دەبنە خاوەنی شۆڕش و بەسە ڕووحی میللەتەوە دەبن بە ئاغاو کوێخا، بەڵێ بە تێپەڕ بوونی زەمەن ئەو پیاوانە دەبنەوە بە دیکتاتۆرەکانی پێشوو فەرماندە لەوێدا هەست بە نائومێدیەکی قوڵ دەکات نائومێدیەک کە پێشتر هەرگیز هەستی پێنەکردوە وەک هەمیشە سیمای لە نێو دەستەکانیدا دەشارێتەوە و دەڵێ دۆستان پێویستم بە ئێوەیە تەنانەت ئەگەر لە دژیشم ڕاوەستن، دەڵێت تا کۆتایی لەگەڵم بن ئەگەر ڕازیش نابن بە خەیاڵەکانی سەری من، هەر دەبێت وەک دۆستێکی دیرین لەگەڵم بمێننەوە. تکاتن لێدەکەم ئەگەر برواشتان وایە کە شۆڕش شتێکی مەحاڵە پێویستە تاکۆتایی ڕێگا لەگەڵم بن و لەوێ بریاربدەن، من ئێستا لەسەری خۆمدا نەخشەیەکم کێشاوە و ئێوەش باش بیر بکەنەوە و دواجار بڕیارێک پێکەوە دەدەین.

لەوێدا مەلەکیانی گول دەکەوێتە قاقای پێکەنین و حەسەنی ئایشێ خۆی پێ ڕاناگیرێت، پێکەنینێک پڕپڕ لەگاڵتەجاڕی، پێکەنینەکەیان زۆر دەخایەنێ تا مەلەک هەر بەدەم پێکەنینەوە دەڵێت : سوپاس بۆ هاتنت فەرماندە دەیان ساڵە بێ بەشم لە تامی پێکەنین، ببورە فەرماندە کەلە شاخ قسەت دەکرد هەمیشە حەزم دەکرد کە پڕ بەگەروم پێبکەنم، ئاخر تۆ هەمیشە لەوێش لەبن دار بەڕووەکاندا قسەت بۆ ئێمە دەکرد دەتگوت هەمووتان بیربکەنەوە و سەرنجەکانتان بگەیەننە من و جوانترین سەرنج کاری

لەسەر دەکەین، کەچی هەمیشە پێش بیرکردنەوەی ئێمە تۆ لەسەری خۆتدا نەخشەیەکت کێشابوو، تەنها ئەو نەخشەیەت جێبەجێ دەکرا، تەنانەت سزای هەموو ئەوانەشت دەدا کە قسەیان لەسەر نەخشەکانی سەری تۆ هەبوو، کە دەتوانم بڵێم تۆ هەر لە شاخ گەورەترین ئاغاو دیکتاتۆر بویت، دیکتاتۆرێک کەقسەی هاوڕێکانی خۆشی قبوڵ نەبوو، مەلەکیان هەر بەدەم نەرمە پێکەنینەوە دەڵێ : فەرماندە دەبێت بمبوری کاتی گوتنی حەقیقەتەکان هاتووە، کاتی هەڵماڵینی پەردەکان هاتووە.

ببورە فەرماندە گەورەترین بەشی ناشرین بونی شۆڕش لە ئەستۆی دەسەڵاتی دیکتاتۆریەتی تۆیە، تۆ هەرگیز بڕوات بە ئێمە نەبووە و هەستت نەکردووە بیرکردنەوە چەند عەقڵێک لە تاکە عەقڵێک باشترە، حەسەنی ئایشێ دێتە ناو باسەکەوە و دەڵێ مەلەکیان ڕاست دەکات خراپترین ڕەوشت و ئەخلاقی تۆ ئەوە بوو کە وشەی کەست قبوڵ نەبوو، ئەوە شۆڕشی بەرەو داڕوخان برد، دەبوو شۆڕش پر بێت لە دەنگی دژ بەیەک تالەسەر کۆمەڵێ پایە ڕاوەستێ و ترسی هەرەسمان لێی نەبوایە بۆ ئەوەی گەر بڕیارێک هەڵە بوو دژی هەبێت، بۆ ئەوەی لەبری تەنها قاچێک لەسەر سەدان قاچی بەهێز ڕاوەستێت، ئەمە دواتر لە شاریش دووبارە بوویەوە و خۆت هەموو شتەکانت دەکرد.

لەبیرتە چیت کرد بە جەباری خامە، ئەو هەڵەیەکی وای نەکردبوو تەنها بۆچونەکانی تۆی لاپەسەند نەبوو دەیویست بەجیا لەگەڵ هەندێ لە هاوڕێکانیدا شۆڕش بکات، کەچی ئێمە خەریک بوو بیکوژین، لەبیرتە لە ئەشکەوتی دۆڵە

ڕووت دوو شەو دەست و قاچیمان بەستبویەوە و ئازارمان دەدا، ئەگەر ئێمە بەڕاستی شۆڕشگێڕ بووین دەبوو ڕێگامان پێبدایە، دەبوو ئازاری نەدەین، بەڵام ئێمە سەلماندمان کە دەترسین دوای سەرکەوتن دەسەڵات بچێتە دەستی ئەوان، ئەوە دەیسەلمێنێت کە ئێمە لە یەکەمین ڕۆژەوە دوای دەسەڵات کەوتین نەک نیشتمان.

مەلەکیان دەڵێ : ئێمە خۆمان لە شۆڕشدا بووین و جەباری خامەمان بەوە تۆمەتبار دەکرد کە لە شۆڕشدا تینوی دەسەڵاتە، من ئێستا تێدەگەم هەمومان تینوی دەسەڵات بووین، ئێستا دەزانم کە شۆڕشەکان دەبن بە بار بەسەر دڵی نیشتمانەوە، ئاخر دواجار شۆڕگێڕ دەبێتە دەسەڵاتدار، دەبێتە مەخلوقێکی نامۆ، مەخلوقێک چیدی میللەت نای ناسێتەوە، ئیدی پەیوەندیەکی لەگەڵ میللەت نامێنێ، لەوێدا شۆڕشگێڕ لە یادیان دەچێت کە لە کوێوە هاتوون، ئەمە تەنها پەیوەندی بە شۆشەکەی ئێمەوە نیە، ئەوە سروشتی هەموو شۆڕشەکانی سەرزەوییە.

فەرماندە سیمای لە ناو لەپی دەستەکانیدا دەردەهێنێ و بە قوڵی لە نێو چاوی مەلەکیان دەڕوانێت و دەڵێ : مەلەک بە قوڵی تەماشای چاوم کە، بزانە وادیارە ووشەکانم درۆی تیابێت، مەلەک لە قوڵایی چاوی دەڕوانێ و فەرماندە دەڵێ : هەمیشە لە ووردبونەوەی چاوی تۆ ترساوم، چاوانی تۆ حەقیقەت دەبینێ و درۆ لە کەس قبوڵ ناکات، مەلەکیان لە تەماشاکردنی قوڵایی چاوی فەرماندە دێتەوە و دەڵێت تۆ تەواو ڕونیت، تۆ هیچت نیە بۆ شاردنەوە، فەرماندە بە نائومێدیەوە داوایان لێ دەکات لەگەڵی بمێننەوە ئەگەر هاوڕاشی نین.

ئەو ڕۆژە شتێکی سەیر ڕوو دەدات، شتێ کە زۆر سەیر دەبێت، بە پێچەوانی یاساکانی مەلەکیانەوە ڕازی دەبن دوای هەنگاوەکانی فەرماندە بکەون، بەڵام بەشداری شۆڕش نەکەن، فەرماندە پێشنیار دەکات کە سەفەرێکی شوێنی یادەوەریە دێرینەکان، دەڵێ تەنها سەفەرێک دەکەین و دواجار بڕیار بدەن کە ئایا بەشداری شۆڕش بکەن یان بەشداری نەکەن، ڕوودەکاتە مەلەکیانی گوڵ و دەڵێت : چەق بەستن واڵە مرۆڤ دەکات تەندروست بیرناکاتەوە و یەک جۆر بیرکردنەوەی هەبێت، چەق بەستن مرۆڤ کوێر دەکات ئێستا تۆ تەنها بەشێک لە حەقیقەت دەبینی، ئێستا تەنها ئەم شتانە دەبینی، تەنها گوڵ و گیاو درەخت و گیانلەبەر دەبینی، حەقیقەتی شارەکانت ونکردووە.

دەشێ لە دەرەوەی ئێرەش بەشی نیگایەک گوڵ هەبێت، بەشی خەیاڵی تۆ جوانی مابێت، ئەشێ بەشی ڕوئیای ڕوانینی تۆ کۆتری ئاشتی مابێت، هەرگیز ناتوانم بڵێم ئێوە هەڵەن، بەڵام دەکرێت لەم سەفەرەدا لە گەڵم بن، سەفەرێک بەناو خاک و خۆڵی نیشتمادا، بەناو یادەوەریەکانی خاکدا، بەناو نزرگەکانی شۆڕشدا، ئیدی دەیان شەو ڕۆژ فەرماندە هەر قسە دەکات و مەلەک و حەسەن بێدەنگ دەبن، فەرماندە بەنیازە ئەم دوو پیاوە ببات لە نیشتمان ناشرینی پیاوەکانیان نیشان بدات، دەیەوێت گشت نەگریسی پیاوەکان بخاتە بەردەستیان و دواجار خۆیان بڕیار بدەن لە دروستکردنی شۆڕش.

دواجار دوای سەدان شەوو ڕۆژ لەم وتووێژانە فەرماندە و مەلەکیانی گوڵ و حەسەنی ئایشێ لە یەکێک لە ڕۆژەکاندا بڕیاری جێ هێشتنی ئەو دارستانە دەدەن و دەست دەکەن

بەیەکەم هەنگاوی سەفەرکەیان، سێ پیاو ڕێگای سەفەر دەگرنە بەر و لە دارستان و چیاکانەوە شۆڕ دەبنەوە، سێ پیاو دەڵێی پیاوی سەردەمێکی ترن، بەڕیشێکی سپی و تەمەنێکی زۆرەوە، ئەوان سەدان شەو و ڕۆژ بە شاخ و دا رستانەکانی ئەو ناوچانەدا هەنوگاو دەنێن، سەدان شەو و ڕۆژ ڕێگاکان بەجێ دەهێڵن و هەزاران لوتکە و دۆڵ و چیا و بەرزی و نزمی دەبڕن تا شەوێک تروسکایی ڕوناکیەک لە ئەشکەوتێکدا دەبینن، بە ترسەوە لە ڕو ناکی ناو ئەشکەوتەکە وردئەبنەوە و هێدی هێدی لێی نزیک دەبنەوە ، فەرماندە ترسێکی زۆری لێ دەنیشێ و زاتی ئەوە ناکات نزیک بێتەوە، مەلەکیان پێشیان دەکەوێت تا بەردەم ئەشکەوتەکە، لەوێدا حەسەنی ئایشێ دەڵێ من دەچمە ژورەوە من بێکەڵک ترین پیاوی دونیام، مەلەک دەیەوێت خۆی بچێتە ژوورەوە، بەڵام حەسەن دەچێتە ناو ئەشکەوتەکەوە و پاش کەمێک بانگی ئەوانیش دەکات، هەموان پیاوێکی ئاسایی دەبینن، پیاوێک بەڕیشێکی سپی یەوە لە سەروو پەنجاساڵیەوەیە دانیشتووە لەسەر دەفتەرێکی گەورەی چڵکن شت دەنوسێ، بەساردیەوە بەبێ ئەوەی تەماشایان بکات فەرمویان لێ دەکات، کەدەم دەکاتەوە دەنگ و تۆنی قسەکردنی بەلای حەسەنی ئایشێ وە غەریب نابێ بەئاسپایی لە قوڵایی چاوی دەڕونێت کە لەبەردەم چرایەکدا وەک ئەستێرەی تاریکی دەدرەوشێتەوە، کابرا هەر بەدەم نوسینەوە فەرمووی دانیشتنیان لێ دەکات.

لەم کاتەدا مەلەکیان و حەسەنی ئایشێ بە ووردی لەو کابرایە دەکۆڵنەوە و فەرماندەش چاو بەناو ئەشکەوتەکەدا دەگێڕێت کە دەبینێ پێداویستی ماڵێکی بچووکی لێیە لەگەڵ

کتێبخانەیەکی بچوک و مێزێکی نوسین و دەیان دەفتەری چڵکن لەسەر مێزەکەدا و تفەنگێکیش لەسەر قەرەوێڵەی نوستنەکەی ڕاکشاوە، کابرا دووبارە دەڵێت فەرموون دانیشن، فەرماندە دەڵێ دەشێ ئێرە ماڵی تۆ بێت، تۆ لێرە دەژیت ؟

کابرا بەسەرسامیەوە دەڵێ بۆ جێبەجێکردنی کارێک لێرەم، لەم کاتەدا حەسەنی ئایشێ دەڵێ برادەران ئەوە خۆیەتی، مەلەکیان دەڵێ وای ئەوە خۆیەتی، فەرماندە دەڵێ تۆ قادری خەزێنەی، تۆ ئەوی، قادری خەزێنە پەلاماری تفەنگەکەی دەدات و گوللە دەباتە پێشەوە و ڕووی دەکاتە ئەو سی پیاوە، قادر دەترسێت ئەمانە پیاوانی شۆڕش بن و بۆ بێدەنگ کردنی هاتبن ترسێکی زۆر دایدەگرێت، دەترسێت نەیارانی شۆڕش بن بەڵام کە دەبینێ ئەمان بەبێ چەک بە ئارامیەوە وەستاون شەرم دەیدە گرێت و ڕووی تفەنگەکەی دەسوڕێنێ و دەڵێ ئێوە کێن، ئێوە بۆچی لێرەن، چیتان دەوێ ؟ فەرماندە بە هێمنیەوە لێی نزیک دەبێتەوە و بە ئارامیەوە دەڵێ قادری خەزێنە تۆ مافی خۆتە لە سیبەرەکەی خۆشت بترسیت، تۆ دەبێت گومانت لە هەموو شتێ هەبێ، تۆ عەمباری باروتت لە سەری خۆتا هەڵگرتووە و نهێنی دەیان شۆڕشت لە ڕوحتا پاراستووە، دەبێت لە هەموو شتێ بترسیت، مەلەک دەڵێ هاوڕێ خەزێنە، دواجار تۆشیان کرد بەدێوانە، حەسەنی ئایشێ تەنها تەماشای قوڵایی چاوی دەکات و بەبێدەنگی ڕادەوەستێت.

ئەو شەوە دۆستان بە یەکدی ئاشنا دەبن و هەموان خۆیان بە قادری خەزینە دەناسێنن و قادر گەرچی

ناتوانێ سەرسامی خۆی بشارێتەوە بەڵام هیچ پرسیارێک ناکات تا فەرماندە هەموو شتەکانی بۆ شیدەکاتەوە، دواجار بەزوبانێکی گلەیی ئامێز دەڵێ : قادر نەدەبوو لەناکاو خۆت ونکەی ئێمە  لەشار زیاتر لە تەنگانەدا بووویت تالەشاخ و گشت کێشە چارەسەر نەکراوەکانی شاخ لێرە کەوتن بەسەرماندا.

قـادری خەزێنە بــەدەم هەڵکێشانی ئاهێکەوە دەڵـێ فەرماندە ئێوە سەرجەم نابوتی و لاریەکانی شاختان بەمن چارەسەر دەکرد و زۆربەی ناحەزنی شۆڕشتان بە دەستی من  کوست، گشت دیلەکان من دەمکوشن، ئێوە دەتانگوت ڕەنگە خودا بۆ ئەمەی دروست کردبێت، بۆ ئەوەی زەوی لە نەگریسی مرۆڤە نەگریسەکان پاک بکەیتەوە، ئێوە منتان غەرقی خوێناو کرد و تا ئەژنۆم لە خوێنی قوربانیەکاندا نیشتوو دواجار خۆتان بێبەری کرد لەو هەموو نەگریسیە، خۆتان بێبەری کرد لە خوێنی ئەو هەموو پیاوە و دونیاتان کرد بە دوژمنی من و ئیدی من بەتەنها مامەوە، کەس نەیگوت سوپاس تۆ نیشتمانت لە خۆفرۆشان پاک کردەوە، هەموان دەیانگوت دەبێ یاسا سـەروەر بێت، سەروەری یاساش دادگایی  کردنی من بوو، ئاخر من کە ئەوانم کوشت بوو هیچ یاسایەکم لەبەرچاو نەگرتبوو جگە لەیاساکانی شۆڕش.

قادر بەردەوام دەبێت و بەغەمگینیەوە دەڵێ : فەرماندە من لە شۆڕشدا چاوەڕێ بووم کاتێ شۆڕش تەواو دەبێت هەمووومان پشووبدەین، بەڵام دوای شۆڕش نەمتوانی تاقم و تفەنگەکەم فڕێدەم، نەدەبوو نارنجۆکەکان لە کەمەرم کەمەوە، نەمدەتوانی شەوێک بە ئاسودەیی بنوم، دەبوو

باجی هەموو هەڵەکانی شاخ بدەمەوە، فەرماندە قسەکەی پێ دەبڕێت و دەڵێ ئاخر خەزێنە تۆ نەدەبوو بڕۆیت دەبوو بەرگەی هەموو ئازارەکان بگریت، تۆ کەڕۆشتی بەخەزێنەیەک نهێنیەوە ڕۆشتی، تۆ ئێستا عەمبارێک باروتی نهێنیت هەڵگرتووە.

ئەو شەوە تا شەو لە نیوە تێدەپەڕێت ئەو دۆستانە پێکەوە گفتوگۆدەکەن، ئەوان تەمەنێ یادگاریان پێکەوە هەبوو، دەیانتوانی سەدەیەک بەو یادگاریانە بژین، نیوەشەوێکی دڕەنگ بە ئاستەم کەمێک خەویان لێکەوت، ئەو بەیانیەش لەو ئەشکەوتەدا مەلەکیانی گوڵ لە پێش هەموانەوە خەبەری بویەوە، پێش ئەوەی لەکانی ناو دۆڵەکە دەم و چاوی بشوات لەناو ئەشکەوتەکەدا دیمەنێکی سەیری بینی، دیمەنی دەیان دەفتەری گەورەی تۆمارکراو لەسەر مێزێکی نوسین لە سوچی سەرەوەی ئەشکەوتەکە ڕیزکرابوون، پێی سەیر بوو شەو هەستی بەو دەفتەرانە نەکردبوو، بە ئەسپایی لەمێزەکە نزیک دەبێتەوە و یەک یەک بەرگی دەفتەرەکان دەخوێنێتەوە و دەحەپەسێ کە دەبینێ لە بەرگی دەفتەرەکان نوسراوە نهێنیەکانی شۆڕش، چەند لاپەڕەیەک لە دەفتەری یەکەم هەڵدەداتەوە زیاتر سەرسام دەبێت ناوی هەندێ لە پیاوە نەگریسەکان دەبینێ، هەندێ لەناشرینیەکانی شۆڕشی بەرچاو دەکەوێت، لاپەڕەی زیاتر هەڵدەداتەوە نەهێنی زیاتری بەرچاو دەکەوێت بەخێرایی لاپەری دەفتەرەکانی دیکەش هەڵدەداتەوە دونیایەک لە نابوتیەکانی شۆڕشی بەرچاو دەکەوێت و دەبینێ قادری خەزێنە لەو دەفتەرانەدا ڕۆحی خۆی خاڵی کردۆتەوە و گشت نهێنیەکانی تۆمار کردووە، مەلەکیانی گوڵ سەرسام دەبێت

نازانێ قادر ئەو نهێنی و شتانەی بۆچی تۆمار کردووە، تێنەدەگەیشت قادری خەزێنە ئامانجی لە تۆمارکردنی ئەو نهێنیانە چی یە و چ کارێکی بە نوسینەوەی ئەو زانیاریە مەترسیدارانەوە هەیە.

مەلەکیان تا وەئاگا هاتنی قادری خەزێنە چەندین لاپەڕە لە دەفتەرەکان دەخوێنێتەوە، سەرسام دەبێت بەتۆمارکردنی ئەو هەموو نهێنیە، سەیری لێ دێت لەکۆکردنەوەی ئەو هەموو وشەیە، ئەو دەیزانی قادر خەزێنەیەکی گەورەی نهنییە، بەڵان نەیدەزانی تائەو ڕادەیە نهێنی لایە. قادری خەزێنە هەنگاو بە هەنگاوی شۆڕشی تۆمار کردبوو، لە یەکەمین کەسەوە کە خیانەتی لە شۆڕش کردبوو تا دواین شۆڕش گێڕ کە لەبەر خاتری ژنە دەست بەسەرەکەی خۆی تەسلیمی ڕژێم کردبوویەوە و لەسێدارە درابوو ، ئەو هەموو شتێکی تۆمار کردبوو، گشت ڕاستیە تاڵەکان و نهێنیەکانی دەستەی لەناوبردنی پیاوانی ڕژێم، پیاوانی دەزگا نهێنیەکانی  شار ، شانە نهێنیەکانی ناو شار، پیاوانی لەناوبردنی ژنە سۆزانیەکان. قادری خەزێنە هەمووی تۆمار کردبوو تەنانەت ئەو کاتانەشی تۆماردبوو کە هەنوس پەیوەندیان بەشۆڕشەوە نەکردبوو، باسی زەمەنی منالی زۆربەی سەرکردەکانی شۆڕشی کردبوو، بەجۆرێ کە بۆشایی نەهێشتبۆوە بۆ خۆ لادان لە حەقیقەتەکان.

ئەو بەیانیە کە قادری خەزێنە خەبەری دەبێتەوە کەمێ قەڵس دەبێت، بەڵام وەک ئەوەی گرنگی نەدات بە بابەتەکە بە ئەسپایی نزیک دەبێتەوە و دەڵێ : مەلەکی گوڵ نەگریسی هەمووان لەم دەفتەرانەدا هەڵگیراوە، مەلەک بە ئەسپایی دەمی دەفتەرەکان دادەخاتەوە  و تەماشای قوڵایی چاوی

قادر دەکات و هیچ نالێ، قادر دەڵێ ئەمە تەنها حەقیقەتە، دەمەوێ حەقیقەتەکان وەک خۆیان بمێننەوە. نامەوێ بەم وشانە ئازاری کەس بدەم، بەڵام ناشمەوێ حەقیقەتەکان تەڵخ  بن، نامەوێ حەقیقەت ون ببێ بەم دەفتەرانە خۆم لە هەموو گوناهێ پاک دەکەمەوە، هەموو ئەو گوناهانەی کە دوای ون بوونم خرانە پاڵم، ئەو گوناهانەی  کە بێ بەریم لێیان و خرانە ئەستۆم.

قادر تەماشای ناو چاوی مەلەک دەکات و دەڵێت هاوڕێ بۆ دەبێت لەنوسینەوەی مێژوودا من جەللاد ترین پیاو بم، بۆ دەبێت من هەموو گوناهەکان لە ئەستۆ بگرم، بۆ دەبێ لە مێژوودا من لە بری هەموان بسوتێنم، ناکرێ من باجی گشت ناشرینی پیاوەکان بدەم، دەمەوێت هیچ شتێ ون نەبێت، دەمەوێت مێژوو هەموو شتێ تۆمار بکات. مەلەک دەڵێ ئەی دۆست تۆ کارت بە کۆکردنەوەی ئەم هەموو نابوتیەوە چییە، تۆ بۆ دەتەوێ ڕوبارێ خوێن بەم وشانە جۆگەلە ببەستێت، ئەم ووشانەی تۆ کۆتکردۆتەوە بەبێ خوێن تێ ناپەڕێت. قادری خەزێنە دەڵێ دۆستی من دەزانی شۆڕش پڕ بوو لە پییاوی دوو ڕوو، ئەو پیاوانەی کە پیاو کوژیەکەیان بە من دەکرد و خۆیان لە بەرگی فریشتەدا نیشان دەدا، دواجار من وەک ئیبلیس بوومە فریشتەیەکی گووناهبار، من لە سەرەتای شۆڕشەوە تا کۆتایی ڕەوشتی پیاوەکانم نوسیوەتەوە، هەموو نهێنیەکانم بۆ ئەمڕۆ بووە، ئەمڕۆ کەتاکە دۆستێکم نی یە.

لەوێدا فەرماندە خەبەری دەبێتەوە و دەڵێ : ببورن بە بێ مەبەست گوێم لە وشەکان  بوو، دڵنیام گشت بڕیارەکانی منی تیایە، قادری خەزێنە بەخەندەیەکی گاڵتەجاڕیەوە دەڵێ

: بڕیارەکانی تۆ بە خەتێکی سور نوسراون، ببورە حەقیقەت خاتری کەس ناگرێت شەرم لە کەس ناکات.

ئەو بەیانیە دوای ئەوەی کە حەسەنی ئایشێش خەبەری دەبێتەوە زەمەنێکی زۆر خەزێنە باسی نوسراوی ناو دەفتەرەکانیان بۆ، بەڵام فەرماندە هیچ نیگەران نابێت و وەک هەمیشە برۆکانی تێک نانێت و سیمای گرژ نابێت بەرزەردەخەنەیەکی دۆستانەوە دەست ئەخاتە سەر شانی و لە قولایی چاوی دەڕوانێت و دەڵێت ڕەنگە ئەم دەفتەرانەی تۆ گەورەترین هاوکاری نەخشەکەی سەری من بکەن، دەشێ بتوانین هەندێ لە پیاوە گرنگەکان بەم وشانە ڕاگرین، ڕەنگە بتوانین زۆربەی پیاوەکان لەسەر کورسی ستەم بهێنینە خوارەوە، گەرچی مەلەکیان هاوڕای قسەکانی فەرماندە نییە بەڵام دژایەتی خۆی بۆ دەرنابڕێت.

ئەو چوار دۆستە سێ شەو لەو ئەشکەوتەدا دەمێننەوە و فەرماندە تەماشای هەندێ لە نوسراوەکان دەکات و هەندێ لە نەگریسیەکانی شۆڕش دەخوێنێتەوە و باسی نەخشەکەی سەری خۆی بۆ قادری خەزێنە دەکات، باسی هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی بۆ دەکات، هەرچەندە قادری خەزێنە توشی شۆک دەبێت و هیچی بۆ ناگوترێت، بەڵام فەرماندە بۆی ڕون دەکاتەوە کەداهاتووی نیشتمان لە مەترسیدایە و خاک بووە بە ژێر جەهلی هەندێ لە پیاوە گرگنەکانەوە، قادر بە ئەستەم بڕوا بەمە دەکات پێی سەیر دەبێت کە فەرماندە کەسایەتی یەکەمی شۆڕش بوو کەچی باسی شۆڕش لە دژی خۆی دەکات.

بەڵام فەرماندە تکای لێدەکات کە خەزێنەکەی بخاتە خزمەتی شۆڕشی نوێوە، دەڵێ دەبێت ئەم شۆڕشە ئەنجام بدرێت ئەگەر منیش بەرپای نەکەم هەر بەرپا دەکرێت، نیشتمان دەبێت جارێکی کە ڕزگار بکرێتەوە، ڕزگارکردن لە دەست ئەزیزانی خۆی، لەدەست کوڕەکانی، لەدەستە دۆستەکانی، لەدەست ئەوانەی کە عاشقی ببوون، قادری خەزێنە لەوێدا فەرماندە ڕادەگرێت و دەچێتە پشت مێزی نوسینەکەوە و بەخێرایی ناو دەفتەرەکان دەپشکنێ و لە پڕ دەڵێ ئەوەتا ، دۆستان دۆزیمەوە. دەفتەرێک لە بەردەم فەرماندەدا دەکاتەوە و دەست دەخاتە سەر ناوێک و دەڵێ : ئەوەتانێ ! کۆساری حەکیم، ئێوە دەبێ کۆساری حەکیم بدۆزنەوە، من دڵنیام کۆساری حەکیم چارەیەکی ئەم دۆخەی لایە، بەناو هێنانی کۆساری حەکیم هەموان دەحەپەسێن. حەسەنی ئایشێ کەتائەوکاتە لەدوورەوە گوێگر بوو نزیک دەبێتەوە و لەگەڵ فەرماندە و مەلەکیان بەترسەوە لە قادری خەزێنە دەڕوانن و پاش تێڕامانێکی کورت، فەرماندە دەڵێ وای دۆستان من چ حەکیمێکم لەبیرکردووە، وای کۆسار چۆن ئێمەی جێهێشت وای پیاوەکانی نزیکم چەندە ترسناکن، ڕێگایان نەدام بیر لەو پیاوە پیرۆزە بکەمەوە، ئەسڵەن لەبیرم نییە دواین جار کەی بوو بینیم، لەبیرم نیە لە سەر چی منی جێهێشت.

قادری خەزێنە دەڵێ : تکایە ڕاوەستە، فەرماندە ڕاوەستە، چەند پەڕەیەک لە دەفتەرەکە هەڵدەداتەوە و دەست دەکات بە خوێندنەوە، لەم ڕۆژنەدا کۆساری حەکیم زۆر بە مات و مەلولی دەبینم، کە هەرگیز کۆسار هێندە بەزیزی دەر نەکەوتووە، هەست دەکەم نائومێدی گەشتۆتە لوتکە،

کەقسەم لەگەڵ کرد دەیگوت: لە دوای شۆڕش پیاوی دانا دەبێت خۆی ون بکات  نەخشەکێشی هێرشەکان نابێ ئاسان دەست بکەوێت ، ئەو نائومێد بوو لە بارودۆخی وولآت دەیگوت دوایـن جار لەگەڵ فەرماندە لەسەر هەڵگیرسانی ئەم جەنگە ناوخۆییە قسەم کرد و فەرماندە لە مەترسیەکانی ئاگادار کردەوە، بەڵام فەرماندە گوێی لێ نەگرتم، ئیدی ئەوە دواین جار بوو کۆساری حەکیمم بینی.

ئەها فەرمادە نابێت دوایـن دیـدارت لەیاد نەبێت، ئەو پیاوە دوای ئەوەی پێشنیاری ڕاگرتنی شەڕی ناوخۆی دایە دەست تۆ و تۆش گوێت لێ نەگرت  خۆی وون کردووە، فەرماندە سیمای لەناو لەپی دەسەتیا دەشارێتەوە و دەڵێ وای خەزێنەی دۆست  تۆ ڕاست دەکەیت لە دواین دیداردا کۆساری حەکیم داوای کرد نەهێڵم جەنگی ناوخۆ دروست بێت، بەڵام جەنگ دروست ببوو، ئەو زۆر قسەی کرد، زۆر ئامۆژگاری کردم، کەچی من نەمتوانی بەدەم داواکەیەوە بچم، زۆر شت هەبوون ئەو ئاگای لێی نەبوو، ئاخر ڕاگرتنی جەنگ لە دەستی ئێمە دەرچـوو بـوو، هەمیشە دروست کردنی جەنگ ئا سانترە لەڕا گرتنی. قادری خەزێنە چەند پەڕەیەکی تر لەدەفتەرەکان هەڵدەداتەوە و دەڵێ : گوێبگرە فەرماندە بەداخەوە تۆش گوتبووت کۆسار بێدەنگ بە دانایی تۆ تەنها لە زەمەنی شاخدا بەکەڵک دەهات، تەنها دانایی بۆ جەنگ سودی هەیە نەک بۆ ئاشتی، گەر حیکمەتێکت هەیە پلانێک لەدژی ئەو بەر دانێ.

فەرماندە دەڵێ : بەڵام کەس نەیگوت کۆساری حەکیم تۆ هەڵەی، کەس نەیگوت کۆسار دەبێت بڕۆیت. دەشـێ ئەو هیلاک بێت و ویستبێتی پشوویەک بدات، مەلەکیان

تەماشایەکی فەرماندە ئەکات و دەڵێ : بەداخەوە تۆ دانایت لەشار تەلاقدا، داناکانت لەخۆت دوورخستەوە و خاکت د ایە دەست پیاوە نەخۆشەکان، دەشێ هەموو شۆڕشەکانی دونیا هەروابن دانایی پیاوەکان بەکاردێنن بۆ گەیشتن بە ئامانج، بەڵام کە شۆڕش تەواو بوو کە نیشتمان ئازادکرا پیاوە داناکان یان دووردەخرێنەوە یان دەکوژرێن، من چەند جارێک کۆساری حەکیمم بینی بوو، دانایی ئەو پیاوە سنوری نەبوو، لەو پەڕی نائومێدی و بنبەستدا ئومێدی دەدۆزیەوە و هەرگیز وشەیەکی نەدەگوت بۆنی نەتوانینی لی بێت ئەفسانەیەک بوو بۆ خۆی، تەنانەت کۆسار لەگەڵ داناییەکەیدا مرۆڤ دۆستێکی گەورەبوو، هەموو ئەو جەنگانەی ئەو نەخشەی دەکێشا بۆشاییەکی دەهێشتەوە بۆ هەڵهاتنی سەربازەکانی دوژمن، زۆر جار دەیگوت کەم کەس هەیە ئامادەی مردن بێت با ئەوانەی ژیانیان خۆش دەوێت لەو دەروازەیەوە هەڵبێن، هەمیشە دەیگوت : دانایی ئەوە نییە کە زۆرترین پیاو بکوژین با دوژمنیش بن دانایی ئەوەیە بگەیتە ئامانج و ئازادی نیشتمان بەبێ خوێن یان ڕژانی کەمترین خوێن، دەیگوت دانایی ئەوەیە کەمترین زیان بەمرۆڤایەتی بگەیەنی و کەمترین خوێن لە زەویدا بڕژێت.

دەبوو پیاوێکی ئاوا دەستی هەبێت لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا، فەرماندە لەوێدا بەتوڕەییەوە دەستی دەکێشێ بەدیواری ئەشکەوتەکەدا و دەڵێ تکایە دۆستان ئەوانەی باسی کرا هەڵەکانی ڕابردوون، پیاوە داناکانیش نابێت ئابەو جۆرە کەم سەبر بن، ئەی ئێوە و کۆسار چیتان کرد، خێر نیشتیمانتان چۆڵ کرد دەشێ ئێوە پێش من نیشتیمانتان

تەسلیمی پیاوە نەگریسەکان کردبێت، دەبوو، هەمووتان شەرتان بکردا لەگەڵ ئەو پیاوە نەگریسانەدا، دانایی ئەوە نیە لەهەرکوێ ناشیرینی هەبوو، ڕاکەین، دانایی ئەوەیە هەوڵی چاککردنی بدەین ئایا ئێوە چیتان کرد، تەنها بیانویەکتان دەویست تا هەموو لاریەکان بەسەر منا بەجێ بهێڵن، ئەگەر هەڵەیەک هەبێت لە ڕابردوودا هەموومان بەشدارین تیایدا، ئیدی ئێوە مافی ئەوەتان نیە هەموو هەڵەکان بخەنە ئەستۆی من، من یەک کەس بووم دەکرا ئێوە تەنانەت هەوڵی کوشتنیشم بدەن لە پێناو چاک کردنەوەی لاریەکاندا، بەڵام ئێوە چەند پێشنیارێکتان کرد و بەنیوە ناچڵی چەند جارێک لەکۆبونەوەکاندا خۆتان تورە کرد و دواتر هەموو نەگریسیەکانتان بەسەری مندا بەجێهێشت، ئیدی ئەوەی لەڕابردوودا ڕوویدا گرنگ نیە، گرنگە ئێستا چۆن ئەم شکاویانە چاک بکەینەوە، ئەم شکاویانەی کە دەستی هەموومانی تیایە، گرنگە ئێستا ئەم پیاوە بدۆزینەوە، کۆسار کلیلی نەخشەکەی سەری منە تکایە ئەگەر زانیاریتان هەیە لە بارەیەوە با پێکەوە بیدۆزینەوە، گرنگ دۆزینەوەی کۆسارە نەک ئەوەی چی ڕوویداوە لە ڕابردوودا تکایە وەرن با پێکەوە ڕابردوو لەبیر بکەین و کار بۆ داهاتوو بکەین، مەلەک بەغەگینیەوە دەڵێ بەڵێ هەموومان بەناوی شۆڕشەوە خاکمان وێران کرد و نیشتیمانمان خەڵتانی خوێن کرد و ئەو هەموو پیاوە نەفرەتیەمان کرد بە حاکمی شارەکان، حەسەن سەری ڕەزامەندی بۆ قسەکانی مەلەک دەلەقێنێت و قادری خەزێنە وەک ئەوەی گوێی لەوشەکانی مەلەک نەبووبێت دەڵێ : من مانگێ لەگەڵ کۆساری حەکیم لە ئەشکەوتی کونە کۆتر ژیاوم، ئەو مانگە دوونیایەک

جوانی لەو پیاوەوە فێر بووم، بەڵام هەستم دەکرد بەبوونی من سەغڵەت دەبێت، هەستم دەکرد دەبمە سەر ئێشە بۆی، دواجار شەوێک لەکاتی خەونی ئەودا بە بێ خواحافیزی بەجێمهێشت. ئەو ئەشکەوتەش کە پێکەوە لێی دەژیاین سەدان میل لێرەوە دوورە.

ئەو ئێوارەی فەرماندە و مەلەکیان و حەسەنی ئایشێ و قادری خەزێنە پێکەوە بڕیار دەدەن بە شوێن کۆساری حەکیمدا بگەڕێن، بەڵام مەلەکیانی گوڵ جارێکی کەش بیریان دەخاتەوە کە ئەم یاریە ئەوی تیانیە و تەنها هاوکاری هاوڕێیەکی دەکات. حەسەنیش وشەکانی مەلەکیان دووبارە دەکاتەوە، بەڵام قادری خەزێنە دەڵێ من لە کۆتایدا بڕیار دەدەم.

فەرماندە بۆ خۆدزینەوە لەباسەکە دەڵێ : برادەران کۆساری حەکیم هاوڕێیەکی نزیکی هەبوو کەس ناوەکەی لەیاد ماوە، قادری خەزێنە ناو یەکێ لەدەفتەرەکانی دەگەڕێت و دەڵێ : بەڵێ ئەوە ناوەکەیەتی (عەباسی مام عەولا) هاوڕێی منالی کۆسار بوو کە پێکەوە ڕویان لەشاخ کردبوو، بەڵام بیری لێ مەکەنەوە ئەو لەشەڕی ناوخۆ لەکاتی گفتوگۆی ئاشتیدا کوژرا، فەرمانده ڕوودەکاتە قادر و دەڵێ ئەی کەس هەواڵی بنەماڵەکەیان دەزانێ ؟ حەسەنی ئایشێ وەڵام دەداتەوە و دەڵێ : ئەوان پێشتر لە یەکێ لە بۆردومانەکەکانی گوندەکاندا تیا چوون، فەرماندە بەنائومێدیەوە سەری لەناولەپی دەستیا دەشارێتەوە و دەڵێ : وای دۆستان من چارەکە سەدەیەکە لە بێ ئاگاهیدا دەژیم. چارەکە سەدەیەکە ئەزیزانم لە دۆزەخدا دەژین و من ئاگادار نیم.

حەسەنی ئایشێ دەست دەخاتە سەر شانی و دەڵێ: فەرماندە ئەوە حەقیقەتی شۆڕشە، سروشتی مرۆڤە نەگریسەکانی شۆڕشە، حەسەنی ئایشێ دڵنەوایی فەرماندە دەداتەوە و بە هەستەوە لەئامێزی دەگرێت و فرمێسکەکانی دەسڕێت.

ئەوان ئەو ڕۆژە بڕیار دەدەن کە لەسبەینێوە بەدوای کۆساردا بگەڕێن، شەو بێ ئەوەی وشەیەک بگۆڕنەوە لە تاریکی ئەشکەوتدا پشوو دەدەن و لەگەڵ هەڵهاتنی تیشکی خۆردا سەفەرێک دەست پێدەکەن. سەفەرێک بەرەو هەواری کۆساری حەکیم. قادری خەزێنە لەو سەفەرەیدا تەنها دەفتەری خەزێنەکانی لەگەڵ خۆی دەبات.

ئیدی بەیانیەکی ئارام ئەوان بەڕێدەکەون و شاخ بەشاخ و دۆڵ بە دۆڵ و هەوراز بە هەوراز لەم لوتکە و بۆ ئەو لوتکە و هەر شەوەی لە ئەشکەوتێ ڕۆژ دەکەنەوە و هەر ڕۆژەی شاخێ جێدەهێڵن. ئەوان ئەو چوار دۆستە بەر دەوام هەنگاو دەنێن، سەدان شەو و ڕۆژ پێدەشت بە پێدەشت و بەرزایی بە بەرزایی خاک لە دوای هەنگاوەکانیانەوە جێدەمێنێ تا شەوێک لە بەرزترین لوتکەی چیاکەوە چاویان بە ڕوناکیەکی گەور دەکەوێت، مەلەک دەیان ساڵە ڕوناکی لەو شێوەی نەبینیوە هەست دەکات شارێک گڕی گرتووە، قادری خەزێنە وەک چاوساغی سەفەرەکە دەڵێت مەلەکی گوڵ ئەوە ڕوناکی گڵۆپەکانی شارە، مەلەک سەرسام دەبێت کە لەو ماوەیەدا شار بوبێت بە چراخان، ئەوان لەم قسانەدا دەبن لە پڕ ڕوناکیەکە دەکوژێتەوە و تاریکیەکی ترسناک شار دەشارێتەوە بەڵام تروسکایی ڕوناکی لەچەند جێگایەکەوە دەبینرێت.

حەسەنی ئایشێ هەست بەسەرسامیەکەی مەلەک دەکات و دەست دەخاتە سەر شانی و دەڵێ ئەی دۆست نیگەران مەبە ئەوە کارەبای شار کوژایەوە، ئیدی دوای کوژانەوەی کارەبا شار دەبێتە دۆزەخ، بەڵام دەزانم ئێوە سەر سامی ئەو ڕوناکیانەن، نازانن ئەو ڕوناکیانە چیە لەو شارە خامۆشە، دەتانەوێت بپرسن و بڵێن ئایا ئەو ڕوناکیانە بۆ ناکوژێنەوە، فەرماندە دەڵێ : بە داخەوە ئەوانە ماڵی هەندێ لەگەورە پیاوانی شۆڕشە، ئەگەر نیشتمان ببێت بە دۆزەخیش ماڵی ئەوانە هەر چراخانە. مەلەکیان دەڵێ : گەورەترین هەڵەی شۆڕش ئەمەیە، ناتوانێ یەکسانی دروست بکات و دیکتاتۆرێک دەخات لە پێناو دروست بوونی ووردە دیکتاتۆرەکاندا. ئەوە هەڵەی ئەوپیاوانە نییە هەڵەی سیستەمی بەڕێوەچونی شۆڕشە.

فەرماندە قسەکانی مەلەکیان دەبڕێت و دەڵێت من دەمەوێت ڕوناکی ئەو ماڵانە نەهێڵم و بەسەر تەواوی شارەکاندا دابەشی بکەم، ئاخر ئێمە بۆ ئەوە نەچوینە شاخ تا ڕوناکی لە میللەت بشارینەوە، تا ڕوناکی لەماڵەن ببڕین و لەماڵەکانی خۆماندا دایگیرسێنین.

مەلەکیان وشەکەی لە دەم وەردەگرێتەوە و دەڵێ ئەی دۆست تەماشاکە پیاوی شۆڕشگێڕ دەبێتە چی، دەبێتە داگیرکەری ڕوناکی و جوانیەکانی نیشتمان، دەبنە خاوەنی هەموو شتەکان، شۆڕگێڕ دەیان ساڵ لە تاریکیدا دەژی و وەختێ دەگاتەوە بەڕوناکی ئیدی بەموڵکی خۆی دەزانێ و دەست بەسەر ڕوناکی نیشتماندا دەگرێت. شۆڕگێڕ کە تاریکی جێهێشت عاشقی ڕوناکیە، لەبەر ئەوەیە دەیەوێت هەموو ڕوناکیەکان هی ئەو بن، ئاخر پیاوانی شاخ ڕوناکیەکی

زۆریان لەکیس چووە، ڕوناکیەک کە بەهیچ شتێ قەرەبوو ناکرێتەوە، تەنانەت ئەگەر خۆر و مانگ بخەیتە دڵی یەک پیاوەوە هێشتا تینوێتی ئەو لە ڕوناکی ناشکێ.

ئەو شەوە تاسپێدە لەبەرزترین لوتکەی چیاکەوە بە دیار تاریکی شار و ڕوناکی ئەو چەند ماڵەوە دائەنیشن و فەرماندە وەک ئەوەی سەدەیەک بێت خۆی بۆ ئەو ووشانە ئامادە کردبێت تا سپێدە هەر قسە دەکات و بەردەوام باسی ڕوناکی دزراوی میللەت دەکات، کەچی مەلەکیانی گوڵ وەک ئەوەی چوبێتە خەڵوەتەوە و لەدونیایەکی جاویدانیدا ڕۆچوبێت یان لەهۆش خۆی چوبێت بە درێژایی زەمەنی وشەکانی فەرماندە لە بێدەنگیەکی ترسناکدا دەمێنێتەوە.

تەنانەت دوای ئەم دیمەنە مەلەک دەیان ڕۆژی تر لە ڕێگاکاندا ووشەیەک ناڵێت و بە بێدەنگی هەنگاو دەنێت، ئەوان دوای دەیان شەو و ڕۆژی دیکە لەو ڕێگایانەدا بۆ جاری یەکەم ئاشنای دیمەنی مرۆڤێک دەبن کە لێی نزیک دەبنەوە دیمەنی ژنێکی پیر دەبینن کەسیمای بەخاڵ و کوتراوی شاراوەتەوە، مەلەک بێدەنگی دەشکێنێ و سڵاوی لێدەکات پیرەژن بەساردیەوە وەڵامی دەداتەوە، ئەو گەرچی هیلاکی کۆڵەکەی پشتێتی زەمەنیش هێندەی کە پیر و هیلاکی کردووە، حەسەنی ئایشێ دەزانێ مەلەک پەرێشانی ئەم ژنەیە دەچێتە تەنیشتی و دەڵێ : مەلەکی گوڵ ئەمەش یەکێک لە قوربانیەکانی شۆڕشە بەهۆی شۆڕشەوە مەملەکەتیان خاپورکراوە.

مەلەکیان تا نزیکی دێهاتەکەیان کۆڵی ئەو پیرەژنە لە کۆڵی خۆی دەنێت، بەڵام ئەوە دواین دیمەن نییە بەڕێگادا دەیان دیمەنی دیکەی لەو دیمەنە دەبینن دەیان دیمەنی

ئەو ژنانە دەبینن کە باوک و برا و مێرد و کەس و کاریان لە شۆڕش و جەنگەکاندا کوژراون و خۆشیان بەگیا فرۆشی منداڵەکانیان پەروەردە دەکەن. مەلەکیانی گوڵ هەر بەدەم ڕێگاوە ڕودەکاتە فەرماندە و دەڵێت تەماشاکە ئەمە جوانترین نمونەی دیمەنی دوای شۆڕشەکانە، تۆ دەتەوێت ژنانی نیشتیمان هەمووی بکەی بەگیا فرۆش، تەماشاکە ئەمە ئەنجامی هەموو شۆڕشەکانی دونیایە و ئەمە کۆتایی شۆڕشەکانی دونیایە.

فەرماندە مەلکیان ڕادەگرێت و دەڵێ : نا هاورێم، ناگوڵی هاورێم، ئەمە ئەنجامی شۆڕش نییە ئەمە جێدەستی ئەو پیاوانەیە کە ئامانجی شۆڕش ناناسن و نازانین شۆڕش بۆچی هەڵدەگیرسێت. پیاوگەلێک کەلەژیان هەڵهاتبوون و لە شۆڕشدا گیرسابونەوە، ئەوە شۆڕش نەبوو چارەنوسی ئەم مرۆڤانەی گەیاندە ئێرە ئەوە دیاری دەستی ئەو پیاوانەیە کە خاڵی بوون لە ژیان.

حەسەنی ئایشێ قسەکە لەدەمی فەرماندە وەردەگرێت و هەر بە دەم رێگاوە دەڵێ فەرماندە تەنانەت ئەو پیاوانەش دەست کردی شۆڕش بوون، ئەوان لە تەمەنێکی پڕ لە بەرائەتدا ڕوویان لە شۆڕش کرد، تەمەنێک کەدەکرا گوڵ لەدە ستەکانیاندا بڕوێت نەک گڕ، ئەوە شۆڕش بوو پێویستی بە تفەنگی دەستی ئەوان بوو، تەماشاکە فەرماندە چیمان کرد. جەهەنەمێکمان خوولقاند، تەنانەت نەمانتوانی دایکانی نیشتمان ئاسودە بکەین، دایکی ئەو کوڕانە کەلە پێناو شۆڕشدا مردن. ئەو پیاوانەی کە گیان بازیان کرد. تەماشاکە بەناوی پیرۆزی شۆڕشەوە باوەشی ئەم هەموو ژنەمان سارد کردەوە لە پیاو، ئێمە بوینە هۆی سەرگەردانی

نیشتمانێک و دواجار هەمان نیشتمانمان تەسلیمی هەمان ئەو پیاوانە کرد کەبێئاگان لە سەرگەردانی نیشتمان، ئەوانەی کەبێئاگان لە ئازاری ژنە ڕەش پۆشەکان، خاکمان دایە دەست ئەو پیاوانەی کەناتوانن هەست بە ئازاری ژنیٚ بکەن، ئازاری ئەو ژنانەی کە پیاویٚ لە بنەماڵەکەیاندا نەمابوویەوە، ئاخر ئەوانەی ئێستا لەسەر کورسیەکاندا دانیشتوون لەچەقی ئازاردا نەژیاون، پیاوێک ئەگەر کوڕی نەکوژرا بێت هەست بە قرچەی دڵی باوکێکی جگەر سوتاو ناکات.

مەلەک دێتە ناو قسەکانەوە و دەڵیٚ حەسەنی برام ڕاست دەکات، ئەوانە پیاوانێکن لەکەڵ ئازارەکانی خاکدا نەژیاون لە تەنگانەی نیشتماندا هەڵدەهاتن، هەمووومان دەمانزانی کە هاتبوون لە پەنای شۆڕشدا کاری دیکەیان هەبوو زۆر کەس تاکۆتایی لەکەڵ شۆڕش مایەوە، گەرچی ئێستا هەرگیز لەگەڵ شۆڕش نیم، بەڵام بۆ سەردەمیٚ بەباشم دەزانی و لەگەڵی بووم، زۆر کەس قوربانی لە پێناو خاکدا بەخشی. کەچی لەبەرامبەر ئەو پیاوانەشدا کۆمەڵێک پیاو هەبوون لە دوای شەڕەکان لە کونەکانیان دەردەهاتن و لە تەنیشت تابوتەکاندا ڕادەوەستان و لەگەڵ تەرمەکان دەچوون بۆ گۆڕستان و گۆڕیان بۆ تەرمی پێشمەرگەکان هەڵدەکەن و فرمێسکی تیمساحیان دائەباراند، مەلەک بە تورەییەوە دەڵیٚ فەرماندە تۆ وڵاتت بەم پیاوانە سپارد، نەدەبوو نیشتمان بخەینە گیرفانی ئەم پیاوانەوە، ئەم پیاوانە پیاوی بەڕێوەبردن نەبوون، دەکرا هێندەی قورسایی خۆیان ئەڵماسیان پێبدەی، بەڵام نەدەکرا نیشتمان لەبەرپێیاندا ڕاخەی.

نەدەکرا چارەنووسی میلەتێک بەوان  بسپێریت و دایکی کوڕە کوژراوەکان چاوەڕێی دەستی ئەوان بن، نەدەبوو ئەوانە خاوەنی شتانێک بن کەنای ناسن، ئاخر ئەو پیاوانە ئازاری پیرێک ناناسن کەلەشۆڕشدا هەموو شتێکی لەدەست داوە، نەدەبوو ئەو شتانە روویدات، قادری خەزێنە هەموان ڕادەگرێت و دەڵێ دۆستان دەبێ پشویەک وەرگرین کە دائەنیشن و دوای کەمێک پشوو ئەڵێ : هاوڕێیان خۆ ئێمە دەمازانی هەندێک  لە پیاوەکان کە دەهاتنە شاخ هۆی ئەوە بوو  کەلە شار نەیاندەتوانی ببنە ئاغا، دەهاتن لە شاخ دەبوونە کوێخا بەسەر ئەو پێشمەرگانەوە کە لەشار لەداخی زەبری ئاغاکان هەڵهاتبوون، هەمیشە  شارەکان گیرۆدەی دەستی تاکە ئاغایەکە کە ناهێڵێ ووردە ئاغا دروست بێ. کەچی شۆڕش دونیایەک وردە ئاغای دروست کرد.

ئەوان چەندین شەوو رۆژی کە بە دەشت و دۆڵ و شاخەکانەوە هەنگاو دەنێن بەو هیوایەی بگەنە ئەو ئەشکەوتەی کە کۆساری حەکیمی لێی ژیاوە، قادری خەزێنە لە هەموو هەنگاوەکاندا ڕێنوێنی دۆستەکانی دەکات، تا دواجار شەوێک لەسەر لوتکەی چیایەک ڕوناکیەکی سەیر دەبینن، ڕوناکیەک کە دونیای ڕوناک کردبویەوە، ڕوناکیەکی سەیر بە قەدپاڵی چیایەکەوە.

فەرماندە دوای قووڵبوونەوەیەکی زۆر هەست دەکات ئەو چیایەی کە ڕوناکیەکەی لێیە غەریب نییە بەڕوحی ئەو، هەست دەکات سەدان شەو بەو چیایەدا هەڵزناوە، حەسەنی ئایشێ هەمان خەیاڵی فەرماندە دەکەوێتە سەرییەوە و قادری خەزێنە دوای بێدەنگیەکی کەم دەڵێ من  دڵنیام پێشتر ئێرەم زۆر دیوە، کەمیکی تر ڕادەوستێ و تەماشای

خوارەوەی چیاکە دەکات و دەڵێ ئەها هاوڕێیان خۆیەتی کۆساری حەکیم لێرە دەژی ئاماژە بۆ خوارەوەی چیاکە دەکات و دەڵێ ئەوە هەمان ئەو ئەشکەوتەیە کەکۆساری لێی دەژیا, ئەیانەوێ بەرە و لای ئەشکەوتەکە بچن بەڵام مەلەکیان ڕایان دەگرێت و دەڵێت برایان روحی من پێویستی بە کەشف کرنی ئەو چراخانە هەیە.

هەمووان سەری ڕەزامەندی دەلەقێنن و دوای هەنگاوەکانی مەلەکیان دەکەون بەرە و چراخانەکە بەرێ دەکەون و هێدی هێدی دنیا ڕوناک دەبێتەوە و لەپڕ فەرماندە لە لای بەردێکدا ڕادەوەستێ، بەردێک کە ناوێک و بەرواریکی لەسەر دەبێت، کەمێک لێی ورد ئەبێتەوە و دەڵێ : برادەران تەماشاکەن، هەمووان بە حەپەسانەوە ڕادەوەستن و تەماشای بەردەکە دەکەن، مەلەک دەست لە نوسراوەکەی سەر بەردەکە دەدات و فەرماندە دەڵێ مەلەک لەبیرتە ئەوە شەهید شێرزادە دوو ڕۆژ پێش شەهید بوونی بەحەربەکەی کەمەری هەڵی کۆڵی، تەماشاکەن ئەوەش ناوەکەی و بەروارەکەیەتی، تەنانەت ئەو کاتەی ئەوەی لێ هەڵدەکۆڵی من پێکەنینم پێی دەهات کە بەزەردەخەنەوە دەیگوت هەر ڕۆژێک سوودی ئەبێت بۆ نوسینەوەی مێژووی شۆڕش.

قادری خەزێنە بەسەرسامیەوە دەڵێ: برادەران بەڵێ ئێرە شاخی هەڵۆیانە، ئەودیوی ئێرە دێی شارێیانی لێیە ئەوان لە ناوو بەروارەرەکەیان دەڕوانی لەسەر بەردەکە بوو حەسەنی ئایشێ دەیگوت پیاوە پیرۆزەکان دواجار تەنها ناوەکانیان دەمێنیتەوە، مرۆڤە ڕاستگۆکان هەرگیز تاکۆتایی نامێننەوە، ئەوان دەڕۆن تا ناوەکانیان بە جوانی

بمێنێتەوە. فەرماندە بە هێواشی ناوەکەی شێرزاد لە تەپ و تۆز پاک دەکاتەوە و دەڵێ من دەمزانی ئەم پیاوە ناگاتە کۆتایی شۆڕش، ئاخر ئەو پیاوانەی کە تەنها عاشقی خاکن، ئەوانەی جگە لە نیشتمان عیشقی تر شک نابەن دواجار لە پێناو خاکدا دەمرن، زۆر جار ڕێگام لە مەرگی دەگرت و چەکەکەم لێ دەسەند، بەڵام ئەو لەمن یاخی دەبوو ڕووی لە مەرگ دەنا لە پێناو خاکدا، جاری وا هەبوو لەدەرەوەی شۆڕش بەتەنها لەگەڵ دوژمن چەندین مانگ دەجەنگا. من دەمویست نەمرێت بەڵام عیشقی خاک کوێری کردبوو، دەمویست خاک پەرستان تا کۆتایی بمێننەوە و دواجار نیشتمان بەڕێوەبەرن کەچی خۆشەویستی ئەوان بۆ خاک و مردنی ئەوان لەپێناو خاکدا وای کرد پیاوە گرگنەکان نیشتمان داگیرکەن. مەلەکیان دەڵێ فەرماندە پیاوە پیرۆزەکان هێندە گەمژەنین خۆیان لە مردن بدزنەوە، ئەوان کۆمەڵێ پیاو بوون کە جگە لە خاک هیچی کەیان نەبوو بۆی بژین، بە پێچەوانەی مرۆڤە نەگریسەکانەوە کە نەخشەی دوای شۆڕشیان کێشابوو، نەخشەی دوای شۆڕش، نەخشەی بوون بە ئاغا ئیدی ئەو پیاوانە دەبوو نەکوژرێن تا کۆتایی.

قادری خەزێنە نەرمە پێکەنینێک دەیگرێت و دەڵێ برادەران وتەیەکی هەمزە ئاغام بیرکەوتەوە ئەو پیاوەی کە لە ناوەڕاستی شۆڕشدا ئاغاکان جێگایان پی لەق کرد و هاتە نا شۆڕشەوە هەمیشە لە شەڕەکاندا هەڵدەهات و دواتر بە قاقاوە دەیگوت هەزار جار بڵێن ترسنۆک بەڵام یەک جار نەڵێن خوا عافوی بکات، کەچی هەمزەئاغا ئێستا ئاغای شارێکە، ئەو پیاوانە دەیان گوت پیاو ئەو پیاوەیە تا

کۆتایی بمێنێتەوە، تا کۆتایی بۆ چەپڵە ڕێزانی ئاهەنگەکان، فەرماندە هەڵدەسێتە سەر پێ و دەڵێ: برادەران ئێوە نازانن ئەو پیاوە چ کارێکی گەورەی کرد، ئەو پیاوە لەناوەڕاستی شۆڕشدا من و دەیان سەرکردەی لەمردن ڕزگار کرد، مانگێ دەبوو ئێرەمان کردبوو بەسەرکردایەتی شۆڕش و دوژمن لە هەموو لاکانەوە هێرشی بۆ دەهێناین بەشێوەیەکی چڕ لەهەر چوار لاوە بازنەیەکی دروست کرد بوو بە دەورماندا و بۆ ماوەی پێنج شەو و پێنج ڕۆژ بەبەردەوامی بەجاش و جێشەوە هێرشی بۆ دەکردین، ئێمە هەشتاو هەشت کەس بووین دواجار نان و ئاو فیشەکمان لێبڕا و بڕیاری خۆکوژیماندا تەنانەت من نامەی ماڵئواییم نوسی بوو، بەڵام ئەم پیاوەی کە ناوەکەی لەسەر ئەم تاشە بەردەیە بەخۆی و هێزەکەیەوە گەیشتە فریای ئێمە و دەروازەیەکی بۆکردینەوە و دوو ڕۆژ لەگەڵمان ژیا، دواجار لە شەوێکی ئەنگوستەچاودا هەموومانی دەرباز کرد، بەڵام ئەو گیان بازیە بەمەرگی خۆی و چوار پێشمەرگە تەواو بوو، ئەفسوس ئێمە فریای نەکەوتین تەنانەت تەرمەکانیشیان دەرباز کەین.

قادری خەزێنە دەڵێ: بەهەرحاڵ برادەران دەبێت ئێستا بەڕێ کەوین، پێویستە بەزووی کارەکانمان جێبەجێ بکەین، هەمووان بەرەو چراخانەکە بەڕێ دەکەون, ئەوان هێدە هەنگاو دەنێن کاتێ نزیک دەبنەوە شەکەت شەکەت گوێیان لە هەناسە سواری یەکدی دەبوو، بەجۆرێ کەفەرماندە خەریک بوو لە پەل و پۆ دەکەوت و حەسەنی ئایشێ زوو زوو دەوەستا تاهەناسەکانی کۆکاتەوە و قادری خەزێنەش دەیگوت دۆستان باهێواش بڕۆین دەیان ساڵە هێندە

هەنگاومان نەناوە, مەلەکیانی گوڵیش لە ئارەقەدا خوسابوو, ئەوان لەو پەڕی ماندوبوندا دەگەنە بەردەم کۆشکەکە و بەسوڕانەوەیەک بەدەوریدا کاتێکی زۆریان دەوێ و هەست دەکەن ئەوێ لەوە گەورەتر و قەشەنگترە کە بیریان لێ کردبوویەوە, کە ئەو چراخانەی شەو باغێکی گەورە و باڵەخانەیەکی قەشەنگی لێ بوو لەگەڵ حەو زێکی گەورەی سەدان مەتری کەبەسەدان فوارەی گەورە ڕازێنرابویەوە و هەزاران گوڵۆپی ڕەنگاو ڕەنگ کرابوو بەدار و دیوارە کانیدا و باغەکەش بە هەموو جۆرە ڕوناکیەک ڕازێنرابویەوە، بونی ئەو دیمەنە هەمووان دەحەپەسینێ و مەلەکیان لە هەمووان زیاتر سەرسام دەبێت, ئەو نەک لەچۆڵەوانی شاخێکدا بگرە لە هەموو تەمەنیدا و لەناو فیلمەکانیشدا جێگایەکی ئاوەها دلگێری بەرچاو نەکەوتبوو، هەریەکە و خەیاڵی بۆ شتێکی سەیر دەچێت و خەیاڵیان بۆ کۆناکرێتەوە و ناتوانن بەدروستی بیربکەنەوە، ئەوان لەئەندێشەدا غەرق ببوون لە پڕ باغەوان بەخۆی و تفەنگەکەیەوە لەبەرامبەریان ئامادەبوو, وەک ئەوەی کەبوونەوەری هەسارەیەی تری بەرچاو کەوتبێ لەئەمانی دەڕوانی و هەروا بەنیگای سەرسامیەوە تەماشای دەکردن، بەجۆرێک نیگای دەکردن کە مەلەکیان نیگای دەخوێندەوە و هەستی دەکرد هەڵەیەک لە ئارادایە، دەیزانی کەلە شوێنێکی هەڵەدا ڕاوەستاون.

باغەوانی پیر لەودیوی تەلبەندی باغەکەوە هەروا کەتفەنگەکەی ڕوو تێ کردبوون دەیگوت: ببورن ئێوە بۆ شوێنێکی هەڵە هاتوون، دەیان ساڵە کەسی غەریبە ڕووی نەکردووەتە ئەم مەملەکەتە، کەس لەم ڕێگایانەوە هات و چۆی نەکردووە, ڕەنگە ئێوە نەزانن ئێرە کوێیە،

ڕەنگە یەکەمین جارتان بێت بەم ڕێگایانەدا بڕۆن تکایە دووبــارەی مـەکـەنـەوە، مـەلـەک دەیـەوێـت پرسیارێک بکات،باغەوان بەتوندی دەڵێت ئاخر ئەمڕۆ خۆی لێرەیە هاکا پاسەوانەکانی گەیشتن، باڕەش خەڵک لێرە ببینێت زۆر تورە دەبێت, بەناو هێنانی جوتیاری باڕەش هەمووان دەحەپەسێن، تاماوەیەک هیچ ناڵێن، وەک شۆکێکی لەناکاو، وەک ئەوەی شتێکی زۆر سەیریان بیستبێت، لەپاش کەمێک ڕاوەســتــان بەسەرسامیەوە، مەلەکیان داوای لێبوردن لەباغەوان دەکـات و ئـەوێ جێ َدەهێڵن و لەمەودایەکی دوورەوە چاودێری کۆشکەکەی باڕەش دەکەن، دوای چەند خولەکێکی کەم باڕەش و دەیان ئۆتۆمبیل پاسەوان دەگەنە باغەکە و دادەبەزن و هەموو پاسەوانەکان بەچواردەوری باغەکەدا بڵاو دەبنەوە و باڕەش و ژنێکی قەشەنگ دەچنە کۆشکەکەوە.

ئیدی ئەوان دڵنیادەبن کە ئەوێ حەشارگەی نهێنی کارە شەهوەت بازیەکانی باڕەشە و مەلەک بەبێزاریەکی زۆرەوە لەڕێگادا کە دەگەڕێنەوە بۆ ئەشکەوتەکەی کۆساری حەکیم دەڵێ: فەرماندە خۆت بینیت ئەوەماڵی دووەمی باڕەش بوو، جوتیاری باڕەش خۆ هەموومان دەیناسین، تۆ ئەو ناوەت لێنا، لە شەڕی چوارتاقان کاتێ کشاینەوە دەتگوت ڕەشەبایە ڕای دەکرد، لەپێشی هەموومانەوە بوو، تۆ ئەو ڕۆژە ناوت نا بـاڕەش، دەزانـی ووشەکانی تۆ وەک نەخش چەسپان، دەشێ کەستان وەک من جوتیار نەناسن من زەمەنێکی زۆر لە میحوەری پەنجاو هەشت لەگەڵی بووم، پیاوێکی خاڵی بوو لەجوانی و پاکژی، هەموو دونیای دەگۆڕیەوە بەچێژی ساتێک، ئەمە هەموو هیواو ئارەزووەکانی بوو

کۆشکێک لەشار و کۆشکێ لە شاخ، ئەو دونیا بە شەهوەت خانەیەک دەزانێ و هەست دەکات هەموو سوچێکی ئەم دونیایە بۆ خاڵی کردنەوەی شەهوەتی ئەو کراوە.

قادری خەزێنە بەخەندەیەکی تاڵەوە دەڵێ ئای چەندە پیاوێکی ترسنۆکە، ئێستاش تفەنگەکەی زەمەنی شاخی بپشکنە گوللەی ئەوکاتەی تیایە و نەیتەقاندووە، هەمووان پێکەنینێکی کورت دەردەبڕن، قادر بەخەندیەکەوە دەڵێ مانگێ کرابوو بەلێپرسراوی جبەخانەی شۆڕش لەپێمەرگەکان تورە بووبوو گوتوبوی ئێوە ئەم هەموو فیشەکە چی لێدەکەن من هێشتا فیشەکی ڕۆژی دەسپێکی شۆڕشم پێ ماوە، دووبارە پێدەکەننەوە.

فەرماندە بەدەم ڕێگاوە دەڵێ: برادەران ئەو بارەشە بەزمی زۆری هەیە، هەوڵی دونیای ئەدا تالەمن نزیک بێتەوە, زۆر جار لە ڕێگای نەشیاوەوە هەنگاوی دەنا، کێشەی نەبوو چۆن دەگاتە من، چۆن دەسەلاتی دەست دەکەوێت، چ نرخێ دەبەخشێ لە پێناو گەیشتن بەدەسەلات, گرنگ ئەوە بوو هەنگاوێک زیاتر لێم نزیک بێتەوە، لەوێدا قادری خەزێنە دەڵێ: فەرماندە بۆچی  تا دەگەینە ئەشکەوتەکەی کۆساری حەکیم هەندێ لەو چیرۆکانەمان بۆ باس ناکەی کە بارەش دروستی دەکرد، ئەو پیاوە زۆر ڕێگای نەشیاوی دەگرتەبەر، تەنانەت باکی بەناموس و شەرەفی خۆشیەوە نەبوو، ماوەیەک هەوڵی دەدا لەڕێگای ژنەکەیەوە بەپلەو پۆست بگات.

فەرماندە بەدەم خەندەیەکی تاڵەوە تەماشای مەلەکیان دەکات و دەڵێ هەمیشە ئامانجی شکاندنی مەلەک بوو دەیزانی گرنگی یەکی تەواوی هەیە لەشۆڕشدا، جارێک

چیرۆکێکی ئابڕووبەرانەی گێڕایەوە و گوتی مەلەک لە لادێکاندا پەیوەندی نایاسایی لەگەڵ ژناندا هەیە, گەرچی گومانم لە مەلەک نەبوو بەڵام لەبەردڵی بارەش ژنێکم ڕاسپارد تا مەلەکم بۆ تاقی بکاتەوە کەچی کە ژنەکەم بینیەوە ڕەنگ بەڕوویەوە نەمابوو مەلەک خەریک بوو بیکوژێت، ئەو زۆر بە ئەستەم لەدەستی هەڵهاتبوو.

بەڵام ئەو درۆیەی بارەش سودی زۆری هەبوو، هەندێ پیاوم دۆزیەوە کە خەریک بوو ناوی شۆڕشیان لەکەدار دەکرد، پیاوانێک بوون پڕپڕ بوون لە شەهوەت و بەرگەی بێ ژنیان نەدەگرت و هەندێکیان نەیان دەتوانی خۆیان بە تەنها یەک ژنەوە ببستنەوە، بەڵام من هەموو ئەو پیاوانەم لە شۆڕش کردە دەرەوە کەچی هەندێکیان لەشوێنێکی ترەوە شۆڕشیان بەرپا کرد و هەندێکیان چوونە ناو حیزبەکانی تر و هەندێکی تریشیان بوونە پیاوی ڕژێم و لەبەرامبەر مان ڕاوەستان و بوونە دوژمنمان، گەرچی ئەوە کارێکی هەڵەبوو بەڵام دەبوو بکرایە، چوون شۆڕش پێویستیتی بە پیاوی پیرۆز هەبوو، دەبوو لە نابوتی پاک بکرێتەوە.

مەلەکیان خۆی دەەهاوێتە ناو باسەکەوە و دەڵێ: لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا من دەمبینی هەمیشە سوچێک بە نهێنی دەمایەوە بۆ پیاوە نەگریسەکان، هەرگیز نەماندەتوانی شۆڕش پاک بکەینەوە لەنا ئەخلاقی، هاوڕێیان من تەنها دووجار بارەشم دی بوو لەو دوو جارەدا یەکجار بە ووردی گوێم بۆ گرت و قسەم لەگەڵ کرد، بڕوا بکەن لە یەکەمین ڕستەیدا پڕ بەدڵ بەزەیم پێیدا هاتەوە پیاوێکی تەواو خاڵی بوو بە درێژایی قسەکانی باسی ژنی بۆ کردم باسی چێژی ژنی بۆ کردم واتە لە فەرهەنگی بارەشدا

جگە لە ژن شتێکی تر نەبوو، [مێشکی ئەو زۆر بچوک بوو، بچوک بەقەدەر قەبارەی عەورەتی ژنێک] گلەیی لەوە دەکرد کە نابێت شۆڕش ڕێگری بکات لە ڕابواردن, ئەو کات بە منداڵێک هاتە پێش چوم، منداڵێک کەچۆن خەون بەیاریەوە دەبینێت، خەونی ئەویش تەنها ڕابواردن بوو، لای من ئاسان نەبوو پیاوێک ئامانج و هیوای لە ژین تەنها خۆخاڵی کردنەوە بێت، پێم وایە ( هەرزانترین و بەدبەخت ترین پیاو ئەوانەن کەلە قەرەوڵی ناوگەڵیانەوە سەیری ژیان دەکەن ) جارەکەی تریش لە یەکێک لە جەولەکاندا پێکەوە بووین کەدەبوو بگەینە لوتکەی هەمان چیا، چیای هەڵۆیان هەواڵمان بۆ هاتبوو کە ڕژێم هێرشێکی بەرفروانی بە دەستەوەیە فەرماندە تۆ فەرمانت پێ کردبووین، ئاوڕێک بۆ فەرماندە ئەداتەوە و فەرماندەش سەری بەڵێ دەلەقێنێ.

مەلەک بەردەوام دەبێتەوە و دەڵێ : دەبوو بەخۆمان و هێزەکانمانەوە لەوێ بین، ئەو ساڵەش بەفرێکی زۆر باری بوو، بارەش لەگەڵ ئەوەی کە ترسنۆکێکی بێ وێنە بوو پیاوێکی زۆر بێ تواناش بوو کەنەیدەتوانی وەک پیاوێک سەرکەوێت بەسەر شاخەکاندا، نەیدەتوانی بەرگەی ئەو سەرمایە بگرێت، ئەو جارە زۆربەی ڕێگاکە بەسەر شان بردم و لەسەرەوە لەناو ئەشکەوتەکەدا ئاگرێکم بۆ کردەوە و درەنگێ هاتەوە هۆش و یەکەمین ووشەی گوتی: بەشەرەفی پیاوی مەرد لەدوای شۆڕش یەکەمین کارم ئەوە دەبێت کەلەپایتەختەوە تا ئەم شاخە ڕێگایەکی قیرتاو ڕادەکێشم و کۆشکێکی شاهانەش لەم شاخە دروست دەکەم .

بارەش زۆر بەڕونی دڵنیا بوو کە تا دوای شۆڕش دەمێنێتەوە و نامرێت، خۆی بۆ دوای شۆڕش ئامادە

کردبوو، واتە پێشمەرگە نەبوو لە پێش مەرگەوە نەبوو، هەر بەدەم ڕێگای ئەو ئەشکەوتەی کە بە ئومێدن کۆساری حەکیمی لێ بدۆزنەوە فەرماندە ئەڵێ : مەلەکی گوڵ هەموو ناشرینی و نابوتیەکان لە ئەستۆی منە تکایە، بوومە هۆی ئەم ناعەدالەتیانە، تکایە هاوکریم بکە بۆ ڕاستکردنەوە هەڵەکان.

مەلەکیانی گوڵ هەر بەدەم ڕێەگاوە دەستی فەرماندە ئەگرێت و دەڵێ فەرماندەی دۆست، ئەوە گوناهی تۆ نیە ئەسڵەن هەر تاوان نییە کە بارەش و هاوڕێکانی هەریەکەیان چیایەکیان ئاوەدان کردۆتەوە نەک ئەوەی کە گوناهیان نەکردووە بگرە کارێکی باشە، ئەم باغانەی ئەوان هەوای پاکژ بۆ هەزاران کەس دابین دەکات، ئەوە هیچ کێشە نیە لوتکەی چیاکان پڕبن لە باغ و باڵەخانەی ئەم پیاوانە و لەسەر تابلۆیەکیش نوسرابیت باغی کاک فلان، بەڵام هاوڕێیان ئەوەی لای من ئاسایی نیە شتێکی دیکەیە، کە نەدەبوو چارەنووسی نیشتمان بەم پیاوانە بسپێردرێت کە خەونەکانیان هێندە بچوکە و بیرکردنەوەیان هێندە تەسکە. هێندەی باغێک و باڵەخانەیەک ئەو پیاوانەی کە هەموو ڕابردوو داهاتوویان لە پێناوی ئەمەدا فرۆشت، ئاخر ئەستەمە نیشتمان بەم پیاوە بچوکانە بسپێردرێت، ئەم پیاوانە باڵایان ناگاتە دارهەنارێک، ئەوە ئەوپەڕی ناعەدالەتیە کەداهاتووی دەیان شۆڕشی سەد ساڵە بدەیتە دەست ئەوپیاوانە کە تەنها خەونێکی بچوکیان هەیە خەونی ژن و کۆشک و باغێکی بچوک، ئەوان هەر دەڕۆشتن و مەلەکیان هەر قسەی دەکردوو هەموان بەدەم ڕێگاوە گوێیان بۆ ڕادێرابوو، زوو زووش ئاگاداری بەرپێی خۆیان

دەبوون لەناو ووشەکانیشیدا جارجار ناوی فەرماندە ئەهێنێ وەک ئەوەی بیەوێ سەرزەنشتی بکات دەڵێ : فەرماندە ئەوە جێی بڕوانیە و نابێ شۆڕشگێڕ ئەو خەونە گەورانەی خەونی ئازادبوون و یەکسانی و دیموکراسی و ماف و عەدالەت و چی و چی بفرۆشێ بۆ کۆمەڵێ شتی بچووک. کەم کەم مەلەک چاوانی پڕدەبن لە ئەشک.

لەوێدا قادری خەزێنە هەست دەکات مەلەک پڕبووە لە گریان دەست دەخاتە سەرشانی دەڵێ : مەلەکی گوڵ تکایە گریان دادی ئەم هەموو هەڵەیە نادات تکایە ئازاری ڕۆحی خۆت مەدە, تکایە نابێ بگریت حەسەنی ئایشێ بەچاو قادری خەزێنە تێدەگەیەنێ کەوازی لێبێنێت ئەوان پێشی مەلەکیان دەکەون و فەرماندە و قادر و حەسەن بە خێرایی مەلەک جێدەهێڵن و مەلەک لە دوایانەوە قورگی پڕدەبێت لە گریان و ئەسرین بە ڕومەتەکانیدا و بەناو ڕیشە سپیەکەیدا جۆگەلە دەبەستێ، چیدی ناتوانێ نەگری بە سەدایەکی غەمگین پڕ بەو چیایە دەگری، گریانێکی قوڵ کە وەک حەزینترین نەغمە لەو چیایەدا دەنگ دەداتەوە، ئەم گریانە مودەتێک بەردەوام دەبێت تا دەگاتەوە بە برادەرانی و لە سێبەری دارێکدا ڕادەکشێن و حەسەنی ئایشێ بەدەستەسڕەکەی فرمێسکەکانی بۆ دەسڕێت و فەرماندەش ڕوی تێدەکات و دەڵێ : مەلەک هەوڵ دەدەم قەربووی فرمێسکی نیشتمان بکەمەوە، هەوڵ دەدەم هەڵەکان چاک بکەمەوە، مەلەک تەماشایەکی دەکات و هەمووان چاوەڕوانن شتێ بڵێ بەڵام ئەو هیچ ناڵێت ئەو ڕۆژە ئەوان لەو دۆڵە دەمێننەوە و شەوەکەشی بێدەنگیەکی ترسناک ڕویان تێدەکات، بێدەنگیەک چەشنی شەوی یەکەمی پرسەی ئازیزێک، کە

هەریەکە و ڕۆمانێ ووشەی لە گەروویان هەڵگرتووە، کەچی کەسیان حەوسەڵەی ئەوەیان نابێت ووشەیەک بڵێن، ئەو شەوە دونیا بە خامۆشی تێ دەپەڕێنن.

سپێدە لە گزنگدا قادری خەزێنە خەبەریان دەکاتەوە و لەپاش تاوێک جارێکی تر دەکەونەوە ڕێگا ڕووەو ئەو ئەشکەوتەی کە کۆساری حەکیمی لێ دەژیا دوای ماوەیەک ڕۆشتن قادری خەزێنە دەڵێ هاوڕێیان دەشێ زۆرمان نەمابێ پێی بگەین، هاکا لەبەردەمی ئەشکەوتەکەدا هەڵتۆقین هەموان تەماشای دەکەن کەلە تولە ڕێگاکەدا لە پێشەوە هەنگاو دەنێت، پاش کەمێ تێ ڕامان فەرماندە کەلە پشتییەوە هەنگاو دەنێت دەڵێ قادر دەترسم لە وڵاتێکی دیکەدا هەڵتۆقین، وەک شەوی شەڕەکەی بانە مەڕان دەنگی پێکەنین بەرز دەبێتەوە حەسەنی ئایشێ دەڵێ : ئەو شەوەش تۆ چاوساغ بوویت تابەیانی هێرشمان کردە سەر بازگەریەکی ڕژێم کە ڕۆژ بویەوە ئاڵای وڵاتێکی ترمان بەسەریەوە بینی وڵاتێکی دۆستی شۆڕش، مەلەکیان دەڵێ دەترسم سەرمان لەهەمان وڵاتەوە دەرچێ، لە بیرتانە بۆ ئەوهێرشە چەندە باجی شەرم هێنەرمان دا چەند تەنازولمان کرد.

ئەوان ئێوارەیەکی درەنگ ئەشکەوتەکە دەدۆزنەوە و هەمووان بەتامەزرۆییەوە لێی نزیک دەبنەوە و ئومێد دەکەن کۆساری حەکیم بێت بەرەو پیرین، بەڵام تەواوی ئەشکەوتەکە دەپشکنن و ئاسەواری مرۆڤی لێ نابینن، قادری خەزێنە غەمگینی دایدەگرێت و سوێند دەخوات کەلەو ئەشکەوتەدا پێکەوە ژیاون، هاوڕێیانی بڕوای پێدەکەن بەڵام سەیرە بەلایانەوە کە ئاسەواری ژیان

لەوێ نادۆزنەوە، هەمووان نائومێد دەبن دەیانەوێ لەوێ نەمێنن کەچی مەلەکیانی گوڵ هەموان ڕادەگرێت و دەڵێت هاوڕێیان تەماشای ئەوە بکەن کۆسار شتێکی بۆ قادری خەزێنە نوسیوە، هەموان بە حەپەساویەوە نزیک دەبنەوە کۆساری حەکیم لە بەردی دیواری ئەشکەوتەکە دێڕێکی هەڵکۆڵی بوو کە فەرماندە بە دەنگی بەرز دەیخوێندەوە (قادر خەزێنە ئەگەر ڕۆژێک پێویستت پێم بوو دواجار من لە نێوان دوور وولآت ئەژیم ) لەژێر نوسراوەکەدا نوسرابوو (کۆسار)

هەمووان دەحەپەسێن و فەرماندە لە مەلەکیان ورد ئەبێتەوە و حەسەنی ئایشێ سەری نەزانین ڕادەوەشێنێ و قادری خەزێنە بەزەردەخەنەی ئۆخەیەوە تەماشایان دەکات و غەمگینیەکەی دەڕەوێتەوە. مودەتێک بەسەرسامی و بێدەنگی ڕادەوەستن هەرچەندە بیردەکەنەوە نازانن کۆساری حەکیم مەبەستی چی ناوچەیەکە، هەریەکە لە ڕوانگەی خۆیەوە باسی ناوچەیەکی سەرسنور دەکات.

قادری خەزێنە دەڵێ: برادەران ئەو شوێنانەی ئێوە باسی دەکەن زەمەنێکی زۆری دەوێت و پێویستە سنوری هەر چوار لای نیشتمان بگەڕێین ئەوەش ئەستەمە، ناکرێت ئەو هەموو ڕێگایانە ببڕین دواجاریش هەر کۆسار نەدۆزینەوە، فەرماندە ڕوودەکاتە هەمووان و دەڵێ: من گومانێکم هەیە دەشێ حەکیم لەوێ بێت، ( لوتکەی پڵنگەکان) بەرزترین چیای نێوان هەر چوار وڵات، لەبیرتانە هەساتێ لەگەڵ ڕژێم و وڵاتان کێشەمان هەبوایە و وڵاتێ دۆستمان نەبوایە دەچوینە ئەوێ, زۆر جار سەرکردایەتی شۆڕشمان دەبردە ئەوێ و سەلامەتیش دەبووین.

ئـەوان دوای دوو ڕۆژ تـەواو خۆیان ئامـادە ئەکەن بۆسـەفـەرێکی درێـژ بــەرەو لـوتکـەی پڵنگەکان دوای دەیـان شـەو و ڕۆژ لە بەڕێگاوە بـوون شـەوێک دەگـەن بە ئـاوەدانیـەک, شوێنێ کەلە دێهاتێکی چەپەک دەچێت کەروناکیەکی کەم کەلە ڕوناکی چرا دەچێت لە پەنجەرەی ماڵەکانەوە دەدرەوشێتەوە.

فەرماندە دەڵێ هاوڕێیان دەبێت ئەمشەو لێرە لەماڵی یەکێک بمێنینەوە ئومێد ئەکەم ماڵی پیرە ژنێک بێت، پێویستە ژیانی ژنێکی دوای شۆڕش ببینم و بزانین ئێستا دوای ئەو هەموو قوربانیە ژنێکی ڕەش پۆش چی دەڵێت و چۆن بیر لە ڕابردووی شۆڕش دەکاتەوە، ژنێک کە زۆرترین قوربانی دابێت بۆ شۆڕش، قادری خەزێنە دەڵێت : فەرماندە ئەوە بۆ من دانێ من دەتوانم لەکەمترین کاتدا ماڵی ژنێکی تەنها بدۆزمەوە، ئەوان هێدی هێدی لە ڕوناکی چرای ماڵەکان نزیک دەبنەوە تادەگەنە ناو ماڵەکان سەرەتا هەندێک سەگ لێیان بە حەپە دێن حەسەنی ئایشێ بەشێوازە سیحریەکەی خۆی بێدەنگیان دەکات و بەبێدەنگی خۆیان دەکەن بەناو ماڵەکاندا. قادری خەزێنە لە دیواری حەوشە نزمەکانەوە تەماشای چوار ماڵ دەکات و لە چوارەم ماڵدا وەک هەموو ماڵەکانی دیکە خانویەکی گڵێنە و چرایەکی کز لەیەکێک لە ژورەکاندا ئەسوتێ و دەرگایەکی ژەنگاوی بە لەوح دروست کراوی هەیە، بە جۆرێک لەو ماڵانە ئەچێت کە وێنەگرەکانی شار وێنەی دەگرن بۆ نمایش کردن.

قادری خەزێنە هەر لە دیوارەکەوە جوتێ نەعلی ژنانە ئەبینێ و دڵنیایە کە تەنها یەک پیرەژن لەو ماڵەدا ئەژی، هـەمـووان لـەدەرگا کـراوەکـەوەی دەچنە ژوورەوە وەک

ئەوەی پێشبینی کرابوو ژنێکی پیر بەمیهرەبانیەوە بەرەو پیریان ئەچێت و فەرموویان لێدەکات، بەڵام کە دەچنە ژوورەوە دەحەپەسێن دەبینن کە ئەو ژنە تەنها خۆی لەوێ دەژی کەچی جێگای بۆ حەوت کەس ڕاخستووە, لەسەر هەر جێگایەکی نوستن وێنەیەکی داناوە، ئەوان ئەو شەوە هیچ پرسیاری لێ ناکەن و خەڵوەتەکەی ناشێوێنن و دەست ناخەنە خەیاڵی فرمێسکەکانیەوە، شەو بە بێ ئەوەی بە ئاسوودەیی بنوون لە دیمەنی گریانی ئەو پیرە ژنە ئەڕوانن لە نێوان جێگا ڕاخراوەکان و وێنەکاندا. سپێدە لەگەڵ خواردنی چای بەیانیدا لە ماڵی ئەو ژنە قادری خەزێنە هەندێ پرسیار دەکات و هەندێ زانیاری دەست دەکەوێت، بەر لە هەر شتێ نهێنی ئەو جێگا ڕاخراوانە دەپرسێت، پیرەژن بەدەم قوڵپی گریانەوە حیکایەتی بێ سەروشوێن بونی خەڵکی گوندەکەو سەرجەم کوڕو کچ و کوڕەزا و کچەزاکانی دەگێڕێتەو دەڵێ: ئەوە جێگای ئەوانە، شەوانە چاوەڕوانی هاتنەوەیان دەکەم و هەموو ئێوارەیەک جێگایان بۆ ڕادەخەم و وێنەکانی خۆیان لەسەر جێگاکەیان دائەنێم تا ئەگەر شەوێکی درەنگ گەڕانەوە و من نوستبم بە ئاسودەیی بنوون، ئەوان لە زاری (پورە ڕێحان)ەوە تێ دەگەن کە نیو سەدە زیاترە دەڤەرەکەی ئەوان لانکەی شۆڕش بووە و دوا جار ڕژێم بەتۆمەتی پشتگیری کردنی شۆڕش هەموو ناوچەکەی بەرشالاوی ئەنفال خستووە و لە ئەنجامدا زۆربەی کوڕو کچە گەنجەکانی بێ سەرو شوێن کردووە و تەنها کۆمەڵێ پیرەژن و پیرە پیاوی لەدەڤەرەکەدا هێشتۆتەوە، پورە ڕێحان دەیگێڕێتەوە کە زۆربەی ماڵەکانی ئەو دەڤەرە تەنها ژنێکی تیا نیشتەجێیە و

تاکە تاکەیان پیاوێکیان بۆ ماوەتەوە، دەڵێ : بەڵام من تەنها خۆم ماومەتەوە و دوای ڕۆشتنی ئەزیزان بوومە تەنهاترین ژنی ئەم دەڤەرە و ئێستاش بۆ ژیان گیانم بەدروسێکانمە.

ئەوان ئەو ڕۆژە لە ماڵی پورە ڕێحان دەمێننەوە، ماڵێکی ساردی خاڵی، ماڵێکی بێ ژیان. تەنها گوێ لە دەردە دڵی پورە ڕێحان دەگرن کە دڵی پڕە لە دەرد و فیراق و مەینەت. ئەو جگەلە ژیان پێویستی بە گوێگرێکی باش هەبوو بۆ ڕەوینەوەی خەمەکانی، پورە دوای ڕۆشتنی ئەزیزانی کەسێک نەبوو بوو بە هەستەوە گوێی بۆ ڕاگرێت، فەرماندە لەگەڵ هەر وشەیەکی پورەدا زیاتر ئازار دەچێژێت, بە جۆرێک خەریکە ئازاری ویژدان دەیکوژێت.

مەلەکیانی گوڵ لەگەڵ وشەکانی پورەدا خەریکە بەنیگایەکی تیژ فەرماندە هەڵدەدڕێت، خەریکە بە نیگا هەلا هەلای دەکات، حەسەنی ئایشێ چەشنی کانیەکی سەرەو لێژ فرمێسک بەڕومەتیەوە ناوەستێ و قادری خەزێنە دەچێتە حەوشە گڵێنەکە تا بەئارەزووی خۆی بگری.

ئەوان ئێوارە درەنگانێک نێوچەوانی پورە ڕێحان ماچ دەکەن و ماڵئاوایی لەماڵە ساردەکەی دەکەن. هەمووان ڕێگایەکی دی دەگرنە بەر و قادری خەزێنە لە پێشەوە هەنگاو دەنێت و حەسەنی ئایشێ لەدواوە و فەرماندە و مەلەکیش لە تەنیشت یەکەوە دەڕۆن، فەرماندە وەک ئەوەی خۆی لە گوناهی شۆڕش بتەکێنێت بەدەم قوڵپی گریانەوە دەڵێ : مەلەک کەسمان شۆڕشمان بۆ ئەوە نەکرد، کەسمان حەزمان نەدەکرد ئەنجامی شۆڕش لە ماڵی پورە ڕێحاندا ئاوابێت، دەمانویست شۆڕش ببێتە چرایەک بۆ ئەوانەی لە شۆڕشدا سوتان، بەڵام ئەفسوس شۆڕش هیچی بۆ ئەمانە نەکرد.

قادری خەزێنە لە پێشی هەموانەوە ڕادەوەستێ تا هەموویان نزیک دەبنەوە و پاشان دەڵێ : لەپاش شۆڕش حاڵی شۆڕش گێڕان لە شارەکاندا بوو بە چراخان و ئەو شوێنانەش کە شۆڕشیان سەرخست بە وێرانەیی و تاریکستانی مایەوە, فەرماندە بە مات و مەلولیەوە لە قادر دەڕوانێ و قادر تاکۆتایی بەوشەکانی دێنێت و دەکەونەوە ڕێگا. دۆڵ بە دۆڵ و شاخ بە شاخ و پێدەشت بە پێدەشت بەدوای هەواڵی کۆساری حەکیمدا ئەگەڕێن, بەڵام مەلەکیانی گوڵا بەبێ ئەوەی هیچ جۆرە برین و نەخۆشیەکی پێوە دیار بێت تادێت لاواز و بێ حەواس دەبێت بە جۆرێک کە بە ئاستەم هەنگاوی پێ هەڵدەهێنرێت و بە یەکەجاری واز لەووتن ئەهێنێ و کەس گوێی لە ووشەیەکی نابێت. ئیدی شەوێک لە یەکێ لە پێدەشتی چیاکاندا مەلەکیان لەپەل و پۆ دەکەوێت و وەک مردوویەکی لێدێت بە دەستیانەوە هەرچەندە قادری خەزێنە لەو داو دەرمانەی خۆی پێدەدات، هەرچەندە دەرمانی ئازار شکێنی فەرماندەی پێ دەدەن، هەر بێ سوود ئەبێت و حاڵی خراپتر ئەبێت، ئەو شەوە فەرماندە مەلەک لە کۆڵی خۆی دەگرێت و داوا لە قادری خەزێنە دەکات ڕێنمایان بکات بۆ ئاوەدانیەک, دەڵێ تکایە قادر  نابێ مەلەک بمرێت، مەلەک گەوهەرێکی بە نرخە من ڕێگا نادەم لە دەستمان بچێت، قادری خەزێنە ڕێگای باشوور هەڵدەبژێرێت و بەرە و باشوور دەگەڕێنەوە و چەندین کاتژمێر بەڕێگادا ئەڕۆن، فەرماندە هەست دەکات مەلەکیان بەسەر پشتیەوە لە هۆش خۆی چووە، هەرچەندە تەواو ماندوو دەبێت، بەڵام مەلەک لە کۆڵی خۆی داناگرێت بە درێژایی هەموو ڕێگاکان.

تا دواجار ڕوناکیەکی کەم دەبینن کە لە ڕوناکی لادێیەک دەچێت بە خێرایی خۆیانی پێدەگەیەنن و لە یەکەمین ماڵدا پرسیاری ماڵی پزیشکی دێکە دەکەن گەنجێک ڕێنوێنیان دەکات تا بەردەم ماڵ پزیشک، ئەو شەوە پزیشک زۆر بە ڕویەکی خۆشەوە پێشوازیان لێدەکات و مەلەک لە ژێر چاودێریدا ڕادەگرێت و پشکنین و شتی بۆ دەکات و شوێنی حەوانەوە بۆ هەموویان ئامادە ئەکات و دڵنیایان دەکاتەوە کە نەخۆشەکەیان هیچ مەترسیەکی نیە و دەڵێت نەخۆشیەکەی تەنها دەرونیە دەرونی ماندوو بووە، داوا لە فەرماندە دەکات کە پشوو بدەن و بهێڵن تا نەخۆشەکەیان پشوو بدات، پزیشک خۆی لای نەخۆشەکە دەمێنێتەوە و ئەوان بە ئاسوودەیی دەنوون و پزیشک تا سپێدە ئێشک دەگرێت.

سپێدە حەسەنی ئایشێ بە ئاگا دێتەوە هەست بە شتێکی سەیر دەکات، هەست دەکات سیمای ئەم پزیشکە غەریب نیە، هەست بە ئاشنایەتیەکی سەیر دەکات، فەرماندە و قادر خەبەر دەکاتەوە و دەڵێ: هەست دەکەم ئەم پزیشکە دەناسم، پێکەوە دەچنە بەشی چاودێری کە پزیشک سەرقاڵی پشکنینی مەلەکیانە، یەکسەر فەرماندە دەیناسێتەوە و بەرەو پیری دەچێت و دەڵێ: برادەران ئەمە ( دکتۆر کامەرانە) بەڵام کامەران ئەوان ناناسێتەوە داوایان لێدەکات بچنە دەرەوە لەبەر تەندروستی نەخۆشەکە کەخۆشی لەگەڵیان دەچێتە دەرەوە، حەسەنی ئایشێ دەڵێ ئێمە دڵنیاین تۆ دکتۆر کامەرانی دکتۆری شۆڕش ئەو پیاوەی کە وازت لە هەموو شتێ هێنا و لە شاخ نەخۆشحانەیەکت دانا و برینداران و هەژارانت تیمار دەکرد.

هەمووان دەحەپەسێن کە جارێکی تر دکتۆر کامەران دەبیننەوە هەمووان دوای شۆڕش بێ ئاگابوون لە هەواڵی دکتۆر، کەس نەیدەزانی چی بەسەر هاتووە، دڵنیابوون کە مردووە، تەنانەت لەشار نەخۆشخانەیەکیشیان کردبوو بەناویەوە نەخۆشخانەی شەهید کامەران. قادری خەزێنە بۆ ئەمەش سەرزەنشتی فەرماندە ئەکات کە چۆن ئەو هەموو ئەرکەی دکتۆریان لە یاد کردووە لە دوای شۆڕش کەس لە هەواڵی نەپرسی و دکتۆر کامەران بە سەرسامیەوە لە دیمەنەکان دەڕوانێت، سەرەتا هیچ حاڵی نابێت پاشان دەیانناسێتەوە و لە ئامێزیان دەگرێت و دەڵێ کاتی سەرزەنشتی کردنی کەس نیە داوایان لێ دەکات دان بە خۆیاندا بگرن، دەچێتە ژورەوە جارێکی کە پشکنین بۆ مەلەک دەکاتەوە و بتڵێکی تر ئاوی بۆ هەڵدەواسێت و دێتەوە بۆ لای دۆستەکانی.

ئەو ڕۆژە دکتۆر نازانێ خۆشحاڵ بێت یان غەمگین، نازانێ بینینەوەی دۆستانی شۆڕش چی هەستێکی پێ دەدات هەم غەمگین هەم خۆشحاڵە، داوایان لێدەکات پیاسەیەکی قەراغ ئاوایی بکەن، هەمووان ڕەزامەندی دەردەبڕن بە دەم پیاسەوە فەرماندە بێدەنگیەکە دەشکێنێ و دەڵێ: کامەران لەدوای شۆڕش تۆ وون بوویت، گەرچی ئەوە کەم تەرخەمی ئێمە بوو بە مردوو حسابمان بۆ کردیت، بەڵام نەدەبوو تۆ مەرگی خۆت قبوڵا بکەیت، ئێمە چارمان نەبوو لەدوای ئەو هەموو جەنگەوە ئەو هەموو دەربەدەری و ماڵوێرانیەی میللەت ئەوەی وون بوو حسابی مردومان بۆ کرد، تۆش ئەو حسابەت بەسەردا جێبەجێ کرا، کامەران پێشیان دەکەوێت و هەربەدەم پیاسەوە دەڵێت هاوڕێیان

ئێوە مافی خۆتانە بە مردووم لە قەڵەم بدەن من خۆم ئەوەم ویست، لە دوای سەرکەوتنی شۆڕش هەستم کرد سیاسەت شوێنی منی تیا نابێتەوە، هەستم کرد کاری من چارەسەر کردنە نەک ئیش کردن لەسیاسەتدا. تەماشاکەن برادەران من پەیوەندی کردنیشم بە شۆڕشەوە تەنها بۆ تیمارکردن بوو بەڵام هەر زوو هەستم کرد ئەوەی لە شۆڕش و سیاسەت نزیک بێتەوە مەحکومە بە خوێن ڕشتن، مەحکومەیشە بە پیاو کوشتن ئەفسوس برادەران لە زۆر جێگا لەبری ڕزگارکردنی برندارەکان ناچار بووم بیانکوژم، لەبری تیمار کردن ناچار بووم گوللەبارانی ناحەزانی شۆڕش بکەم، ئاخر من دواجار لە جەنگێکی درێژخایەندا بووم دەبوو وەک هەموو جەنگاوەرەکان تفەنگم پێبێت و لە مەرگی جەنگاوەرەکان نەترسم.

ئەفسوس لە شۆڕشدا پیشەکەی خۆمم لەبیر کردو وەک جەنگاوەرێک سەربازەکانی ڕژێمم دەکوشت و بریندارەکانی شۆڕشم چارەسەر دەکرد کە لەڕاستیدا ئەوەپیشەی پزیشک نییە. پزیشک دەبێت مرۆڤ دۆستانە تەماشای برینی مرۆڤەکان بکات و بەبێ لایەنگری سیاسەت چارەسەری نەخۆش بکات، پزیشک دەبێت سوێندی مرۆڤ دۆستی بخوات، بەهەرحاڵ لە شۆڕشدا هەموو هەڵەکان بەسەرما تێپەڕین و لە ناچاریدا ئەوەی دەبوو بکرێت کردم و ئەگەر لای ڕژێمیش ببومایە نەمدەتوانی برینداری شۆڕش چارەسەر بکەم. لە سەردەمی جەنگدا سیاسەت هەموومان دەکاتە جەنگاوەر و جەللاد، بەڵام من دوای سەرکەوتنی شۆڕش هەستم کرد جەنگی سیاسەت و کورسی و دەسەڵات لە جەنگی خوێن نەگریس ترە و بۆ ئەبەدی

گەڕمەوە بۆ زێدی باپیرانم و بە داهاتی زەویەکانی بایرم ئەم نەخۆشخانەیەم داناوە و بۆ کەرەستەو دەرمانیش هیچ پێویستم بە حکومەت نیە و لێرە حکومەتێکی بچوکم بۆ خۆم دامەزراندووە و لەگەڵ خاتونێکی ئێرەش زەماوەندم کردوە و ئەویش ئەرکی فێرکردنی مناڵانی لە ئەستۆ گرتووە و کچێکیشمان هەیە کتێبخانەیەکمان بۆ دروست کردووە و ئێستا لە هەموو ئاواییەکانی چواردەوریشەوە لاوان دێن لێرە کتێب وەردەگرن بۆ خوێندنەوە، هەربەدەم ڕێگاوە نزیک دەبنەوە لە کتێبخانەکە و بە ئەسپایی دەچنە ژورەوە، هەست بە کتێبخانەیەکی خنجیلانە دەکەن، کتێبخانەیەک چەشنی دیمەنی فیلمە دێرینەکان دەبینن چەندین ژوری گڵین پڕ لە ڕەفەی گەورە گەورەی پڕ لە کتێب. هەر ژوورەی تایبەتە بە چەند بەشێک، شیعر، چیرۆک، ڕۆمان، فەلسەفە، پزیشکی، دەرونزانی، ناوداران، مێژوو، جوگرافیا، سەفەرنامە، ژیاننامە، دیوانی شاعیران، بەشی وەرگێڕان و منالان و زمان و ئاینی و تەکنەلۆژیا، لەوێ ناونیشانی هەموو ئەم بەشانە و چەندین بەشی دیکە بەڕەفەکانەوە دەبینین، بەڵام بەشی سیاسەت نابینن، فەرماندە دەیەوێت بپرسێت. دکتۆر کامەران ڕێگای نادات و دەڵێ: دەزانم بەدوای بەشی سیاسەتدا ئەگەڕێی بەڵام ببورە سیاسەت ئەوە ناهێنێ لێرە لاوان خۆیانی پێوە خەریک بکەن، هەموان ماندوون لە سیاسەت دەبێت شیعر و چیرۆک و ڕۆمان و نۆڤلێت و ژیانی ناوداران بخوێننەوە تا ڕۆحیان ئارام بێتەوە، تا نابوتی سیاسەت لەسیمایان بتەکێنین، ئەوان ژوور بەژور و ڕەفە بەڕەفە ناونیشانی بەش و کتێبەکان دەپشکنن و لە هەموو ژورەکانیش کۆمەڵێ لاو و منال دەبینن سەرقاڵی

خوێندنەوەی کتێب و گۆڤارەکانن بەبێ ئەوەی لە هاتنی ئەمان ئاگاداربنەوە، لە یەکێک لە ژورەکاندا لەسەرمێزێکی تەختە کیژێکی قەشەنگ دەبینن کەبەناو وشەکانی کتێبێکدا ڕۆچووە، کیژێک لە نێوان تەمەنی حەڤدە بۆ هەژدە ساڵی دایە و لەو پەڕی ناسکی و جوانیدا پرچەکانی لە لایەکی ملیەوە شۆڕکردۆتەوە بۆسەر کتێبەکەی بەردەستی کەتیشکی ڕۆژیش لە پەنجەرە تەختەکەوە هێندەی کە ڕونەقی پێداوە، بە بێ ئەوەی ئاگای لە هاتنی ئەمان بێت و سەر بەرزبکاتەوە لە دونیای وشەکاندا ڕۆچووە، لەپڕ بە سڵاوی کامەرانی باوکی بەئاگای دێتەوە کە بە شێوەیەکی کۆمیدی دەمی ئەباتە لای گوێچکەی و دەڵێ سڵاوووو کچم، ئەو بەخەندەیەکی گەشەوە هەڵدەسێتەوە و وەک مناڵێکی چوارسڵ خۆی فڕێدەداتە ئامێزی باوکی و ماچی دەکات و تەوقە لەگەڵ برادەرانی با وکی دەکات و کامەران دەڵێت: ناساندنەکەیان هەڵدەگرین بۆ شەو، ئەو بەویقار و نازێکی زۆرەوە ماڵئاوییان لێ دەکات.

ئەو شەوە کامەران حیکایەتی دۆستەکانی بۆ ژن و کچەکەی دەگێڕێتەوە و حیکایەتی خۆشیان بۆ ئەوان دەگیڕێتەوە و هەمووان سەرسام دەبن بەو جۆری ژیانەیان، کامەران دەست بۆ هاوسەرەکەی درێژ دەکات و دەڵێت دواجار عیشق و ئارامی و دڵنەوایی لە کوێ بوو نیشتمان لەوێیە. تەماشایەکی کچەکەشی دەکات و دەڵێت بەرهەمی ئەم عیشقەی ئێمەش ئەم کچە عەیارەیە کەلەناو وشەکاندا غەرق بووە، لەم کاتەد سۆنیا بەمۆڕەیەکی مەکر ئامێزەوە تەماشای باوکی ئەکات و ڕوی بۆلای فەرماندە ئەسوڕێنێت و ئەڵێ: بەڕاست باوکە ئەم مامەیە فەرماندەیە

ئەمە خۆیەتی، هەموان ئەدەنە قاقای پێکەنین و بەدەم مەکرێکی کچانەوە ئەڵێ: دەی پێکەنینی بۆچیە پرسیارێکم کرد لەبەشی مێژووی ناوداران زۆری لەسەر نوسراوە، من چوار کتێبم لەسەر خوێندۆتەوە لە هەر چوار کتێبەکەدا ناوی ئەم دوو مامەیە و مامە نەخۆشەکەش هاتووە، جارێکی کەش پێدەکەننەوە و باوکی خێرا خۆی کۆنترۆڵ دەکات و دەڵێت بەڵێ سۆنیاکەم بەڵام مەرج نیە هەموو نوسینێک حەقیقەت بێت.

ئەو شەوە تاشەو لەنیوە تێدەپەڕێت هەرباسی ڕابردوو دەکەن و سۆنیا سەدان پرسیار لەسەر شۆڕش و زەمەنی شاخ و ئەو شتانە دەکات کە لەکتێبەکاندا لەسەریان خوێندویێتیەوە، ڕۆژی دووەم مەلەکیانی گوڵ چاوهەڵدێنێ و لای ئێوارەکەی لەسەر پێی خۆی ڕادەوەستێ، بە هەستانەوەی مەلەکیانی گوڵ شکۆفەی خەندە دەگەڕێتەوە بۆ لێوی هەموان. لە ڕۆژی سێیەمدا پیاسەیەکی تر دەکەن بەناو باغ و مەزرەعەکانی باپیری دکتۆر کامەراندا, دکتۆر ئەو زەویانەیان نیشان دەدات کە داهاتی نەخۆشخانەکە دابین دەکەن و باسی ئاسودەیی خۆی و خێزانەکەی دەکات، لەپڕ فەرماندە خەیاڵەکانی دەپچڕێت و بەدەم ڕێگاوە باسی نەخشەکەی سەری خۆی بۆ دکتۆر دەکات، باسی دروستکردنەوەی شۆڕشی بۆ دەکات هەموو حیکایەتی هەڵگیرسانەوەی شۆڕش بۆ ئەویش باس دەکات

دکتۆر کامەران لە سێبەری دارێکدا هەموان ڕادەگرێت و بە حەپەسانەوە دەڵێ برادەران فەرماندە لە هەڵەدایە، برادەران بۆ پێی ناڵێن ئەو لە هەڵەیەکی کوشندەدا ئەژی، دڵنیام جارێکی تر نیشتمان وێران ئەبێتەوە،

ئەو بەنائومێدیەوە ڕوو لە فەرماندە دەکات و ئەڵێ :
هەست دەکەم شۆڕش لە دوای شۆڕش نیشتمان بەرەو وێرنی دەبات، هیچ شۆڕشێ ناتوانێ ئومێدی میللەت و شۆڕشگێڕان وەدی بێنێ، هەمیشە هەندێ لە شۆڕشەکان دەبن بە بار بەسەر میللەت و نیشتمانەوە، بە داخەوە هەمیشە چینی خوارەوەی میللەت لە شۆڕشدا زەرەرمەند ئەبێ، هەمیشە شۆڕش بە خوێنی هەژاران دروست دەبێت. ئیدی هەرگیز من لەگەڵ شۆڕشدا نیم. فەرماندە ئەیەوێت وەڵامی باتەوە بەڵام مەلەکیان دەرفەتی نادات و دەڵێت ببورە دکتۆر تۆ نەلەئێستادا بگرە ئەسڵەن هاتنە شاخ و پەیوەندی کردنی تۆ بە شۆڕشەوە هەڵەیەکی ترسناک بوو، نەدەبوو تۆ ڕووبکەیتە شاخ، دەبوو لە شار ئاگات لە دەردەداران بێت، ئاخر هاوڕێ شۆڕگێڕ کە چووە شاخ بە نیازی مردن ئەچێت، تۆ دەبوو ئاگات لەوانە بێت کە ژیان لە ئامێز دەگرن و خۆیان لە مردن ئەشارەنەوە، ئاخر تۆ و سەدان پزیشک هاتنە شاخ و لەبری بوون پزیشک بوون پێشمەرگە و وازتان لە تیمارکردنی دەردەداران هێناو خەریکی یاری شۆڕش بوون، ئەفسوس برادەران شۆڕش شوێنی پزیشکان نیە، کاری ئێوە تیمار کردنە نەک کوشتنی دوژمن, نابێت لەفەرهەنگی پزیشکدا وشەی دوژمن و نەیار هەبێت تەنانەت پزیشک ئەبێت تیماری دوژمنەکانیشی بکات، ئەوەی کێشەی ئێوە نیە نیشتمان چی بەسەر دێت و توشی چی دەبێت.

دکتۆر کامەران بەبێدەنگی و سەرسامانە گوێ لەمەلەکیان دەگرێت کە دەیگوت سیاسەت کاری ئێوە نەبوو بەڕێوەبردنی نیشتمان ئیشی پزیشکەکان نیە ئێوە نەدەبوو

بیر لەدەسەڵات و کورسی بکەنەوە ئەوە کێشەی ئێوە نیە کەکێ نیشتمان بەڕێوە دەبات, ئیشی ئێوە نیە جیاوازی بخە نیوان فەرمانڕەوای جەللاد و فریشتەوە, ئەوە پەیوەندی بە ئێوەوە نیە کە دیکتاتۆرێک یاخود پیاوێکی پیرۆز نیشتمان بەڕێوە دەبات، ئازادی و دیلی خاک پەیوەندی بەدڵی پزیشکەکانەوە نیە، پزیشک دەبێت برینی جەللاد و قوربانی  وەک یەک چارەسەر بکات، کاری پزیشکەکان کەم کردنەوەی ئازار و چارەسەری برینداره‌کانە.

حەسەنی ئایشێ هەڵدەسێتەوە و هەموان دەکەونەوە پیاسە بەناو باخ و بێستانەکاندا و دکتۆر کامەران لە نزیک مەلەکیانەوە هەنگاو دەنێت و دەڵێ مەلەکی گوڵ چونم بۆ شاخ تەنها بۆ چارەسەر کردن بوو، بەڵام ئەوەی لەشار بیرم لێ کردەوە لە شاخ وادەرنەچوو، من هاتم ئازاری نەخۆشەکان کەم بکەمەوە هاتم برینداره‌کان چارەسەر بکەم هاتم نەزیفی خوێنی لاوەکان بوەستێنم، ئەوکاتیش چەشنی ئێستا هەموو سەرمایەکەمم لە نەخۆشخانەکەی شاخدا سەرف کردبوو، بەڵام ئەوەی لەخەیاڵما هەبوو جێبەجێ نەکرا, من نەمزانی لە جەنگدا هیچ نەخشەیەک وەک خۆی جێبەجێ ناکرێ و شەڕی دەوڵەت و شۆڕش بەو شێوەیە مەترسیدارە، من هاتم بریندار چارەکەم کەچی واپێویستی دەکرد برینداره دیلەکان لە پێناو ژیانی برینداره شۆڕشگێڕەکاندا لەناو بەرین، دەبوو هەمیشە نەزیفی دیلەکان بە دیار چاومەوە بڕوات، یەکەمین دیمەنی مەرگاوی سەربازێکی دیل بوو کەهەموو شتێکی تێکدا، مردنی دیلێک بەدەم ئازارەوە کەنەمتونی دەرزیەکی ئازارشکێنی لێبدەم سوێندی شەرەفی منی شکاند، کامەران لەو دێڕەدا

ئەوەستێ و بەبێدەنگی هەنگاو دەنێ و دوای کەمێ بێدەنگی مەلەک دەڵێ کامەران یەکەمین ئێوارە کە هەواڵی هاتنی تۆیان بۆ هێنام هەستێکی سەری دایگرتم، لەسەرمدا هەستم بە ئازارێکی ترسناک کرد, من هەمیشە وام لە منداڵیەوە کە هەڵەیەکی گەورە ڕوودەدات سەرئێشەیەکی قورس دامدەگرێت، سەرئێَشەیەک کە بەهیچ دەرمانێک باش نابمەوە ، ئەو ئێوارەیەش کە هەواڵی تۆیان بۆ هێنام وام لێهات، توشی ژانە سەرێکی قورس بووم، هەستێکی غەریب دای گرتم، هەستم کرد مرۆڤایەتی هەڵەیەکی گەورەی تێ کەوتووە، هەستم کرد شتێ لە جێگای خۆیدا نیە.

فەرماندە لەوێدا قسەکانی مەلەکیان دەبڕێت و دەڵێ: تکایە هاوڕێیان باڕابردوو فەرامۆش کەین و بیر لە داهاتوش مەکەنەوە ئێستا لەهەموو شتێ پیرۆزترە بالەئێستادا بژین و چێژ لە جوانی سروشت وەرگرین. قادری خەزێنە قسەکانی دەچەسپێنێ و دەڵێ: تەماشای جوانی ئەم سروشتە بکەن، هەناسەیەکی ئاسودە هەڵمژن. کامەران دەیەوێ خۆی دەربازکات لە دەستی مەلەک دەڵێ: کەوابوو ئەم باسەی مەلەکیان هەڵدەگرین بۆ کاتێکی گونجاو، مەلەک بە دڵشکاویەوە سەری ڕەزامەندی ئەلەقێنێ. ئەو ڕۆژە تاداهاتنی تاریکی چێژ لە دیمەنەکانی باغ و مەزراکانی لادێکە دەبینن و شەو دەچنەوە بۆ ماڵی کامەران و تا نیوەی شەو تێدەپەڕێت جگە لە مەلەک کەبەغەمگینیەوە دانیشتووە هەموان کاتەکان بە خۆشی و پێکەنین تێدەپەڕێنن، کەلە پێکەنین ماندوو دەبن کامەران بۆ ئەوەی مەلەکیانی گوڵ بێنێتە قسە دەڵێ: ئەمڕۆ فەرماندە دەرفەتی نەدای بۆم تەواوکەی پێمان بڵێ بۆچی لە هاتنی

من بۆ شاخ هەستت کرد شتێ لە جێگای خۆیدا نیە، ئەو شتە چی بوو کەلەجێی خۆیدا نەبوو.

مەلەکیانی گوڵ وەک قەوانێکی کۆن کەلە سەر ووشەیەک ڕاگیرابێت، دەڵێ جگە لەوەی هەستم کرد شتێ لە جێی خۆیدا نیە، هەستم بە ترسێکی زۆریش کرد، ترسێک هەموو گیانی تەنیم ترسێکی سەیر بوو کە هەنوس ترسی وەهام لێ نەنیشتبوو، تەنانەت لەکاتی ئاگر بارانی گوللەی دوژمنیش بەو جۆرە نەترسابووم، هەستم دەکرد ئەوپەڕی ترسناکیە پزیشکەکان بن بەشۆڕش گێڕ ترسناکە نەخۆشخانە بۆ شۆڕگێڕ دروست کەی شۆڕشگێڕ مردنی هەڵبژاردووە، لەپێیناو خاکدا، هەستم دەکرد دواجار دەبێ لیباسی پزیشکی فڕێدەیت و چەک هەڵگری دواجار لە بری دورینەوەی برین دەبوو گوللە بنێی بەنێوو چەوانی سەربازەکانەوە.

هەمووان بەتامەزرۆییەوە گوێیان بۆ وشەکانی مەلەکیان ڕاگرتبوو وە لەهەموان زیاتر خانمی کامەران و سۆنیا بوون کەبەدیقەتەوە گوێیان بۆ وشەکانی مەلەک ڕاگرتبوو سۆنیا چەشنێ گوێی گرتبوو کەهەستی دەکرد پیاوی ناو ڕۆمانەکان قسە دەکات، خانمیش هەنوس گوێی لە پیاوێک نەبوو بوو ئاوا بە هێمنی بە دیقەتەوە وشە بەکاربهێنێ، مەلەکیان بەردەوام بوو دەیگوت لای من ئاسایی بوو ئەگەر گشت کرێکارەکان بن بەشۆڕشگێڕ، ئاسایی بوو کارگوزارەکان چەک هەڵگرن و پۆلیسەکان چەکی دەوڵەت بێنن و بیکەن بە ناوی شۆڕشەوە، ئاسایی بوو مامۆستاکان چەک هەڵگرن، زۆر ئاسایی بوو قەسابەکان چەقۆ و قەمەکان فڕێدەن و چەک هەڵگرن، ئاسایی بوو حاجیەکان

بێنە شاخ، زۆر ئاسایی بوو کوڕانی زانکۆ و نازپەروەرەکان چەک هەڵگرن، ئاسایی بوو پیرە پیاوەکان چەک هەڵگرن ئاسایی بوو باغەوانەکان ببن بە شۆڕگێڕ، زۆر ئاسایی بوو لەلام کە رۆژانە مەلای مزگەوتەکانم دەبینی لە لادێکاندا بە تفەنگەوە پێشنوێژیان بۆ خەڵکی جوتیار دەکرد و دەیان ئایەتیان سەربارەت بە حەڵاڵی شۆڕش دادەتاشی، بەڵام ئاسای نەبوو تۆببیت بە شۆڕگێڕ، ئاسای نەبوو پزیشکەکان ڕووبکەنە شاخ، ئاخر ئێمە و سەربازەکان بۆ پزیشک یەک شت بووین، پزیشک دەبێ تەنها مرۆڤیەتی بفامێت، نەدەبوو پزیشکەکان ڕووبکەنە شاخ.

مەلەکیانی گوڵ لەناو وشەکانی غەریق ببوو وەک ئەوەی دەمێک بێت خۆی بۆ بابەتێکی لەو جۆرە ئامادە کردبێت دەیگوت: دکتۆر لای من ئاسایی بوو گەر گشت بێ خودانەکان بە تفەنگی شۆڕەوە ببینم، ئەوانەی کەگشت سەرمایەی مەعریفەیان هەندێ ووشەی مارکس بوو کە هێندە زوو زوو دەیانگوتەوە هەموومان لەبەرمان کردبوو، ئەوانەی کە پەرستنی خودایان ڕەت دەکردەوە و بڕوایان بە پێغەمبەران نەدەکرد و مارکسیان لەبری خودا و پێغەمبەر دەپەرست، ئاسایی بوو کە ئەو پیاوانە ببینم لە شۆڕشدا. دکتۆر ئاسایی بوو هەمووان ببن بە شۆڕگێڕ و تفەنگ هەڵگرن و دوژمنی خاک لەناوبەرن، ئاساییە زۆر کەس وەڵامی زوڵم و زۆر بە تفەنگ ئەداتەوە، زۆر کەس ناتوانێ لە زەمەنی دیکتاتۆریەتدا بەعەقڵ بیربکاتەوە و عەقڵی دەداتە دەست لولەی چەکەکەی, بەڵام کارەسات ئەوەیە کە پزیشکەکان ئاوا بیربکەنەوە و لەبری چارەی بریندارەکان چەک هەڵگرن بۆ بریندار کردنی دوژمنی خاک.

هەمیشە کێشەی ئەم میللەتە ئەوەیە کە بابەتەکان تێکەڵ دەکەین و کەسمان نازانین ئەرکمان چیە, ئەرکەکانی سەرشانمان لەبیر دەچێت، ئەرکی پزیشک دورینەوەی برینی جەستەی بریندارەکانی جەنگە نەک دروستکردنی برین لە جەستەی مرۆڤەکانی ئەوبەر، هەموان بە حەپەسانەوە گوێ بۆ ووشەکانی دەگرن, یەکەمین جارە گوێیان لەوشەی وا دەبێت، مەلەک شتێ ڕەدەکاتەوە کەلەشۆڕشدا پیرۆز بوو، لە شۆڕشدا بەشداری کردنی پزیشکێ ئەوپەڕی نیشتمان پەروەری بوو، کەچی مەلەک بەوپەڕی بڕوا بە خۆ بوونەوە دەیگوت ئەوە هەڵە بوو.

فەرماندە چی تر خۆی پێ ڕاناگیرێت و مەلەک ڕادەوەستێنێ و دەڵێ: مەلەکی گوڵ هەمیشە هەروا بووە، کاتێ نیشتمان کەوتۆتە ژێر پۆساڵی داگیرکەر ئەرکی هەمووومان بووە بەرگری لێ بکەین، کاتی داگیرکەر گوێی لە ووشەکانمان نەگرت ناچارین بەگژیا بچین، ئیدی ئەرکی هەمومانە بەگژیا بچین خۆ ناکرێت پزیشکێ بە دەرزی و مقەست بە گژ تانک و تۆپدا بچێتەوە گەرچی کامەران تەنها بۆ چارەسەری شۆڕشگێڕان هاتبووە شاخ. مەلەک قسەکانی لە دەم وەردەگرێتەوە و دەڵێت: فەرماندە تۆ تەنانەت ئێستاش بڕوات بە شۆڕش ماوە، دەبێت ئاوا بدوێی دڵنیام لە ناختا هەست بە حەقیقەتی وشەکانی من دەکەی، قسەی من لەسەر ئەوەیە کە شاخ شوێنی زۆر کەس نەبوو، کۆمەڵێ پیاو هەبوون نەدەبوو لە شۆڕش بئاڵێن. نەدەبوو شاعیرەکان لە شاخ بن، نەدەبوو چیرۆک نوس و ڕۆمان نوس و مۆسیقار و نیگارکێش و هونەرمەند و گۆرانی بێژەکان بیر لە شۆڕش بکەنەوە، کە ئەمانە

هەموو بونە شۆڕش گێڕ، کێ شیعرێکی ژیان دۆستی بنوسێ کێ خەباتی شۆڕشگێڕێک بکات بە چیرۆک، کێ لە ڕۆمانێکدا باسی سەرتاپای ژیانی میللەت بکات، ئاخر ناکرێت مێژوونوسێکبێت مێژووی میلەتێک بنوسێتەوە و لە کتێبەکەیدا بڵێت نیوسەدە هەموو پیاوەکانی ئەم میلەتە لە شاخ بوون، خەبات تەنها لە لولەی تفەنگەوە ناکرێت، دەتوانن پزیشکەکان لە زەمەنی داگیرکاریدا بەبێ پارە چارەسەری هەژاران بکەن، شاعیرەکان با حەقیقەت بنوسنەوە و مۆسیقارەکان غەمگینمان بکەن بە ئاواز، هونەرمەندەکان ڕاستی ژیان بکەن بە گۆرانی، گۆرانی بێژەکان بۆچی بۆنی باروتیان لێ بێت، بۆ شمشاڵ بە دەستەکان شمشاڵ بە لولەی تفەنگ بژەنن و چەک بخەنە جێگای، ئاخر چەک لە کوێ ئاوازێکی ژیان دۆستانەی پێ دەژەنرێت.

مەلەکیان کەمێک دەنگی گڕتر دەبێت و دەڵێت: نەدەبوو ڕێگا بەژن و کچەکانمان بدەین لەشۆڕشدا بەشداربن، نەدەبوو تەنانەت کچەکانمان بیر لە پیاوی شۆڕگێڕیش بکەنەوە، ئەگەر بڕیار بێت ئێمە خۆمان کردبێتە قوربانی بۆ نیشتمان و خاک دەبوو ڕێگا نەدەین ژن و کچەکانمان لە گەڵمان بسوتێن. دەبوو کارێ بکەین کە ئاگری شۆڕش تەنها ئێمە بسوتێنێ ئاخر ئێمە خۆمان بەویستی خۆمان ناو ئەو ئاگرەمان هەڵبژاردبوو، بەڵام ئەو ژن و کچانەی کە لەگەڵ ئێمە بوون هەموو بە ویستی ئێمە هاتبوون من دەمزانی کچەکانمان دەیانویست جوانتر بژین و ژنەکانمان حەزیان دەکرد ژنی دوکاندارێک بن و کچەکانمان حەزیان دەکرد لەبری شاخ لە قەراغ شار و ناو زانکۆ و خوێندنگاکاندا دەستی ئەویندارەکانیا بگوشن، ئاخر ئەوە مافی ئێمە نەبوو

کە ئەوان ناچار کەین بەو ژیانە، کەس مافی ئەوەی نەبوو لەبری ئەوان بیر بکاتەوە، [من تەنها مافی ئەوەم هەیە بۆ خۆم بیر بکەمەوە و ژیانی داهاتووم دیاری بکەم، تەنانەت دەتوانم بیر لەخۆکوشتنیش بکەمەوە ئەویش بە مەرجێ مەرگی من برین لەسەر رۆح و دڵی کەسێک دروست نەکات] نەدەبوو شاخ و شۆڕش یەک ژنی لێبێت, جگە لەو ژنانەی بەبیرکردنەوی خۆیان هاتبوون ئاخر ژنانێک دایک بوون و کچانێک کە دەبوون بەدایک چۆن دەبوو بیر لە شۆڕش بکەنەوە، دەبوو ڕەگەزی مێ لەبری بیرکردنەوە لە شۆڕش  وانەی میهرەبانیان بە جەللادەکان بگوتایەوە، دەبوو ژنان شیلەی ژیان لە چاویان بچۆڕایە, نەدەبوو میللەتێک بە گەورە و بچوک و نێرو مێ وە سەرقاڵی شۆڕش بین، بۆ تەڕو وشک بە ئاگری شۆڕش و ڕقی دیکتاتۆر بسوتێن، ترسناک بوو لای من چەک لە دەستی میهرەبانترین بونەوەردا ببینم، بونەوەرێک کە سروشت تا ئەو پەڕی سنور جوانی و ناسکی پێ بەخشیوە. بەڵام لەوە ترسناکتر هاتنی تۆ و پزیشکەکانی تر بوو بۆ شاخ.

ئەوشەوە وەک ئەوەی شەوی لێ پرسینەوەی دکتۆر کامەران بێت، هەمووان هیلاک دەبن و دەچن لە جێگاکانی خۆیاندا ئەنون تەنها مەلەک وکامەران و کچەکەی سۆنیا دەمێننەوە کەچەند جارێک کامەران دەڵێ کچم برۆ بنوو مامە مەلەک شەوی حسابی من تەواو دەکات، ئەو بەلاقرتێوە دەڵێ، بینەری شەوی حسابی (سامری بابلیم), کامەران ڕودەکاتە کچەکەی و دەڵێ عەیار ئەمەت لە کوێ هێنا، کچەکەی دەڵێ ئەو کارەکتەری نا  ڕۆمانێکە لە دوای جەنگ حسابی لەگەڵ دەکەن و دواجار مەحکومی مردنی

دەكەن، مەلەكیانی گوڵ بەدەم زەردەخەنەیەكەوە دەست بە قژی كچەكەدا دێنێت و دەڵێ: نامەترسە باوكی تۆ تاوانەكەی هێندە قورس نیە, ڕوودەكاتەوە كامەران و دەڵێ: یەكەمین ئێوارە كە هەواڵی هاتنی تۆیان بۆ هێنام گوتیان پزیشكێ بەسەرجەم پێداویستیەكانی چارەسەركردنەوە پەیوەندی كردووە بە شۆڕشەكەمانەوە، هەمووان خۆشحاڵ بون من نەبێت، دەزانی یەكەمین جاریش كە تۆم بینی هەستم بەچی كرد، ئەو ڕۆژە هەستم كرد نازناو لەگەڵ دەسەڵات تۆی كوێر كردووە، زۆر لە قوڵایی چاوت ڕامام نەپزیشكیم لە چاوتا بینی نەجەنگاوەرێكی بەجەرگ بویت، هەستم كرد بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات هاتوویت، هاتبویت تا دوای شۆڕش كورسیەكت هەبێت، ئەو رۆژە من تۆم وەك منداڵێكی بچوك هاتە بەر چاو، تۆ بەتاقم و تفەنگ و جانتایەك پێداویستییەوە، بەچاویلكەیەكی تەنكەوە لە شۆڕگێڕ نەدەچویت، ببورە كامەران تۆ پیاوێكی لاواز بویت, بە منداڵێك هاتیە بەرچاوم بە جوتێ چاوی شین و هەندێ گەندەمووی لاجانگ و كراسێكی قۆڵ كورتی كاڵەوە لە كوڕە نازدارەكانی شار ئەچووی ببورە دكتۆر كامەران ئەو ڕۆژە كە چەكی شانی چەپ و جانتای شانی ڕاستت سەرنجی ڕاكێشام ویستم بڵێم جەنابی دكتۆر تۆ بەئەوەی شانی چەپت مرۆڤ بریندار ئەكەیت و بەوەی شانی لای ڕاستت بریندارەكان چارە دەكەیت.

ڕێك وەك فریشتەكانی سەر شانی مرۆڤ كارەكەت دیاری كردبوو، شانی چەپ بۆ گوناهوو شانی ڕاست بۆ چاكەكردن، ببورە ئەو ڕۆژە تۆ لە چاوی منا وابووی چەند جارێك ویستم بڵێم ببورە تۆ بەكەڵكی شۆڕش نایەی، ویستم

بڵێم تکایە بڕۆرەوە بۆ شار و لەویَ چاودێری منالّی هەژاران بکە و سەرباز و پێشمەرگە بریندارەکان چارەسەر بکە، ئەوانەی ئێمە بریندرایان دەکەین، ئەوانەی جەللادێک بەزۆر دەیان نیرێت بۆ کوشتنی ئێمە و ئێمەش بە قەستی کوشتن گوللەبارانیان دەکەین ، ویستم بلّێم تکایە برِۆ لەشار هەلّەی ئیمە ڕاست کەوە، [ئیشی پزیشکەکان تیمارکردنی برینی سیاسەتە]. بەلاّم کەبینیم تۆ زۆر دلّ خۆشی بەستایشەکانی فەرماندە وبرادەرانی لای فەرماندەو ئەوانەی تۆی ئاسا وشەکانیان دووبارە دەکردەوە، کە شادومانی تۆم بینی هیچم نەگوت و هەستم کرد تۆش دەبیت بەلاریەکی تری شۆڕش. بەلاّم دلّنیا بووم کە هەرگیز نابی بەسەلاّتدارێکی گەورە، ئاخر دەسەلاّت دار پێویستی بە بەهێزی هەیە و تۆش پیاوێکی لاواز بویت، پیاوە لاوازەکانیش لە شۆڕشدا کەمجار دەگەنە لوتکە چونکە شۆڕش پێویستی بەهێز هەیە نەک ئەقلّ، پیاوی سیاسی وەک کەوتبێتە ناو پالّەوان بازی وەهایە، شۆڕش پیاوی بەهێز و چوارشانەی دەویست، پیاوێک کە سێبەرێکی گەورە و بوێریەکی باشی هەبێت، هەستم دەکرد تۆ ئەو شتانەت نەبوو، لە حەقیقەتدا پیاوێک کە بەنیازی گرتنەدەستی دەسەلاّت بێت، دەبیَ دۆستەکانی لە دوژمنەکانی زیاتر لێی بترسن، دەبێت عاشقانی کورسی جۆگەلەیەکی خوێن لە دوایانەوە بڕوات، هەستم کرد تۆ ناتوانی بە ناو جۆگەلەی خوێندا بگەیتە کورسی، هەستم کرد بە هەلّە هاتووی، ئەوان ئەو شەوە تا سەفەری تاریکی دەمێنەوە بەبەردەوامی مەلەک قسە دەکات و کچ و باوک بە تامەزرۆییەوە گویَ دەگرن، بەلاّم لەگەلّ دەرکەوتنی یەکەمین تیشکی خۆر مالّئاوایی لە مالّی دکتۆر کامەران

دەکەن و دەکەونەوە ڕێ بەشوێن کۆساری حەکیمدا.

لەیەکەمین پشویاندا فەرماندە ئەڵێ مەلەک تۆ زۆر سەرودڵی کامەرانت گرت لەشۆڕشدا پیاومان هەبوو زۆر لەئەو ترسناکتر بوو، مەلەک بە خەندەیەکی تاڵەوە دەڵێ دەزانم مەبەستت لە (حاکم وریا) یە بەڵێ ئەویش لەخواری دکتۆر کامەرانەوە ترسناک بوو، ئەو پیاوە هەموو یاساکانی دونیای لەبەر بوو کەچی دادگا و یاساکانی فەرامۆش کردبوو هاتبوو لەناو شۆڕشەوە بە بێ دادگایی کردن گوللەی بەسنگی سەربازەکانی ڕژێمەوە دەنا. حەسەنی ئایشێ قسەکەی دەبڕێت و دەڵێ: با لەبیرم نەچێ لە یەکێک لە هێرشەکاندا کە زستانێک بوو هێرشمان کردە سەر بارەگایەکی ڕژێم لەسەر سنور لەبیرمە بەفرێکی زۆر باری بوو سەربازەکان بێ ترس و پاسەوان نوستبوون بە خێرایی دەستمان بەسەر بارەگاکەدا گرت و بە بێ بەرگری یەکێ لە سەربازەکانمان کوشت کە دەستی بۆ چەک برد و ئەوانمان بە دیل گرت، من ئەو شەوە تەرمی ئەو سەربازەم نیشانی حاکم وریادا و گوتم حاکم پێم بڵێ ئیمە ئەم کوڕەمان بە پێی چ ماددەیەکی یاسایی کوشت، حاکم گوتی ئیمە لە جەنگداین لە زەمەنی جەنگدا یاسا نامینێ.

من گوتم ئاسانەلای شۆڕشگێڕێکی وەک ئێمە لەزەمەنی سوتماکی خاکدا یاسا نەمێنێ, بەڵام ناکرێت یاساناسێک بیانوو بۆ نەمانی یاسا بێنێتەوە و کاربکات بۆ نەمانی یاسا, گوتم دەبوو تۆ لەو سەری بێ یاساییدا داکۆکی لەیاسا بکەیت یاسا لەو کاتەدا گرنگە کەمەترسی نەمانی لەسەر بێت، مەلەکیانی گوڵ وەڵامی دەداتەوە و دەڵێ: ئێمە لە شۆڕشدا شتەکانمان تێکەڵا کردبوو، حاکم وریا بە بیانوی

پیرۆزی شۆڕش یاساکانی دونیای خستە ژێر پێی و دژی بنەماکانی خۆی ڕاوەستا و لەبری تەرازوی یەکسانی چەکی کردە شان، ئەفسوس برادەران ئێمە لە پێناو شۆڕشدا چاوپۆشیمان لە زۆر شت کرد و گرنگیمان بە هیچ نەدا، من هەستم کرد هاتنی حاکم بۆ شاخ ئەو پەڕی سوکایەتیە بە ژیان و یاساکانی دونیا بەڵام نەدەبوو هیچ ناڕەزاییەک دەربڕم، قادری خەزێنە دێتە ناو مەسەلەکەوە و دەڵێ: برادەران نابێت ئەوە لەبیر بچێت حاکم وریا گەورەترین خزمەتی بە شۆڕش کرد, تەنها ئەو دەیتوانی ڕەوایی بە هێرشەکان بدات و خوێنی سەربازەکان یاسایی بکات و حوکمی گوللەباران کردنی دیلەکان دەرکات, ئەوئیشە تەنها بەو دەکرا, ئەوەی ئەو دەیگوت بیرکردنەوەی نەدەویست ناوبانگی شۆڕشی جوان کردبوو زۆربەی پیاوە نەخوێندەوارەکان بەهۆی ناوبانگی ئەم پیاوانەوە دەهاتن, ڕژێم ئەوکات وای بڵاوکردبویەوە کەپیاوانی شاخ کۆمەڵێ کەسی نەخوێندەواری تەمبەڵن کە لە ترسی ماڵداری و کاسبی و سەربازی هەڵهاتبوون، وا بڵاو بوو کە شۆڕش لەلایەن هەندێ مرۆڤی تێکدەرەوە دروست کراوە، بەڵام ئێمە بە هاتنی حاکم وریا و دکتۆرکامەران و هەندێ لە پاوانی تر سەلماندمان کەشۆڕش بریتی نیە لە پیاوانی نەخوێندەوار و تێکدەر بەڵکو پزیشک و پیاوانی یاساشی تیایە.

حەسەنی ئایشێ خەندەیەکی تاڵ دەکەوێتە سەر لێوەیەوە و دەڵێ: خەزێنەی دۆست ترسناکی حاکم وریا تەنها لەمەدا بوو کەئەو وەک پیاوێکی ئاسایی نەهاتە شاخ و پێشگری حاکم بەناوەکەیەوە بوو، لەژێر ناوی حاکمیدا

خۆی شاردبوویەوە، ئەو بێ ناو نەبوو تالەشۆڕشدا ناوێک دروست بکات، ناوێکی هەبوو خستیە خزمەتی شۆڕش، دەکرێت من وا لێکی بەمەوە کە هەڵەی مرۆڤێکی ئاسایی سادەی نەخوێندەوار ئاسایە، ڕەنگە هێندەی بچوکی خۆی لە ژیان تێگەشتبێ، هەڵەی بازرگانێ ئاساییە ڕەنگە کۆکردنەوەی پارە کوێری کردبێت، منداڵێکی لاسار ئاساییە شوشەی پەنجەرەیەک دەشکێنێ هەرزەکارێکی مەینۆش ئاساییە چەقۆ دەدات لەهاوڕێکەی ئەمانە ئاسایی دەچێتە بەردەمی حاکمێک و ڕەنگە سزایان بدات، بەڵام ئەی حاکمێک هەڵەی کرد چی بلێین چ پاساوێکی بۆ بدۆزینەوە.
فەرماندە دێتە ناو قسەکانی حەسەنی ئایشێ وە و دەڵێ برادەران دانیشتن نامانگەیەنێتە هیچ کوێ بائەم قسانە بەدەم ڕێگاوە بکەین. ئەو رۆژە دوای زەمەنێ بیرکردنەوە مەلەکیانی گوڵ بەدەم ڕێگاوە لە فەرماندە ئەپرسێت دەزانی لە هەموو ئەمانە ترسناکتر لەشۆڕشدا کێ بوو ؟ فەرماندە بە نیشانەی نەخێر سەری رائەوەشێنێ مەلەکیانی گوڵ دەڵێت: لە هەمووان زیاتر (مەلا هەژار) ڕۆحی منی ئەکوشت و ئازاری ناوەوەی منی دەدا. من پێشبینی زۆر شتم دەکرد، هەمیشە دەمگوت شۆڕش بەچکە مار بە خێودەکات، لەوێدا فەرماندە قسەکەی پێ دەبڕێت و دەڵێ مەلەکی گوڵ لە دوای شۆڕش ڕووە جەللادیەکەی مەلا دەرکەوت و بوو بە بارێکی گران بەسەر شانی نیشتیمانەوە، زۆر درەنگ زانیمان ئەو پیاوە بێ خودایە بە پەیژەی خواناسیدا هەڵزناوە و ویستویەتی بگاتە کورسی، دواجار دەرکەوت دەیان ساڵ بۆ فریودانی ئێمە سوژدەی بۆ خوداش بردووە، تۆ ڕاست بویت مەلەکیان ڕاستت کرد ئەو پیاوە ترسناک

بوو، میهرەبانی لەچاویدا نەدەبینرا ڕوحی خاڵی بوو لە ژیان دۆستی، لەسەنگەرەکاندا دەستی لەهیچ نەدەپاراست، تەنانەت هیچ دیلێکی ڕانەدەگرت، سەدان جار دوای جەنگەکان بەدەستی خۆی دیلەکانی گوللە باران دەکرد.

مەلەکیانی گوڵ بە هەنگاوێکی خێرا مەودای نێوان خۆی و فەرماندە کورت دەکاتەوە و هەر بەدەم ڕێگاوە دەستی دەگرێت و دەڵێ: هاوڕێم لە شاخ دەیان جار دەمگوت مەلا هەژار نابێت نوێنەری خودا بێت و بەناوی خوداوە وڵاتێک فریوبدات، دەمگوت خودا پاسەوانی ناوێت, خودا پێویستی بەشاگرد نییە و نابێت خەڵک بە خودا بترسێنین بەترسی خودا شۆڕش پیرۆزکەین دەمگوت ترسناکە شۆڕش و دین تێکەڵ کەین لەبری خودا فەرمان دەرکەین, ئاخر ترسناکترین شت لەم دونیایەدا مەسەلەی دەستکاری کردنی ئاینەکانە، ئاساییە بە هەر ناوێکەوە هەڵە دەکەی، ئاساییە لە ژێر ناوی هەر فەلسەفەیەکدا خەڵکی فریوو دەدەی، بەڵام ئاسایی نیە خودا بەکاربێنی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانت.

فەرماندە پەنجەکانی مەلەک دەگوشێت و بەقاچ بەردێک لەسەر ڕێگاکە لادەبات و دەڵێ : ئەفسوس مەلەکی گوڵ تۆ ڕاست دەرچوویت، دواجار مەلا هەژار خودای لە دژی هەمووومان بەکارهێنا و بەناوی خوداوە خوێنی هەمووومانی حوڵاڵ کرد.

مەلەک بەسەرسامیەوە دەپرسێت، ئەوە چۆن ڕویدا؟ چۆن بەو جۆرە بیری کردەوە؟ حەسەنی ئایشێ کە چەند مەترێک لە پێشەوە دەبێت ئاوڕ دەداتەوە و دەڵێت ئەوەش لەئەنجامی یەکێک لەهەڵەکانی فەرماندەوە ڕویدا، قادر کە مێک لەدواوەیە و پێش دەکەوێت و دەڵێ : بەڵێ

لەئەنجامی تاقیکردنەوەیەکی هەڵە ڕویدا، فەرماندە دەستی مەلەک زیاتر دەگوشێت و دەڵێ هاوڕێم ڕاست دەکەن من لە دوای شۆڕش مەلاهەژارم تاقیکردەوە، بەڵام دواجار تاقیکردنەوەیەکی مەترسیدار دەرچوو، ویستم تەواو دڵنیا بمەوە لە ڕووە جەللادیەکەی ، گەرچی هەمووومان دەمانزانی چەندە خۆپەرست و تینوی دەسەڵاتە، بەڵام نەمزانی بوو یەکجار بەو جۆرە لە پێناو کورسیدا خودا دەکات بە گژماندا و حوکمی مردن دەسەپێنێ بەسەرماندا، ئێوارەیەک بانگم کرد گوتم مەلا هەژار تۆ ئیدی ڕەزامەندی خودات بەدەست هێناوە و بەشداریت لەڕزگاری نیشتیماندا کردووە، ئیدی دەتوانیت بچیتە مەعبەدێکەوە و لەوێوە درێژە بە خودا ناسی بدەیت، گوتم ئیدی نیشتیمان پێویستی بەکەسمان نەماوە، ئیدی خودا بۆخۆی پاداشتت دەداتـەوە، هەمان وشەکانی خۆیم بەکار هێنایەوە، هەمان ئەو وشانەی کە خۆی لاوانی پێ فریوو دەدا، کەچی ئەو شێتگیر بوو، بەتوڕەییەوە گوتی فەرماندە وشەکانت جۆرێکن لە سوکایەتی کردن، ئەمەی گوت و بەتوڕەییەوە چووە دەرەوە و بە توندی دەرگاکەی لەدوای خۆیەوە داخستەوە، ئەو شەوە نامەیەکی درێژم لە مەلا هـەژارەوە پێگەیشت کە نوسی بووی گەورەترین پۆستی وڵات دەبێت هی ئەو بێت.

بەڵام من ئـەوەم بۆ نەکرد و لە بازنەی شۆڕشگێڕی کردمە دەرەوە، ویستم دوا سنوری توڕەیی ئەو بزانم، بەڵام ئەو لەوەش توڕە تر خۆی دەرخست کە من چاوەڕێم دەکرد، نەیتوانی هەفتەیەک خۆی بگرێت، دەیـان پەیامی هەڕەشە ئامێزی بۆناردم، نەیهێشت مانگێ بەسەر ئەم کێشەیەدا تێپەڕێت هەواڵیان بۆ هێنام گوتیان مەلا هەژار

هەموو پیاوە یاخی و پەڕاوێز خراوەکانی کۆکردۆتەوە و گروپێکی یاخی لێ پێک هێناوون، ئیدی گروپێکی یاخی بەناوی جەنگاوەرانی خوداوە پێک دەهێنێت  و لە شاخێکی زۆر سەختەوە بانگەوازی جیهاد ڕادەگەیەنێت لە دژی هەمووومان.

ئیدی زۆربەی ئەو لاوانەی لە خۆی کۆکردەوە کە بەناوی خوداوە لە شاخ فریوی دابوون، هەموو ئەو پیاوانەی لە دەوری خۆی کۆکردەوە کە لە شۆڕش یاخی ببون.

حەسەنی ئایشێ وشەکان لەدەمی فەرماندە وەردەگرێت و هەر بەدەم ڕێگاکانەوە دەڵێ : ئیدی لەوێوە مەلا هەژار کەوتە دژایەتی کردنی هەمووومان، دەستی کرد بە بەیاننامە بڵاوکردنەوە لە دژی هەمووومان، ئیدی وای لە هەوادارانی گەیاند کە گوایە من بێ ئەمری خودا ئەکەم، جەنگی لەگەڵ ئێمە و کوفر ڕاگەیاند، وای بڵاو کردبوویەوە کە گوایە ئێمە دەسەڵات دەدەینە ئەو کەسانەی کە خودا ناناسن، ئەو بە گوێی دونیایا جاڕی دابوو کە هەمووومان خوانەناسی مەلعونین  و دەمانەوێت، بێ باوەڕی پەرە پێبدەین.

فەرماندە پەنجەکانی مەلەک بەردەدات و دەست دەخاتە سەرشانی و دەڵێت : کیشەی سەرەکی من ئەوە بوو کە لە شۆڕشدا مەلا هەژارمان وەک پیاوێکی پیرۆز بە میللەت ناساندبوو، ئەوە دەست و قاچی ئێمەی بەستبوو، دەبوو لەدژی هەموو ڕابردووومان ڕاوەستین  و هەموو ئەوەی لە سەر مەلا هەژار گوتبووومان دەبوو دەستی لێهەڵگرین، مەلەک هەر بەدەم ڕێگاوە دەڵێت: ئاخر فەرماندە هەڵەکان لە سەرچاوەوە کرابوون نەدەبوو لە سەرەتاوە ئەو هەڵانە بکرێن، من هەستم بەمەترسیەکانی مەلا کردبوو،

فەرماندە دەڵێت ئاخر مەلەکی گوڵ ئەو کات پێویستمان بەمەلا هەژارەکان هەبوو دەبوو لاوان لەدەوری شۆڕش کۆکاتەوە، ئیدی بۆ کۆکردنەوەی هێزی لاو زۆرجار بەکارهێنانی خودا باشترین ڕێگایە، ئێمە دەبوو دەیان جۆر لە پیاوی شۆڕشگێڕمان هەبوایە بۆئەوەی زۆرترین پیاو کۆکەینەوە لەدەوری شۆڕش، دەبوو لەم سەری چەپەوە بۆ ئەو سەری ڕاست پیاومان هەبێت، ئیدی ئەو ببو بەپیاوێکی پیرۆز لای بەشێک لەمیللەت، نەدەبوو ئاوێنەی جوانیەکانی لە چاوی میللەتدا بشکێنین.

مەلەکیانی گوڵ ئاوڕ لە فەرماندە دەداتەوە و ڕادەوەستن و دەڵێ ئاخر ئێوە دەبوو هەستی پێبکەن من لە یەکەمین ئێوارەی هاتنیەوە بۆ شاخ گومانم لێی هەبوو، لە هەفتەی یەکەمدا لە دژی ڕاوەستام و چەندین جاریش گوتم ناکرێت مینبەری مەعبەدەکان بەکاربێنین بۆ سودی شۆڕش، دژی ئەوە بووم کە خودا بەکاربهێنرێت، دەمگوت باشتەکان لە جێی خۆیاندابن، باخودا نەخرێتە خزمەتی سیاسەتەوە و پیرۆزیەکان لەکەدار نەکەین. بەردەوام دەبوونەوە لەسەر ڕۆشتن و مەلەک لەبەر خۆیەوە دەیگوت ئاخر ئاسایی بوو شۆڕش بەناوی هەر شتێکەوە دەکرێت، لەژێر هەر ناوێکدا دەست دەگریت بەسەر کورسیەکاندا ئاساییە، لەپشتی هەرشتێکەوە خۆت دەشاریتەوە و هەر دەمامکێ دەبەستی، بەڵام ئاسایی نیە خودا بهێنیتە ئاستی بچوکی خۆتەوە ئاسایی نیە خودا بهێنیتە نێو یاریەکانی خۆتەوە، باخوداش هیچ نەبێت، باهەر بونیشی نەبێت، با لەخورما دروست کراو یان لەبەرد داتاشراویش بێت، گرنگ ئەوەیە ملیۆنان خەڵک بەپیرۆز و خودای خۆیانی دەزانن، گرنگ نیە لێرە و لەوێ

کۆمەڵێک پیاو بانگەشەی نەبونی خودا ئەکەن و ئەیانەوێت بیسەلمێنن کە خودا دروستکراوی دەستی ئێمەیە نەک ئێمە دروستکراوی دەستی ئەو بین، گرنگ ئەوەیە خودا لای خەڵک پیرۆزە و نەدەبوو ڕێگا بدەین مەلا هەژار بیهێنێتە نێو یاریەکانمانەوە.

حەسەنی ئایشێ وەڵامی مەلەک دەداتەوە و دەڵێ هاوڕێ تۆ ڕاست دەکەیت، ئاساییە گەر قارەمانی ئەفسانەیی دروست بکرێت و دواتر لە سەر شەقامەکانی شاردا پەیکەریان بۆ دروست بکرێت و وێنەکانیان بەسنگدا هەڵبواسرێت، بەڵام کارەساتە لەپشت ناوی خوداوە خۆمان بشارینەوە، ئاخر هاوڕێم مەعبەدەکان کاری خۆیانیان هەیە و شۆڕش کاری خۆی هەیە، ئەوە کاری مرۆڤ نیە کە ئیشەکانی سیاسەت و خودا تێکەڵ بکات، فەرماندە دێتە ناو باسەکەوە و بەدەرونێکی تێک شکاوەوە دەڵێ: ئەو وشانەی لە مینبەری مزگەوتەکانەوە دەردەچن سەنگ و قورسایی خۆیانیان هەیە، ئەو مرۆڤانەی کە ئاینیان بە پشتاوپشت بۆ ماوەتەوە و خودایان لە ڕێگای زانین و پەی بردنەوە نەدۆزیوەتەوە و لەڕێگای مەلا هەژارەکانەوە خودا دەناسن ترسناکن، (ترسناکترین خودا ناس ئەوانەن کە جەوهەری خودا ناناسن و بەشمشێرێکەوە بەرگری لێدەکەن )

دوای ئەم وشانەی فەرماندە کەس وشەیەک ناڵێت، ئیدی ئەو شەوە بەهیلاکیەوە لەناو ئەو چیایانەدا جێگایەک دەدۆزنەوە بۆ پشوو، بەخێرایی پاکی دەکەنەوە و ئامادەی دەکەن بۆ ئیسراحەت کردن، ئەو شەوە لەوێ دەمێننەوە و دوای پشودانێکی زۆر و چا خواردنەوە فەرماندە دەیەوێت دووبارە مەلەک بهێنێتەوە قسە سەبارەت بە مەلا هەژار،

دێتە تەنیشت مەلەکەوەو داوای چایەکی تری لێدەکات و بەدەم چا خواردنەوە دەڵێ: مەلەکی گوڵ لەبیرتە دەیان جار لەگەڵی شەڕت دەکرد و دەتگوت کارەکانی خودا و کارەکانی شۆڕش تێکەڵ مەکە، دەیـان جار دەچویت بە گژیدا و دەتگوت دین و سیاسەت زەوی و ئاسمان لە نێوانیاندایە، مەلەک بـەدەم خۆش کردنی ئاگری چاکەوە دەڵێ : ئاخر ئەی دۆست ئەوە گەورەترین نادادپەروەری و نا ئەخلاقیە پیرۆزی بەتفەنگ بدرێت و بەناوی خوداوە خوێنی مرۆڤ حەڵاڵ بکەیت، ئاخر خودا پاسەوانی ناوێت، خودا جەنگاوەری ناوێت، خودا هێندە بێ هێز نیە پێویستی بە مەلا هەژارەکان بێت بەرگری لێ بکەن.

فەرماندە لەژێر لێوەوە دەڵێ : دواجار مەلاهەژار کاری خۆی کرد، هـەزاران پیاوی شۆڕشیان بەناوی خـوداوە گوللەباران کرد، لەشارەکاندا کەوتە لەناوبردنی نەیارەکانی خۆیان وەک نەیاری خودا، ڕوبـارێ خوێنی لەشارەکاندا ڕاکێشا، تەنانەت هـەندێ لـەو پیاوانەشی لـەنـاوبـرد کە دیکتاتۆریش دەرەقەتیان نـەدەهـات، دواجـار مـەلا هەژار بووبە سەرلەشکری گەورەترین سوپا بەناوی جەنگاوەرانی خوداوە، ئیدی سوپایەکی لەو منالە نەفامانە پێک هێنا کەلە ئـەزەلـەوە بۆ شـۆڕش خولقابوون، دواجـار گـەورەترین جەنگی لەنێوان ئێمەو خودایا پێک هێنا، ویستی هەمووومان لەناو بەرێت و بۆ خۆی ببێت بە خودای ئێرە.

بەدرێژایی قسەکانی فەرماندە مەلەک بەدارێک یاری بە ئاگری چاکە دەکـرد، لەوێدا بێ ئـەوەی ئاوڕ لە فەرماندە باتەوە دەڵێ: هاوڕێ بەشێکی زۆری ناشرین بونی وێنەکەی مەلا هەژار پەیوەندی بەخۆمانەوە هەیە، ئێمە وامان کرد

کە میللەت بەپیرۆزیەوە لەهەموو شۆڕشەکان بڕوانن، ئێمە هەڵە بووین کەڕەوایی و موتڵەقی تەواومان بە هەیکەلی شۆڕش بەخشی و نەمانگوت شۆڕش لەو پێستەدا پیرۆزە و ئاوا ڕەوایـە، نەمانگوت ئەوە مەرجەکانی شۆڕشگێڕی حەقیقیە، ئێمە هیچمان نەگوت سەبارەت بەڕەوایی شۆڕش، تەنها گوتمان ئەوەی چەکی لەشان کرد و ناوی نیشتیمانی هێنا پیرۆزە، مەلا هـەژار وەک کرم لەو کونەوە گەشەی کـردووە، ئێمە وامان کرد کە هەرکەسێک ئاڵای شۆڕشی بەرز کردەوە لاوان کوێرانە بێ بیرکردنەوە دوای بکەون، دەبوو بمانزانیبایە کە ڕەوایی تەواو و پیرۆزی تەواومان دابەشۆڕش لاوان بەشداری هەموو شۆڕشەکان دەکەن، فەرماندە بەغەمگینیەوە دێتە تەنیشت مەلەک و ئەویش داریـک هەڵدەگرێت و بـەدەم یـاری کـردن بە ئاگرەکەوە دەڵێ: مەلەک لە شاخیش دەیان جار دەمگوت لە شۆڕشدا ناتوانرێت هەموو شتەکان بخرێتە ژێر کۆنترۆڵەوە، ناکرێت هەموو شتێک بە پێی نەخشە و پـلان بـڕوات، زۆر جار ئەو شتانەی کە دەبوو بکرێت و ساڵێک هەوڵمان بۆ دەدا پلانێکی دوژمـن یان سیخوڕێکی ناوخۆمان شکستی پێ دەهێنا، زۆرجار پیاوێکمان دەکرد بە چاودێر بەسەر سەدان پیـاوەوە کەچی دوای چەند ڕۆژێـک هەواڵمان بۆدەهات کەلەجەنگێدا لەدواوە لێیدراوە و کـوژراوە، دواجار دەبێت ئەوەمان بیر نەچێت کەشۆڕش چەشنی ئاگرە، کاتێ بۆ دوژمنی تاوو دەدەیـن دور نیە دۆستیش بسوتێنێ، ئاخر ئاگر دۆست و دوژمن ناناسێت، بەڵام ئیدی ئەوەی ڕویدا دەبـوو ڕووبـدات دەشێت ئێمە هەرهێندەمان پێکرابێت، دەشێت هەندێک کەمتەرخەمیشمان هەبوبێت، دورنیە هەر

لەئەزەلەوە شۆڕش وا بەڕێوە بچێت، بەڵام ئیدی ئەوە گرنگ بوو دواجار هەوڵمان دەدا خودا لەچنگ مەلاهەژارەکان دەربهێنین، مەلا هەژار وەک چەتەیەکی ئەڵماس لەبری ئەڵماس خودای لایخۆی شاردبوویەوە، خودای بەبارمتە گرتبوو تادەستی بگاتە دەسەڵات، بەڵام هەمووان زەمەنێ وایان هەست دەکرد کەخودا میوانی ئەوە، کەس هەستی نەدەکرد ئەو وەک چەتەیەک خودای بەبارمتە ئەسیر کردووە و لەیاریەکی قێزەونی خۆیدا بەکاری دەهێنێ و خودای کردووە بەداشی دامەی نەخشەکانی سەری خۆی، کاری منیش ڕزگار کردنی خودا بوو لەچنگ مەلا و هاوشێوەکانی.

حەسەنی ئایشێ دێتە لایانەوە و بەلاقرتێوە دەڵێت ئەمشەو مەلا هەژار لەکۆڵی ئێمە نابێتەوە، هەمووان پێکەنینێکی نەرمیان بۆ کرد و حەسەن بەردەوام دەبێتەوە و دەڵێ: بەڵام کێشەی ئێمە لەوێدا دروست بوو کە دڕەنگ هەستمان بەوە کرد کە ڕەنگە حەقیقەت لەقوڵایی ئازارەوە هەڵقوڵێت، هەستمان بەو ئازارانە نەدەکرد کە لە مەلا هەژارەوە جێ دەما و حەقیقەتمان نەدەدۆزیەوە، پێمان سەیر بوو کە خودا نەیدەتوانی خۆی لەدەست مەلا هەژار قوتار بکات، ئیدی دەبوو ئێمە هەوڵی ڕزگارکردنی خودا بدەین، گەرچی ئێمەش پێویستمان بەخودا نەبوو تا ڕزگاری بکەین، پێویستمان بەوە بوو ئەو پەردەیە لادەین کەمەلا هەژارەکان خۆیان لە پشتیەوە شاردبوویەوە و لەوێوە دژایەتی ئێمەیان دەکرد، کاری ئێمە بەرگری بوو لە خۆمان نەوەک خودا. فەرماندە دارەکەی دەستی فڕێدەداتە ناو ئاگرەکەوە و ڕووی وەردەسوڕێنێ بەلای حەسەن و مەلەکدا و دەڵێ هاوڕێیان دواجار مەلاهەژار بوو بەمەترسیەکی گەورە، مەترسیەک

بۆسەر دەسەڵاتی ئێمە و ژیانی گشتی، ئەو لەپشت پەردەی خودا ناسیەوە شەرعیەتی بەگشت تاوانەکانی دەدا و ئایەتەکانی غەزای بەسەر لاواندا دەخوێندەوە و خوێنی ئێمە و ژن و کچەکانمانی حەڵاڵ دەکرد، دەستی دوژمنانی دەگرت و بۆمبارانی شارەکانی دەکرد، لاوەکانی لێ پڕدەکردین و شەوانە هەڵیان دەکوتایە سەرمان، ئیدی پەنای بردبوویەوە بەر شاخەکان و سوپای جەنگاوەری پێکەوە دەنا، باکی نەبوو بەسوتانی نیشتیمان، لەدەوڵەتانی دراوسێوە چەک و جبەخانەی وەردەگرت، وایدەکرد لەلاوان کە بێن لەشارەکاندا خۆیان بەئێمەدا بتەقێننەوە، تادەهات مەترسی مەلاهەژار زیادی دەکرد، هەستم دەکرد ڕزگارکردنی خودا لەچنگ ئەو پیاوانە کارێکی ئاسان نابێت، هێدی هێدی هەستم بە ترسناکیەکەی کرد، هەستم دەکرد لەوەش ترسناکترە کە چاوەڕێم کردووە، ترسام سوپای جەنگاوەرانی خودا هێندەی کە زەبەلاح ببێت.

ئیدی دواجار ناچار بووم نامەیەکی نهێنیم نوسی بۆ مەلا هەژار وبە حەسەنی ئایشێدا بۆم نارد و داوام لێکرد لەو چیایە بێتە خوارەوە داواکانی بەجێدەهێنم، حەسەنی ئایشێ دەڵێ: شەوێک لەڕێگای دۆستێکەوە چوومە ژوورەکەی مەلا هەژارەوە، کە خانوویەک بوو لەو چیا دورە دەستانە، دونیایەک پاسەوانی سوپای جەنگاوەرانی خودا پاسەوانی ژورەکەیان دەکرد، زۆر بەئەستەم توانیم بچمە ژوورەوە پاسەوانەکانی دەیانگوت کۆبونەوەی نهێنی هەیە، کەمن چوومە ژوورەکەی لەگەڵ چەند کەسێکی کە لە سەرکردەکانی سوپای جەنگاوەرانی خودا مەست مەست بوون، هێندە مەست بوون منی نەناسیەوە، نامەکەم

دایە دەستی و خۆمم پێ ناساند، ئەو پەشۆکا و نەیدەزانی چۆن خۆی کۆکاتەوە خەریک بوو بۆ شاردنەوەی ئابڕووچونەکەیان بمکوژن، خەریک بوو زیندە بەچاڵم کەن، بەڵام من بەپێکەنینێکی دەستکردەوە، گوتم مەلا هەژار پێویست بە پەشۆکان ناکات هەموومان دەزانین تۆ چیت دەوێت و بۆچی لێرە ئەم هەرایەت ناوەتەوە، گوتم دەزانین تۆ دووشتت دەوێت پارە و پۆست ئەوە فەرماندە لەو نامەیەدا هەمووی پێبەخشیوویت و ئیدی پێویست بە خۆ فریوودان ناکات و وەرەوە بۆشار و واز لە خوێن ڕشتن بهێنەو با ئەم هەموو کوڕە گەنجەی نیشتیمان لەنێوان ئێمە و ئێوەدا نەکوژرێن.

فەرماندە قسەکەی پێدەبڕێت و دەڵێ ئیدی بەو جۆرە خودا ڕزگاری بوو لە تفەنگەکەی دەستی مەلا هەژار، ئیدی لە ماوەیەکی کورتدا هێزەکەی تەسلیمی پیاوێکی هێمن کرد و قەناعەتی بە هەموو جەنگاوەرەکان کرد کە ڕەزامەندی خودای لە سەرە نابێت ئیدی خوێن بڕێژن و دەبێت بۆ پەرەپێدانی دین و ڕەزامەندی خودا لە شارەکانەوە خەبات بکەن  بەمە قەناعەتی بە هەموویان کرد و ئیدی هەندێک پۆست و کورسیمان پێدان و ئەوانەی کە زۆر ناویان هەبوون وەک مەلا هەژار و هاوڕێ نزیکەکانی چوون بۆ ئەو ئەروپا و ئیستا بەپارەی ئەم میللەتە خەریکی ڕابواردنن. هەندێکیان لەشارەکاندا پلە و پۆستی گەورەیان هەیە و بەشێکیان لەپەرلەمانەوە خەریکی حەرام کردنی هونەر و ئەدەبن،بەئاشکرا گۆرانی و سرود و مۆسیقا و وێنەکێشانن حەرام دەکەن. خەریکی ریسوا کردنی جوانیەکانن. ئێستاش بەناوی خوداوە جوانیەکان لەناو دەبەن.

فەرماندە کەمێک ڕادەوەستێت و مەلەک دەڵێ: کەواتە خودا و نیشتیمان هێشتا ئازاد نەبوون لەدەست مەلاهەژارەکان، دەکرێت نیشتیمان لەتفەنگەکەی دەستی ڕزگاری بووبێت، بەڵام هیشتا خودا لەدەست مەلا هەژارەکان ڕزگاری نەبووە، هیشتا خودا دیلی زوبانی مەلا هەژارەکانە، دەشێ دوای سەد ساڵی دیکەش قوتابیەکی مەلا ببێت بەمیکرۆب بەسەر ڕۆحی خودا و نیشتیمانەوە، دوور نیە دوای چەندین سەدە مەلاهەژارێکی نوێ لە هەمان شاخ دروست بێتەوە.

ئیدی لەدوای ئەو شەوەوە کەس باسی مەلا هەژار ناکات و دەبێت بەیادەوریەکی تاڵ لەهزری ئەماندا، ئەوان چەندین شەو ڕۆژ لە چیاکاندا بەڕێگادا دەڕۆن تا دەگەنە دۆڵێکی قوڵ، دۆڵێک لە نێوان دوو چیای بەرزدا کەهێندەی کە قوڵیەکەی دەرخستووە، حەسەنی ئایشێ لەسەر لێواری دۆڵەکە هەمووان ڕادەگرێت و دەڵێ: ناکرێت ئێرەتان لەیاد نەبێت، فەرماندە تەماشایەکی سەرتا بەخواری دۆڵەکە دەکات و دەڵێ : هەست دەکەم زەمەنێ لێرە ژیاوم، دیمەنەکان لە چاوما نامۆ نین، قادری خەزێنە تەماشایەکی فەرماندە دەکات و دەڵێ: وایی چۆن دەکرێت دۆڵی مەرگتان لەیاد کردبێت، مەلەکیانی گوڵ تەماشایەکی هەمووان دەکات دەڵێ: ئەفسوس ئەم دۆڵە چەندە منی غەمگین کرد، چەندە ئازاری شۆڕشیدا، وایی حەسەنی ئایشێ سەدان شەو خەونم بەم دۆڵی مەرگەوە دیتووە، سەدان جار دیمەنەکانی ئێرە و تەرمی سەرباز و شۆڕشگێڕەکان هاتونەتە نێو خەونەکانمەوە، هاواری ئەو هەموو بریندار و دەست و چاچ قرتاوە سەدان شەو لەخەونی ڕاچەنیووم.

حەسەنی ئایشێ دەڵێ: لێرە خوێناوی ترین جەنگ ڕوویدا، جەنگێ کەلەماوەی دەیان شەو ڕۆژدا سەدان سەرباز و شۆڕشگێڕ کوژران و کۆتایی بەحیکایەتی سەدان مرۆڤ هات، ئەوان دەچنە ناو دۆڵەکەوە و فەرماندە ئاماژە بۆ بەرزاییەک دەکات و دەڵێ: ئالەوێدا دەیان سەربازمان کردووە بە ژێر خاکەوە، ئاماژە بۆ بەرزاییەکی بچوک دەکات و دەڵێ: ئەها سەیرکەن ئەوە لیباسی یەکێ لە سەربازەکانە لەناو خۆڵەکەدا دیارە، ئەوکات نەمانتوانی زەویان بۆ هەڵکەنین خۆڵمان کرد بەسەر تەرمەکانیاندا.

مەلەکیانی گوڵ دەڵێ: ئەفوس لەم بستەخاکەدا ئەو هەموو ڕۆحە نێردراونەتەوە بۆ لای خودا، لێرەدا و لەم دۆڵەدا لە پێناو ئەم خاکە بێ نرخەدا کە دواجار بوو بە گۆڕی سەرباز و شۆڕشگێڕان ئەو هەموو ڕۆحە فڕین بۆ ئاسمان.

ئەوان بەناو دۆڵەکەدا دەڕۆن و مەلەکیانی گوڵ هۆن هۆن ئەشک دەڕژێت و بەدەم هەنیسکی گریانەوە دەڵێ: تەمەنێکە من لەگەڵ ئێسک و پروسکی ئەم تەرمانەی ئێرەدا دەژیم، چەندین شەو دایکانی ئەم تەرمانە دەهاتنە نێوو خەونەکانمەوە و بە فرمێسکی خوێنینەوە یەخەیان دەگرتم، تەمەنێکە پیاوانێکی پرچ سپی گۆچان بەدەست دێنە خەونەکانمەوە و داوای کوڕەکانیان لە من دەکەنەوە، تەمەنێکە شەوانە کوخەکەم پڕ دەبێت لە کەللە سەری خوێناوی و دەست و قاچی پەڕیوو، لە دڵی گوللەباران کراو، تەمەنێکە شەوانە کوخەکەم پڕ دەبێت لە بۆنی خوێن، خوێنی سەرباز و شۆڕشگێڕ، تەمەنێکە خەون بە وێنەی بەرباخەڵەکانەوە دەبینم، ئەو وێنانەی کە جەنگاوەرەکان

له دواین ساتی ژیادا دەریان دەهێناو ماچیان دەکرد، وێنەی دایک و منداڵ و ژن و دۆست و دەستگیران و مەعشوقەکانیان، ئەو بەدەم گریانەوە دەیگوت: ئای خوایە دوای دەیان ساڵ لە تێپەڕینی ئەم جەنگەش هەنوس ناتوانم دیمەنەکان لە چاوما دەربێنم، نەمتوانی دیمەنی پارچە پارچە بونی شاخەوانی سۆفی لەبیرکەم، ئەو گەنجەی کە تۆپەکانی ڕژێم پارچە پارچەیان کرد و بەبێ وەسیەتێک دەستگیرانەکەی بەجێهێشت، ئەو کوڕەی کە ویستبووی پێش مردن لەسەر دەستەسڕەکەی بەخوێنی خۆی شتێک بۆ دەستگیرانەکەی بنوسێت، ئاخ نەمتوانی بیر لە قاسمی شێخە نەکەمەوە و گوێم لەهاوار و ناڵەی بریندارەکانی ئەم دۆڵە کەڕکەم. نەمتوانی شێوەی پێش مەرگی بریندارەکان لەبیربکەم.

مەلەک تادێت حاڵی خراپتر دەبێت و خەریکە هاوسەنگی لەدەست بدات، هەر بەدەم ڕێگاکانەوە و بەدەم هەنیسکی گریانەوە ڕوو دەکاتە فەرماندە و دەڵێ: ئەمە ئەنجامی هەموو شۆڕشەکانی دونیایە، ئەمە دیاری دەستی شۆڕشەکانە بۆ نیشتیمان، بەتوڕەییەکەوە تێکەڵ لەگەڵ گریان دەڵێت: سەدان خانەوادە چاوەڕوانی گەڕانەوەی ئەو کوڕانەن کە لەم دۆڵەدا بۆ ئەبەدی نوستن، تۆ دەزانی سەدان خێزان چاوەڕوانی ئەو پیاوانەن کە خودا خەتی ڕەشی بەسەر ناوەکانیاندا هێناوە، سروشت سڕیونیەتیەوە، مەلەک هەمووان ڕادەگرێت و لەو پەڕی توڕەیدا یەخەی فەرماندە دەگرێت و دەڵێت، شتێ بڵێ تۆ ئەمەت دەوێت، تۆ دەتەوێت سیناریویێ ئەم دۆڵە لەهەموو دۆڵەکانی تردا دوبارە بێتەوە، تۆ شۆڕشێکی نوێت دەوێت، شۆڕشیش

واتە پڕبوونی چیاکان لەتەرم، تۆ تۆ تۆ دەتەوێت خاک تەرم ڕیژکەینەوە و هەر کەللەسەرێک لە بنبەردێکدا بشارینەوە.

فەرماندە وشەیەک نالێت و سیمای لەناو لەپی دەستەکانیا دەشارێتەوە و وشەیەک نالێت، مەلەک تورەتر دەردەکەوێت و توند تر یەخەی دەگرێت و ڕایدەوەشێنێت و دەڵێ: شتێک بڵێ هەرشتێک، ئەو هیچ ناڵێ، مەلەک دەڵێ: ئاخر کە شۆڕش بەرپابوویەوە نیشتیمان پڕ دەبێتەوە لەم دۆڵانە و خاک پڕ دەبێت لە ژنی ڕەش پۆش، ئاخر ئەوە لە پێناو چیدا، کە نیشتمان ویران بوو ئیدی ئازادی بە کەڵکی چی دێت. ئیدی چی شتێک لەژیانی مرۆڤەکان گرنگترە.

فەرماندە بە میهرێکی باوکانەوە بە هێواشی خۆی لە ژێردەستی دەردێنێت و دەست دەخاتە سەرشانی و دەڵێ: ئەی دۆست، هەمیشە هەنگاوە گەورەکان قوربانی گەورەی دەوێت، هەمیشە کارە گەورەکان هەنگاوی گەورەی دەوێت، هیچ کارێکی گەورە بەئاسانی تەواو نابێت، ئیدی لای زۆرکەسیش نیشتمان گەورەترین شتە و لەسەرو هەموو شتەکانەوەیە، مەلەک لەتاو گریان ناتوانێت هیچ بڵێت، حەسەنی ئایشێ وەڵامی دەداتەوە و دەڵێت لای بەشێکی مرۆڤایەتیش هیچ شتێک هێندەی ڕۆحی ئینسان گەورە و گرنگ نیە و پیرۆز ترین شت مرۆڤە، دەبێت ئەوەمان بیر نەچێت هەمووشتەکان بە نیشتمانیشەوە بۆ خزمەتی مرۆڤ دروست بوون، قادری خەزێنەش دێتە ناو باسەکەوە و دەڵێ، من بڕیارم دابوو هیچ نەڵێم من هیلاک بووم لەباس کردنی شۆڕش و قوربانیەکانی شۆڕش بەڵام پێویست بوو ئەم بڵێم، دەشێت دیلی خاک هێندەی ڕژانی ئەم هەموو خوێنە ئازار بەخش نەبێت، دواجار تێگەشتم کە گرنگ

نیە بانیشتیمانیش هەر دیل بێت بەمەرجێ خوێن جۆگەلە نەبەستێ و ئەو هەموو ژنە ڕەش پۆش نەبن، ئەو تەماشای قوڵای چاوی فەرماندە ئەکات و دەڵێ: دەزانی شکانی دڵی ژنێ کە تەرمی کوڕەکەی دێتەوە بەر دەرگاکەی بەزەوی هەموو نیشتیمان چاک نابێتەوە، حەسەنی ئایشێ دەیەوێت کۆتایی بەم گرژیە بهێنێ دەڵێ: برادەران لە پێشمانەوە لەکۆتایی ئەم دۆڵەدا کانیاوێک هەیە بەڕێکەوین با لەوێ پشوویەک بدەین، فەرماندە پێشیان دەکەوێت و هێندە نابات دەگەنە کانیاوەکە، بەڵام مەلەکیان بەبینینی قوڕگی پڕ دەبێت لە گریان گریانێکی توند، بەئاستەم بەدەم قوڕگی پڕ لە گریانەوە دەڵێ: فەرماندەی نەفرەتی ئەو ڕۆژە ناو ئەم کانیە تەرمی دوو جەنگاوەری تیابوو تەرمی دوو مرۆڤ کەبەحەربە یەکتریان کوشتبوو، ئەوان نەیانتوانی بوو پێکەوە لە کانیەکە تینوێتیان بشکێنن و بەزەردەخەنەوە تەماشای کۆتایی جەنگەکە بکەن و واز لە کوشتنی یەک بهێنن، ئەها فەرماندە تەماشاکە شۆڕش چی دەکات، سەربازێک لەوسەری وڵاتەوە دێت بۆ ئەمسەری وڵات و لێرە لەگەڵ شۆڕشگێڕێک بە چەقۆ یەکتری دەکوژن، ئەها ئەوە شۆڕش و سیاسەتی نەفرەت لێکراوی دەوڵەتانە ئەو دوو مرۆڤە بەیەک دەگەیەنێت بۆ کوشتنی یەکتری.

حەسەنی ئایشێ مەلەک لە ئامێز دەگرێت و ماچی دەکات و داوای لێدەکات کە چیدی خۆی غەمگین نەکات و هێوری دەکاتەوە، ئەوان پێش ڕۆشتن لە ئاوی کانیەکە دەخۆنەوە، بەڵام مەلەک تێپەڕ دەبێت و دەمیشی تەڕناکات و دەڵێ ناتوانم، هەست دەکەم هەنوس جۆگەلەی خوێنی دوو مرۆڤی لەبەر دەڕوات، هەنوس بۆنی تەرمی لێدێت،

بۆنی خوێن، بۆم ناخورێتەوە، دەشێت هەرشوێنێ مرۆڤی تیا خەڵتانی خوێن کرابێت سروشتیش نەفرەتی لێکردبێت، لەدوای ئەم وشەیە مەلەک زەمەنێک لە گوتن دەکەوێت، زەمەنێکی زۆر هیچ ناڵێت، بەدرێژایی ڕێگاکان بەبێدەنگی دەمێنێتەوە و شەویش بەسەردا دێت هەر هیچ ناڵێت، حەسەنی ئایشێ دەیەوێت مەلەک بێنێتە قسە دێتە نێوان ئەو فەرماندەوە و دەڵێت پێتان وایە کۆساری حەکیم شتێکی پێ بکرێت، پێتان وایە ئەم هەموو ڕێگایە لەخۆوە نابڕین، کێ دەزانێ کۆسار چی پێدەکرێت، فەرماندە تەماشایەکی دەکات و هیچ ناڵێ، قادری خەزێنە دەڵێ: دەشێ ئەو برینانەی کە ئێمە دەیان ساڵە لەجەستەی نیشتماندا دروستی دەکەین هەروا بە ئاسانی سارێژ نەکرێن، دەشێ کۆساریش نەتوانێ هەروا بەسانایی ئەو برینانەی سەر جەستەی خاک تیمار بکات، دەشێت نیشتمان لەوەش هیلاک تر و بریندار تربێت کە ئێمە بە خەیاڵماندا دێت.

فەرماندە هەر بەدەم ڕێگاوە و بێ ئەوەی ئاوڕ باتەوە لەژێر لێوەوە دەڵێت کەسمان نازانین ئەو چی پێدەکرێت، بەڵام دەشێت بتوانێت شتێک بکات کەبیرکردنەوەی ئێمە پەی پێنابات، ئەو پیاوە دوای شکستی شۆڕش یەکەمین کەس بوو بیری لەشۆڕشێکی نوێ کردەوە و هەمیشە هەر وابووە ئەو کاتانەی کە ئێمە دۆش دادەماین و دەستەوسان هیچمان پێنەدەکرا، کۆسار بەحیکمەتێک ڕێگایەکی دەدۆزیەوە کە ئێمە هەر بیرمان لێ نەکردبوویەوە. ئەوان زەمەنێکی زۆر بەڕێگاوە باسی کۆساری حەکیم دەکەن و هەموو یادگاریەکانی دێننەوە یادیان و مەلەکیانی گوڵیش ئیدی بێدەنگی دەشکێنێت و دەڵێ: فەرماندە پێم باش نیە

دڵت بە هاوکاریەکانی کۆسار خۆش بکەیت، بڕواناکەم کۆسار هێندە گەمژەبێت بەبێ بیرکردنەوە خۆی تەسلیمی یاریەکانی تۆ بکات، ئەو لە خۆیەوە بەڵێ بۆ نەخشەکەی سەری تۆ ناکات، من دڵنیام گەر کۆسار ڕێگایەکی لابێت دواجار ڕێگاکەی بێ خوێن دەبێت، ڕێگایەک کەخوێنی تیا نەڕژێت، ئەو پیاوە تەنانەت لە شاخیش هەوڵی دەدا کەمترین خوێن بڕژرێت، حەسەنی ئایشێ دەڵێ: من ئەو پیاوەم خۆش دەوێت کاری ئێستامان دۆزینەوەیەتی مەرج نیە هەموو ڕێگاکان خوێناوی بن، مەرج نیە هەموو دەسەڵاتەکان بەخوێن ڕژان کۆتاییان بێت، دەشێ کۆساری حەکیم حیکمەتێکی نوێ شک بەرێت، ئەو شەوە هیچ پشوو نادەن و بەردەوام دەبن لە ڕێگا ڕۆشتن و باسی کۆساری حەکیم، ئەوان دەیان شەو و ڕۆژی کە بەو چیا عاسیانەدا بەڕێگادا دەڕۆن و زۆر بەکەمی پشوو دەدەن، ئەوان ئەو ئەشکەوتە دەدۆزنەوە کە بڕیارە کۆساری حەکیمی لێ نیشتە جێ بێت، ئەوێ ئەشکەوتێکە لەسەر بەرزترین زنجیرە چیای ناوچەکە و کەوتۆتە نێوان سنوری سێ وڵاتەوە کە بەئاستەم دەستی سیاسەت و دەوڵەتان و خەڵکی پێدەگات، فەرماندە بەبینینی ئەو ناوچەیە خێرا دەیناسێتەوە، ئەو جارێک لە تەنگانەی شۆڕشدا لەگەڵ کۆساری حەکیم لەوێ خۆی حەشار دابوو.

ئەوان بەهێواشی بەدەم بانگەبانگی کۆسارەوە دەچنە ئەشکەوتەکەوە، بەڵام کۆساری حەکیم لەوێ نابێت، جگە لەوەی هەندێک وردە ئاماژەی ژیان نەبێت کە کەسێک لەوێ ژیاوە، هیچ ئاماژەیەکی کۆسار دیار نابێت، لەوێ چرایەکی دەستی و هەندێک پاشماوەی مۆمی سوتا و هەندێک

جل و بـەرگ و بەتانی دڕاو پاشماوەی ژیانی مرۆڤێک دەدۆزنـەوە و بەهۆی بونی هەندێک کاغەزی نوسین و قەڵەمی لە کارکەوتوو دڵنیا دەبن کەکۆسار لەوێ ژیاوە، زۆر بەوردی ئەشکەوتەکە دەگەڕێن، هەموو ئەو شوێنانەی کە گومان دەکرێت بیانگەیەنێ بە کۆساری حەکیم، بەڵام شتێکی ئەوتۆیان دەست ناکەوێت، هەموو نیشانەکان کۆنن و هیچ شتێک نوێ نیە، مەلەکیانی گوڵ لەهەمووان زیاتر وورد ئەبێتەوە لەدیوارەکانی ئەشکەوتەکە و لەکۆتایی ئەشکەوتەکەدا کونێک دەدۆزێتـەوە کە بەردێک سـەری داپۆشیوە، بەخێرایی بەردەکە لادەبات سندوقێکی شێدار دەدۆزێتـە، بـەڵام تەنها کتێب و هەندێک پـەڕەی نوسینی تیایە، ئەمە دەبێتە نیشانەی ئـەوەی کە کۆسار بەنیازی گەڕانەوە ئەوەی داناوە.

ئەو شـەوە کزەبایەکی ساردی دەبێت، بەهۆی بەرزی شوێنەکەوە هەندێک جار کزەباکە وەک ڕەشەبای لێدێت، ئیدی ئەوان ئەو شـەوە لەوێ بەسـەر دەبەن و هەمووان دەنوون جگە لە مەلەکیانی گوڵ کە کتێبێکی ناو سندوقەکە دەخوێنێتەوە و تێدەگات کە کۆسار بەهۆی ئەو کتێبەشـەوە بێت لەگەڵ ڕشتنی خوێن نابێت، دەبینێت کە کۆسار هێڵی بە ژێـر هەندێک دێـڕدا هێناوە کەتاسـەر سوقان ئاشتی خوازانەیە.

ئەو بەیانیە کە خەبەریان دەبێتەوە و بڕیاری گەڕانەوە دەدەن بۆشار، بەو ئومێدەی کە کۆساری حەکیم لە شار خۆی حەشار دابێت، بەڵام مەلەک پێی وانیە لەشار کۆسار بدۆزنەوە، دەڵێ: کۆسار زۆر توڕەیە لەشار، تەنانەت ئەو ڕۆژەی کە من بەتوڕەییەوە لەکۆبوونەوەی سەرکردایەتی

هاتمە دەرەوە کۆسار لەبەردەم هۆڵەکەدا ڕایگرتم و گوتی چیدی مەگەڕێوە بۆ ئەم شارە لەعنەتیە، ئێرە دەبێتە قەسابخانەیەک، دەبێتە گۆڕستانی عەقڵ و مەعریفە و جوانی، ئیدی لێرە ڕۆحە پیرۆزەکان دەبێت سەری خۆیان هەڵگرن، گوتی ئێمە ناتوانین ڕێگری لە نابوتیەکان بکەین، بەڵام دەتوانین خۆمان بەپاکژی ڕاگرین و بەشداری لە ناشرینی نەکەین، ئێمە ناتوانین ئەو هەموو شکاویە چاک کەینەوە، بەڵام دەتوانین نەبینە هۆی شکانەوەی گوڵێک.

ئەوان چەندین شەو ڕۆژ بەرێگاوە دەبن لە گەڕانەوەیاندا بۆ شار، لە سەر سنوری یەکێک لە دەوڵەتانی دراوسێ ڕێبوارێکی تەنها ڕایان دەگرێت، پیاوێکی پیر دیارە و لەدوورەوە لە قەلەندەرێکی گەریدە دەچێت کە لەناو ڕیش و سمێڵ و پرچدا سیمای دیار نابێت، بەسەرسامیەوە لەو قەلەندەرە نزیک دەبنەوە، خێرا مەلەک دەیناسێتەوە و هاوار دەکات و دەڵێ: وای خودایە ئەوە موزەفەری شاعیرە، شاعیری شۆڕش، هەمووان بە سەرسامیەوە لێی دەڕوانن، ئەو هەموویان دەناسێتەوە و یەک یەک لە ئامێزیان دەگرێت تادەگاتە لای مەلەک کاتێ مەلەک لە ئامێز دەگرێت دڵی پڕ دەبێت لە گریان و بەدەم هەنیسکەوە دەڵێ مەلەک تۆ پیاوێکی مەزن بوویت، دەشێت دوای سەدساڵی کەش پێشبینی قسەکانی تۆ ڕووبدەن، دەبوو وشەکانت لە زێڕ هەڵکێشرانایە.

ئەوان لەوێ مودەتێک گوێ لە حیکایەتی یەکدی دەگرن و موزەفەری شاعیر باس لە جێهێشتنی نیشتمان دەکات، ئەو دونیایەک بیزاری بەرامبەر بەنیشتیمان و کوڕانی شۆڕش دەردەبڕێت، ئەو بەجۆرێک دەدوێت وەک ئەوەی

کە هیچ ئومێدێک بۆ مانەوە لەنیشتماندا نەمابێت، بەڵام فەرماندە بەپێچەوانەی موزەفەرەوە دەدوێت و باسی دروستکردنەوەی شۆڕشی بۆ دەکات، هەوڵ دەدات پەشیمانی بکاتەوە لەسەفەر و کۆچ، کەچی موزەفەر لەیەکەمین کاردانەوەیدا دژی شۆڕش دەدوێت و وەک فیشەکە شێتە بەگژ فەرماندەیا دەچێت و دەڵێت دەبوو من دەیان ساڵ پێش ئێستا بە گوێی مەلەکم بکردایە شۆڕش شوێنی من نەبوو، تەماشایەکی مەلەک دەکات و دەڵێ: تۆ گوتت لە شۆڕشدا هێندە خوێن دەڕژێت بستێک خاک بە پاکی نامێنێتەوە، تا دوای سەرکەوتن مرۆڤ پشویەکی تیادا بدات، دەڵێ: مەلەک بیرتە دەتگوت شۆڕش بۆ ئازادبونی نیشتمانە و نیشتیمانیش بۆ ئاسودەیی مرۆڤەکانیەتی، بەڵام دوای شۆڕش دەبێت مرۆڤەکانی ناوی و شاعیرەکان لە پێش هەمووانەوە کۆچ بکەن و دەست لە نیشتمان هەڵگرن و لە مەنفاوە بۆ نیشتیمان بگرین، مەلەکیانی گوڵ تۆڕاستت فەرموو، تۆ پیاوێکی پڕی لە حەقیقەت، لەدوای شۆڕش هیچ جوانیەک لەجێی خۆیدا نەما، هیچ نەخشەیەک وەک خۆی جێبەجێ نەبوو، پیاوەکانی شۆڕش هەموو شتێکیان تێکدا، مەلەک تۆ گوتت لە دوای شۆڕش ئەم نەزیفی خوێنە ڕاناوەستێت، گوتت ئەم بارانی خوێنە خۆش ناکاتەوە، تۆ ڕاست بویت شەقام و شار و شاخ و کوچەکان سوربوون بە خوێن و بەهیچ شتێک پاک ناکرێنەوە.

فەرماندە هەوڵی دەدا بیوەستێنێت و قایلی بکات بە گەڕانەوەی بۆ شار و دواتر بەشداری پێکردنەوەی لە شۆڕشدا، قسەی زۆری بۆ دەکات، زور بیانووی بۆ دێنێتەوە کە گشت شکاویەکان بە شۆڕشێکی نوێ چاک، دەبێتەوە،

کەچی موزەفەری شاعیر بەخەندەیەکی دەست کردەوە دەڵێ: ئەی دۆست گەمژەییە مرۆڤ دووجار ببێتە داشی دامەی یاریەکی خوێناوی، ڕودەکاتە هەمووان و دەڵێت: هاوڕێیان ببورن کەوادەڵێم (هەرگیز مانگایەک دووجار لەسەر پردێکەوە ناکەوێتە خوارەوە کەجاری یەکەم کەوتە خوارەوە ئیدی هەرگیز بەو ڕێگایەدا ناڕواتەوە) کەچی فەرماندە دەیەوێت دووجار ئێمە لەپردی شۆڕشەوە بخاتە ناو خەرەندێکەوە.

هەمووان پێکەنینێکی کورت دەردەبڕن و مەلەکیانی گوڵ باسی کۆساری حەکیمی بۆدەکات و دەڵێ: هەموومان بەشوێن ئەو پیاوەدا وێڵین، دەمانەوێت ئەو پیاوە بدۆزینەوە ڕەنگە کۆساری حەکیم بتوانێت شۆڕشێکی بێ خوێن ئەنجام بدات، موزەفەر بەناو هێنانی کۆسار کەمێک هێور دەبێتەوە و بەتامەزرۆییەوە گوێدەگرێت کەمەلەک دەڵێ: ئێمەش لەگەڵ شۆڕش نابین و نین، تادۆزینەوەی کۆساری حەکیم لەگەڵ فەرماندە ئەمێنینەوە و چاوەڕوانی چارەسەرەکەی کۆساری حەکیم دەکەین گەر چارەسەرەکەی ئەو بەبێ خوێن کوتایی هات ئەوا هەموومان پشتگیری لێدەکەین و هەوڵ دەدەین بەشۆڕشێکی بێ خوێن نیشتیمان لە نەگریسی پاک بکەینەوە، بۆ دڵنیاکردنەوەی شاعیر حەسەنی ئایشێ سەری ڕەزامەندی دەلەقێنێ و قادری خەزێنەش بەمانای ڕازی بوون خەندەیەک دەخاتە سەر لێوی، موزەفەر پاش مانەوەی کەمێک بەبێدەنگی لەژێر لێویەوە دەڵێت: ئەستەمە ئەم دۆخە کەڵکی بیرکردنەوەی حەکیمانەی پیاوی حەکیمی مابێت (پیاوی حەکیم تەنها لەگەڵ مرۆڤە باڵاکاندا دەتوانێت حیکمەت بنوێنێت، وشەی پیاوە حەکیمەکان ناتوانیت کار

له دونیای پیاوه گەمژەکان بکات ) وڵاتێک کە زۆرینەی مرۆڤی پێوەند لە پێ بێت پیاوی دانا ناتوانێت هیچی بۆ بکات، کە کاسەی سەرەکان قوفڵ دراپن ئیدی دانای ناو ئەو میللەتە بە کەڵکی چی دێت، شاعیر دەڵێت: گەرچی ئەستەمە بۆ ئەم دۆخە کۆسار شتێکی ئەو تۆی پێ بکرێت بەڵام منیش بەڕێگایەکی ئاشتیانەی بێ خوێن ڕازیم.

فەرماندە دەڵێت موزەفەری ئازیز ئێستا کیشەی سەرەکیمان دۆزینەوەی کۆسارە، دەبێت ئەم وشانە هەڵگرین بۆ دوای دۆزینەوەی کۆسار، شاعیر پاش کەمێک تێڕامان لەئاسمان دەڵێت: ڕەنگە من ڕێگایەکی ئاسانتر بزانم بۆ دۆزینەوەی کۆسار، هەمووان گوێ قوڵاخ دەبن، شاعیر بەردەوام دەبێتەوەو دەڵێت: کۆسار یەک دۆستی نزیکی هەبوو ئەویش ژنێکی تەنها بوو، ژنێک زۆرجار ئەو هەموو مەترسیەی قبوڵ دەکردوو لەشاخەوە دەهاتەوە بۆ سەردانی، قادری خەزێنە دێتە نزیکی شاعیر و دەڵێت: ئۆووو دەزانم تەنها ژنێکە کەهەموو تەمەنی لە خۆشەویستی کۆساردا سەرف کرد و تائێستاش دەستنوێژیان لەیەک نەشکاوە، کۆسار لای ئەو ژنە پیرۆزە گەر لای ئەو مابێت تەنها ئەو هەواڵی دەزانێت، ئەو ژنە هەموو تەمەنی چاوەڕێی کردووە، بەڵام کۆسار تەنها هەستی ڕاگرتووە و بڕوای بەژیانی هاوبەش نەبوو، هەمیشە کەقسەی لەسەر دەکرا دەیگوت: خۆ مرۆڤ چۆلەکە نیە نیوەی تەمەنی خەریکی هێلانە دروست کردن بێت و نیوەکەی تریشی بە هێلکە کردن و جوچک بەخێوکردنەوە سەرف بکات، ڕاستە کۆسار بڕوای بە ژیانی هاوبەش نەبوو، بەڵام هەستێکی جوانی بۆ پێکەوەبوون و هاوڕێیەتی ئەو ژنە هەبوو،

دەشێت ئەو ژنە شتێک بزانێت، هەمیشە کۆسار دەیگوت [پێویست نیە هەموو چۆلەکەیەک جوت ببێت، بەڵام پێویستە هەموو پیاوێک ژنێک بناسێت بۆ تێگەیشتن لەپارچە ونبووەکەی خۆی]، شاعیر دەیگوت ( پیاو چەندە مەزن بێت دواجار نهێنیەکانی لای ژنێک دەدرکێنێت، دوجار ژنێک دەبێتە عەمباری نهێنیەکانی ) ئەو ڕۆژە موزەفەری شاعیر بڕیار دەدات لەدۆزینەوەی کۆساردا هاوکاریان بکات و بەشێوەیەکی کاتی دەست لە سەفەر کردن هەڵدەگرێت و هەمووان بەرەو ئاوەدانی بەڕێدەکەون و پشت لە سنوری دوو وڵاتی دراوسێ دەکەن.

لەگەڕانەوەدا مەلەکیانی گوڵ هەستێکی سەیر دایدەگرێت، هەست دەکات ڕۆحی ئامادەی گەڕانەوە نیە، قاچەکانی بەئاستەم شوێنی دەکەون، دەتگوت ئەو ڕۆژەیە کە بۆیەکەمین جار بەیەکجاری پشتی لەشار کرد و ڕێگای نادیاری هەڵبژارد، وەک مەستێ بەدەم ڕێگاوە لەناو ئەندێشەکانیا غەرق ببو، قادری خەزێنە کەلەتەنیشتیەوە هەنگاوی دەنا دەستەکانی دەگرت و دەیگوت: مەلەکی گوڵ هەستت پێدەکەم و دەزانم دواجار بەهۆی هەندێک پیاوی گرگنەوە نیشتمان هەموومان تەڵاق دەدات و دەبێت ببینە باغەوانی بیابان، عەزیزم هەستت پێدەکەم و دەزانم هەست بەچی دەکەیت، قورسە بە غەمگینیەوە پشت بکەیتە نیشتمان و بەهەمان غەمگینیەوە ڕوی تێکەیتەوە، هەستت پێدەکەم ئەستەمە.

مەلەک تەنها زەردەخەنەیەکی دەستکرد دەخاتە سەرلێوی و بەدرێژایی هەموو ڕێگاکان وەک ئەوەی توشی شۆک بووبێت بەبێدەنگی هەنگاو دەنێت و وشەکانی موزەفەری

شاعیریش ناتوانن بیهێننه قسه، بەدرێژایی ڕێگاکانی ئەو شەو ڕۆژە بێدەنگی هەڵدەبژێرێت، بەڵام لەڕۆژی دووەمدا بەدرێژایی زەمەنی ڕێگاکان مەلەک سەر زەنشتی شاعیر دەکات، لەسەرەتای ڕێگایەکی دوور و درێژ و پڕ هەورازدا مەلەکیانی گوڵ دەست دەخاتە نێو دەستی شاعیرەوە و دەڵێت، دۆستی من شاعیرەکان دەبێت ژیان دۆست بن، دەبێت دۆستی ئاشتی و ژیان و جوانیەکان بێت و هاوڕێی گوڵ و پەپولە و باخچە بێت، شاعیر نابێت هەموو وزەی خۆی لەناو شۆڕشدا سەرف بکات، دەبێت ببێتە دۆستی مانگەشەو و کانی و گوڵەباخ، نەدەبوو شاعیرەکان بەشداری شۆڕش بکەن و ببنە هۆی ڕژانی خوێن، شاعیر توندتر دەستی مەلەک دەگوشێت و دەڵێ: هاوڕێم وشەکانت گەوهەرن، بەڵام ئەو کاتەی کە من هاتمە ناو شۆڕشەوە نیشتمان گڕی گرتبوو، ئیدی لەساتی سوتانی نیشتماندا شیعر هیچ برینێک تیمار ناکات، ئەو کاتە هیچ شتێک لە جێگای خۆیدا نەمابوو، نەگوڵێ دەیورا سەر لە خاک دەبێنێ، نەبەهارێک بەبێ خوێن تێدەپەڕی، ئەو دەمەی کە من بیرم لە شۆڕش کردەوە فوارەی خوێن لەدڵی نیشتمان دەچۆڕا و لەهەر چوارلاوە شمشێر خرابوویە گەردنی نیشتیمان، موزەفەری شاعیر بەدەم هەنگاوە هێواشەکانیەوە ئاوڕ دەداتەوە و تەماشای قوڵایی چاوی مەلەک دەکات و دەڵێت: عەزیزم من نەهاتم چێژ لە جۆگەلەی خوێنی شاخ ببینم، بەڵکو هاتم خۆم لە جۆگەلەی خوێنی شار بشارمەوە، ئیدی ئاوای لێهات من لە جۆگەلەی خوێنی شار خۆم شاردەوە و کەوتمە دەریای خوێنی شاخ، من نەمدەزانی ئەو پیشکۆیەی کە لە شار داگیرسابوو لەشاخ کڵپەی سەندووە.

حەسەنی ئایشێ هەناسەیەک هەڵدەکێشێت و وچانێک پشوو دەدات و بەردەوام دەبێتەوە لە ڕێگاکە و دەڵێ: مەلەک ئەوە قەدەری شاعیر بوو دەبوو لەجۆگەلەی دڵی شارەوە فڕێدرێت بۆ فوارەی دڵی شاخ، دەبوو ببێت، دەبوو ئەو هەموو ئازارە بچێژێت، بەڵام هێشتا هەر شاخ شیاو تر بوو، هیچ نەبێت لە شاخ دەمتوانی بە ئاسودەیی بگریم بنوسم هاوار بکەم، دەمتوانی زیندوو بم.

مەلەکی گوڵ دەست لەدەستی شاعیر دەردێنێت و دەڵێت: بەڵام هەر دەبوو شاعیرەکان جیاواز بن بۆنی باروتیان لێ نەیەت، ئاخر کە شاعیرەکان بچنە سەنگەرەکانی مەرگەوە کێ شیعر بۆ گۆرانیەکانی ژیان بنوسێت؟ کێ وەسفی جوانیەکانی ژیان بکات؟ کێ گەڵای دارەکان بنوسێتەوە؟ کەدەستی شاعیرەکان خوێناوی بوو کێ وێنەی جوانیەکان بەشیعر بکێشێت؟ مەلەک کەمێک دەنگی بەرز دەکاتەوە و دەڵێت: ئاخر موزەفەری شاعیر، کە ئێوە سەرپەنجەتان لە بری گوڵ بۆنی باروتی لێبێت و کەبەرچاوتان بە خوێن سوربوو، کە تا ئەژنۆتان گولله بوو، ئیدی دەبێت حاڵی جەنگاوەرەکان چۆن بێت، دەبێت حاڵی ئەو پیاوانە چۆن بێت کە لە ئەزەلەوە بە شەرانگێزی خوڵقاوون، ئێوە دەبوو پیاوێکی ناسک بن دەبوو لەمەرگی نمەی باراندا بگرین، دەبوو دڵتان بۆ پەشموردە بونی گوڵێک بسوتێت، نەوەک لە شەڕگەکاندا هەنگاو بە سەر تەرمەکاندا بنێن و ئۆف نەکەن و چاو لەو هەموو ئازارە داخەن.

لەوێدا مەلەک ڕادەوەستێت و حەسەنی ئایشێ وشەکانی لە زار وەردەگرێت و دەڵێت مەلەک ڕاست دەکات، نەدەبوو شاعیرەکان پارچە پارچە بونی مرۆڤ ببینن و کۆیکەنەوە و

دڵۆپێ ئەشک نەڕژن، موزەفەر تۆ بەناو ئەو هەموو خوێنەدا هەنگاوت ناو دڵۆپێک خوێن لەدڵت نەچۆڕا، ئەوە کارەساتە شاعیرەکان لە بری گوڵ خوێن لە نوکی قەڵەمەکەیان بچۆڕێت، تۆ لەشاخ لە بری گوڵ نارنجۆکت لە کەمەرت پێچابوو، کاتێک شاعیر لەبری قەڵەم تفەنگی هەڵگرت، ئیدی شاعیرەکەی ناوی دەمرێت و پەیامێک نامێنێ بۆ گوتن، ئیدی هیچ ناخرێتە سەر ژیان، لە شۆڕشدا ئاسایی بوو کەسەربازێک بە دوژمن بزانرێت، ئاسایی بوو هەرکەس بەدوژمن پێناسە بکرێت، ئاسایی بوو ئەوەی لە شاخ نەبوو بە خیانەتکار ناوی ببرێت، بەڵام کارەساتە لە دڵی شاعیردا دوژمن و نەیار هەبێت، دەبوو لە نوکی قەلەمی شاعیردا مرۆڤ پێناسەی گوڵی هەبێت، دەبوو شاعیرەکان لە هەموو ساتەکاندا ژیان دۆستی و مرۆڤ دۆستی لەدەست نەدەن.

ئەوان هەر بەڕێگادا دەڕۆن و فەرماندە پێشیان کەوتووە و قادری خەزێنە لەدوایەوە هەنگاو دەنێت و لە دوای ئەویشەوە حەسەن و مەلەک و شاعیر پێکەوە هەنگاو دەنێن و حەسەنی ئایشێ بەردەوام دەبێت لەسەر قسە کردن و سەر زەنشت کردنی و دەڵێ: موزەفەری ئازیز ئەوە عەقڵی جەنگاوەرەکانە کە پێمان دەڵێت بیکوژە بەر لەوەی بتکوژێت، ئەمە وتەی جەنگاوەرێکە لە پێناو بەردەوامی جەللادە گەورەکەیدا گوتویێتی.

شاعیر بە گەروی پڕ لە گریانەوە دەڵێت: ئەزیزانم ئێوە ڕاست دەڵێن شۆڕش شوێنی من نەبوو، شۆڕش شوێنی شاعیرەکان نیە، بەڵام کاتێ من گەیشتمە شاخ ئیدی بە شاعیریەتی نەمامەوە لەیەکەمین جەنگەوە من بوومە جەنگاوەر و شاعیریەکەم باری کرد، ئەمە لەیەکەمین

جەنگەوە ڕویدا، لەوێ ناچار بووم سەربازێک بکوژم، سەر بازێک ئەگەر نەمکوشتایە ئەو منی دەکوشت، بەڵام هاوڕیان کاتێ جەنگ تەواو بوو چوومە سەر تەرمەکەی غەمگین ترین دیمەنم بینی، دیمەنێک کە ویژدانی مرۆڤ بونمی هەژاند، ئەو سەربازە وێنەیەکی لە دەستا بوو، لەناو وێنەکەدا دوو خاتوون هەبوون خاتونێکی بەتەمەن و خاتونێکی گەنج، دواتر بە هۆی پشتی وێنەکەوە زانیم کە ئەوە وێنەی دایکی و دەستگیرانەکەیەتی لەپشتی وێنەکە بەخوێنی سەر سنگی نوسی بووی ببورن بەهۆی مەرگی منەوە ئێوە ئازار دەچێژن.

ئیدی من ئەو ڕۆژە بووم بە جەنگاوەرێکی نەفرەتی، جەنگاوەرێکی گەمژە و تفەنگە ژەنگاویەکەی ئەو سەربازەم هەڵگرت و شاعیریەکەی ڕۆحمم کرد بە بەرۆکی ئەودا، چیدی من بەجوانی نەمامەوە و هەموو جوانیەکانم لە چاوی پڕ لە خوێنینی ئەودا بەجێهێشت. ئیدی منی شاعیر لەچاوی ئەودا مردم و ئەوی سەرباز لە ڕۆحی مندا زیندوو بوویەوە، لەدوای ئەمە ئەوەی لە ناو شۆڕشدا بەردەوام بوو من نەبووم سەربازێکی خواروی وڵات بوو بەتفەنگێکی ژەنگاویەوە.

شاعیر ئاوڕ لەمەلەک دەداتەوە و دەڵێ باوەڕ بکە گوڵی هاوڕێم ئەو پەڕی مرۆڤ بونم لە وشەکانی سەر وێنەکەدا خوێندەوە، تۆ ببینە منی شاعیر ئەوی سەربازم کوشتبوو، ساتێک پێش مردنی لەبری ئەوەی خەمی شتێکی خۆی هەبێت خەمی ئەوەی هەبوو بوو کە دایکی و دەستگیرانەکەی ئازار دەچێژن، مرۆڤ هەمیشە تا کاتێک خەم بۆ ئەزیزانی دەخوات کەژیانی خۆی لە مەترسیا نەبێت، هەمیشە پیاو

کەلەدەریادا غەرق دەبێت تا کاتێک هەوڵی ڕزگار کردنی ئەزیزانی دەدات شەپۆلەکان نەگەشتبنە گەروی، کەچی سەربازێک دەترسێت مەرگی خۆی دڵی ئەزیزانی بشکێنێت، من لە ڕۆژی مردنی ئەو سەربازەوە ئیدی شیعرم نەدەنوسی تەنها هوتافم دەکێشا نەشیدی شۆڕشم دەوتەوە سرودم دەنوسی بەشان و شەوکەتی شەهیدەکاندا وشەم ڕیز دەکرد، چەشنی وەستایەکی بێ هونەر چلۆن خشت لەسەر خشت دادەنێت و دواجار بینایەک دەردەچێت، منیش وشەم لەتەنیشت وشەدا ڕیز دەکرد لە پێناو شۆڕشدا و دواجار شیعرێکی بێ ڕۆح دەردەچوو. شاعیر کەمێک بەبێدەنگی دەمێنێتەوە و پاشان دەستی دەخاتە سەرشانی مەلەکی گوڵ و دەڵێ ئەی دۆست ئێستا هەست دەکەم ئەو شاعیرەی سەرەتا گەڕاوەتەوە بۆ ڕۆحم، هەست دەکەم ئەو شاعیرە لە منا زیندوو بۆتەوە و سەربازەکەی دەرونم مردووە.

دەزانی مەلەک دوای دەیان ساڵ گوێم لە سەدای گریانی خۆم بوو، گریانی پیاو واتە لوتکەی ناسک بوونەوە، دەشێ ئەوە نیشانەی گەڕانەوەی شاعیریەتی بێت بۆ ڕۆحم، شاعیر هێدی هێدی غەمگینی دایدەگرێت و بێدەنگی یەکی ترسناک ڕوی تێدەکات. مەلەکیان هەر بەدەم ڕێگەوە ئەشکی چاوی موزەفەری شاعیر دەسڕێت و دەڵێ: دەشێ هەر ئەمەش وای کرد بێت کە نیشتمان بەجێ بهێڵیت، نەترسای جارێکی کەش پیاوە شاعیرەکە لە ڕۆحتا بمرێت و سەربازێکی جەنگاوەر لە دەرونتا زیندوو بێتەوە، شاعیر بەبێدەنگی دەمێنێتەوە و بەنیشانەی بەڵێ سەری ڕادەوەشێنێت.

ئەوان فەرماندەو مەلەکیان و حەسەنی ئایشێ و قادری خەزێنە و مزەفەری شاعیر دوای یەک هەفتە بەڕێگادا

ڕۆشتن توشیان دەبێت بە توشی بەهمەنی بولبولەوە.
بەهمەنی بولبول یەکێک لە دۆستەکانی شۆڕش بوو هەمیشە لە شارەوە ئاوازی بۆ شیعرەکانی موزەفەری شاعیر دادەنا و بەگۆرانی و سرود ئاگری شۆڕشی خۆشدەکرد، ئەو پاوە دەیان سرودوگۆرانی تۆمار دەکرد و دەینارده شاخ تا ورەی شۆڕشگێڕان بەرزبکاتەوە، تا دواجار دەنگی خۆی لەسەر یەکێک لە کاسێتەکان دەناسرێتەوە و بەشێوەیەکی موعجیزە ئاسا لەبەندیخانە ڕزگاری دەبێت و ڕوودەکاتە شاخ و تاتەواوبوونی شۆڕش لەشاخ لەخزمەتی شۆڕشدا کار دەکات و بەسرود و گۆرانیەکانی لاوان دەنێرێتەوە سەنگەرەکانی پێشەوە و لە شاریشەوە لاوان دەهێنێتە شاخ.

تا ناوەڕاستی شۆڕش میللەت تەنها بەهمەنی بولبولی هەبوو تا لەدەنگی ئێزگەکەی شاخەوە گوێی لێ بگرن. بەڵام لە ناوەڕاستی شۆڕشدا خۆشەویستی جەماوەر بۆ بولبول وای کرد کە کۆمەڵێکی زۆر لە هونەرمەند و گۆرانی بێژ و مۆسیقار و نوسەر و پیاوی ڕۆشنبیر ڕوبکەنە شاخ و بەشداری شۆڕش بکەن، ئەوە بەهمەنی بولبول بوو کە وای کرد شۆڕش لە سیمای یاخی بونەوە بگۆڕێت بۆ شۆڕشێکی شارستانی.

ئیدی بەهمەنی بولبول لە شاخ دەیان گروپی هونەری و ئەدەبی پێک دێنێ، تیپی مۆسیقا و گروپی هونەرمەندان و تیپی شانۆ و تیپی سروود و دەزگای ڕۆشنبیری. ئەمانەو دەیان گروپی تر سیمای شۆڕشی لە دڕندەیی و یاخی بوونەوە گۆڕی بۆ شۆڕشێکی شارستانی، وەلە هەموو ئەمانە گرنگتر مامۆستایانی شۆڕشی دامەزراند کەئیشی ئەمانە خوێندەوار کردنی منداڵانی شۆڕشگێڕان و لادێ و

دەشتەکان بوو لەئەشکەوت و  بنبەردەکان دەیان قوتابخانە دەکەنەوە بۆ خوێندەوار کردنی ئەو خەڵکە، ئیدی بەو جۆرە بەهمەنی بولبول  دەستی لە دامەزراندی گشت سیما شارستانیەتەکانی شۆڕشدا هەبوو.

ئەو ساتەی کەلەسەر سنور توشی دەبێت بە توشی فەرماندە و هاورێکانیەوە بەهەمان شێوەی موزەفەری شاعیر بە نیازی سەفەرکردنە، ئەوان دواتر لە ڕێگاکاندا لە زاری بەهمەنی  بولبولەوە دەیبیستن کە دوای سەرکەوتنی شۆڕش کۆمەڵێک پیاو دەسەڵاتی  دەزگا ڕۆشنبیری و هونەریەکان دەگرنە دەست کەپیاوی سەربازین و ئاگاداری هونەر و ئەدەب و ڕۆشنبیریەت نین و خۆیان بە بوارەکاندا هەڵواسیوە کۆمەڵێک پیاوی گرگنن کە حساب بۆ ماندوو بونی بەهمەنی بولبول ناکەن کەس هەست ناکات دەیان ساڵ ئەو پیاوە لە شاخ گرنگی زۆری بە هونەر و ئەدەب و ڕۆشنبیری داوە.  دواجار بەهمەنی بولبول ناچار دەبێت بەخۆدزینەوە لە ناشرینیەکان، پەنا دەباتە بەر سەرفەر کردن بۆ دەرەوەی ووڵات، بەهمەنی بولبول لەو وشانەی پەشیمان ببویەوە کەلە شاخ گوتبوی دەبێت ناشرینی بە هونەر و ئەدەب داشاردرێت.

بەڵام مەلەکیانی گوڵ هەمیشە ڕای جیاوازی لە بارەی بەهمەنەوە هەبوو، هەمیشە کەقسەی لەگەڵ دەکرد دەیگوت بولبولی دۆست شۆڕش تەنها جیگای تفەنگ و جەنگاوەر و قارەمانی ئەفسانەییە، شۆڕش جێگای هونەر و هونەرمەند نییە، دەبێت گۆرانی بۆ جوانیەکانی ژیان بگوترێت، گۆرانی بۆ ئاشتی و پێکەوەیی بگوترێت، مەلەکیانی گوڵ زۆر جار لە کۆبوونەوە ستایش ئامێزەکاندا هەڵدەستا و  ڕویدەکردە

بەهمەن و دەیگوت گۆرانی و هونەر و ئەدەب و مەعریفە، پەیامی جوانی و خۆشەویستی و عیشقە نەک پەیامی شۆڕش و مردن، تەنانەت جارێک بە تورەییەوە لەسەر تەرمی گەنجێک یەخەی بەهمەنی گرتبوو گوتبوی بەهمەن سرودەکانی تۆ لاوێک ناهێڵێتەوە بەرگری لە نیشتمان بکات، بە تورەییەوە گوتبووی گۆرانی بۆ ڕۆحی مرۆڤ دەگوترێت نەک بۆ مردنی مرۆڤ. ئەو هەمیشە لەکاتی سرودەکاندا ڕادیۆکەی دەکوژاندەوە و دەیگوت ئەی بولبولی مەرگ دۆست تاکۆتایی دەنگی تۆ لە تاریکیدا دەمێنێتەوە و لە خزمەتی تفەنگ و باروتدا سەرف دەکرێت.

گۆرانی و سرودەکانی بەهمەنی بولبول هەمیشە تفەنگی پیرۆز دەکرد و قارەمانی ئەفسانەی دەخوڵقاند و وایدەکرد کەلاوان بێ ترس بچنە بەرەکانی مەرگەوە و لەسەنگەرەکانی مردندا بەپێوە بجەنگن، مەلەکیانی گوڵ هەمیشە دژیەتی خۆی بۆ ئەمە دەردەبڕی و دەیگوت: گۆرانی دەبێت ژیان دۆستانە بێت، هونەر بۆ ڕازاندنەوە ژین و جوانیەکانی بێت، نەوەک پیرۆزی بدات بە مەرگ، لەزۆربەی دانیشتنەکاندا دەیگوت بولبولی دۆست تۆ نابێت وابکەی، دەتوانی لێرەش ژیان دۆست بیت و گۆرانی بۆ عیشق و جوانی و ئاشتی بچڕیت. تاشۆڕشگێڕان کەمێک پشوو بدەن و بە تەواوی لە ژیان دوور نەخرێتەوە، زۆر جار دەیگوت تۆ سوپایەکی جاهیل دروست دەکەیت سوپایەکی نەفام کە دەست لە هەموو شتێک هەڵدەگرن و دوی ئاوازی گۆرانیەکانی تۆ دەکەون تاسنوری مردن. کۆساری حەکیم هەمیشە پشتیوانی لە ووشەکانی مەلەکیان دەکرد و زۆرجار دەیگوت: بەهمەنی بولبول تۆ ئاوازەکان

لەوپەڕی نائومێدیدا بەرهەم دێنیت و دواتر بەو لاوانەی دەفرۆشیتەوە کەلە سەرەتای گەشبینیدا توشی هەمان نا ئومێدی تۆ دەبن، دەیگوت ئاخر کە تۆ پیرۆزیت بە تفەنگ بەخشی پێم ناڵێی کە شۆڕش تەواو بوو چۆن پیرۆزی لە تفەنگ دادەماڵیت و پیرۆزی مردن لە خەیاڵی لاواند دەسڕیتەوە، دواتر کەس ناتوانێ هەڵەکانی تۆ ڕاست کاتەوە و بڵێ ئەو سرودانە گەمژەیەکی غەمگین لە ساتی جەنگدا چڕیویەتی و ژینی مرۆڤ لە هەموو شتێ گرنگترە.

کەچی فەرماندە هەمیشە بە پێچەوانەی کۆساری حەکیم و مەلەکەوە دەدوا، هەمیشە لە وەڵامی قسەکانی ئەماندا پێی وابوو کە شۆڕش پێویستی بەسەدان بەهمەنی بولبول و موزەفەری شاعیر هەیە. فەرماندە پێی وابوو لاوان بۆ ئەوە خولقاون تاببنە ئاگر بەڕووی دوژمنانی نیشتماندا، ئەو ڕۆژەی کە بەهمەنی بولبول لەسەر سنور چاوی دەکەوێ بە فەرماندە و هاوڕێکانی هەست بە حەقیقەتی وشەکانی مەلەکیان و کۆساری حکیم دەکات.

ئەوان پێکەوە لە پێدەشتێ لادەدەن و هەموان لە دەوری ئاگردانێک کۆدەبنەوە، شاعیر تانیوەی شەو لە جوانیەکانی گە ردوون دەدوێ، بەهمەنی بولبول گۆرانی بۆ شەو دەچڕێت و ئەمانیش بەچەپڵەو پێکەنین و شادی شەوەکە دەڕازێننەوە.

حەسەنی ئایشێ لە بەیانیەکەیدا هەست دەکات ئەوان لە دامێنی دەشکەوتەکەدان و نزیک بونەتەوە لەشار، هەوڵ دەدات زوو هاوڕێکانی خەبەرکاتەوە ئیدی ئەو بەیانیە هەمووان پەلەی ئەوەیانە زوو بگەنەوە بەشار بەخێرایی ملی ڕێگا دەگرنەبەر و لەڕێگا نەبڕاوەکاندا بەهمەن

لەفەرماندە نزیک دەبێتەوە و دەڵێ: هاوڕێ هەست دەکەم هیچ شتێ پاکم ناکاتەوە، ئەو ئاگرەی بە سرود و گۆرانی لەدڵی لاواندا بەرپام کرد ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر کڵپە دەسێنێ.

فەرماندە بەشەرمێکەوە دەڵێ: دەزانم بولبولی دۆست ئێستا لە نێوەندی شارەکاندا بە بڵنگۆی گەورە سرودەکانی تۆ پەخش دەکرێت و لاوان بە نیازی ڕاپەڕینن لە دژی ئێمە. بەهەمان ئەو سرودانە جۆش دەسەنن کە پێشتر خۆمان جۆشمان دەسەند، مەلەکیانی گوڵ دەڵێ: ئەو ئاگرەی بۆ سوتانی دوژمنمان دروست کرد زۆر لە قەبارەی دوژمن گەورەتر بوو بۆیە ئێستا خۆشمان دەسوتێنێ.

ئەوان لەنیوەشەوێکی زوڵمەتدا پێکەوە دەگەنەوە شار و لەو پەڕی ماندووبوندا ئاشنای کوچە و شەقامەکانی شار دەبنەوە. مەلەکیانی گوڵ بە ئاستەم دەتوانێ هەنگاو بەسەر شەقام و شۆستەکاندا بنێت، گڵۆپ و ڕوناکی شەقامەکان خەریکە کوێری دەکەن، ئەو دوای دەیان ساڵ لە جێهێشتنی شار و ڕوناکی، یەکەم جاری بوو بگەڕێتەوە. وەک پیاوێک کە یەکەمجاری بێت ڕوناکی و ئاوەدانی ببینێت بەشێوەیەکی سەیر تەماشای شتەکانی چوار دەوری دەکات.

ئەو شەوە فەرماندە دۆستەکانی دەباتە حەشارگەیەک کە تایبەت بۆ خۆی دروستی کردوە و لەساتە حەساسەکاندا پشوی لێ دەدا و هەموان لەو حەشارگە نهێنیە دەمێننەوە کەلەقەراغ شار دروست کراوە و ڕێگایەکی نهێنیە دەچێتەوە سەر کۆشکەکەی، ئەوان ئەو شەوە بەبێ ئەوەی وشەیەک لەگەڵ یەک بڵێن بە بێدەنگی تاشەو لە نیوە تێدە پەڕێت دەمێننەوە و دواتر هەر لە خامۆشیدا دەنوون، بەلام مەلەکیانی گوڵ ناتوانێ بەئاسودەیی بنوێت، تا تاریکی

بارگەی دەپێچێتەوە خەریکی گەڕان دەبێت بەناو کتێبخانە گەورەکەی فەرماندەدا، دوای گەڕانێکی زۆر کتێبی دەست نوسی شەهیدانی شۆڕش دەدۆزێتەوە.

هەمان بەیانی داوا لە فەرماندە دەکات سەرێک لە (ئامەخان) بدەن و لەهەواڵی ئەو ژنە بپرسن، فەرماندە سەرسام دەبێت بەم پێشنیارەی مەلەک، بەڵام کەدەست نوسی شەهیدانی شۆڕش دەبینێت بەدەستیەوە تێدەگات کە مەلەک ناوی دوو کوڕە شەهیدەکەی لەو دەفتەرەدا بەرچاو کەوتووە و دەیەوێت بیبینێ و بزانێت کە ئەو ژنە دوای ئەو قوربانیە گەورەیە حاڵی چۆنە، فەرماندە بێ ئەوەی وشەیەک لەو بارەوە بدوێت مەلەک دەبات بۆ ماڵی ئامەخان کەلەیەکێ لە گەڕەکە کۆنەکانی شار لەبینایەکی ئاساییدا نیشتەجێ دەبێت، کاتێ دەچنە ژوورەوە ئامەخان خێرا مەلەک دەناسێتەوە لەوەش زووتر دەیناسێتەوە کە خۆی چاوەڕێی کردووە. مەلەک بە گەرمیەوە نێو چەوانی ماچ دەکات و ماوەیەک بە ماڵەکەیدا دەخولێتەوە و لەبەردەم وێنەی هەردوو کوڕەکەیدا کەمێک بە بێدەنگی ڕادەوستێت, وێنەکانی( کامیل و کەمال )، ئامەخان لە پشتیەوە هۆن هۆن فرمێسک بە سۆمایدا دێتە خوارەوە, دەیان ساڵ دەبوو دوای مەرگی کوڕەکانی ئەوە پیشەی ئەو بوو هەرکەس سەردانی دەکرد و لەبەردەم ئەو وێنانەدا ڕادەوەستا ئەو کانی چاوەکانی دەتەقی و زەمەنێک دەگریا.

ئێوارەیەک تەرمی دوو کوڕەکەی ئامەخان دەبەنەوە بەردەرگاکەی, دوو کوڕ کە جگە لەوانە هیچی دیکەی نابێت, کە وەک خۆی هەمیشە دەڵێت کەلەنێوان زەوی و ئاسماندا تەنها ئەو دووکوڕەی هەبووە و پیاوەکەشی لە

شۆڕشی پێشوتردا گۆڕ بزر دەبێت، ئێوارەیەک تەرمی هەردووکیان لەبەردەرگاکەیدا فڕێ دەدەن و هەڕەشەشی لێدەکەن کە نابێت پرسەیان بۆ دانێت و لەسەر تەرمەکانیش دەنوسن ترسنۆک. ئامەخان ئەو شەوە ڕودەکاتە شاخ و دەبێتە شۆڕشگێڕ بۆ تۆڵە کردنەوە، بڕیار دەدات بەدەستی خۆی تۆڵە لە ڕژێم بکاتەوە، ئیدی ئەو کەدەگاتە شاخ و مودەتێک لەشاخ دەبێت لەشۆڕشدا بە دایکی شۆڕش ناوبانگ دەردەکات و شاخ وەک ژنێکی پیرۆز لێی دەڕوانن.

مەلەکیانی گوڵ مودەتێک بەدیار وێنەکانەوە دەمێنێتەوە و فەرماندە و ئامەخانیش لە دوایەوە بەبێدەنگی دەمێننەوە، ئامەخان لە ژێر لێوەوە هەندێ سەرزەنشتی فەرماندە دەکات و دەڵێ: دەیان ساڵە چاوەڕێم چایەک لە ماَڵەکەمدا بخۆیتەوە، چاوەڕێم ببێت و ماندوو بوون و جەرگ سوتانم پێ بزانیت، تۆ لەدوای شۆڕش هەموو شتێکت لەیاد کرد، تەنانەت دایکی شۆڕشت لەبیر نەماوە، مەلەکیانی گوڵ ئاوڕ دەداتەوەو بەتەوسەوە تەماشا دەکات، بەڵام هیچ ناڵێت، ئامەخان دەڵێ: کەس گلەیی لەمەلەک ناکات ئەو خۆی لە هەموومان شاردەوە، مەلەک ڕوودەکاتە وێنەکان و دەڵێ: ئەو ئێوارەیەی هەواڵی چەک هەڵگرتنی دایکێکی جگەر سوتاویان بۆ هێنام، دایکێک دوای مەرگی هەر دوو کوڕەکەی، من توشی شۆک بووم، ئەو شەوە تێر گریام، سێ شەو لە ژورێکدا نەهاتمە دەرەوە و یەک هەفتە دەستم بۆ تفەنگ نەبرد، تادوو هەفتە شەرمم دەکرد پێشوازیت لێ بکەم، مەلەک ئاوڕدەداتەوە بۆ لای فەرماندە و ئامەخان و دەڵێ: هاتنی تۆ بۆ ناو شۆڕش ڕۆحی منی کوشت، ئەوە بۆ من زۆر سەخت بوو دایکێک تەرمی دوو کوڕ بە

دەستی خۆی بنێژێت و هەمان شەو بیر لە تۆڵەی کوڕەکانی بکاتەوە، من هەستم کرد ئەوە تەنها دڵ گەرمیەکە و هیچی دیکە. بەڵام وا نەبوو تۆ بەردەوام بویت لە تۆڵەکردنەوەو خۆخواردنەوە و ڕق ئەستوریت زیاتر بوو، فەرماندە قسەکانی مەلەک دەبڕێت و دەڵێ: لەسەرەتای هاتنی ئامەخاندا من گومانم لێی هەبوو، نزیکی نەدەکەوتم، هەستم دەکرد هاتووە تۆڵە لەئێمە بکاتەوە، دەترسام بۆ کوشتنی ئێمە هاتبێت، دوو پیاوم بۆ دانا تاوەکو چاودێریەکی وردی بکەن و لەجموجوڵەکانی بکۆڵنەوە، بەڵام لەشەڕی سەرکردایەتیدا کەڕژێم بەنیاز بوو دەست بگرێت بەسەر شۆڕش و سەرکردایەتی شۆڕشدا، گومانم لە دڵسۆزی ئامەخان نەما، کاتێ دەمبینی وەک پیاوێکی قارەمان بەرگری لەشۆڕش دەکرد و لەسەربازەکانی ڕژێمی دەکوشت. مەلەک وشەکان لەدەمی فەرماندە وەردەگرێت و دەڵێ: دەبوو ئامەخان بۆ کوشتنی ئێمە بهاتایە، بریا ئەو بۆ کوشتنی ئێمە دەهات، ئێمە سەرچاوەی نەهامەتیەکانی بوین، دەبوو هەر هیچ نا داوای لە ئێمە بکردایە کەکۆتایی بە شۆڕش بهێنین تاچیدی کوڕی هیچ ژنێک نەکوژرێت، کەچی ئامەخان تۆ خۆت تفەنگێکی ژەنگاویت کردە شانت و هاتیتە شاخ بۆ کوشتنی کوڕی خەڵک، ئاخر خانم تۆ دایکێکی جەرگ سوتاو بویت، دایکێک کە تەرمی دوو کوڕ لەیەک ساتدا هاتبویە بەردەرگاکەت، نەدەبوو لە سوتانی دڵی خۆتا بیر لە سوتانی دڵی دایکانی دیکە بکەیتەوە[ئەوە ترسناک ترین قۆناغی مرۆڤایەتیە کە دایکەکان ببن بە جەنگاوەر] پەنا بەرنە بەر تفەنگ و جەنگ و کوشتن، ئاخر دایک کارخانەی سۆز و بەزەیی و عیشق و جوانیە، دایک کانگای خۆشەویستیە، ئێوە نۆ مانگ و

نۆ ڕۆژ کۆرپەیەک لەناو خۆتاندا هەڵدەگرن و پاشان بە ئازاری جەهەنەمیەوە لە دامێنتانەوە پەیدا دەبێت، ئاخر کارەساتە دایکێک بەم جۆرە کوڕێک بێنێتە دونیاوە و دواتر بەهەموو ئازارەوە گەورەی بکات و هەموو شەوێک نەنوێت تا سەحەر بەدیاریەوە ئێشک بگرێت و ڕۆژی چەند جارێک پاکی بکاتەوە و لە مەمکەکانی خۆی شیری بداتێ و لە ئازاری هەموو دایکانی دونیا تێبگات کەچی بیر لە کوشتنی کوڕی ئەم و ئەو بکاتەوە.

ئەوە بۆ من ئەستەم بوو هەستم دەکرد سروشت لاریەکی تیایە، ئاسایی بوو گەر پیاوانی دونیا ببن بە جەلاد و خوێنمژ و بکوژ، پیاو بە هیچ جۆرێک ئازار ناچەژێت کاتێ کوڕێک دێنێتە دنیاوە، زۆربەی پیاوانی دونیا لەکاتی جوت بووندا بیر لە ئەنجامی ئەو جووت بوونە ناکەنەوە، تەنها لەزەتێکی کاتی وەردەگرن، کەچی دواتر هەموو نەهامەتیەکان بەدیار ژنەکەوە جێدەهێڵن، تەنانەت هەندێ لە پیاوان زۆربەی شەوان بەمەستیەوە جوت دەبن، بەڵام ژن وانیە، ژن ئومێدی بەکۆرپەکەیە هەیە، تەنانەت پێش یەکەمین ماچ ژن بیر لە منداڵ دەکاتەوەو ئومیدی بەژیانی پێکەوەیی، بەڵام پیاو بیر لە چێژی ئامێز دەکاتەوە،

لەم کاتەدا ئامەخان بەدەم قوڵپی گریانەوە بەرەو مەتبەخ دەچێت خۆی سەرقاڵ دەکات بەدروست کردنی چاوە, مەلەک و فەرماندەش دەچنە مەتبەخەکەوە و فەرماندە فرمێسکەکانی بۆ دەسڕێت و مەلەک دوای کەمێ بێدەنگی وەک ئەوەی سەدەیەک بێت خۆی بۆ ئەم وشانە ئامادە کردبێت دەڵێ: ئامەخان تۆ دوو کوڕت لەپارچە گۆشتێکی چەپەڵەوە کرد بە پیاوانێکی مەزن و

دوای ئــەم هەموو ئازار و ماندو بوون و شــەونخونی و هیلاکیەت بەشــانازیەوە دەســت بەرداریان بوویت تاببنە جەنــگاوەر و کوڕی ئەو ژنانە بکوژن کە هیچ کات ڕازی نەبــوون کوڕەکانیان ســەربازی دیکتاتۆرێک بێت، بەڵام ئیــدی ئەوە یاســا بــوو دەبوو ســەربازبن و بەرگری لە دیکتاتۆر بکەن.

مەلەک تەماشایەکی قوڵایی چاوی ئامەخان دەکات و دەست دەخاتە سەرشانی و دەڵێ: خانم تۆ ئەتتوانی ڕێگا بە کوڕەکانت نـەدەی ببنە جەنگاوەر، دەبـوو هیچ ژنێک ڕازی نەبێت کوڕەکەی چەک بکاتە شانی و نیازی کوشتنی مرۆڤی هەبێت، هەر هیچ نا دەبوو ژن شانازی بەتفەنگەوە نەکات. دەبوو نەفرەت لەتفەنگی شانی کوڕەکەی بکات، بـەڵام کە ژنـان خۆیان ڕازیبن بەچەک هەڵگرتنی کوڕەکانیان و شانازیشیان پێوە دەکـەن، ئیدی دەبێت بە کوژرانی کوڕەکانیشیان ڕازیبن، ئیدی ئەوە یاسای جەنگە یان دەکوژێت یان دەکوژرێت. بەڵام ئامەخان لە هەموو ئەمە سەختتر ئـەوە بوو کە تۆ خۆت هاتی بۆ کوشتنی سـەربـازەکـان، دەبـوو ئـەو حەقیقەتەت قبوڵ بکردایە کە ئەوە شۆڕشە و شۆڕشگێڕ مەحکومە بەمەرگ، تۆ خۆت هاتی بەتفەنگێکی ژەنگاویەوە لەسەنگەرەکاندا بە پێوە ڕوبەڕوی سەربازەکان ڕادەوەستایت و دەیان سەربازی دیلت ڕەمـی کـرد، هەرچیت دەکـرد تینوێتیت بە خوێنی ســەری ســەربــازەکــان نــەدەشــکــا، ڕقێکی پــیــرۆز لــە دڵتا چەکەرەی کردبوو هەرچیت دەکرد کۆتایی پێ نەدەهات، من هەستم پێ دەکردی و دەمزانی دەتەوێ ئەوە بگەڕێتەوە کە لەدەستت چووە، بەڵام هەرگیز تێنەگەشتی کەڕۆحی

ئەزیزانت بەو شتانە ناگەڕێتەوە، هەستت بەوە نەدەکرد کەدەشێ دەریایەک خوێن قەترەیەک خوێنی ئەزیزنت بۆ نەگێڕنەوە.

مەلەکیانی گوڵ بە هەستەوە دەدوێـت، وەک ئـەوەی لەگەڵ دیکی خۆی قسە بکات، بەڵام لە پڕ گوێی لەهەنسکی گریانی ئامەخان دەبێتەوە، ئەو بەدەم چا تێکردنەوە هۆن هۆن ئەشک دەڕژێت و هەنسکی گریانی دەگاتە ئەوان، مەلەک ڕادەوەستێت و هەڵدەستێتەوە و بەسۆزی کوڕێکەوە کە فرمێسکی دایکی بسڕێت فرمێسکەکانی دەسڕێت. دەڵێ دایە شۆڕش هەموومانی ماندوو کرد، شۆڕش پارچەیەکە لە غەمگینی، مەعدەنێکە لە نامورادی، ئەو تا دێت هەنسکی گریانەکەی زیاتـر دەبێـت و گریانێکی بـەکوڵ گـەروی دەگرێت، مەلەک و فەرماندە بەچەند ساتێک بەتەنها جێی دێڵن تابەئاسودەیی بگری و غەگینی بڕەوێتەوە، ئەوە پیشەی مەلەکیان بوو هەمیشە دەیگوت پێویستە مرۆڤ ڕۆژانە گوێی لە گریانی خۆی بێت، [دەشێ فرمێسک وەک دەست نوێژ هۆی پاک کردنەوە بێت].

لەدوای کەمێک دێنەوە بۆلای ئامەخان و وەک ئەوەی لەناو گریانی خۆیدا غەمگینی کوشتبێ بە پیریانەوە دەچێت و دەڵێ: مەلەک وشەکانی تۆ گەوهەرن و حەقیقەت لەلێوی تۆ دەچۆڕێت، بەدرێژایی زەمەنی دوای شۆڕش چاوەڕێی پیاوێکم بێت و حەقیقەت لـەزاری داکەوێت، تۆ یەکەمین پیاوی کەگوێم لێیە وەکو گوڵ ئەدوێ. مەلەک ئەوەی لە من ڕۆشت بە هیچ شتێ ناگەڕێتەوە، دەیان ساڵ هەست بە تەنهاییەکی کوشندە ئەکەم، نیشتمان بەمن چی، خاک بەمن چی، ئـازادی بەمن چی، سەرکەوتنی شۆڕش بەمن چی،

ئەمانە هەمووی بەمن چی کەتەنها ترین ژنی ئەم شارەم و بێ بەشم لە مەحەبەتی کورێک، لەماچی کوڕەزایەک، ئێوە دەزانن نزیک بوومەتەوە لەدواساتەکانی پیری و دەشێ بە زەلیلی بمرم و کەس تەرمەکەشم نەدۆزێتەوە، دەشێ کەس نەبێت فرمێسکێک بۆ مەرگم برێژێت.

[دەزانن ئەستەم ترین شت ئەوەیە کە دڵنیا بیت لەوەی کە لە دوای مردنت کەس غەمگین نابێت و کەس بە پێوە ناوەستێت و کەس نایەت بۆ سەرئێسک و پروسکت] ئەوە پڕ ئازارە، ئاخ لەو ئازارە. مەلەکیانی گوڵ لەئامێزی دەگرێت و نێوو چەونی ماچ دەکات و دەڵێ: [ئیدی درەنگە بۆ ئەوەی هەست بکەیت کە شۆڕش تەنها کارخانەیەک بوو بۆ وردوخاش کردنمان، خۆمان ڕێگاماندا تاسیاسەت ئاوا ویرانمان بکات. دەبوو بمانزانیایە گڕی ئاگر تەنها سوتانە] فەرماندە بەبێدەنگی دەمێنێتەوە و سیمای لە ناو لەپی دەستیا دەشارێتەوە، ئامەخان ڕوودەکاتە فەرماندە و بە توڕەییەوە دەڵێ: نەفرەت لەخۆت و لەشۆڕشەکەت و لەخەیاڵدانت، نەفرەت لەپیرۆزیەکانت، نەفرەت لە شۆڕشەکانی دونیاش ( هیچ شتێ هێندەی ڕۆحی مرۆڤێک گرنگ نیە ). ئەو توڕەتر دەدوێت و دەڵێ: تۆ دەزانی من شەوانە تاسپێدە بۆ کوڕەکانم دەگریم و خەریکە بۆ هەناسەیەکیان باڵم لێ دەڕوێت، تۆ دەزانی هەست نەکردن بە لەززەتی دایک بوون چەند ئەستەمە.

فەرماندە هیچ وەڵامێک ناداتەوە و ئامەخان دەڵێ: دەزانی هەموو هەستی ژن بریتیە لەئاوێتە بوونی هەناسەی نەوەکانی، بەڵام شۆڕش هەموو ئەو شتە جوانانەی لە من و زۆربەی ژنانی خاک سەندەوە. نیو سەدەیە بێ

بەشم لەهەموو هەستەکانی دایکایەتی، ئێوەی نەوەکانی شۆڕش دایکانی نیشتمانتان لەیاد کرد و هیچ لەخۆتان نەپرسی کەئەوەی ئێوەی پێگەیاند خوێنی کوڕەکانی ئێمە بوو، فەرماندە بەچاوی پڕ لە ئەشکەوە وەک کوڕێک کە ڕۆژگارێکە چاوەڕێی بۆنی دایکی دەکات ئامەخان لە ئامێز دەگرێت و ماچی نێوو چەوانی دەکات و بەئەسپایی دەڵێ: ببورە هەمیشە کاری گەورە قوربانی گەورەشی دەوێت، ئێوە قوربانیە گەورەکەی شۆڕشن، مەلەک نایەوێت ئامەخان بێ بەش بکات لەو شادیە گەورەیە، بەگوێی فەرماندەیا دەچپێنێ و دەڵێ: ئەوە ئەو درۆگەورەیە بوو کەلە شاخ بەدایکانی نیشمانت دەگوت.

ئەو ئێوارەیە کە تاریکی دادێت بەر لە ئەوەی ئامەخان جێ بهێڵن فەرماندە جاریکی تر نێو چەوانی ماچ دەکاتەوە و بەڵێنی پێدەدات لەبیری نەکات، بەڵام مەلەکیانی گوڵ بە نائومێدیەوە دەستەکانی ماچ دەکات، وەک ئەوەی کە ئەوە دوا دیداریان بێت داوای لێبوردنی لێدەکات، کەناتوانێ هیچی بۆ بکات, ئەو شەوە کە لەماڵی ئامەخان دێنە دەرەوە غەمگینیەکی کوشندە سیمای دەتەنێت، غەمگینیەک هێندەی دەریایەکی مەنگ فیراقی هەڵگرتووە، ئەو لەسەر یەکێ لەشەقامە خامۆشەکاندا داوا لە فەرماندە دەکات تاسپێدە بە تەنهایی جێی بهێڵێ. فەرماندە دەستەکان دەگوشێت و بە بێدەنگی لێی دوور دەکەوێتەوە و لە دورەوە دەستێکی بۆ بەرز دەکاتەوە.

مەلەکی گوڵ هێدی هێدی بەسەر شەقامەکاندا هەنگاو دەنێت و هەست دەکات بێدەنگیەکی غەمگین سیمای کوچەکانی تەنیوە و لە هەندێ شوێن زوڵمەت هێندەی کە

مرۆڤ غەمگین دەکات، ئەو بەدەم ڕێگاوە دەگاتە ناوەندی شار و لەوێ هەست بەجەنجاڵیەکی زۆر دەکات، ناوەندی بازاڕ پڕە لەعەرەبانەی دەست گێڕ، ڕابردوو بیری مەلەک دەخەنەوە و دەیگەڕێننەوە سەردەمی ڕۆژانی دوای شۆڕش و سەرەتای دروست کردنەوە بازاڕەکان و عارەبانە و دەست گێڕەکانی قەراغ شۆستەکان. ئەو شەوە کۆمەڵێک عارەبانەی نۆکاو فرۆش وپاقلە فرۆش و چا فرۆش دەبینێ و سەرسام دەبێت کەدیمەنی شار و عارەبانەکان هەمان دیمەنی دەیان ساڵ پێشترە.

ئەو لای نۆکاو فرۆشێک لادەدات و کۆمەڵێک کەس دەبینێ، کۆمەڵێ گەنج بەجل و بەرگی کرێکاری و ئیش و کارەوە هەریەکە سەمونێکی بەدەستەوەیە و لەدەوری عارەبانەی نۆکاوەکە کۆبونەتەوە، ئەم دیمەنە خەیاڵی مەلەک داگیردەکات و بەنائومێدیەوە سیمای مرۆڤەکان دەخوێنێتەوە و هەست بەمەئویسی ڕوخسارەکان دەکات. کۆمەڵێک مرۆڤی بێ ڕەنگ دەبینێ کەلەسەر شەقامێکی چڵکن لە پەنا عەرەبانەیەکی بۆگەن خەریکی خواردنن و لەولای نۆکاو فرۆشەکانەوە عەرەبانەیەکی چا دەبینێ کەئەوانەی لەنان خواردن دەبنەوە لەتەنیشت چاکە دەوەستن و چا دەخۆنەوە، مەلەک لەوێ دەڕوات و لە خوارترەوە کۆمەڵێکی دیکە گەنج دەبینێ کەلەسەر مقەبای بەردەم دوکانەکان ڕاکشاون، نیوە بە ئاگا و نیوە نوستوو تەماشای ئاسمان دەکەن ئەوانیش جێدەهێڵێت و بەرەو باخچەی گشتی شار ملی ڕێگا دەگرێت و پاش سەدان هەنگاو دەنێت تادەگاتە ناو باغی گشتی، بەڵام دیمەنی باغی گشتی زۆر غەمگین تر دێتە پێش چاو، دیمەنی کۆمەڵێ

کرێکاری لاو کەلەسەر کورسیەکانی باغی گشتی نوستوون ئەو دیمەنانە مەلەکیانی گوڵ دەگەینێتە ئەوپەڕی سنوری نائومێدی و پێی سەیر دەبێت دوای دەیان ساڵ لە ئازاد بوونی نیشتمان و کۆتایی هاتنی شۆڕش ژیان لە خاکی دایکدا بەو جۆرە بێت، پێی سەیر بوو ژیانی لاوان لە نیشتماندا بەو جۆرە سەخت بێت.

مەلەکیانی گوڵ جارێکی کە ئەو هەستەی بۆ گەڕایەوە کە شۆڕش تەنها کەرخانەیەک بووە بۆ سوتماکی لاوان، کارخانەیەک بۆ تەفروتونا کردنی خەونەکان، ئەو لەسەر شەقامەکاندا دونیایەک ناعەدالەتی و غەدر و بی ئومێدی بەدی دەکرد، هەستی دەکرد پەیامەکانی شۆڕش هیچ نەگەشتۆتە شوێنی خۆی و ئومێدی شۆڕشگێڕان وەدی نەهاتووە، مەلەکی گوڵ هێدی هێدی لە ڕوخسارە خەواڵوەکانی سەر کورسیەکان ڕادەمێنێ و لەسەر یەکێک لە کورسیەکاندا ڕوبەڕوی ڕوخسارێک دەبێتەوە کەلەیەکەمین نیگادا هەست دەکات ئاشنایە، ڕوخسارێک ماندوو کەلەدوکەڵی جگەرەدا وون بووە و ناسینەوەی ئەستەمە، کەمێک لێی نزیک دەبێتەوە و زیاتر لە سیمای ڕادەمێنێ، پیرە پیاوێک کە هەموو مووەکانی سیمای سپی بووە و بە دوکەڵی جگەرەکەی لێوەکانی ڕەش هەڵگەڕاوە، بەڵام بریسکەی شینایی چاوەکانی و زەردەخەنە ئەزەلیەکەی (نەجمەدیینی بەنا) بیری مەلەک دەخاتەوە، لەقوڵایی چاوەکانی دەڕوانێ و هەست دەکات ئەوە خۆیەتی، نەجمەدینی بەنا، بە ئەسپایی لێی نزیک دەبێتەوە و بەناوی خۆیەوە سڵاوی لێدەکات، ئەو بەسادەیی وەڵامی دەداتەوە، وەک ئەوەی دراوسێیەک سڵاوی لێ کرد بێت، بەبێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە

بەردەوام دەبێت لەسەر کێشانی جگەرەکەی و هیچ گرنگی بەمیوانە ناوەختەکەی نادات، ئەم لەتەنیشتی دادەنیشێت و لە دیمەنێکی دور دەڕوانێت و بێ ئەوە تەماشای بکات دەڵێ: ئەفسوس دواجار شۆڕش پیاوەکان دەخاتە سەر جادە، دواجار شۆڕشگێڕ پەناگەیەکی بۆ نامێنێتەوە پشوی تیا بدات.

نەجمەدین جارێکی کە بەبێ گرنگیدان بە میوانەکەی بەبێ ئاوڕدانەوە دەڵێ: هاوڕێ هەموو شتێ درۆ دەرچوو، من دوای درۆیەکی گەورە کەوتم، دوای وەهم کەوتم، دوای وشەی قەبە و گران کەوتم، بۆ چەند ساتێ بێدەنگ دەبێت و تەماشای ئەستێرەکان دەکات و لەمانگ دەڕوانێت و پاش چەند ساتێک زەردەخەنەیەکی تاڵ دەکەوێتە سەر لێوی، مەلەک بە بێدەنگی تەماشای ئاسمان دەکات، کاتێک نەجمەدین دەڵێ: هەمووومان لەیاریەکدا بووین لەسەروو ئێمەوە هێزێکی تۆکمە ڕێکی خستبوو، هەمووی درۆ بوو، نیشتمان، خاک، دڵسۆزی، نیشتمان پەروەری، خاک پەرستی، هەموو درۆ دەرچوو، تەنانەت فەرماندەش گەمژەترین پیاو دەرچوو هەمووومانی لە یاریەکدا ڕاگرتبوو کە تەنها ئازارەکەی بۆ ئێمە بوو، یاری پیاوە گەروەکان بوو، یاری ئەوانە بوو کەئەیانویست دونیا لەژێردەستی خۆیاندا بێت و داهاتی هەموو گەردوون و کەون و کائینات بۆ خۆیان کۆکەنەوە. ئەوانەی کەلەم سەری دونیا بۆ ئەو سەری دونیا بەپەنجەی دەستی ئەوان دەجوڵێت و کوشتنی ئینسانێک لەهەر زمان و نەتەوە و ڕەگەزێک دەستی ئەوانی تیایە.

مەلەک ڕایدەگرێت و دەڵێ: گەمژەیی لاویمان لەهەموو یاریەکاندا بەشداریمان پێدەکات، ئیدی کاتێ توانای

گەڕانەوەمان نیە تێدەگەین ئێمە چەندە گەمژەبووین، چەندە خلّەفاووبوین، چەندە زوو تەسلیم بووین، نەجمەدین ئاورِ لە میوانەکەی دەداتــەوە و دەڵـێ: هەمیشە بەناوی پیرۆزیەکانەوە یاریە ترسناکەکان دەست پێدەکەن، وڵاتانی گەورە دەیان ساڵە نەخشەی دەست بەسەراگرتنی دونیایان کێشاوە و لەڕێگای مرۆڤگەلی گەمژەی وەک ئێمەوە نەخشەکانیان جێبەجێ دەکـەن، ئیدی جارێک بەناوی نیشتمانەوە و جارێک بەناوی ئازادیەوە و جارێک بەڕێگای شۆڕش و جارێک کودەتا و جارێک خۆپیشاندان و جارێک مافی مرۆڤ و چی و چی و چی، دەست دەگرن بەسەر وڵاتاندا، هەرچی لەدونیادا بقەومێت، هەر گۆڕانکاریەکی سروشتی و سیاسی ڕووبدات سودی ئەوانی تێدایە.

مەلەک دەڵێ: هاوڕێم لەهەر وڵاتێک دڕندەیەک دەکەن بەحاکم و ناچارمان دەکـەن بچین لێیان بپاڕێینەوە تا دڕندەکە لەناو بەرن و خاکمان بکەن بەژێر پۆساڵەوە و دەیان دڕندەی کەمان بۆ دروست کەن و گشت سامانی وڵاتەکانمان تاڵان دەکەن، فەرماندەش گەمژە بوو ئێمەی گەمژەی فریوودا بوو وای دەزانی وڵاتان لەبەر چاوی کاڵی ئێمە ئەو هەموو هاوکاریە پێشکەش دەکـەن، نەجمەدین دەڵێ: هەموومان گەمژە بووین، ئەو هەموو پیاوە لە پێناو یاریەکی نەگریسدا مردن، نیشتمان لەپێناو یاریەکی غەریبدا خەڵتانی خوێن بوو، یاریەک کەدواجار خاکی دایکی هەرزان فرۆش کرد.

مەلەکیانی گوڵ و نەجمەدینی بەنا ئەو شەوە تا خەو شەکەتیان دەکات هەر قسە دەکەن بەبێ ئەوەی لە ناسنامەی یەک بکۆڵنەوە، بێ ئەوەی گرنگی بە کەسایەتی یەکتری

بدەن، درەنگانێکی شەو خەو دەیانباتەوە و  لەسەر هەمان کورسی بێ ئەوەی  ڕاکشێن دەنوون، ئەوان بەیانیەکی فێنک بەدەنگی چۆلەکە پاسارییەکان خەبەریان دەبێتەوە و مەلەک بەدەرونێکی ئالۆزەوە دەگەڕێتەوە لای هاوڕێکانی لە پەناگە نهێنیەکەی فەرماندە، کاتێ مەلەک دەگاتە ئەوێ برادەرانی [فەرماندە و حەسەنی ئایشێ و قادری خەزێنە و شاعیر و بەهمەنی بولبول] لە هەوڵی ڕێگایەکدان تا بیانگەیەنێت بە کۆساری حەکیم. فەرماندە دەڵێ: من ناوەکەیم داوە بەسەرجەم بازگەکانی ناوشار و دەرەوەی شار، ئەگەر بیەوێ لەشوێنێ بۆ شوێنێ بجوڵێ ئەوا بە قۆڵبەستی بۆمان دەهێنن، حەسەنی ئایشێ پێشنیار دەکات لەبەڕێوبەرایەتی ئامار بەدوای ناوی سیانیدا بگەڕێن و قادری خەزێنە دەڵێ: دەبێت مەیتخانە و سەرجەم زیندانە نهێنی و ئاشکراکانی بۆ بگەڕێین، شاعیر دەڵێ: من خەریکە نائومێد دەبم ڕەنگە وەک پیاوێکی دانا لەژێر ناوێکی نهێنیدا لە یەکێک لە دەزگا فەلسەفیەکاندا کار بکات یان لە دەزگایەکی ڕاگەیاندن ڕەخنەگرێکی گەورە بێت، بەهمەنی بولبول دەڵێ: ڕەنگە بە پێچەوانەوە وەک پیرە پیاوێکی ئاسایی لە یەکێ لە کوچەکاندا نیشتەجێ بێت.

مەلەک پێشنیار دەکات تـەواوی کوچەکانی شار بە شوێنیدا بگەڕێن ئەوان یەک هەفتە تەواوی کوچەکانی شار دەگەڕێن و سەدان پیاو بەناو کوچەکاندا بڵاو دەکەنەوە و دونیایەک هـەوڵ دەدەن تالە شوێنێ بیدۆزنەوە پەنا دەبەنە بەر شار و شارۆچکە و دێهاتەکانی دەروربەریش، بـەڵام لە هیچ کوێ ئـاسـەواری دیـاری نابێت، حەسەنی ئایشێ پێشنیارەکەی دووبارە دەکاتەوە و بەیانیەک پێکەوە

دەچنە بازاڕ  تا ڕووبکەنە بەڕێوبەرایەتی ئامار و لەوێ ناوەڕاستەکە بدۆزنەوە، حەسەنی ئایشێ دەڵێ پێویستیمان بە ناوی سیانی ئەم پیاوە دەبێت تا ناوی سیانیمان لا نەبێت نازانین بەدوی چیدا دەگەڕێین، ئەوڕۆژە لە ڕێگای بەڕێوبەرایەتی ئامار فەرماندە وەک شانازی کردنێک بە خۆیەوە لە مەلەک دەپرسێت ( هەست ناکەی دیمەنی شار لەگەڵ ئەو کاتەی تۆ ئێرەت بەجێ هێشت زۆر گۆڕاوە، هەست ناکەی دیمەنی ئێرە لە دێهاتێکی گەورەوە گۆڕاوە بۆ شارێکی شارستانی، هەست ناکەی ئەمانە جێگا دەستی شۆڕشەکەمان بێت، کەپێویستە هەمووومان شانازی پێوە بکەین و دڵ خۆش بین.

مەلەکیانی گوڵ هەربەدەم ڕۆشتنی ناو بازاڕەوە لەناو ئاپورەی خەڵکدا وەڵامی فەرماندە ئەداتەوە و دەڵێ: ناهاوڕێم من هیچ بەدیکۆر و جوانیەکانی شار دڵ خۆش نیم، لێرە هەموو شتەکان دیکۆرە، بیرت بێت دیمەنی جوانی باخچەکان بەسەروەتی ئەم میللەتە دروست کراوە، ئەم کۆشکە بەرزنە بە پارەی هەژاران براونەتە ئاسمان، ئەم هەموو دیکۆرە خوێنی خەڵکە. ئەفسوس سەروەتی نیشتمان کەوتە دەست کەسانێک کەهەموو شت بە دیکۆر دەزانن و لەبری ئەوەی هەیکەلی ویژدن و هەست و سۆز و مرۆڤ بونیان جوان بکەن، لەبری ئەوەی دیکۆری عەقڵی مرۆڤەکان جوان بکەن، تەنها دە زانن  دیکۆر بۆ ڕووی پێشەوەی باڵەخانەکان بکەن، ئەفسوس من هیچ دڵ خۆش نیم بەم ڕوکەش خانەیە ( لێرە هەموو شت جوانە مرۆڤ نەبێت، ڕووی هەموو شت ڕازاوەیە مرۆڤ نەبێت، هەموو شتەکان دڵ خۆش کەرن مرۆڤ نەبێت ) ئەوان هەر بەدەم

ڕۆشتنەوە دەگەنە بەردەم باخی گشتی شار و شاعیر دەستی فەرماندە ئەگرێت و ڕووە و باخچەکە دەیسوڕێنێت و دەڵێ: ئەها تەمشاکە مەلەک ڕاست دەکات، تەماشا لەناو جوانی باخچەکاندا دونیایەک سیمای غەمگین دانیشتووەن تەماشاکە کەس تاقەتی نیە ساتێ لە گوڵەکان ڕامێنێ، کەس لای فوارەی ئاوەکان وێنەیەک ناگرێت، تەماشا جوانیەکانی ئێرە نامۆن بە مرۆڤەکان، لێرە مرۆڤەکان وەک موسافیرێکی نامۆ و پەڕاگەندە بەلای جوانیەکاندا تێدەپەڕن بەبێ ئەوەی بەهی خۆیانی بزانن، وەک ئەوەی جوانی شار تەنها بۆ کۆمەڵێک پیاو ڕازێنرابێتەوە، دەشێ ئێستا خاوەنی شارەکانی ئێرە کرێنشین بن، دەشێ لەماڵەکانی خۆیاندا کرێی خاکیان لێوەرگرن.

ئەوان باخی گشتی جێدەهێڵن و دەگەنە بەردەم باڵەخانەیەکی ڕازاوە بەڕەنگی ئاڵتونی و قەشەنگ چەشنی باڵەخانەی وڵاتانی دەنیا، حەسەنی ئایشێ فەرماندە بەئاگادێنێتەوە و بە سۆزی برا بچوکێکەوە دەڵێ: هاوڕێ تەماشاکە لەژێر جوانی ئەو باڵەخانەیەدا چ ویژدان هەژێنێک دەبینی، فەرماندە لە دیمەنی ژنێک ورد دەبێتەوە کە قەشەنگی شاژنێکی هەیە و دوو منداڵی چڵکنی لە باوەش گرتووە و دەست لە ڕێبوارەکان ڕادەگرێت و لێیان دەپاڕێتەوە کەکۆمەکی بکەن، فەرماندە بەبێدەنگی سەر دادەگرێت، کەمێک لەولاترەوە پیرە پیاوێک دەبینن کە هەردوو قاچی قرتاوە و دەست لە ڕێبوارەکان ڕادەگرێت، ئەوان تا ناوەندی شار تێدەپەڕن دەیان دیمەنی کەی لەو شێوەیە دەبینن لەگەڵ دەیان دیمەنی منالانی بۆیاخ چی و عەرەبانەچی و عەلاگە فرۆش و ژنانی گیا فرۆش و

کۆنە فرۆش و پیرە پیاوە تەزبیح فرۆشەکانی بەردەم مزگەوتەکان و سەدان مناڵا لەسەر شەقام و شۆستەکاندا شتی دەستی دەفرۆشن. ژنان لەفولکەکاندا ڕاوەستاون و دەست لە شۆفێرەکان ڕادە گرن.

ئەو رۆژە پێش ئەوەی بگەنە بەڕێوبەرایەتی ئامار لەیەکێ لە مەوقیفەکانی پاس ڕادەوەستن تا پشویەک بدەن مەلەک ڕوو لە فەرماندە ئەکات و دەڵێ: ئەی دۆست ڕاستە دیمەنی شار گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەڵام دیمەنی مرۆڤەکان من وێران دەکەن، ئێوە دەیان ساڵە نەتانتوانیووە دیمەنی مرۆڤەکان جوان بکەن، نەتانتوانیووە زەردەخەنە بخەنە سەرلێوی لاوان، شارتان پڕکردووە لەباڵەخانە و بیناو باخچە و شەقامەکانتان بەگڵۆپ و ڕەنگ ڕازاندۆتەوە، بەڵام مرۆڤەکانتان هێندە غەمگین کردووە، لاوان بەسیمای ترشاوەوە بە پرچ و ڕووی ئاڵۆسکاوەوە بەسەر شەقامەکاندا دێن و دەچن. کچان بەو هەموو جوانی و ناسکی و میهرەبانیەوە وەک ئەوەی لەسەنگەرەکانی شەڕەوە گەڕابنەوە ماتەمینی لەسیمایان نیشتووە و چەشنی دوژمن لەڕێبوارەکان دەڕوانن، مناڵان جوانترین لیباسیان پۆشیوە و دڵخۆش دیارنین، ئەوینداران دەستیان لە نێو دەستی یەکدیدایە و دەڵێی بۆ بەردەم پەتی سێدارە دەچن، لەسەر گرانبەهاترین ئۆتۆمبیل دانیشتوون و دەڵێی لەڕێگای دۆزەخدا لێدەخوڕن، تەماشاکە فەرماندە ئەم هەموو نامۆییە چیە؟ بەڕوخساری مرۆڤەکانەوە، ئەمە غەمگینیەکی کوشندەیە، ئەمە کارەساتە کە مرۆڤەکان دڵیان بە هیچ خۆش نەبێت و تەواوی مرۆڤەکانی مەملەکەتێ غەمگین بن.

بەهمەنی بولبول کەتا ئـەو کاتە بـە قوڵی گوێی لە وشەکانی مەلەکیان ڕاگرتبوو دەست دەخاتە سـەر شانی و دەڵێ: ئاساییە هاوڕێم ئاساییە کەمرۆڤەکانی ئێرە دڵیان بەهیچ خۆش نەبێت، لەم شارەدا جگە لەکۆمەڵێ کۆنە ئاغا کەس خاوەنی هیچ نیە، کۆمەڵێ کۆنە ئاغا خاوەنی هەموو جوانیەکانی ئەم شارە و هەموو باڵەخانە و بینا بەرزەکان و ڤێلاکان و کارگە و کارخانە و کۆمپانیا و هەموو شتەکان هی کۆمەڵێک پیاون کەلەپڕ و لە ژێر سایەی شۆڕشدا بوون بە خاوەنی هەموو شت و ئێستا لەم شارەدا جگە لەکۆمەڵێ کۆنە ئاغا، ئەوانەی پێش شۆڕش و لەناو شۆڕش و دوای شـۆڕش هەر ئاغابون کەس خاوەنی هیچ نیە. حەسـەنی ئایشێ وەڵامـی بەهمەن دەداتــەوە و دەڵـێ: مـرۆڤ کەلە شاری باوباپیرانیدا خاوەنی هیچ نەبوو ئاساییە کە خۆی بە غەریب و نامۆ و غەمگین بزانێت.

مەلەک دەڵێ: ئاخر تێناگەم ئەم هەموو مرۆڤە نامۆیە بۆ دروست بوو، ئەم لەشکری ژنە غەمگین و ڕەشپۆشە لەکوێوە دروست بوون، کەلەسەر ئەم شەقامانەدا دەست لەخەڵک ڕادەگـرن، ئێوە دەیـان ساڵە چیتان کـردووە، بۆ نیشتمانتان پڕ کردووە لە نائومێدی و فیراق و مەئویسی، بۆ ڕەشبینی بەسیمای مرۆڤەکانەوە ئەبینم. تێناگەم بۆ سیمای کەس شادی پێوە دیار نیە، فەرماندە هیچ وەڵامێکی پی نابێت و وەک خۆدزینەوەیەک دەڵێ، برایان بەڕێوبەرایەتی ئامار کەمێکی ماوە.

ئەوان دەگەنە بەڕێوبەرایەتی ئامار و فەرماندە پێشنیار دەکـات تەنها مـەلـەک بـڕواتـە ژوورەوە، مـەلـەک بـەژور دەکەوێت و برادەرانی لەبەردەرگا چاوەڕوانی دەکەن، ئەو

زۆری پێناچێت بەدڵ شکاویەوە دێتەوە بۆلایان، هەمووان بەسەرسامیەوە لێی دەڕوانن، مەلەک دەڵێ: هاوڕێیان لەم سەرزەمینەدا فریشتەکانیش میهرەبان نین، خاتونێک لەبەرگی شازادەیدا وەک دڕندەیەک بەڕومدا هەڵَشاخا و گوتی تۆ پیاوی چ سەردەمێکی دەڵێی لەئەشکەوتەوە هاتووی، خۆ من ساحیر نیم ناونیشانی پیاوێک بدۆزمەوە، هەمووان بە غەمگینیەوە تەماشای دەکەن، دواتر لە ژێر لێوەوە دەڵێت: لەپرسگەکەدا پیرە پیاوێک پێ گوتم کەئەوە دۆستی بەرزانی عولەیە و ئەو کردوویێتی بە بەڕێوبەری ئەو بەشە، دەبوو خۆم هەستم بەوە بکردایە، وشەکانی ڕێک لەوشەکانی بەرزانی عولە دەچوو.

شاعیر دەڵێ: مەلەکی گوڵ دڵگران مەبە من ئەم جۆرە کچانە دەناسم، ئەمانە کچانێکی قوربانین، کچانێک کە ژیانێکی باش نەژیاون و لەخێزانێکی پەرتەوازەی نێرسالاردا گەورە بوون، دەشێ ئەم خانمە کەچاوی کردبێتەوە پیاوێکی نەگریسی بەرچاو کەوتبێ، کەچوبێتە کۆلان کۆمەڵێک کوڕ و کاڵی شەڕەنگێز و بێ هەستی دیبێت، کاتێ گەورە بووە و هەستی بەخۆی کردووە کوڕێک گوێی لە ناوەوەی نەگرتبێت و کەعاشق بووە و ویستوێتی پیاوێکی ناسک بناسێت و قەرەبووی هەموو پیاوەکانی بۆ بکاتەوە، گەنجێکی هەل پەرست خیانەتی لێکردووە، ئیدی دوای ئەوو هەموو پیاوە نەگریسە دواین پیاوی ناسیووە، پیاوێک لەهەموو پیاوەکانی کە نابووت تر، پیاوێک بەناوی بەرزانی عولە.

قادری خەزێنە دەڵێ: بەرزان پیاوێکی خاڵی لەهەموو ماناکانی پیاو بوون، ئەو پیاوە سەدەیەک لەدوای

مرۆڤایەتیەوە دەژیا، ئەو هیچی نەبووە پێشکەشی ئەو خاتوونەی بکات، هیچی شک نەبردووە جگە لەمشتێ شەهوەتی ڕووت، ئەو و هیچ پیاوێک نەیانتوانیووە وێنەیەکی قەشەنگی پیاو بخەنە بەردەستی ئەو خاتوونە، هیچ پیاوێ بەپیرۆزیەوە لێی نزیک نەبۆتەوە، ئیدی ئەوە کارەساتە ژن لەهەموو پیاوەکان نائومێد بێت. حەسەنی ئایشێ بەساردیەوە دەڵێ: هەر ئەمەش وای کردووە کەبەچاوی نزمەوە لەهەموو پیاوەکان بڕوانێت و ڕێز بۆ هیچ پیاوێک دانەنێ و دواجار بڕیاری داوە تۆڵە لە گشت پیاوەکان بکاتەوە، بەهمەنی بولبول بەدڵشکاویەوە دەڵێ: ئەو هەموو پیاوەکان بەچاوی بەرزانەوە تەماشا دەکات، وەک ئەو پیاوانەی کە ژنێک خیانەتیان لێ دەکات و تا کۆتایی لە هیچ ژنێکی دیکە نزیک نابنەوە و لە هیچ ژنێک نابوورن، ئاساییە بۆ ئەم ژنانە کە نرخ بۆ پیاو دانەنێن، ئەمانە بە کۆمەڵێ پیاوی بێ نرخ دەورە دراون.

مەلەکیان وشەکان لە دەمی بەهمەن وەردەگرێتەوە و دەڵێ: دەتوانین بڵێین ئەمەش هەڵەیەکی دیکەی شۆڕشە، هەڵەیەک لە هەڵە بچوکەکان کەدواجار میللەت باجەکەی دەدات، فەرماندە وەک بڵێی بڕیاریداوە بۆ هەموو لاریەکی شۆڕش بیانوو بێنێتەوە دەڵێ برادەران وەک ئاگاداری بەرزانن دەبێت کەمێک ڕەچاوی بارودۆخی ئەویش بکەن، من ئاگام لەچیرۆکەکەی هەیە، ئەو پیاوەش چەشنی ئەو خانمەش دڵی شکاوەو دڵشکاویەکەشی بەجەستەی کچانی دونیا چاک نابێتەوە، ئەو کاتێک بوو بە پێشمەرگە جوانترین و شۆخ ترین دەستگیرانی لەشار بەجێهێشت کە ئەو کچە نەیتوانی یەک ساڵ چاوەڕوانی بکات، تەنانەت نامەیەکیشی

بۆ نەنوسی ماڵئاوایی لێبکات شووی کرد بەمستەشارێکی ڕژێم، گەرچی دەشێ ئەو کچەش زۆر گوناهبار نەبێت و پێویستی بەژیانێکی ئاسایی بێت وەک لەوەی بیست ساڵ چاوەڕێی پیاوێک بێت، یان کێ بڵێ خانەوادەکەی ناچاریان نەکردبێت، گەر بەدوای هۆکاردا بگەڕێین ڕەنگە گوناهی وشە نەشیاوەکانی ئەم کچەی بەڕێوەبەرایەتی ئامار بکەوێتەوە بەسەر خۆماندا، پێکەنینێکی کەم دەکەن و فەرماندە بۆ ئەوەی کۆتایی بە قسەکان بێنێت دەڵێ: مەلەک حەزت لێیە (عوسمانی پۆلا) ببینی دەشێ ئەوت بیرچوبێتەوە، مەلەک وەک ئەوەی لەبەرزییەکەوە بیخەنە خوارەوە بەحەپەسانەوە تەماشای دەکات، فەرماندە بە زەردەخەنەیەکەوە دەڵێ، لەدوای شۆڕش هەموو ئەو پیاوانەی کە دیار نامێنن حسابی مردوویان بۆ دەکرێت، بەلام پۆلا شەهیدێکی ئامادەیە، مەلەک سەری نزم دەکاتەوە وەک ئەوەی شەرم بیگرێت، لەژێر لیوەوە دەڵێ: وای چۆن ئەو پیاوەم بیر چوو، چۆن یادەوەریەکی ئەوم بیرنەکەتەوە تەماشای قوڵایی چاوی فەرماندە ئەکات و دەڵێ: خێرا بمبە بۆ لای عوسمانی پۆلا، پێشنیار دەکات قادری خەزێنە و حەسەنی ئایشێ و بەهمەنی بولبول بچنەوە بۆ کۆشکە نهێنیەکە و خۆی و فەرماندە و شاعیر بە تاکسی یەک دەچن بەرەو ماڵی عوسمانی پۆلا.

لەڕێگادا شۆفێری تاکسیەکە هەر لەبەر خۆیەوە جوێن دەدات و بۆڵەی دێت، جوێن بەشار و شارستانی و کوچە و کۆلانەکان دەدات، جوێن بەدەسەلات و شارەوانی و پارێزگار و فەرماندە و شۆڕش و ڕاپەڕین دەدات، هەردەڕۆن و تاسەیەک دەبینن و جوێنێک دەدت، لەفولکەیەک

دەوەستن و جوێن بەپۆلیسەکە دەدات لەکۆڵانێکەوە دەچن و ئەوسەری گیراوە جوێن بە ئەندازیارەکە دەدات، تەنانەت جوێن بەکۆشک و تەلار و شێوازی بازاڕەکانیش دەدات، جوێن بەو ڕێبوارانە دەدات کەلەسەر شۆستەکانەوە نارۆن، جوێن بەو کچانە دەدات کەبەخێرایی ناپەڕنەوە. ئەوان تا کۆتایی گوێ لە جوێنەکان دەگرن، بەبێ ئەوەی هیچ بڵێن، بەڵام کەدادەبەزن مەلەک دەڵێ: ئەمەش پیاوێکی دیکەی نائومێد، پیاوێک بێزار لەدار و دیوار و شەقام و شۆستەو دەسەڵات، فەرماندە دەڵێ: تووڕەیی ئەم شارە لەسەر چەند پیاوێکە کەچی جوێن بەدار و دیوار دەدەن و ڕەخنە لە باڵی مێشولەش دەگرن، تەنانەت پیاوی ئەم شارە نازانن ڕەخنەش بگرن، نازانن چیان دەوێت.

کاتێ دەگەنە بەر ماڵی عوسمان فەرماندە خێرا جەرەسی دەرگا لێدەدات و بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی کەسێک بکات خۆی دەکات بەژووردا و بەحەوشەکەدا تێدەپەڕن و مەلەکیان بەسەر سامیەوە لەدوایانەوە دەڕوات و هەست دەکات ئەوە بێئەدەبیە دوای جەرەسی دەرگا لێدان چاوەڕوانی خاوەن ماڵ نەکەیت و خۆت بکەی بەژووردا، ئەوان بەداڵانێکدا تێدەپەڕن و دەگەنە بەردەم ژوورێک، مەلەک بە بینینی دیمەنی عوسمانی پۆلا دەحەپەسێت، عوسمان لەسەر عارەبانەی کەمئەندامی پێشوازیان لێدەکات، مەلەک دڵگرانیەکی زۆر دایدەگرێت و دەکەوێتە فکری ڕابردوو، بیری دەکەوێتەوە کەعوسمان تادوای شۆڕش سەلامەت بوو، گەرچی چەند جارێک بریندار بوو بوو، چەند جارێک لەمردن گەڕابوویەوە، بەڵام دوای شۆڕش بەساغی گەڕابویەوە بۆ شار.

مەلەک هێشتا سەرسامیەکەی نەڕەوی بویەوە دەنوشتێتەوە و عوسمان لەئامێز دەگرێت و بەغەمگینیەوە ماچی دەکات، غەمگینیەک چەشنی ئەو غەمگینیانەی کەکاتێ تەماشای چاوی تەرمێکی دەکرد، عوسمان بەئەسپایی دەڵێت: مەلەکی گوڵ لەدوای تۆ شەڕی ناوخۆ هیچ شتێکی وەک خۆی نەهێشتەوە، ببینە بەشی هەرەگەورەی ناشرینی ئێرە پەیوەندی بەو شەڕەوە هەیە، لەو شەڕەدا خۆمان لەدوژمن زیاتر یەکترمان وێران کرد، ئەوان کەمێک لەوێ دەمێننەوە و مەلەک تێدەگات کەلەسەرەتای شەڕی ناوخۆدا عوسمان بڕوای بەو شەڕە نابێت و پێشی باشە ئەو شەڕە ڕاگیرێت، وەک نوێنەری ئاشتی حیزبەکەیان دەکەوێتە گفتوگۆوە لەگەڵ بەرامبەردا، بەڵام کۆمەڵێک سیاسی بازرگان کەبەرژەوەندی و کاروکاسپیان لەشەڕەکەدا دەبێت و ئیشیان هینان و فرۆشتنی چەک و جبەخانە و خۆراک و پێداویستی جەنگ دەبێت، بۆسەیەک دادەنێن و ئەو پیاوانە دەکوژن کەدژی ئەو جەنگە کاردەکەن، بەڵام عوسمان وەک موعجیزە ڕزگاری دەبێت و دەکەوێتە سەر عارەبانە و بۆ هەمیشە واز لە سیاسەت دێنێت.

موزەفەری شاعیر دەیەوێت کەمێک لەباسی شەڕی ناوخۆ دورکەونەوە، دەڵێ: سەرسامی من بۆ پۆڵا تەنها هێندە نیە کەلەجەنگدا پۆڵا بوو، ئەم پیاوە لەعیشقدا پۆڵا بوو، دەکرێت زۆر جار ئازایەتی پیاو سەرچاوەکەی ترسنۆکی بێت، وەک چۆن هەندێ جار لەترسی مردن ئازایانە دەجەنگاین، ئیدی لەبەر ئەوە نازناوی پۆڵاییەکەی لای من گرنگ نەبوو، شێوەی ئەویندارییەکەی بۆ من گرنگ بوو، ئەو تەنانەت بە بێ مەبەست لەچەند شیعرێکما

ئامادەیی هەیە، مەلەکیانی گوڵ ئاگای لەم حیکایەتە هەیە، دەشێ هەمووان ئەو حیکایەتە ئەویندارییەیان بیستبێ. شاعیر ڕوودەکاتە پۆڵاو دەڵێ: عوسمان ئەویندار بوونت لە پۆڵاییەکەت گرنگتر بوو، بەڵام پێمان سەیرە ئەو خاتوونە لێرە نابینین، شلێرخان بۆ لەلات نیە، مەلەکیش بەسەرسامییەوە چاوەڕوانی وەڵامەکەی عوسمان دەکات، ئەو سەری نەوی دەکاتەوە و وەک ئەوەی شەرم بکات دەڵێ: من پێشتر بە مەلەکم گوت شەڕی ناوخۆ زۆر شتی گۆڕی، ئەو حیکایەتەشی دەستکاری کرد، بەجۆرێک کەکۆتاییەکەی نەچوییەوە سەر سەرتاکەی، مەلەکیانی گوڵ هیچ لەوشەکانی تێناگات، فەرماندە دەڵێ: مەلەک خۆ بیرتە ئەو عیشقەیان چەند پیرۆز بوو، بیرتە شلێریان ناونابوو دەستگیرانی شۆڕش، لەبیرتە هەر مەفرەزەیەک دەچوییەوە بۆ شار دەبوو نامەیەکی شلێری پێ بێت بۆ عوسمان و لە شاخیشەوە نامەیەکی عوسمانی ببردایە، سەدان شەو عوسمان بەناو ئەو هەموو دوژمن و مەترسیانەدا خۆی دەگەیاندە شار تاچاوی بە شلێر بکەوێت، تەنانەت دووجار لە مردن گەڕایەوە و جارێک نزیکی سێدارە بوویەوە، مەلەک بە حەپەساوییەوە دەڵێ: دەزانم هاوڕێیان، دەزانم عیشقی ئەمان جۆرێک عیشق بوو کە دەتگوت عیشقی ناو کتێبە پیرۆزەکانە، وەک ئەفسانەی ناو حیکایەتەکان وابوو، جۆرێک بوو لەدەرەوەی خەیاڵی مرۆڤە ئاساییەکانەوە، مەلەک و فەرماندە و شاعیر بەردەوام دەبن لەسەر قسەکانیان لەسەر شلێر و ئەو عیشقە جاویدانییەی، بەڵام عوسمانی پۆڵا بەرگەی ئەو وشانە ناگرێت دەچێتە چێشتخانەکەوە خۆی سەرقاڵ دەکات بە چا لێنانەوە.

شاعیر دەڵێت: هەندێک لە ئینسانەکان شتی جوانیان هەیە، لای من عوسمان لەو عیشقەدا زۆر جوان بوو، عیشقێ بوو خاڵی لەهەوەس بازی و شەهوەت فرۆشتن، عیشقێ وەک گوڵ لەڕۆحی دوو مرۆڤدا، هەمووان ئەو چیرۆکەیان بیستووە کە شەوی گواستنەوەی شلێر بۆ عوسمان هاوڕێیەکی ڕێکخستنە نهێنیەکانی ناو شار دەستگیر کرا کەپەیوەندی ڕاستەخۆی لەگەڵ عوسمان هەبوو، ئیدی دەبوو عوسمان شار جێبهێڵێت و ڕووبکاتە شاخ، لەبەر ئەمە ئەو شەوە لە نێون ئەم دوو عاشق و مەعەشوقەدا هیچ ڕوونادات، تەنها عوسمان تاراکەی سەری شلێر لادەدات و نێو چەوانی ماچ دەکات و حەقیقەتی بۆ ڕوون دەکاتەوە، پێی دەڵێ من دەبێت ڕوو لەشاخ بکەم، دەبێت بۆ ماوەیەک کەنازانم چەندە دەست بەرداری تۆ بم، دەبێ تۆ ئازاد بکەم، شلێر لەم وشانە حاڵی نابێت، عوسمان هەر ئەو ئەو شەوە مامۆستا دەهێنێت و ئەو گرێبەستە هاوسەرگیریە هەڵدەوەشێنێتەوە و دەڵێ ڕۆحی من ببورە ئێستا من دەبێت چەند کاتژمێرێکی دیکە لەشاخ بم و تۆش ئازادی گەر چاوەڕوانیم بکێشی یان شووبکەیتەوە، بەڵام ئەوەت لەبیر بێت من تائەبەد چاوەڕوانی تۆم، هەمان ئەو ساتەی عوسمان ماڵئاوایی لەشلێر دەکات و لەبەردەم دەرگای حەوشەدا ماچی دەستەکانی دەکات و سوێند بەچاوەکانی دەخوات کەتائەبەد لای پیرۆزە.

ئەوان بە درێژایی شۆڕش عیشقێکی جوان پێکەوە ژیان، جگە لەوەی کەلەچاوەڕوانیدا مایەوە هەفتەی جارێک دەهاتە شاخ و شەوێک لەگەڵی دەمایەوە و عوسمانیش زوو زوو لەگەڵ مەفرەزەکاندا دادەبەزی بۆ شار و چاوی بە شلێر

دەکەوت، بەڵام پیرۆزی ئەم عیشقە لەوەدا بوو بەدرێژایی سەدان مانەوەی ئەم دوو عاشقە، جەستەیان غیاب بوو، هەمیشە بە ڕوح شەیدای یەک بوون، لەناو پێشمەرگەکاندا زۆر جار بەعاشقانی روحی بانگ دەکران.

بەڵام زۆر جار لەلایەن پیاوەکانی شۆڕشەوە ڕەخنەی توندیان لێ دەگیرا بەتایبەت بەرزانی عولە و قالەی جامباز و سدیقی چاوبز، ڕەخنەی توندیان لێدەگیرا و پێیان وابوو ئەوەی ئەوان پیادەی دەکەن تەنها خۆ خەڵەتاندنێکە و هیچی دیکە، دەیان گوت عیشق واتە تێکەڵ کردنی دوو دەست و دوو قاچ و دوو هەناسە و هەموو پارچەکانی جەستە، عیشق واتە وەک مێرولە هەڵزنان بەجەستەی مەعشوقدا. تەنانەت هەندێ لەپیاوە ڕۆشنبیرەکانی شۆڕش بڕوایان وابوو ( عیشق واتە ئاوێتە بونی دوو روح و دوو جەستە ) بەڵام هەمیشە عوسمان دەیگوت: [لە عیشقدا دەبێت جەستە غائب بێت، دەبێت مرۆڤ چەشنی پەپولە و گوڵ عاشق بێت، چۆن بەبێ ئەوەی پەپولە خونچەیەک بڕاکێنێ لێوی دەمژێت] شلێریش هەمیشە دەیگوت ئێمە بەم جۆرە ئاسودەین، ئەوان لەناو خەیاڵێکی قوڵدا ئەبن و بیر لەعوسمان و ڕابردووی حیکایەتەکەی دەکەنەوە عوسمان بەخۆی و سینیەک چاوە بەسەر عارەبانەکەیەوە دەگاتە لایان.

ئەوان سەقاڵی چا خواردن دەبن عوسمان تەماشا دەکات و دەڵێ: زۆربەی هاوڕێیانی شاخ و شاریش پێکەنینیان بەم جۆری عیشقەی ئێمە دەهات، زۆر کەس لەدانیشتنی شەوانەی سەرمێزدا بۆ پێکەنین ئەم حیکایەتەیان دەگێڕایەوە و ببوینە جێگای گاڵتەجاڕی هەندێک پیاو کەلەعیشق

نەدەگەشتن، فەرماندە قسەکەی لەزار وەردەگرێت و دەڵێ: ئاخر هاورێ ئەو عیشقەی ئێوەش هەندێ زیادەڕەوی تیا بوو، [لێرە ئامانجی عیشق یەک شتە، دوو کەس ماوەیەک یەکتر دەناسن و یەکیان خۆش دەوێت و هۆگری یەک دەبن و عاشقی یەک دەبن و هەموو ئەمانەش تەنها بۆ ئەوە دەکەن کە جەستەیان بگەیەنن بەیەک و لەناو یەکدا بتوێنەوە].

عوسمان نێووچەوانی گرژ دەبێت و دەڵێ: ئەو پیاوانەی کە وابیر دەکەنەوە پیاوانێکی شەهوەت بازن و عیشق ناناسن و بەناوی عیشقەوە بەدوای شەهوەتەوە وێڵن و نازانن عیشق لەخەیاڵی ئەوان گەورەترە، ئەفسوس لێرە کەس لەعیشق ناگات، دەشێ لەهەزاردا یەک پیاو عاشق ببێت [عاشق بوونی حەقیقی وەک بینینی خودا وایە] لێرە نەکەس لە عیشق تێدەگات نەکەس دەیەوێت روحی ژن بناسێت [ژن سەبەتەی شەخەڵ نیە پیاو تەنها بۆ ڕۆکردنی پاشەڕۆی ئارەزووەکانی بەکاری بهێنێت، ژن روحلەبەرێکی قەشەنگە دەکرێت وەک گوڵی باخچەکان لێی بڕوانرێت و دەست بۆ پیرۆزیەکانی نەبرێت و بۆن بەپرچەکانیەوە بکرێت، ژن چەشنی گوڵ ناسکە ئەگەر لە نێو دەستەکانتا بەتوندی بیگریت و بتەوێت دەستەمۆی بکەیت و تەنها بۆخاڵی کردنەوەی شەهوەتت لەگەڵی بیت خێرا پەشموردە ئەبێت، وەک باڵندەیەکی سرک وایە گەر لەئامێزتا قەفەزت بۆ دروست کرد دەمرێت، دەبێت لە ئاسمانی خۆشەویستی خۆتا ئازادی بکەی.]

عوسمان کەمێک بێدەنگ دەبێت و مەلەکیانی گوڵ لەبۆشایی وشەکانیدا دەڵێ: هاورێ دەمەوێت بزانم لەدوای

شۆڕش و دەیان ساڵ چاوەڕوانی دوو ئەویندار، چارەنوسی ئەم عیشقە بەکوێ گەیشت، دواجار ئەنجامی ئەم عیشقە چی بوو؟ [گەرچی پرسیارێکی گەمژانەیە لەعیشقدا بۆ ئەنجام بگەڕێی، عیشق بۆ خۆی جوانترین ئەنجام و ئامانجە]. عوسمان دەڵێ: هاوڕێ ئەوە حیکایەتێکی تراژیدیە، من لەدوای ڕاپەڕین بیرم لەوە دەکردەوە کە بارودۆخ ئاسایی بێتەوە و بچمەوە بۆ گوندەکەم و بە یەکجاری دەست لەسیاسەت هەڵگرم و ئەو تەمەنەی کە ماومە لەگەڵ سروشت و شلێر و باڵندە و جوانیەکانی گوند ببەمە سەر، ئاخر شلێر هەمیشە دەیگوت عوسمان هیلاکم ئەم تفەنگە نەحلەتیە فڕێدە و باژیانێکی ئاسایی بژین.

بەڵێ بڕیار بوو هاوسەرگیری بکەین،( پێکەنینێکی تاڵ دەکەوێتە سەر لێوی) بەڵێ هاوسەرگیری چەند ووشەیەکی بێ مانایە، دەشێ یەکەم جار بێت وشەی هاوسەرگیری بەزارمدا بێت، لەهەموو تەمەنمدا وەک خۆی بیرم لە وشەکە نەکردۆتەوە، ئاخر تاعیشق هەبێت بیرکردنەوە لەو وشەیە گەمژەییە [ئەوانەی بە جدی بیر لەهاوسەرگیری دەکەنەوە، ئەوانەن کە خاڵین لەعیشق و دەگەنە بنبەستی ئەوین] بەڵێ مەلەکی گوڵ لە دوای ڕاپەڕین چاومان نەکردەوە شەڕی ناوخۆ دروست بوو، ویستم دەستی شلێر بگرم و دوای دەنگی عیشق کەوین، ویستم ئەو جەنگە نەفرەتیە دەستی منی تیا نەبێت، دەمگوت دوای ئازادی نیشتمان ئەرکی ئێمە تەواو بووە و پێویستە ئیدی بیر لە ژیانی خۆمان بکەینەوە.

فەرماندە بەقوڕگی پڕ لە گریانەوە دەڵێ: بەڵام من نەم هێشت کۆتایی ئەم حیکایەتە وەک سەرەتا بەجوانی بمێنێتەوە، دەداتە قوڵپی گریان و هەڵدەستێتە سەر پێ

و دەڵێ: من کۆتایم بەم عیشقە هێنا، من عوسمانم ناچار کرد لەگەڵمان بمێنێتەوە و شەڕی ناوخۆ ڕاوەستێنێ، عوسمانم کرد بەنوێنەری حیزبمان وەک وەفدی ئاشتی، فەرماندە هاوار دەکات و دەڵێ: لەهەر شوێنێ گوللەیەک دەتەقی عوسمان لەوێ ئامادە بوو، بەڵام ئەفسوس [لەم نیشتمانە خوێناویەدا جەنگ بیانوی ناوێت تەنها پێویستی بە چەند پیاوێکی گەمژەی تفەنگ لەشان هەیە، لێرە پیاوەکان ڕاهاتون بەجەنگ] فەرماندە لەوسەری ژورەکەدا بەئەسپایی دادەنیشێت و سەری لەناو ئەژنۆکانیدا دەشارێتەوە و بەڵام شاعیر ڕوی تێدەکات و دەڵێ: [لێرە کەس لە هەولی کۆتایی هاتنی جەنگدا نیە، ڕۆژێک لێرە و ڕۆژێک لەوێ، ڕۆژێک ئیدانەکردنی جەنگ و ڕۆژێک جوێن باران کردنی یەکتری، ڕۆژێک ئاگربەست و ڕۆژێک هێرش بردن بۆیەکتری، ڕۆژێک هەڕەشەی لایەک و ڕۆژێک داوای لێبوردنی لایەکی دی]

عوسمانی پۆلا دێتە ناو قسەکانی شاعیرەوە و دەڵێ: منی گەمژە بێئاگا لەوەی کەلەتوانامدا نیە ئاگری جەنگ بکوژێنمەوە، دەچوومە نێوان ئاگر بارانی شەڕی براکانەوە، لەدۆڵی نێوان چیاکاندا هاوارم لەسەنگەرەکانی هەردوولا دەکرد و دەمگوت: بەسە ئاگر باران ڕاگرن، تۆ گۆڕی شەهیدان، توو خاک، توو گشت پیرۆزیەکانی نیشتمان، توو گیانی دایکانی ڕەش پۆش ئەم جەنگە ڕاگرن، بەڵام پیاوانی ئەشکەوت گوێیان بە هیچ نەدەدا و لە شەوێکی ئەنگوستە چاودا بۆ ئەبەدی لە پەل و پۆیان خستم و کەوتمە سەر ئەم عارەبانەیە، ئیدی ئەو بەیانیەی کەلەنەخۆشخانەی دەرەوەی وڵاتەوە پێیان ڕاگەیاندم کەچیدی ناتوانم لەسەر قاچەکانم

ڕاوەستم و کورسیەکی کەم ئەندامیان بەدیاری پێدام، هەمان سات نامەیەکم بۆ شلێر نوسی کە من ئیدی پیاوێکی بێ کەڵکم و وەک مردووەیەک وام، تەواوی وردەکاریەکانم بۆ ڕون کردەوە و بۆ ئەبەدی ماڵئاواییم لێ کرد و دەیان ساڵ دور لە چاوی شلێر لە دەرەوە ژیام و گەرچی ئەو زۆر هەوڵیدا بەم دۆخەشەوە لەگەڵم بمێنێتەوە بەڵام من نەمهێشت ژنێک بەخۆمەوە پیر بکەم، هەموو ڕێگاکانم لێگرت و نەمهێشت پێم بگاتەوە، لەو کاتەوە تا ئێستا من بەنهێنی دەژیم و کەسمان هەواڵی کەسمان نازانین.

شاعیر دەڵێ ( عیشق واتە هەڵگرتنی ئازارەکان لەبری مەعشوق، واتە خۆ لەبیرکردن و بیرکردنەوە لە مەعشوق) مەلەک نەیدەتوانی ڕێگا لەکانی فرمێسکەکانی بگرێت و بە دیار چاوی عوسمانەوە نەگری، ئەو لەقوڵپی گریانا بوو، عوسمانی پۆلا دەیگوت: مرۆڤ یەک جار دەمرێت، کەچی من دووجار مردم، جارێک شۆڕش ڕۆحی کوشتم و جارێک لە عیشقدا مردم، عوسمان سەری لەنێو چۆکیدا دەشارێتەوە و بەدەم قوڵپی گریانەوە نەفرەت لەشۆڕش و جەنگ و سیاسەت و تفەنگ دەکات، نەفرەت لەهەموو ئەو شتانە دەکات کەجوانی دەکوژێت. هەمووان دەدەنە قوڵپی گریان، عوسمانی پۆلا بەدەم قوڵپی گریانەوە دەڵێ: هیچ شتێ لەوە سەخت تر نیە کەبۆ ئەبەدی نەتوانی لەسەر قاچەکانی خۆت ڕاوەستیت، نەتوانیت کوچەیەک بڕۆیت و ئێوارەیەک سەرێک لەباخچەیەک بدەیت و شەوێک لەکۆنە ئەشکەوتێک بمێنیتەوە، ئەو ئازارە زۆر سەختە، من لەشاخ یەک دونیا خەونم هەبوو،خەونم بوو لەدوای شۆڕش گوڵ لەهەموو ئەو چیاو بەرزاییانە بچێنم کەخوێنی

لێڕژاوە، خەونم بوو نیوەی داراییەکەم لەئازاد کردنی باڵندە ئەسیرەکاندا سەرف بکەم، لەخەیاڵما دامنابوو، سەدان جۆر باڵندە و ئاژەڵ و زیندەوەری دەگمەن لەوشوێنانە بڵاو کەمەوە کەلەشۆڕشدا ناچاربووین ڕاوی لێبکەین، بەڵام بەبێ قاچ هیچ خەونێک وەدی نایەت، پیاوی بێ قاچ چەشنی باڵندەی بێ باڵە کەخەون بەفڕینەوە ببینێت، بەڵام یەک شت منی هێشتۆتەوە خەیاڵێک کە هەمیشە بۆی دەژیم خەیاڵی مەعشوقەیەک کەلەروحما دەژی و هێندە بەسە کەهەست بکەم کەسێک بیرم لێدەکاتەوە و لە روحیدا هەڵی گرتووم.

دەشێ دواین مردن ئەوە بێت کەهەست بکەی مرۆڤێک نیە بیرت لێ بکاتەوە، مرۆڤێک کەهیچ گۆرانی و شیعر و فیلم و درامایەک تۆ نەخاتەوە بیری، [مردن واتە لەخەیاڵی مەعشوقەیەکدا ڕۆنەچی و کەسێک نەبێت هەست بەبونت بکات] دەشێ بۆ ئەبەدی نەتوانم هەستمەوە، بەڵام ڕۆحم لەڕۆحی ئەوردا هەمیشە گوزەر دەکات، هەمیشە لە باخچەکانی شار لەژوانە، ئەو بۆ کوێ بچێت منیش دەچم، زۆر جار خەون بەدونیایەکی جوانەوە دەبینم و هەست دەکەم لەشوێنێکی قەشەنگدام، ئیدی کاتێ خەبەرم دەبێتەوە دەزانم ئەو لەشوێنێ دڵی خۆشە، زۆرجار غەمگین دەبم، دڵنیام شتێ دڵی ئەوی شکاندووە، هیچ کاتێک هەستم نەکردووە ئەوم لەگەڵ نیە، بەدرێژایی هەموو ئەم ساڵانە شلێر لێرە بووە، لەتەنیشت من لەباخچەی حەوشەکەدا ئاوی گوڵەکانی داێراوە و لەمەتبەخەکە چای بۆ من ئامادە کردووە، هەمیشە ئەو لێرەیە لەتەنیشتم دائەنیشێت، هەناسە دەدات، پێدەکەنێت، تەنانەت بەیانیان کە لەخەو هەڵدەستم دەستێکم سڕ بووە هەست دەکەم لە ژێر سەری ئەو

دابووه، سەدان جار گوێم لەدەنگی بووه کە بانگی کردووم، زۆربەی شەوەکان لەجێگاکەمدا هەستاومەتەوە و بەدەم بانگی شلێرەوە چوومەتە باخچەکەوە و لەتەنیشت گوڵەکان ماچم کردووە، ئەو هەمیشە لێرەیە و دڵنیام منیش لەوێم.

شاعیر بەسەرسامیەوە دەڵێت: گەر سەدساڵی دیکەش بژیم بڕواناکەم دوو ئەویندار ببینم چەشنی ئێوە بەجوانی عاشق ببن، دەشێ لەهەزار کەسدا دووکەس وەک خۆی عیشق بناسن، دڵخۆشم کەسێک لەودوکەسە هاوڕێی منە. نێووچەوانی عوسمان ماچ دەکات و دەڵێ: من شانازیت پێوە دەکەم، ئێوە دوو گوڵ بوون لەنێو شەخەڵداندا سەوز بوون، بەڵام گوڵیەتی خۆتان لەدەست نەداو هەر بەگوڵیەتی مانەوە، مەلەکیانی گوڵ تەماشای قوڵایی چاوی عوسمان دەکات دەڵێ: هاوڕێ تۆ زیاتر ورەت بەمندا، هەستم دەکرد ئەستەمە بەردەوام بونم لەناو شۆرشی باخەوانی گوڵەکاندا، هەستم دەکرد ئەو شۆڕشەی من لەناو گوڵەکانەوە هیچ سودێکی نابێت و مرۆڤێک نەماوە لەجنسی گوڵ بێت و ڕەچەڵەکی بچێتەوە سەر خونچە، بەڵام تۆ هێندەی کە ئیرادەت بەهێز کردم، ئیستا تێدەگەم بۆ بەردەوام بوون لەسەر شتێک، ئیدی هەرچیەک بێت، تەنها عیشقێک پێویستە، منیش دوو عیشق شک دەبەم، عیشقی ئینسانیەت و ژیان،

ئەوان نزیکی نیوەڕۆ دەستەکانی عوسمانی پۆلا دەگوشن و لەکاتی ماڵئاوایدا فەرماندە هەواڵی کۆساری حەکیم دەپرسێت، عوسمان ناونیشانی ماڵی مەلا ئازادی پێدەدات و دەڵێ: مەلا بەشێکی زۆر لەئەرشیفی شاخی پاراستووە و دەشێ ناوی سیانی کۆساری حەکیمی لابێت. ئەو نیوەڕۆیە بەخێرایی فەرماندە و مەلەکیان و شاعیر دەچنە بەر ماڵی

مەلا ئازاد، بەڵام ژنێکی پیر دەرگایان لێدەکاتەوە، هەواڵی مەلا ئازاد دەپرسن، ئەو ژنە دەڵێ: ماوەی هەشت ساڵە ئەو خانووەی لەمەلا ئازاد کڕیوە، یەکێ لەکوڕەکانی پیرەژن ئامۆژگاریان دەکات کەئەگەر بیانەوێت مەلا ئازاد بدۆزنەوە دەبێت ناوەندە فیکری و ڕۆشنبیری و ئەدەبیەکانی بۆ بگەڕێن، دەڵێ: ئەو لەزۆربەی کۆڕ و کۆبونەوە فیکری و ئەدەبی ڕۆشنبیریەکاندا ئامادەیی هەیە.

ئـەوان بەهەموویانەوە دەیـان شـەو و ڕۆژ لەکۆڕ و کۆبونەوە و مەراسیمە ئەدەبی و ڕۆشنبیریەکانی شار بەشداری دەکەن و لەهەموو ئەو شوێنانە بەدوای مەلا ئازادا دەگەڕێن، لەکۆڕی شیعر خوێندنەوەی سەدان شاعیر و کۆبوونەوەی سەدان ناوەندی ئەدەبی و کلتوری دادەنیشن و دەچـنـە کۆنسێرتی دەیـان هـونـەرمـەندەوە، ئـامـادەی مەراسیمی ئیمزاکردنی کتێبی سەدان نوسەر دەبن، ڕۆژانە سەر لەناوەندی شار دەدەن و پۆستەری هەر چالاکیەک ببینن بەخێرایی بۆی دەچن، مەلەکیان واز لە گەڕان بەدوای مەلا ئـازاددا ئەهێنێ و چاو بۆ ئەو ناگێڕێت و لەدڵەوە گوێ لەوشەکان دەگرێت، بەرامبەر دەیـان گۆرانی بێژ ڕادەوەستن و جگە لەمەلەک هەموان چاو بۆ مەلا ئازاد ئەگێڕن، بەڵام مەلەک گوێ لەغەمگینی ئاوزەکان دەگرێت، گوێ لەوشە نەشاز و دڵهەژێنەکان دەگرێت، ئێوران لە فیستیڤاڵ و کۆنسێرت و پێشانگاکان بەشدار دەبن مەلا ئازاد نابینن.

هەمووان نائومێد دەبن لە دۆزینەوەی مەلا ئازاد، بەڵام مەلەکیانی گوڵ بۆ شتێکی دیکە نائومێدە، دوایـن ئێوارە کەلەکۆڕی شیعر خوێندنەوەی کۆمەڵێ لاو دێنە دەرەوە

یەخەی فەرماندە ئەگرێت و هاوار دەکات بەسەریدا و دەڵێ نیشتمانتان ویران کرد، ئاخ فەرماندە نیشتمانتان وێران کردووە، تەماشاکە وشەیەک نابیستم بۆنی ئومێدی لێ بێت، دەیان ڕۆژە من گوێ لەناڵەی دڵی شاعیران و چیرۆک نوسان و گۆرانی بێژان دەگرم، تەماشاکە لاوان بۆنی مردنیان لێ دێت، پڕن لەئارەزووی خۆکوشتن، توند تر یەخەی فەرماندە دەگرێت و هاوار دەکات بەسەریدا و دەڵێ: تۆ گوێت لەشیعری ئەو شاعیرە ئەسمەرە بوو، گوێت لێ بوو کە دەیگوت

سەرۆک....
ئێوە هەموو شتێکتان داگیرکرد
مـێــژ و و...
ڕ ا بــر د و و...
د ا هــــاتــو و...
کۆشک و تەلار و ڤێلا
شاروگوند و باخچە
دواجار سەرۆک
یاریش بوو بەیاری ئێوە.

مەلەکیانی گوڵ یەخەی فەرماندەی بەردەدا و دەیگوت دەزانــی ئـەم وشـانـە واتـای ئـەوە دەدات کەئێوە دوای داگیرکردنی هەموو شتەکان مەعشوقەی لاوانیش داگیر دەکەن و لەیاریەکانی خۆتاندا بەکاری دەهێنن، ئێوە چ جۆرە مرۆڤێکی داگیرکەرن، بێ ئەوەی کۆتر بازبن سەربانەکان پڕ دەکـەن لەکۆتر، بێ ئـەوەی حـەز لەنەغمەی بولبولێ بکەن، سەر دەرگاکان پڕن قەفەز، ئێوە تەنها پێویستتان بەئەسیرکردنی شتەکانە، تەنها دیل کردنی شتەکانتان

دەویێت، تەنها داگیرکەرن و هیچی دی، تەماشاکە فەرماندە دەیان ڕۆژە تابلۆی نیگار کێشێکم نەدیوە بەڕەنگ کێشرابێت، هەموو نیگارەکان بێڕەنگن، دەیان ڕۆژە بینەری گەلەری و پێشانگاکانم، بە نیگاری منداڵەکانیشەوە، نیگارێکمان نبینی بۆنی ژیانی لێ بێت، نیگارێکمان نەبینی خەندەی خستبێتە سەر لێوی منداڵێ، نیگارەکان پڕن لەمەئیوسی و نابوتی ژیانی ئەم وێرانەیە.

تەمشاکە فەرماندە گۆرانیەکانیش پڕن لەگریان و ئاوازەکان بەنۆتەی فرمێسک و ناڵەی نەی نوسراونەتەوە، ئەها وشەکان بۆنی نامۆییان لێدێت، مەلەکیانی گوڵ بەرقەوە لێی دەڕوانێ و دەڵێ: ئێوە نیشتمانتان هەلا هەلا کرد، خاکتان پڕکرد لە ڕەشبینی، ئەمە چ شۆڕشێ بوو، فەرماندە بەشەرمەوە لەژێر لێوەوە دەڵێ: ئاخر هەر لەبەر ئەمە بوو بیرم لەشۆڕشێکی دی کردەوە، مەلەک لەو پەڕی تورەییدا یەخەی بەردەدات و دەڵێ نەفرەتت لێبێت ئەم هەموو نائومێدیە بەرهەمی شۆڕشەکانە، ئەو شەوە هەمووان لەکۆشکە نهێنیەکەی فەرماندە کۆدەبنەوە، غەمگینیەک سەراپای هەمووان دەتەنێ، حەسەنی ئایشێ دەیەوێت ئەو هەموو ماتەمینیە بڕەوێنێتەوە، بەتایبەت غەمگینی مەلەکیان لەڕادە بەدەر بوو، ئەو نەیدەزانی ئەو باسانە زیاتر غەمگینی دەکات.

حەسەن ڕووی دەمی لەهەمووان دەکات و بەغەمگینیەوە وەک ئەوەی باسی شتێکی بێکەڵک بکات لەکاتێکدا کە تەماشای تابلۆیەکی دێرینی سەر دیوارەکە دەکات دەڵێ: من ئەو کۆدەم بۆ ناکرێتەوە و تێناگەم ئەو دوو دۆستەمان کۆساری حە کیم و مەلا ئازاد لەچی

هەڵدێن و بۆچی خۆیان دەشارنەوە، چەند دەقیقەیەک بەسەر پرسیارەکەی حەسەنی ئایشێدا تێدەپەڕێت، تەنها مەلەکیان وەڵامی دەداتەوە و دەڵێ لەو مەملەکەتەی کەهێز و تفەنگ حاکمە، دەبێت عەقڵ باربکات و خۆی بشارێتەوە، لەو مەملەکەتەی کەهەموو شتەکان بەهێز و چەک و جبەخانە، چارەسەر کران و وەڵامی قەڵەم بەچەک درایەوە، ئیدی بونی عەقڵ و ژیری پێویست نیە، ئاخر دروست بوونی پیاوەکانی سیاسەت و حوکمڕانی مەملەکەت هیچی لەسەر بنەمای عەقڵ و ژیری نەبووە، هەمووان پۆستیان لەبەرامبەر ئەو شەڕانەدا وەرگرتووە کەزۆرترین مرۆڤی تیا کوژراوە. فەرماندە دەنگ هەڵدەبڕێت و دەڵێ: ئاخر منیش بۆیە دەڵێم شۆڕشێ لەدژی ئەم دۆخە پێوستە، ئەم پیاوانە کەدەڵێی لەئەشکەوتەوە هاتوون لەسەر کورسیەکان بهێنرێنە خوارەوە، مەلەک خێرا قسەکەی پێدەبڕێت و دەڵێ : فەرماندە دەبوو لەشۆڕشی پێشوو پۆستیان نەبێت، کەپۆستیان هەبوو ئیدی ئاسان لاناچن، ئەم دۆخە تەنها ئێمە دروستمان کرد و زۆربەشی گوناهی تۆیە، تۆ ڕێگات نەدا هەمووان ببینە باخەوانی گوڵەکان، دەبوو هەمووان ببن بەباخەوانی گوڵەکان.

مورزەفەری شاعیر بەغەمگینیەوە و لەژێر لێوەوە دەڵێ: مەلەکی گوڵ هەست ناکەی باخەوانی کردنی گوڵ بەو جۆرەش ئاسان نیە [ئاخر هەمووان لەتەریقەتی خونچە نین تاببین بەگوڵ ] هەموومان لەنەسلی باخچە نین، هەمیشە سەوز بین، دەشێ گەر مرۆڤ رۆحێکی گوڵ ئاسای نەبێت نەتوانێ ببێتە باخەوان ودەشێ هێزێک نەبێت مرۆڤ لە جەلـلادیەوە بگۆڕێت بۆ باغەوان، دەشێ ئاسان بێت

پەپولەیەک بگۆڕیت بۆ دوپشک، بەڵام دژوارە جەللادێ ببێتە باغەوان.

بەهمەنی بولبول دەڵێ گەرچی ئاسایی نیە ئەو پێوانەیە، ئاخر ئێمە چارەکە سەدەیەک دۆستی تفەنگ بووین و گوڵمان خستۆتە ژێر پێمان، ناکرێت لەپڕ ببینە باغەوانی گوڵ، بەڵام لەم دونیایەدا هیچ شتێ ئەستەم نیە، دەشێ ڕۆژێک فریشتەکان لەسەر زەوی بەرببنە یەکدی و جللادەکان ببنە فریشتەی سەر زەوی، ئێمە چارەکە سەدەیەک چاوی بینینی گوڵمان نەبوو، ئێمە نەماندەتوانی گوێ لەگۆرانیەکی ژیان دۆستی ڕاگرین، نەدەکرا لەتفەنگ و باروت و خوێن و جەنگ و دوکەڵ خافڵ بین.

شاعیر دەڵێ: مەلەک تۆ لەدڵەوە شاعیریت [هاوڕێ باغەوانی گوڵ واتە بوون بە دۆستی گوڵ، واتە ژیان دۆستی و جوانی ناسی و پڕبوون لەمیهر و خۆشەویستی، واتە لە پەڕەی گوڵەوە تەماشاکردنی دونیا].

فەرماندە بەتوڕەییەوە دەستی دەکێشێ بەسەر میزەکەی بەردەمیدا و دەڵێ: چیدی ئێمە بەکەڵکی باغەوانی کردنی گوڵ نایەین، ئیدی پەنجەی ئێمە بۆنی گوڵ نادات، ئێمە بەوشەیەک نابینە باغەوانی گوڵ، مەلەک من ئەمە دووەم جارە باسی دەکەم، تێناگەم چۆن ئەو هەمو خوێنەت لەجەستەی خۆت تەکاند، چۆن بویتە باغەوانی گوڵ و چۆن پەنجەکانت لەبۆنی باروت پاک کردەوە و بەچی ژەنگی ئەو تفەنگەت لەدەستت تەکاند، ئاخر پێم بڵێ ڕۆحی ئەو سەربازانەت چۆن لەبیر کرد کە لەهێرشەکانی تۆدا دەکوژران، چی بەو هەموو روحە دەڵێی کەتۆ کۆتایت بۆ دادەنان و ناردنتەوە بۆ لای خودا، بۆ جەهەنەم، بۆ هەر

شوێنێ کە خۆت پێت خۆشە. ئاخر پێم بڵێ تۆ لەچ کانیەک لەش پیسی خۆت لەخوێن پاک کردەوە، لەچ بارانێ ویژدانت شۆردەوە، دەی پێم بڵێ تۆ چۆن بوویتەوە بە ئینسان، ئاخر هاوڕێ مرۆڤ کە دەستی چووە خوێنی مرۆڤ، ئیدی ئەستەمە ببێتەوە بەئینسانێکی ئاسایی.

قادری خەزێنە کە تائەو کاتە هەر گوێگر بوو لەوێدا دەڵێ: دەشێ ئەوەی لەڕابردوودا ڕویداوە گوناهی هەمووومان بوو بێت، شۆڕش ئەگەر چاک بوو یان خراپ کاری هەمووومان بوو، شۆڕشمان کردە بیانوی کوشتنی ئەو هەموو مەخلوقە و ئیدی بڕواناکەم ئێستا بە وشەیەک ببینەوە بەباغەونی گوڵ، نا ئەوە ئەستەمە باغەوانی کردنی گوڵ هەر ئەوە نیە باغێک پڕکەین لەگوڵ و ئاوی بدێرین و خزمەتی بکەین، نا هاوڕیان مرۆڤ دەبێت لە دڵەوە باغەوان بێت یان لەدڵەوە بەڕۆح ببێت بەباغەوان یان لەئەزەلەوە کوڕی درەخت و خونچە بێت، نەوەی بیابان نابێت بەباغەوان، بەڵام دەکرێت مرۆڤ ئەو تەمەنەی کەماویەتی لەحزوری گوڵدا سەرفی بکات و ببێتە هاوڕێی خونچە، دەکرێت مرۆڤ لەقوڵایی چاوی خونچەیەکدا چاوەکانی بشواتەوە و لەگوڵاوی باخێکدا دەستە خوێناویەکانی پاک کاتەوە.

مەلەک هەناسـەیەک هەڵدەکێشێت و دەڵێ : هیچ کات درەنـگ نیە بـۆ بـوون بەباغەوانی گوڵ، تەنهـا هێندەی دەوێـت کەمرۆڤ بیەوێت لەحـزوری گوڵدا نابوتیەکانی بشـواتەوە، گوڵ هەرگیز دەسـت نانێ بەڕوی مرۆڤەوە، وەک چـۆن ئینسـان لەپاکیزەییـەوە دەبێـت بەجەلـلاد، ئـاواش دەتوانـێ لەجەللادیـەوە ببێتـەوە بەفریشـتە، بـوون بەباخەوانـی گوڵیش هێندە ئەسـتەم نیـە، ئەگەر

ئێمــە دەســتمان بۆ جوانــی کراوە بێت، ئــەوە ئێمە بوین لەڕابردوودا گرنگیمان بەهیچ نەدەدا تەنها شۆڕش نەبێت، دوای یەک ئامانج کەوتین تەنها شۆڕش و بەس، عیشقی خاک کوێری کردین، لە ڕابردودا خۆمان و خاک و میلەت و نیشــتمانمان خســتە خزمەتی شــۆڕش و زۆر جار بۆ خزمەتی شــۆڕش بەشــێکی خاکمان دەســوتاند، ئەوەیە ترســی منە لەدروســت بونــەوەی شــۆڕش، ئێمە دەبوو لەبری شۆڕش نیشــتمان بکەینە دوا قیبلە و ئامانج، واتە لەکوێدا خاک پێویســتی پێمان نەما بچینــەوە بۆ ماڵەوە، بەڵام ئێمە بەهەڵە شۆڕشــمان کــرد، ئامانجی گەورەمان سەرکەوتنی شۆڕش بوو نەک نیشتمان.

ئەو شەوە تا هیلاک دەبن دەدوێن مەلەک و فەرماندە لەهیچ شتێکدا یەک ناگرنەوە، شەو لە نیوە تێدەپەڕێت و کات بەخێرایی دەڕوات و میلی کاتژمێرەکە وچانێک نادات هەمــوان دەنــوون و فەرماندە و مەلەک هــەر خەریکی بیرکرنەوەن، ئاسمان هێدی هێدی خەریکە ڕوناک دەبێتەوە و تیشکی ڕوناکی لەپەنجەرەکانەوە دێتە ژوورەوە، مەلەک هەر ناتوانێت بنوێت، جلی خەوەکانی دادەنێت و جلی دەرەوە لەبەر دەکات و بێ ئاگادار کردنەوەی کەس دێتە دەرەوە، ئەو ڕۆژە مەلەکی گوڵ بە تەنها بەناو بازاڕدا دەسوڕێتەوە و سەردەکات بەهەموو کون و قوژبنێکی شاردا، سەرێک لەبازاڕی کۆنە فرۆشیەکی شار دەدات، لەوێ ئەو ژنانە دەبینێ کەلەجەنگەکانی نیشتماندا پیاوێکیان بۆ نەماوەتەوە و بوونەتە ڕەش پۆشی ئەبەدی، کەمێک لەخواری ئەمانەوە سڵاو لەژنە گیا فرۆشەکان دەکات، ئەو ژنانەی کەزەمەن وای لێ کردبوون شەرم لەو هەموو ڕێبوارە نەکەن.

مەلەک بەسەر شەقامەکانەوە ئاهێک بۆ ژنە سواڵکەرەکان هەڵدەکێشێ و لە بێ شەرمی ئەو کچە تازە باڵغانە ورد ئەبێتەوە کەجامی ئۆتۆمبیلی کوڕە نازدارەکان دەسڕنەوە، جامی ئۆتۆمبیلی ئەو کوڕانەی کە بەدەوڵەمەندی لەدایک ببوون و کوڕی پیاوانی سیاسەت بوون، کوڕی ئەو پیاوانەی کەلەشاخیش هەر ئاغا و کوێخا و پیاوی گەورە بوون، کوڕی ئەو پیاوانەی کەکاتی خۆشی لەشاخیش هەر بە ئۆتۆمبیل هات و چۆیان دەکرد و هەمیشە پاسەوانی تایبەت و شۆفێری تایبەت و پیاوی تایبەتیان هەبوو، مەلەک کەمێک بەدیار بێشەرمی ئەو کچە تازە هەڵتۆقیوانەوە دەمێنێتەوە کەنێرگز بۆ ئەو کوڕانە ڕادەگرن کەکاریان تەنها شەهوەت فرۆشتنە بەکچە کاڵفامەکانی شارە.

ئەو ڕۆژە مەلەکیان زەمەنێک بەدیار ئەو پیاوانەوە ڕادەوەستێت کە هەریەکە بەشی هەناسەیەک تەمەنیان ماوە و هەریەکە باوەشێ کەلوپەلیان پێیە بۆ فرۆشتن، یەکێ گۆرەوی، یەکێ بیجامە، یەکێ فانیلە، ئەو پیاوە دەستگێڕانەی کەهەموو سەرمایە و دەست مایە و قازانجیان نیوو هێندەی پارەی پێڵاوی کوڕە نازدارەکان ناکات، ئەو مودەتێ لەئاهی ساردی دەستگێڕەکان ورد ئەبێتەوە و بەبەردەم شوێنی وەستانی کرێکارەکاندا تێدەپەڕێت کەسەدان پیر و لاو وەستابوون تاکەسێک بیانبات بۆ ئیش، بەڵام کەس نایە بڵێت ئەرێ ئێوە ئیش دەکەن یان لێرە زەمەن دەکوژن، ئەو کەلەوێ دەڕوات زەمەنێ لای پیرەمێردێکی بۆیاخچی دادەنیشێ، پیرە پیاوێک قۆندەرەی ئەو کوڕانە ڕەش دەکاتەوە کەنرخی

تاکێک قۆندەرەیان نیە، ئەو کوڕانەی کەهێندەی تاکێک قۆندەرە سودیان نەبووە بۆ خاک و مرۆڤایەتی، ئەو کوڕانەی کەهێندەی تاکێک قۆندەرە قورساییان لەسەر ژیان دانەناوەو بوون و نەبوونیان بۆ نیشتیمان وەک یەک وایە.

ئەو شەوە مەلەکیانی گوڵ بەسەر شەقامەکانەوە دەمێنێتەوە و لەشکرێ منالّی نابالّغی ئیش کەر دەبینێ، یەک لەشکر منالّ لەو منالاّنەی کەلەجەنگەکانی نیشتیماندا باوکیان دۆڕاندبوو، لەناوەندی شار و لەنزیک مزگەوتی گەورەی شار دونیایەک پیاوی ڕیش سپی عارەبانەچی دەبینێ، ئەو پیاوانەی کە دوای بەشداری کردنیان لە دەیان شۆڕش، ئەو پیاوانەی کەسەدان جار بەهۆی شۆڕشەکانەوە نزیکی مەرگ ببونەوە و ئەگەر شۆڕشەکان نەبوایە ڕەنگە جوانترین ژیانیان هەبوایە، مەلەک ئەو پیاوە پیرانە دەبینێت کە بۆخۆشیان بە ئاستەم ڕێگا دەبڕن، کەچی هەریەکە و عەرەبانەیەک شمەکیان دەگواستەوە لەشەقامێک بۆ شەقامێکی دی، مەلەک دەچێتە گوزەری ئاسنگەرەکان و سوپایەک گەنجی لەفەفرۆش دەبینێ، ئەو گەنجانەی کەئێواران لەزانکۆکاندا خۆیان نەدەگۆڕیەوە بە تاجی پاشاکان، دونیایەک گەنج کە ویقار و قورسیان لەقورسی سەرۆکەکان زیاتر بوو. ئەو شەوە مەلەک شارێک دەبینێ کە گومان لە زەمەن و سەر دەمەکەی دەکات و دەترسێت ئەم وێنانە ئەندێشەی سەدەیەک پێشتر بن، گومان لەچاوەکانی خۆی دەکات، هەست دەکات ئەو دیمەنانە دیمەنی سەدەیەک پێشترن و لەقولایی چاوی ئەودا ماونەتەوە، دەست لەعەرەبانەی

لەفە فرۆشەکان دەدات، دەست بەڕیشی سپی ئەو پیاوەدا دینێ کە تەنها ئاو دەفرۆشێ، تەوقە لەگەڵ بۆیاخ چیەکان دەکات، دەست بەسەر منداڵەکاندا دێنێ، لەوێ هەموو شتێ حەقیقەتە و ئەو لەشارێکی جێماودا ئەسوڕێتەوە، شارێک کەلەمێژووی شەڕەکان جێماوە، شارێک کەلەزەمەن بەجێماوە، شارێک سەدەکان لەدوای خۆیان بەجێیان هێشتووە.

مەلەک بەیانیەک ڕوودەکاتە تیرمیناڵی شارۆچکەیەکی نزیکی شار و یەکێک لەو شارۆچکانەی کە ڕژێم دەیان ساڵ پێشتر لەبری شۆڕش و بەبیانوی بونی پێشمەرگە تیایدا سوتاندی و بە ئاو خاک و مەخلوق و جوانیەکانەوە هەپروون هەپرونی کرد.

لەتیرمیناڵ سواری پاسی شارۆچکەکە دەبێت، پاسێکی کۆنی شکاو کە دەڵێی ئەو ئۆتۆمبیلانەیە کە لەعەنتیکە خانەکاندا دادەنرێن، تادەگاتە شارۆچکەکە بە تەقە تەق سەری مەلەک توشی ژانێکی زۆر دەکات، مەلەک لە پاسە کۆنەکە دادەبەزێت، وەک ئەسیرێکی دوای جەنگ کەگەڕابێتەوە بۆ شارەکەی خۆی، سەر بەهەموو کوچەکاندا دەکات و لەوێرانی خانووەکان رادەمێنێ و بەسۆزەوە بەگشت شەقامەکاندا هەنگاو دەنێ و سەر بەخانووە ڕوخاوەکاندا دەکات و سەرنج لە تەپ و تۆز و پیس و چەپەڵی شار دەدات و سەرسامە بەنابوتی شار و هەست دەکات شار هەمان ئەو ڕۆژەیە کە خاپوور کرا، ئەو ڕۆژەی کە مەلەک و هاوڕێکانی دوای سوتانی لەشاخەوە دابەزین لەخۆڵە مێشەکەی ورد بوونەوە، هەست دەکات هەمان ئەو ڕۆژەیە کەلەگەڵ پێشمەرگەکاندا

هەزاران تەرمیان کرد بە ژێر خاکەوە، ئەو ڕۆژەی کە هەندێک لە پیاوەکان سەرقاڵی ڕووت کردنەوەی ژنەکان بوون لەخشڵ، ئەو ڕۆژەی کە دوای سوتانی شار هەندێک لە هاوشاریەکان مابوونەوە و خەریکی تاڵان کردنی شاربوون، مەلەک هەستی دەکرد ئێستای شار و ڕۆژی کارەست جیاوازیەکی ئەوتۆی نیە.

ئەو چوار شەو و چوار رۆژ لەو شارە وێرانەیەدا دەمێنێتەوە و جگە لەشارێکی پڕ لە تەپوتۆز و غەمگینی و ڕەش پۆشی هیچی دیکە نابینێت، جگە لەکۆمەڵێک مرۆڤی پاشماوەی شیچت، هیچی دیکە نابینێت، چوار شەو و چوار ڕۆژ بەو شارەدا دێت و دەچێت باخچەیەکی سەوز یان بەردەرگایەک نابینێ گوڵ ڕێژ کرابێ، بە نێو شارێکدا هەنگاو دەنێ کەخاڵیە لەگوڵ و باخچە و سەوزی، خاڵی لەپێکەنین و جوانی و شادیو خەندە بەڕوخساری هاوشاریەکانەوە نابینێت، هەست دەکات مرۆڤەکانی ئەو شارە وەک بۆمبی تەوقیت کراو وان دەستێک یان بەریەک کەتنێکیان دەوێت بۆ تەقینەوە، تەنانەت ئەو باخچەیەش کەلە ڕۆژی کارەساتەکەدا سەوز بوو لەبەرچاوی مەلەک زەرد هەڵگەڕابوو پڕیان کردبوو لەئاژەڵ و یەک مرۆڤ لەسەر کورسیە تۆزاویەکانی دانەنیشتبوو، مەلەک چوار شەوو چوار ڕۆژ بەسەر شەقامەکانەوە هەنگاو دەنێت و لەسیمای مەخلوقەکان ورد ئەبێتەوە و بەدرێژایی هەموو ئەو ماوەیە جگەلە کۆمەڵێ ڕوخساری غەمگینی نا ئومێد، جگە لەکۆمەڵێ سیمای تورەی چەشنی شێت، هیچی دیکە نابینێ و بەغەمگینیەکی زۆرەوە ئەو شارۆچکە خاپوورە بەجێدەهێڵێت.

ئەو ئێوارەیەکی درەنگ سواری پاسێکی ژەنگ گرتوو دەبێت و سەرێک دەدات لەمەملەکەتێکی دیکەی نیشتیمان ئەو دەڤەرەی کە بەهۆی شۆڕشەوە ڕژێم زۆربەی مەخلوقەکانی زیندە بەچاڵ کرد بوو، ئەو ناوچەیەی کە هەزاران مرۆڤ تیایدا بەزیندووی کرا بوون بەژێرخاکەوە، ئەفسوس مەلەک هەستی دەکرد ژیان لەوێش وەک موعجیزە بەرێوە دەچێت، ئەو هەرچەند لە سیمای شەقام و کوچە و خانووە گڵەکان ورد ئەبویەوە، هەرچەند لەخاپوری شاری دەڕوانی هەستی دەکرد، سەردەمی خاپوری نیشتمان هەر بەردەوامە، هەستی دەکرد، ئەو هەموو مرۆڤە لەخۆڕا مردن و ئومێدەکانیان هیچ وەدی نەهاتووە.

مەلەکیانی گوڵ ناتوانێت تەنها چەند شەوێک لەو مەملەکەتەدا ڕۆژ بکاتەوە نیوەشەوێکی دەیجور بە دەرونێکی هیلاکەوە دەگەڕێتەوە کۆشکە نهێنیەکەی فەرماندە، ئەو دەیەوێت کەمێک هیلاکی دەرونی بحەسێتەوە، کەچی لەوێ غەمگینیەکی کوشندە بە سیمای هاوڕێیانیەوە دەبینێ، غەمگینیەکی سەیر، غەمگینیەکی لەو جۆرە غەمگینیانەی کەلەکاتی شکستە گەورەکانی شۆڕشدا لەسیمایان دەنیشت، بەحەپەسانەوە لەسیمایان ورد ئەبێتەوە، سەیری لێدەێت کاتێ دەبینێ کە هیچ کەس حەوسەڵەی نیە وەڵامی سڵاوەکەی بداتەوە، کەس تاقەتی نیە سەرنجی بەلای خۆیدا ڕاکێشێ، هەست دەکات شتێکی گەورە ڕویداوە. تاوەکو حەسەنی ئایشێ هەڵدەستێتەوە بەپیریەوە و دەست دەخاتە سەرشانی و بە ئاستەم زار هەڵدێنی و دەڵێ: مەلەکی گوڵ کۆساری حەکیم کوژرا، دواجار پیاوە حەکیمەکان چارەنوسیان کوژرانە، مەلەک وەک ئەوەی لەئاسمانەوە

بەر درابێتەوە بە حەپەسانەوە لێی دەڕوانێت و تەماشای فەرماندە ئەکات کە سیمای لە ناو لەپی دەستیا شاردۆتەوە، بەهمەنی بولوبلیش دێت بەرەو پیری و دەڵێ: بەڵێ مەلەک دوێنێ لەنەخۆشخانە گیانی سپارد، دواجار ئەومان کوشت، مەلەک زیاتر سەرسامی دایدەگرێت، قادری خەزێنەش لێیان نزیکدەبێتەوە و دەڵێ هاوڕێ چەند ڕۆژێک دوای دیارنەمانی تۆ لەیەکێک لەبازگەکانی دەروازەی شار دەستگیر کرا کەدەیویست بەرەو سنور هەڵبێت، شەو ڕۆژێک بەڕێوەبەری بازگەکە ئازاری دەدات و دەیەوێت دان بە تاوەنەکانیدا بنێت، یان ڕونتر بڵێن شتێکی دەست کەوێت.

مەلەک هاواری لێ هەڵدەستێ و بەدەم کەوتنە سەرچۆکەوە دەڵێ: ئاخر کۆساری حەکیم چ جۆرە تاوانێکی هەبووە، ئاخر بۆ ئەوان حسابی هەڵهاتویان بۆ کردووە، بۆحسابی دوژمنیان بۆکردووە، قادری خەزێنە دەڵێ: هاوڕێ ئەوان وەک دوژمن لێیان ڕوانی بوو، بەبێ ئەوەی ئاگایان لەوە بێت کەلە نیشتمانەکەی ئێمەدا لەبری دوژمن دۆست خۆی دەشارێتەوە، دۆست هەڵدێت، شاعیر بەدەم قوڵپی گریانەوە دەڵێ: شەو و رۆژێک جەللادێک دەنێرنە ژورەکەیەوە و هەمووو شێوازەکانی ئازاردان لەسەر جەستە و روحی کۆساری حەکیم تاقی دەکانەوە، کۆسر وەک هەڵوێستی هەمیشەیی بەڕقدا دەکەوێت و وشەیەک ناڵێت، ئەو مان دەگرێت لەنان و ئاو و قسەکردن، شاعیر قورگی پڕدەبێت لە گریان. قادری خەزێنە دەڵێت: کۆسار لەپەل و پۆ و زوبان دەکەوێت، فەرماندە تا ئەو کاتە سیمای لەناو لەپی دەستەکانیا شاردبویەو و دەگریا، لەوێدا سەر هەڵدەبڕێت و دەڵێ: ئەو ڕۆژەی کە هەواڵەکەیان بۆ من

هێنا، کۆسار لە مردن نزیک ببویەو کەڵکی پێوە نەبوو تاباسی هیچی لەگەڵ بکەین بەئاستەم هەناسەی دەدا و مردنی لەگەڵ هەناسەدانێکیدا هیچ جیاوازیەکی نەبوو.

ئەو شەوە تا بەیانی کەس خەوی لێ ناکەوێت و بەرەبەیانێکی زوو هەمووان خۆیان دەپێچنەوە تامالّئاوایی لە فەرماندە بکەن، فەرماندە چاوەڕوانی دواین وشەکانیان دەبێت، بەڵام ئەوان دەیانەوێت ماڵئاواییەکی بێ سرتە بێت، ماڵئاواییەک کە وشەی تیا بەکار نەیەت، فەرماندە ڕێگانادات بەبێدەنگی بڕۆن، هەست دەکات دەیانەوێت ببن بەباخەوانی گوڵەکان و بەرەو نیشتمانەکەی مەلەک هەڵبێن، دەزانێ ئیدی ئەوان پێکەوە شۆڕشی باغەوانی گوڵەکان پێک دەهێنن، ماشێنێ دێنێ هەموویان سوار دەکات و بەبێ ورتە دەست دەکات بەلێخوڕین،هەرکە ماشینەکە لە شار دەردەچێت، مەلەک دەڵێ: فەرماندە تکایە دەستی ئێوە بەکەڵکی گوڵ گرتن نایەت، دەبێت هەموومان هەوڵ بدەین نیشتمان بکەین بەباغەوانی گوڵەکان و شارەکان بکەین بەگوڵخانە، دەبێت خاک فێری گوڵ ناسی بکەین، مەرج نیە بۆ گوڵ ناسی و بوون بەباغەوانی گوڵەکان کەس دوای هەنگاوەکانی من بکەوێت، دەکرێت وابکەین هەریەکە لەماڵەکەی خۆیدا ببێتە باغەوانی گوڵ، دەکرێت بەردەرگای ماڵەکان پڕ بکرێت لەگوڵ و کوچەکان بە گوڵ برازێنرێتەوە، دەروازەی شارەکان لێوان لێوبکرێت لەگوڵ، بازگەکان گوڵ ڕێژ بکرێت، باچیدی حەکیمەکان حیکمەت سەریان نەخوات، گوڵ بکرێتە لوللەی تفەنگەکانەوە، دەبێت وابکەین لاوان تەنها گوڵ بۆن بکەن، تەنها گوڵیان خۆش بوێت، دەبێت هەمووان لەحەقیقەتدا ببنە دۆستی گوڵ.

فەرماند بەبێدەنگی ئۆتۆمبیلەکە لێدەخوڕێت و گوێ دەگرێت، حەسەنی ئایشێ دێتە نێو قسەکانەوە و دەڵێ: بە ڕاستی دەبێت سوپایەک لەباغەوانی گوڵ پێک بێت. قادری خەزێنە دەڵێ: پێویستە نیشتمان خۆی ئامادە بکات بۆ دوای مەرگی پیاوانی سەر کورسی،شاعیر دەڵێ: چی دەبێت بابێت، پێویستە هەمووان بەزوبانی گوڵ بدوێن، هەمووان ببن بە ئەهلی گوڵ. بەهمەنی بولبول دەڵێ: پیویستە دەیان کەناڵی تەلەفزیۆنی و ڕادیۆیی و ڕۆژنامە و ڕاگەیاندن هەبێت بۆ دروست کردنی شۆڕشی باغەوانی گوڵەکان، مەلەکیان دەڵێ: ئەگەر نیشتمان بوو بە گوڵخانە و میللەت بوو بەباغەوانی گوڵ، چی دی پێویستمان بە شۆڕش نابێت. تادەگەنەوە بەباغی گوڵەکان، کەس وشەیەکی دی ناڵێت و فەرماندەش ئەوان دادەگرێت و بەغەمگینیەوە بەتەنها دەگەڕێتەوە بۆ شار و بۆیەکەمین جار هەست بەتەنهایی دەکات، مەلەک بەناو باغەکەدا سەردەکەوێت و دەیەوێت بگاتە لوتکەی باغی گوڵەکان و دەست لەگوڵە سیس بووەکان دەدات و فرمێسک بەڕوومەتیا دێتە خوارەوە و دەڵێت: ئای ئەزیزانم ئەها کەدەستم دایەوە سیاسەت ئێوە چۆن پیر بوون، ئەها تا لەسیاسەتەوە نزیک بینەوە گوڵەکان چۆن پەشموردە ئەبن.

ئەو کاتێ دەگاتە نێوەی چیاکە ئاوڕ دەداتەوە هاوڕیانی لەپشت سەریەوە دەبینێ، حەسەنی ئایشێ لەپێشێ هەموویانەوە هەنگاو دەنێت و شاعیر لەدوایەوە و بەهمەنی بولبول و قادری خەزێنە پێکەوە بەخەندەوە تەماشای دەکەن، مەلەک سەیری لێدێت کەبەئەندازەی شارێک مرۆڤی گوڵئاسا دوایان کەوتوون و بەهێواشی بەدوای ئەوانەوە

هەنگاو دەنێن. هەمووان ئـاوڕ بۆ دواوە دەدەنـەوە و بە خەندەیەکی ئومێد بەخشەوە تەماشای یەکدی دەکەن ئەوان لەوێوە شۆڕشی باغەوانی گوڵەکان دەست پێدەکەن و تا ئێستاش بەردەوام لەشارەکانەوە خەڵک ڕوو لەشاخ دەکەن بۆ گەیشتن بەلوتکەی شۆڕشی باغەوانی گوڵەکان.

کۆتایی

پاییزی
٢٠١٤